# بەڵێننامەی ئیسلامیی

پەسەندکراوی یەکێتی جیهانیی زانایانی مسوڵمان

وەرگێڕانی:

## عمر عبد العزیز

ئەندامی دامەزرێنەر لە ڕێکخراوی یەکێتی جیهانیی زانایان

چاپی یەکەم

١٤٣٤ك/ ٢٠١٣ ز

ناوی کتێب: بەڵێننامەی ئیسلامیی

نووســـەر: یـــەکێتی جیهـــانیی زانایـــانی موسڵمان

وەرگێڕ: د. عمر عبد العزیز

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (   )ی ساڵی ٢٠١٣ی

# <u>پێڕستی بابەتەکانی ئەم بەڵێننامەیە</u>

پێڕستی بابەتەکان ژمارەی لاپەڕە


پێشەکی وەرگێڕ ........................................٤

پێشەکی بەڵێننامە........................................١١

بەشی یەکەم: ئوممەتی ئیسلام, پێناس‌و تایبەتمەندییەکان............١٦

بەشی دووەم: ئوممەتی ئیسلام, بڕوای بە خوای تاك و تەنها هەیە.......٢٢

بەشی سێیەم: بڕوا بە ڕۆژی دوایی.................................٢٩

بەشی چوارەم: بڕوا بە هەموو پێغەمبەرانی خوا.....................٣٩

بەشی پێنجەم: پەرستشەکان (عبادات)...........................٤٦

بەشی شەشەم: ڕەوشتە پەسەندو جوانەکان......................**٥٢**

بەشی حەوتەم: یەکێتی ئوممەتی ئیسلام.........................٦٣

بەشی هەشتەم: سەرچاوە پارێزراوەکانی ئیسلام (قورئان و سوننەت).٧٣

بەشی نۆیەم: چەمکەکانی (شەریعەت)و (فیقه)و (ئیجتیهاد)............٨٠

دەرگای (إجتهاد) هەوڵدان بۆ دەرهێنانی حوکم لە دەقەکاندا, واڵایە.....٨٤

مەرجەکانی ئیجتیهاد.........................٨٦

بەشی دەیەم: ئیسلام و میانڕەویی و تەواوکاریی..........٨٨

بەشی یازدەهەم: ئیسلام و مرۆڤ..........................٩٦

پایەکانی ژینگە پارێزیی..............................١٠٨

بەشی دوازدەهەم: ئیسلام و ئافرەت.......................١١٣

بەشی سێزدەهەم: ئیسلام و خێزان.........................١٢١

جیابوونەوەی ژن و مێرد (تەڵاق), لە ئیسلامدا...........١٢٣

بەشی چواردەهەم: ئیسلام و کۆمەڵگە.......................١٣٢

بەشی پازدەهەم: ئیسلام و ئابوریی........................١٤٠

دیدگای ئابوریی ئیسلام................................١٤١

قۆناغەکانی چالاکیی ئابوریی............................١٤٢

هاریکاریی دارایی لە کۆمەڵگەدا..........................١٥٢

بەشی شازدەهەم: ئیسلام و سزاکان (العقوبات)...............١٥٥

بەشی حەڤدەهەم: ئیسلام و حوکمڕانیی......................١٦١

چاودێریی ئوممت و, شوراو ڕاویژ کردن....................١٦٣

جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان................................١٦٤

دیموکراسیی..................................................١٦٥

ئازادییە سیاسییەکان.......................................١٦٧

فرەیی حزبیی (تعددیت).....................................١٦٨

بەشی هەژدەهەم: ئیسلام و، ئاشتی و، جیهادو تێکۆشان............١٧٠

بەشی نۆزدەهەم: ئیسلام و تیرۆر...............................١٨٥

بەشی بیستەم: ئیسلام و, ژیارو, شارستانێتی......................١٩٣

بەشی بیست و یەکەم: ئیسلام و, چاکسازیی.........................٢٠٠

بەشی بیست و دووەم: ئیسلام و گفتوگۆ و دایەلۆك..................٢١٣

بەشی بیست و سێیەم: ئیسلام و پەیوەندیی لەگەڵ غەیرە موسوڵمان.٢١٩

ئەوانەی لە پەنای موسوڵماناندان (أهل الذمّة)......................٢٢٢

بەشی بیست وچوارەم: ئیسلام و خۆرئاوا.............................٢٣٢

بەشی بیست و پێنجەم: ئیسلام و بەجیهانیی کردن....................٢٣٩

# پێشەکی عمر عبد العزیز

لـە سـاڵی ٢٠٠٥ دا دونیـای ئیسـلام  تەسـك بوویـەوە لـە زانـای گـەورەی سـەدەی بیسـت دکتـۆر یوسـف قـەرەزاوی، کـە دەیویسـت ژمارەیەك لە زانایـانی جیهـانی ئیسـلام کـۆ بکاتـەوە، بـۆ ڕاگەیانـدنی ڕێکخراوی (یەکێتی جیهـانیی زانایـانی موسـوڵمان) کـە سـاڵانێك بـوو کاری لەسەر کردبوو. بەداخەوە ماوەیەکی زۆر بەر لەو مێژووە هەوڵی دابوو کە کۆنگرەی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە لە پایتـەختی وڵاتێکـی عەرەبیی یان ئیسلامیی بێ، بەڵام هیچ دەوڵەتێکی ئیسلامیی مۆڵەتی ئـەو کـارەی نـەدا، وەك خـودی بـەڕێز دکتـۆر یوسـف قـەرەزاوی لـە کۆنگرەی دامەزراندندا پێی ڕاگەیاندین.

بەهەر حاڵ, لە ناچاریدا کۆنگرەی یەکەمی دامەزراندنی ڕێکخراوی ناوبراو, لە (لەندەن)ی پایتەختی بەریتانیا, لە ساڵی٢٠٠٥ دا گرێ درا. جێی شانازییشە بۆ گەلەکەمان کە سێ کەسایەتی ناسراوی ناوەندە زانستییەکانی کوردستان, لە دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەدا بەشدار بووین, ئەوانیش بەڕێزان: پرۆفیسۆر دکتۆر (علی محی الدین) قەرەداغی و, دکتۆر سەید (أحمد عبد الوهاب) و بەندە (عمر عبد العزیز) کە ئامادەی کۆنگرەی دامەزراندنەکە بووین, شەرەفی ئەندامێتی دەستەی دامەزراندنمان پێ سپێردرا. لە ساڵی ٢٠٠٦ دا چەند زانایەکی تری کورد لە کوردستانی عێراق و ئێران بەشدارییان لە

کۆنگرەی دووەمدا کردو بوونە ئەندام. دواتریش پرۆفیسۆر دکتۆر عەلی قرەداغی بووە ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی ناوبراو.

ئامانجی ئەم ڕێکخراوە نزیککردنەوەی تێگەیشتنە ئیسلامییە میانڕەوەکانە لە یەکدی و, گەیاندنی پەیامی ئیسلامو بۆچونەکانیەتی بە گەلانی جیهان و, هەڵوێست گرتنە لە مەڕ کێشەو ڕووداوە جیهانیو هەرێمییەکان.

ئێمە وەکو ئەو ژمارەیە لە زانایانی کوردستان, خۆشبەختانە لە ساڵانی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠١٣ هەلی باشمان بۆ ڕەخسا لە چەند کۆنگرەیەکی ڕێکخراوەکەدا بە وتارو گفت و گۆو چالاکی جۆراوجۆر لە ڕێی پەیوەندییەکانەوە، دەنگی گەلی کوردو پرسە ڕەواکەی و پەیامی زانایان, بە سەدان زاناو بانگخوازو بیریاری جیهان و ناوەندە نێونەتەوەییەکان بگەیەنین.

لە ساڵی ٢٠٠٨ دا بوو پۆستێکم لە بەیروتی پایتەختی لوبنانەوە بۆ نێردرا، کە کردمەوە سەیرم کرد ئەم کتێبەی بەردەستی خوێنەرە بە زمانی عەرەبی بە ناوی (الميثاق الإسلامی)، کە لە لایەن زانای گەورە و بانگخوازی کەم وێنە مامۆستا (فەیصل مەولەوی)یەوە بۆم نێردرا بوو، کە ئەو کاتە سکرتێری گشتی یەکێتی جیهانیی زانایان بوو، جگە لەوەی کە سەرۆکی (کۆمەڵی ئیسلامیی) لوبنانیش بوو.

پاش موتاڵاکردنی بەڵێننامەی ناوبراو, بەگونجاوم زانی کە وەری گێڕمە سەر زمانی کوردیی, بۆ ئاشنابوونی خوێنەرانی کورد بەم

ڕێکخـراوەو, ئـەو بۆچـونانەی کـە لـە بەڵێننامەکـەدا دەردەکـەون و, وێنەی جاڕنامەیەکی ئیسلامیی جیهانیی لە خۆ گرتووە.

سەرەتا چەند ئەڵقەیەکم لە گۆڤاری (دوانگە)ی زمانحاڵی زانایانی (یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) بڵاو کردەوە، دیار بوو ژمارەیـەك لە زانایان پێیان باش بوو کە بە شێوەی کتێب هەمووی وەرگێڕدرێ و چـاپ کـرێ، بۆیـە بـە سوپاسـەوە بـەڕێز پرۆفیسـۆر دکتـۆر عـەلی قەرەداغی– کە لە کاتی ئەم نووسینەدا سکرتێری یـەکێتی جیهـانیی زانایـان بـوو– بـەڵێنی دا کـە لـە لایـەن ڕێکخراوەکـەوە ئـەرکی لـە چـاپدانی بگرێتـە ئەسـتۆ. منـیش وەك ئەنـدامێکی دامەزرێنـەری ڕێکخراوەکـەو، ئەنـدامێکی (لقـی کوردسـتانی زانایـانی جیهـان) پـێم گونجاو بوو ئامادەی بکەم و، وەری گێـڕم، تـا هاوڵاتیـانی کوردزمـان لێـی سـودمەند بـبن و، وەك جێبـەجێکردنی بەشـێکیش لـە ئـەرکی ئەندامێتیم لەو ڕێکخراوەدا.

بۆیە بە پشتیوانی خوای گەورە چەند ساتێکم بۆ تـەرخان کـرد– سـەرباری سـەرقاڵیم بـە کـاری پەرلەمانـەوە– و، وەرگێڕانەکـەم لـە ماوەیەکی گونجاودا تەواو کرد، بەڵام لە کاتی وەرگێڕانداو پێشـتریش کە موتالآم کردبوو، بۆم دەرکەوت کە بەڵێننامەکە– سەرەڕای ئەوەی کە دیدو هەڵوێستی گرنگ و بەبایەخی تێدایـە– هەنـدێ بابـەتی تـری تێـدا لـەبیر کـراون، جگـە لـەوەش لەسـەر چـەند بابـەتێکی ئەسـڵی نوسراوەکە سەرنجم هەیە, کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەم:

**یەکەم/ ئەو بابەتانەی لەبیر کراون:**

بەڵێننامەکە سەرەڕای ئەوەی لە بیست و پێنج بەشی سەرەکی پێك هاتووەو، هەوڵ دراوە تا ڕادەیەك گشتگیر بێ، بەڵام چەند پرس و بابەتێکی تێدا لەبیر کراون، کە دەبوو بەکورتیش بوایە ئاماژەیەکیان پێ بکرایە، کە ئەمانە گرنگترینیانن:

١- ئیسلام و ئازادییە گشتییەکان و، ئازادییە تاکە کەسیەکان و، هەڵوێستی ئیسلام لە ئازادیی بیروڕاو ڕادەربڕین و، ئازادیی ڕۆژنامەگەریی، بەو پێیەی لەم سەردەمەدا باسی زۆریان لەسەرەو کاریگەریی خۆشیان هەیە.

٢- ئیسلام و کێشەی نەتەوەیی و مافی نەتەوەکان لە سایەی ئیسلامدا، بەو پێیەی کە لە جیهانی ئیسلامیدا چەندین نەتەوە هەن و هەق وایە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ماف و ئەرکەکانیان دیاری بکرێن, بە مافی سیاسی و مافی چارەی خۆنوسینیشەوە، وەك نەتەوەکانی کورد و ئەمازیغی و بەلوج و هتد.

٣- ئیسلام و مافی منداڵان و مێرد منداڵان و لاوان، بەو پێیەی لە ئیسلامدا هەڵوێستی شایان لەو بوارەدا هەیەو، زۆربەی دانیشتوانی سەرزەویش لە توێژی لاوان و مێرد منداڵان پێك هاتوون.

٤- ئیسلام و هەڵوێستی لە زانست و تەکنەلۆژیاو شۆڕشی پیشەسازی و ئەلیکترۆنی، کە دونیای کردۆتە گوندێك.

٥- ئیسلام و هونەر بەگشتی و هونەرە جوانەکان، کە پانتاییەکی زۆری لەژیانی تاکەکان و گەلانی جیهان لە کۆن و نوێدا داگیر کردووە.

٦- ئیسلام و چەمکەکانی (دادپەروەری) و (یەکسانی) و (هاوولاتێتی) و (مۆدێرنە) و هتد.. کە هەرچەند بەشێوەی پەراوێزی بەسەریا چووە, بەلام پێویستی بە قسەی ڕۆشنتر هەیە.

**دووەم/ ئەو بابەتانەی سەرنجم لە سەریان هەبوو:**

لە چەند لایەنێکی بەڵێننامەکەشدا سەرنجم لەسەر هەندێ دەربڕین و دارشتنی هەبوو، جگە لەچەند خاڵێك کە دەبوایە بە شێوەیەکی تر چارەسەر بکرانایە، لەوانە:

١- لە بابەتی (ئیسلام و دەسەلات و حوکمڕانیدا) ئەسڵە عەرەبییەکە وا دەردەخات کە حکومەتی ئیسلامی لەسەر بنەماو پڕەنسیپی (هەلبژاردنی ئازادانەی ئوممەت) دامەزراوە. تا ئەوەندەی ڕاست و دروستە، بەلام پاش ئەوە ئاماژە دەکات کە لە مەزهەبی شیعەی ئیمامیشدا لە کاتی دیارنەبونی (مەهدی)دا بەهەمان جۆرە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە نەبوونی مەهدیدا جێگری ئیمامی زەمان- بە پێی بۆچونی خۆیان- ڕابەری گشتییەو، حوکم بە(ویلایەتی فەقیه) دەکات. ڕەنگە ئەم بابەتە لەمە زیاتر مشت و مڕو قسە هەلگرێ، بەلام لەهەر حالێکدا ئەوەی لە مەزهەبی شیعەدا هەیە جیاوازە لە مەزهەبە سوننی یەکان.

٢- لـه بابـەتی ئیسـلام و ئاشـتی و تێکۆشـان (الإسـلام والسـلام والجهاد) دا دەقە عەرەبیەکە تا ڕادەیـەکی زۆر بابەتـەکانی (الجهـاد)و (القتـال)ی تێکـەڵ کـردووە، لەسـەر هـەمان ڕێسـاو شـێوازی کتێبـە فیقهییەکانی سەدە پێشووەکان، کە لەبەر هەل و مەرجی سیاسی ئەو کاتـەو، لـە شـەڕدابوونی دەوڵـەتی ئیسـلامیی لەگـەڵ نـەیارانی، ئـەو تێکەڵبوونەیان لـەلا دروسـت بـووە. لـە کاتێکدا بابـەتی (الجهـاد) لـە قورئاندا باسی تێکۆشانە لە پێناو ئاینی خوادا بـە هـەموو جۆرەکـانی تێکۆشان، بەبەڵگەی واتـاو مـەدلولی وشـەکەو، باسـکردنی باسـەکانی جیهاد لە چـەند جێیـەکی قورئـانی (مـەککی)دا وەك ئایـەتی (والذین جاهدوا فینا لنهدینهّم سبلنا)، یـان ئایـەتی (وجاهـدهم بـە جهـادا کـبیرا). لـە کاتێکـدا باسـەکانی (قتـال) تایبـەتن بـەکاتی شـەڕو حوکمـەکانی جـەنگی نیزامیـی، ئـەو جەنگانـەی یەخـەی دەوڵـەتی ئیسـلامیی دەگـرن و، ڕوبەڕوبوونـەوەیان دەبێتـە ناچـاری و حـوکمی واقیع، بۆیە ئەحکامی تایبەتیان بۆ دانراوە.

بە بۆچوونی بەندە دەبوایە بەم جۆرە باس لـەو بابەتـە بکرایـەو، ئەو سەرنج و ڕاستکردنەوەیە بدرایـە بـە خوێنـەران، بـەڵام نوسـەری (میثاق) بە کورتیی ڕوونی کردۆتەوە, وەك پێویست نیە. بـە مـەرجێ مامۆستا قەرەزاوی سەرۆکی یەکێتییەکە, بۆ خۆی لە چەندین کتێبیدا بە جوانی و دوورو درێژی ئەو بابەتەی شی کردۆتەوە.

ئەمەو هەندێ هەڵەی تر بەدی دەکرێن کە لەجێی خۆیاندا ڕاستم کردوونەتەوە، یا لە پەراوێزدا ئاماژەم پێ کردوون. هەندێ جاریش لەنێو دوو کەوانەدا ( ) ڕوونکردنەوەم داوە. بۆ نمونە لە دیاریکردنی سەرچاوەو دەرهێنان (تەخریج)ی فەرمودەکاندا زۆر جار هەڵەم بەدی کردووەو, لە پەراوێزدا ڕاستم کردوونەتەوە.

سەرەڕای ئەم سەرنج و تێبینیانە, بابەتی(بەڵێننامەی ئیسلامیی) داهێنانێکی جوانەو، خزمەت دەکات بە کەسانێ بیانەوێ پوختەی ئیسلام تێ بگەن، بە تایبەت بۆ خەڵکانی خۆرئاوا, کە مەبەستیانە ئیسلام بناسن و، بە حوکمە گشتییەکانی ئاشنا ببن، یا خوێندەوارانی لەمەڕ خۆمان کە کات و تاقەتی موتاڵای کتێبە گەورەکانیان نیە.

لە کۆتایی ئەم پێشەکییەدا هیوادارم لە چاپە داهاتووەکانی دەقە عەرەبییەکەدا ئەو سەرنجانەی خستمنەڕوو، لەگەڵ تێبینی و سەرنجی تری زانایانی بەڕێز، ڕەچاو بکرێن و، داڕشتنەوە بۆ ئەو چەند بڕگەو بابەتانە بکرێ کە ئاماژەم پێ کردن و، بەشە باس نەکراوەکانیش زیاد بکرێن، ئەم داواو پێشنیارەشم پێشتر خستۆتە پێش چاوی سکرتاریەتی بەڕێزی یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان و، ئامادەییشم دەربڕیوە کە لەهەندێ لایەنەوە هاوکارییان بکەم.

خوا پشت و پەنای هەموو دڵسۆزان بێت.

عمر عبد العزیز

ئەندامی دامەزرێنەر لەیەکێتی جیهانیی زانایان

# بەڵێننامەی

# یەکێتی جیهانیی زانایانی مسوڵمان

## پێشەکی

بە پێنوسی: د. یوسف القرضاوي

ألحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات, الذي هدانا لهذا, وما كنا لنهتدي لولا أن هدانا الله. وأزكى صلوات الله وتسليماته على من أرسله الله رحمة للعالمين وحجة على الناس أجمعين, سيدنا وأسوتنا ومعلمنا محمد الصادق الأمين وعلى آله الطيبين وأصحابه الميامين, ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين.

پاشان:

لە زیادە بەخشندەییو سۆزی خوای گەورە بوو, کە دەستەیەکی هەڵکەوتووی زانایانی ئیسلامیی ئامادە کرد, تا بانگەشە بکەن بۆ دامەزراندنی (یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان), تا پەرتەوازەییان نەهێڵێ و, وشەیان یەکخاتەوە لە ڕوبەڕوبوونەوەی ئەو هەڵوێستانەدا کە لە خۆرهەڵاتو خۆرئاواوە یەخەی ئوممەتی موسڵمان دەگرێ. یەکێتییەك کە قسەی تایبەتی خۆی بە پشتبەستن بە دەقە سەلماوو (محکمات)ەکان هەبێت, دیدی هەبێت بۆ ئەو واقیعەی تێیدا دەژین,

له هەمان کاتدا هەلو مەرجە جیهانییەکانو, کەشو هەوا هەرێمایەتی یەکان بەهەند بگرێت, لەبەر خاتری خوا لە بۆڵەو لۆمەی هیچ لۆمەکارێك نەترسێت, ئاموژگاریی دەسەلأتدار بکات بە شتیٚ کە خوا ڕازی بکات, وزەو توانابیەکانی ئوممەت لە ڕێی ئازادبوونو یەکبونو بنیاتنناندا, بەرەوپێش ببات.

بۆیە ئەم یەکێتییە (یەکێتی زانایانی جیهان) ئەم فەرمودەیەی خوای کردە دروشمی خۆی کە ئەفەرمیٚ: وَمَن كَفَرۡنَا بِكُمۡ وَبَدَا بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةُ وَٱلۡبَغۡضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤۡمِنُواْ الأحزاب:٣٩, واتە: ئەو کەسانەی پەیامەکانی خوا بە باشی دەگەیەنن و, لێی دەترسنو, جگە لە خوا لە هیچ کەسێکی تر ناترسن, (ئەوانە بەندەی ڕاستەقینەی خودان).

سوپاس بۆ خوا کە ئەم ڕیکخراوە دامەزراو, دەستی کرد بە چالاکی و, دەرکردنی ڕوونکردنەوەو فتوا, بڕیارە ئەرکو کارەکانی تریشی ئەنجام بدات. بۆیە ئەنجومەنی سکرتاریەت پێی وابوو دەبیٚ ڕێکخراوی (یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان) بەلێننامەیەکی هەبێت, کە تیایدا دیدی هەڵوێستی ئیسلامیی خۆی لەمەڕ کێشە گەورەو گرنکەکانی ئیسلام بخاتە ڕوو, تا ببێتە بنەمایەك بۆ ئەوەی هەرکەسی تریش ویستی هوگری خۆی بۆ دەربڕیٚ. بۆیە ماوەی سالێکە لەگەڵ ژمارەیەك لە برا زاناکان تاوتوێی دەقێکی گەلاڵەکراو

دەكا. ئەوەتا ئەمڕۆ ئەم بەڵێننامەیە پێشكەش دەكا, بە هیوای ئەوەی ببێتە دەسپێكێك بەرەو تێگەشتنێكی ئیسلامیی ڕەسەنو هاوچەرخو, پشكی هەبێت لە ڕاستكردنەوەی فیكری ئیسلامیی, تا پارێزگاری بكا لەسەر ڕۆڵی پێشەنگانەی لە گفتوگۆی نێوان بیروڕاو ژیارەكاندا.

ئێمە بە پلەی یەكەم ئەم بەڵێننامەیە ئاڕاستەی موسڵمانان دەكەین, تا لە دەوری كۆ ببنەوەو, هەموو بانگەشەكانی چەند دەستەیی‌و توندڕەویی‌و بیری چەقبەستەیی وەلا نێن. هەروەها ئاڕاستەی ڕای گشتی جیهانی دەكەین, تا بە هێڵە گشتییەكانی ئاینی مەزنی ئیسلام ئاشنایان بكەین, كە دوا پەیامی پەیامە ئاسمانی یەكانە, هەروەها بۆ ئەوەی ئاشنایان بكەین بە كێشە وروژێنراوەكانی ئەم سەردەمە.

سەبارەت بە برا زاناكانمان لە هەموو پارچەكانی سەرزەویش, ئەم بنەماو ڕێبازە گشتییانەیان بۆ دەخەینەڕوو, كە هەڵوێستو دیدمان لەمەڕ كێشە گەورە عەقائیدی‌و كردەیی‌و فیكری‌و كۆمەڵایەتی یەكان دیاری دەكەن, بەو هیوایەی لە دەوریان كۆ ببنەوەو, بیانكەنە تەوەری گوتارو وانەو ئاڕاستەكانیان.

بۆیە تكامان وایە بە شێنەیی توێژینەوەیان لەسەر بكەن, ڕێگەش والآیە بۆ كەسانێك بیانەوێ بە كورتی هەڵوێستی خۆیانمان بۆ بنێرن,

یا حەز بکەن بێنە ناو ئەم یەکێتییە, یا بە درێژی سەرنجەکانیان بنێرن تاکو لە چاپە داهاتووەکاندا سوودیان لێ وەرگرینو پێیاندا بچینەوە. هەر زانایەکی موسڵمانیش دەگونجێ لە هەندێ لە خاڵەکاندا ڕای جیاوازی هەبێ, گرنگ ئەوەیە لەخاڵە گشتییەکاندا هاوڕا بێ, چونکە کۆکبوونی خەڵکی لەسەر مەسەلە جوزئییەکان زەحمەتە, ئەگەر ئەستەم نەبێ.

گرنگ بەردەوامیی ئاڕاستەیە, خوای گەورە دەفەرموێ:وَمَنْ أَعْدَآءَ وَيَبْسُطُوٓاْ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ وَأَلْسِنَتَهُم بِٱلسُّوٓءِ وَوَدُّواْ لَوْ تَكْفُرُونَ ﴿٢﴾ لَن تَنفَعَكُمْ أَرْحَامُكُمْ هود: ١١٢. واتە: هەروەك فەرمانت پێدا دراوە پایەدار بە, خۆت و ئەوانەی لەگەڵتا گەڕاونەتەوەو, تۆبەیان کردووە, بەڕاستی خوا بیناو ئاگایە بەوەی ئەنجامی دەدەن. گرنگ پاکیو ساغیی نیازو مەبەستە, پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (وإنما لكل امرئ ما نوى), واتە: بە دڵنیایی مرۆڤ هەر ئەوەی بۆ هەیەو, بۆی ئەمێنێنەوە, کە لە نیازیایەتی.[١]

١ ئەم فەرمودەیە لەم سەرچاوانەی فەرمودەدا هاتووە: بوخاری لە (بدء الوحي) بە ژمارە ١. موسلیم لە (الإمارة), بە ژمارە ١٩٠٧. ترمذي لە (فضائل الجهاد), بە ژمارە ١٦٤٧. نەسائی لە (الطهارة), بە ژمارە ٧٥. أبوداود لە (الطلاق), بە ژمارە ٢٢٠١. ابن ماجه لە (الزهد) بە ژمارە ٤٢٢٧. أحمد بە ژمارە ١/٤٣.

**لە خوا داواکارین کە نیازمان بۆ خۆی ساغ بکاتەوەو, مەبەستمان ڕەزامەندی خۆی‌و پشتیوانی ئاینەکەی بێ.** وَمَن رَّبَّنَا عَلَيۡكَ تَوَكَّلۡنَا وَإِلَيۡكَ أَنَبۡنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ ﴿٤﴾ رَبَّنَا لَا تَجۡعَلۡنَا فِتۡنَةٗ لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ وَٱغۡفِرۡ لَنَا رَبَّنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ۚ الممتحنة: ٤ ــ ٥.

يوسف القرضاوي

**سەرۆکی یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان**

# بەشی یەکەم

## ئوممەتی ئیسلام, پێناس‌و تایبەتمەندییەکان

ئوممەتی ئیسلام ئوممەتێکی میانەڕەوە, وەك خوای گەورە لە قورئاندا وەسفی کردووەو ئەفەرموێ: وَمَن إِن كُنتُمْ خَرَجْتُمْ جِهَٰدًا فِي سَبِيلِي وَٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِي البقرة/١٤٣, واتە: هەروەها ئێوەمان گێڕاوە بە ئوممەتێکی میانەڕەو, تا ببنە گەواهیدەر بەسەر خەڵکییەوە. ئوممەتی ئیسلام ئوممەتی بیروڕاو پەیامە, ئوممەتێك نیە کە تەنها لە توخم‌و ڕەگەزێکی دیاریکراو پێك هاتبێ, یا هۆگرییەکی هەرێمایەتی هەبێ‌و, نیشتمان‌و هەرێمێك کە زەوی– لە خۆرهەڵات یا خۆرئاوا– سنورداری بکا. هەروەها ئوممەتێکی خاوەن زمانێکی دیاریکراو نیە, کە زمان‌و شێوەزارێکی تایبەت چوارچێوەی دیاری بکات. ئوممەتی ئیسلام ئوممەتێکی جیهانییە, یەك عەقیدەو شەریعەت‌و, یەك جۆرە ڕەوشت‌و, یەك ڕووگە (قیبلە), نەوەکانی کۆ دەکاتەوە. هەر ڕەگەزو نیشتمان‌و زمان‌و ڕەنگێکیان ببێ. سەرەڕای جیاوازیی زمانەکانی ئەم ئوممەتە بە هەموو نەتەوەکانیەوە, بە زمانێکی هاوبەش ناسراوە کە زمانی عەرەبییە, زمانی لێکحاڵیی بوونی نێوان موسڵمانان, زمانی پەرستش‌و کلتوری ئیسلامیی, زمانی ئەو ژیارو شارستانێتی یە

ئیسلامییەی کە هەزاران کەسی هەڵکەوتوو دایان هێناو بنیاتیان نا, کە زۆربەشیان غەیرە عەرەب بوون.

لەم ئوممەتەدا عەرەبیو عەجەمی, سپیو ڕەش, خۆرهەڵاتیو خۆرئاواییو, ئەفریقیو ئەوروپی, ئاسیاییو ئەمریکیو ئوستورالی, کۆ بونەتەوە. ئیسلام لەسەر یەك وشەی هاوبەش کۆی کردونەتەوەو, هەموو ئەو جیاوازییانەی تواندۆتەوە کە دوو دەستەیی دەخەنە نێوان مرۆڤەکان, وەك: دەمارگیرییو, ڕەنگو, زمانو, هەرێمو, چینایەتی.

ئیسلام ڕایدەگەیەنێ کە هەموو یەك ئوممەتن, برایەتییەکی قووڵ کۆیان دەکاتەوە. بناغەکەش بڕوابوونە بە یەك پەروەردگار, یەك کتێب, یەك نێردراوی خوا, یەك پڕۆگرام, کە پێکیانەوە دەبەستێو, نێوانیان توندوتۆڵ دەکا, وەك دەفەرموێ: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ﴾ الأنعام١٥٣, واتە: بە ڕاستی ئەمە ڕێگای منە, ڕێگایەکی ڕاستو ڕێکە. کەواتە شوێنی بکەونو بە دوایدا بچن, شوێن ڕێچکەکان مەکەون, تا لەو شا ڕێیە لاتان نەدا.

موسڵمان هیچ ناڕەحەتییەك لەوەدا نابینێ—لە ڕووی شەرعیەوە— کە وڵاتو نەتەوەی خۆی خۆش بوێو, شانازییان پێوە بکات, مادام ئەو کارە دژایەتی نەبێ لەگەڵ خۆشویستنی بۆ ئاینی خۆیو شانازیی پێوەکردنی, یا دژایەتی نەبێ لەگەڵ یەکیەتی ئوممەتی موسڵمان,

چونکە ئیسلام بە ڕووی هەموو چوارچێوەو بازنە ئینسانییەکاندا کراوەیە, چ نەتەوایەتی, یا نیشتمانپەروەریی, یا ڕەگەز ... هتد. پێی وایە کاتێ گرفت لەو زەمینەیەدا دروست دەبێ کە ئەو چوارچێوانە ناوەڕۆکی دژ بە ئیسلام هەڵگرن, یا بکەونە داوێنی دەمارگیری.

ئەم ئوممەتە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) بنیاتی نا, بۆیە خوا بەم جۆرە وەسفی دەکا کە دەفەرموێ: وَمَن جَآءَكُم مِّنَ ٱلْحَقِّ يُخْرِجُونَ ۚ آل عمران: ١١, واتە: ئێوە چاکترو باشترین ئوممەت بوون کە بۆ خەڵکی نێرران. ئەم ئوممەتە لەخۆوە نەهاتووە, بەڵکو بۆ سوودو هیدایەتدانو خۆشگوزەرانی خەڵکی هەڵبژێرراوە. چاکیو باشی ئەم ئوممەتە لەوەدایە خوا وەسفی پێوە کردوە: وَمَن ٱلرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ ۙ أَن تُؤْمِنُوا۟ بِٱللَّهِ رَبِّكُمْ ۚ آل عمران: ١١٠, واتە: فەرمان بە چاکەو هەموو کارێکی پەسەند دەکەن, خراپەو ناپەسەند قەدەغە دەکەنو, بڕواتان بە خودا هەیە. کەواتە ئوممەتی ئیسلام ئوممەتێکی خاوەن پەیامی خودایی, مرۆیی, ڕەوشتیی, جیهانییە. پوختەکەی دوو کارە:

یەکەم: بڕوا بە خوای تاکو تەنها, کە ئەمە سێ تەوەری سەرەکی لە خۆی دەگرێ:

- جگە لە خوا, کەس بە خاوەنو پەروەردگار نەزانین.
- جگە لەویش کەس بە پشتیوانو سەروەر نەزانین.
- هەروەها کەسی تر بە حەکەمو فەرمانڕەوا نەزانین..

ئەمانە سێ ڕەگەزی یەکتا پەرستین, کە دەبنە بنەمای بیروڕاو عەقیدە لە هەموو ڕێڕەوو مەزهەبە ئیسلامییەکاندا.

دووەم: ئوممەتی ئیسلام هەڵگری بانگەوازکردنی خەڵکییە بۆ ڕاستیو خێرو چاکەو بەها بالاَکان, کە قورئان گوزارشتی لێکردووە بە (فەرمان بە چاکەو پەسەندو, قەدەغەکردنی خراپەو ناپەسەند), (الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر). دیارە(مەعروف) وشەیەکی گشتگیرە, هەموو واتاکانی: ڕاستی لە بیرو بڕواو, دروستیی لە وتەکانو, ڕێکیو ساغی لە کارو ڕەفتارەکاندا, دەگرێتە خۆی, وشەی (مونکەر) یش پێچەوانەکەیەتی: هەموو ناڕەواکانی بیرو بۆچوونو, درۆ لە گوفتارو, بێ سەروبەری لە ڕاو بۆچوونو, شەڕو خراپە لە کارەکانو, لادان لە هەڵسو کەوتدا, لە خۆ دەگرێ.

کەواتە ئوممەتی ئیسلام داوای لێکراوە بەم ئەرکانە هەستێ: خوارییەکان ڕاست بکاتەوە, چاکسازیی لە گەندەڵییەکاندا بکات, کە لە کاروباری ژیاندا بەرپا بوون, وەك خوای گەورە دەفەرموێ: وَمَن وَلَآ أَوۡلَٰدُكُمۡۚ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَفۡصِلُ بَيۡنَكُمۡۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ٣ قَدۡ كَانَتۡ آل عمران: ١٠٤, واتە: با کۆمەڵێك لە ئێوە ببن, کە بانگەواز بکەن بۆ خێرو چاکە, فەرمان بکەن بە هەرچی پەسەندو ناسراوە, قەدەغە بکەن لە هەرچی ناپەسەندو نەخوازراوە, هەر ئەوانەشن کە سەرفرازو سەرکەوتوون.

ئەم ئوممەتە لە مێژووی خۆیدا چەندین ناڕەحەتیو ئاشوبو پەلامارو هێرشکرانەسەری بەخۆیەوە دیوە, لە خۆرهەڵاتەوە هێرشی مەغۆلو, لە خۆرئاواوە هێرشی خاچپەرستان. هەڕەشەیان لە بوونو قەوارەی کرد, بەڵام هەردەم خوا پیاوێکی وەك: (عماد الدین) و (نور الدین) و (صلاح الدین)و (قطز)ی بۆ ناردوون, غیرەتە مردووەکانیان زیندوو کردۆتەوە, پەرتەوازەییان لابردووە, هێزو وزەو ورەیان بەبەردا هێناونەتەوە, داگیرکەرانیان وەدەر ناوەو, ژیانیان گێڕاوەتەوە, یا ژیانیان وەبەر ئەو بوون و قەوارەیەدا هێناوەتەوە.

ئەمڕۆش ئوممەت دووچاری چەندین هێرشو پەلاماری تر بووە, پەلامار لە جۆری نوێ, بە نیازی گۆڕینو لادان لەناو خۆیدا, لەسەر دەستی نەوەکانی خۆی, بە هەوڵی گۆڕینی شوناسو پێناسی, یا تێکدانی بیروباوەڕی ڕۆڵەکانی, یا شێواندنی دیدو بۆچونی دەربارەی دینو ژین.. هەڵمەتەکەش دژی تاكو کۆمەڵ, دژی خەڵكو خوا, دژی دنیاو پاشەڕۆژ, دژی مرۆڤو جیهان.. هەموویەتی.

دیارە ئوممەتی ئیسلام ناتوانێ دژی ئەم تاغوتە نوێیە بوەستێ, مەگەر بە ئاینی خواوە خۆی توندوتۆڵ بکا, کە لێکترازانی نیە. دەبێ ئوممەت گوتەزاکەی عومەری کوڕی خەتتاب بڵێتەوە کە دەیگوت: "ئێمە زەلیلو سەرکزترین نەتەوە بووین, خوا بە ئیسلام سەربەرزی

کردین. هەرکات بە غەیری ئیسلام ویستمان سەربەرز ببین, خوا زەلیلو ژێردەستمان دەکات." [1]

هەروەها دەبێ ئوممەتەکەمان پشت بە گوتەی پێشەوا (مالك کوڕی ئەنەس) ببەستێ کە وتویەتی: پاشەڕۆژی ئەم ئوممەتە چاك نابێ, مەگەر بەوەی لەسەرەتاوە پێی چاك بووە. دیارە لە سەرەتاوە بە قورئانو سوننەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) حاڵو باری ئەم ئوممەتە چاك بووە, دەبێ ئایەتی: وَمَن مَّرۡضَاتِيۚ تُسِرُّونَ إِلَيۡهِم بِٱلۡمَوَدَّةِ وَأَنَا۠ أَعۡلَمُۚ آل عمران: ١٠٣ بکاتە دروشم. واتە: هەمووتان بە ئیسلامەوە پابەند بن, پەرتەوازە مەبن.

---

١ ابن أبی شیبه لە (المصنف, كتاب التاريخ), بە ژمارە ٣٣٨٤٦, (طبراني) لە (الكبير), ١٢٤/٢٣, حاكم لە (المستدرك, كتاب الإيمان, ١٣٠/١), گێڕاویانەتەوە.

## بەشی دووەم

## ئوممەتی ئیسلام, بڕوای بە خوای تاك و تەنها هەیە

یەکەم بنەما کە ئوممەت لەسەری دەوەستێ, عەقیدەو بیرو باوەڕی ئیسلامە. بۆیە پەیامی ئەم ئوممەتە چاندنی نەمامی ئەم بیروباوەڕەو, چاودێری بنجبەستنی و، پارێزگاری لێکردنیەتی و، گەیاندنی ڕۆشناییەکەیەتی بە جیهان.

دیارە عەقیدەی ئیسلامیی بریتییە لە باوەڕ بە خوای گەورەو, فریشتەکانی و, کتێبەکانی و, ڕۆژی دوایی. خوای گەورە دەفەرموێ: آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلاَئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ) البقرة/٢٨٥, واتە: پێغەمبەری نێرراوی خواو بڕواداران, بڕوایان هێناوە بەوەی لای پەروەردگارەوە بۆیان هاتووە. هەموویان بڕوایان هێناوە بە خواو, فریشتەکانی و, کتێب و, پێغەمبەرە نێردراوەکانی و, دەڵێن: جیاوازی ناخەینە نێوان هیچ یەکێ لە پێغەمبەرانی خوا. هەروەها دەڵێن: گوێمان گرت و، فەرمانمان جێبەجێ کرد. ئەی پەروەردگاری ئێمە, داوای لێخۆشبون لە تۆ دەکەین، گەڕانەوەو چارەنووس تەنها بۆ لای تۆیە.

سروشتی ئەم عەقیدە ئیسلامییە وایە بنیات دەنێ، ناڕوخێنێ. کۆ دەکاتەوە، ناپژێنێ. چونکە لەسەر کلتوری هەموو پەیامە

خواییەکان بنیات نراوە. لەسەر بڕوا بە هەموو پێغەمبەرانی خوا دامەزراوە: وَمَن أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِيٓ إِبْرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ البقرة: ٢٨٥, واتە: هیچ جیاوازییەك ناخەین لە نێوان پێغەمبەرە نێردراوەکانی خوادا. خوای گەورە دەفەرموێ: وَمَن أَيْدِيَهُمْ وَأَلْسِنَتَهُم بِٱلسُّوٓءِ وَوَدُّواْ لَوْ تَكْفُرُونَ ﴿٢﴾ لَن تَنفَعَكُمْ أَرْحَامُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُمْۚ النساء: ١٣٦, واتە: هەرکەس بەرامبەر خواو فریشتەو کتێب و پێغەمبەرەکانی و پاشەڕۆژ، بێ بڕوا بێ، ئەوە گومڕاو سەرگەردان بووە.

لە سونتەتی پێغەمبەریشدا بنەمایەك بۆ پێنج بناماکەی قورئان زیاد کراوە کە بڕوا بە قەدەرە، ئەویش دەچێتە نێو بنەمای بڕوا بە خوداوە، لەبەر ئەوە کە پەیوەندیی بە زانست و ویست و دەسەڵاتی خوای باڵادەستەوە هەیە، چونکە هەرچی لە گەردووندا ڕوو دەدا بە ئەندازەگەری و ڕێکخستنی خوایە، هیچ شتێ لەخۆڕاو لە گۆترە ڕوو نادا, خوا دەفەرموێ: وَمَن □□□□ □ۚ القمر: ٤٩, واتە: بە ڕاستی ئێمە هەرچی شت هەیە بە ئەندازەیەکی دیاریکراو, دروستمان کردووە. هەروەها دەفەرموێ: وَمَن إِنَّا بُرَءَٰٓؤُاْ مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةُ وَٱلْبَغْضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤْمِنُواْ بِٱللَّهِ وَحْدَهُۥٓ إِلَّا قَوْلَ إِبْرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ وَمَآ أَمْلِكُ لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِنۚ الحديد: ٢٢-٢٣, واتە: هەر بەڵاو موسیبەتێك لەسەر زەوی یا لە خۆتاندا تووشتان دەبێت، پێشتر

له (کتاب)دا نوسیومانه، به ڕاستی ئەمە لەسەر خوا ئاسانە، تا داخ و کەسەر نەخۆن بۆ ئەوەی لە دەستان دەرچووە، دڵخۆشیش نەبن بەوەی بۆتان هاتووە.

ئەم عەقیدەو بیرو بڕوایە ناونیشانێك, یان دروشمێکی هەیە کە بە پوختی واتای دەکا، کە بریتیە لە گەواهی و شایەتیدان بەوەی هیچ فەرمانڕەواو فەریادڕەسێك نیە جگە لەخوای گەورە، موحەممەدیش پێغەمبەری خوایە, (لا إله إلا الله محمد رسول الله)..

لە سەرێکی ترەوە ئەم عەقیدەیە گوزارشت لە دیدی موسوڵمانان دەکا لەمەڕ گەردوون و خاوەنی گەردوون. لەمەڕ ڕووی دەرەوەی سروشت و ڕووی ناوەوەی سروشت. بە تەعبیرێکی تر: دەربارەی دروستکراوو دروستکار، دونیاو پاشەڕۆژ، جیهانی بینراوو جیهانی نەبینراو. هەرکەسیش لە دونیادا ئەم ڕاستییەی بزر کردو لێی لایدا، ئەوە لە پاشەڕۆژدا پەردە لە ڕووی لا دەدرێت و، ڕاستییەکان وەك خۆر لە کاتی چێشتەنگادا دەبینێ. خوا دەفەرموێ: وَمَن مِن شَيۡءٍ رَّبَّنَا عَلَيۡكَ تَوَكَّلۡنَا وَإِلَيۡكَ أَنَبۡنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ ﴿٤﴾ رَبَّنَا لَا تَجۡعَلۡنَا فِتۡنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ وَٱغۡفِرۡ لَنَا رَبَّنَآۖ إِنَّكَ مریم: ٩٣ ــ ٩٥, واتە: هەرچی لە ئاسمانان و زەویدایە بەندەیەو دێتە بەردەستی خوای میهرەبان و بە سۆز. بە دڵنیایی هەموو (دروستکراوانی) سەرژمێری کردووەو, (هیچی لێ بزر نابێ). هەموو دروست کراوان یەك یەك دێنەوە بەردەم خوا. ئەمەشە واتای

(لا إله إلا الله) یانی: جگە لە خوا هیچ کەس شایانی پەرستن نیە، یان شایانی مل بۆ کەچکردن نیە. ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ [الفاتحة/٥] واتە: تەنها تۆ دەپەرستین, تەنها داوای یارمەتی و پشتیوانیش هەر لە تۆ دەکەین. گەردنەکان تەنها بۆ ئەو دادەنەوێنرێن، ڕووەکان تەنها بۆ ئەو کڕنووش دەبەن، زمانەکان تەنها بۆ ئەو تەسبیح و سوپاسگوزاریی دەکەن، دڵ و هزرو هەستەکان تەنها بۆ حوکم و فەرمانی ئەو فەرمانبەرو گوێڕایەڵن.

هەروەها تەواوی خۆشەویستی دڵەکان ئاڕاستەیە بۆ ئەو، چونکە هەر ئەوە تەواوو بێ عەیبە، دڵەکانیش زاتی ئەویان خۆش دەوێت. جوانییان خۆش دەوێت، خوای گەورەیشە کە بەخشەری هەموو بەهرەو نیعمەتەکانە، سەرچاوەی هەموو بەخشش وجوانکارییەکانە. خوای گەورە خۆی دەفەرموێت: (وَمَا بِكُمْ مِنْ نِعْمَةٍ فَمِنْ اللَّهِ) [النحل/ ٥٣]. چاکەکاریی لای مرۆڤ خۆشەویستییە، نیعمەتیش هەمیشە خۆشەویستەو, خاوەنیشی بەڕێزو خۆشەویستە.

واتای وشەی (لا إله إلا الله) ڕەتدانەوەی ملکەچی و بەندایەتییە بۆ هەر دەسەڵاتێك غەیری دەسەڵاتی خوا، هەر حوکم و فەرمانێك غەیری حوکم و فەرمانی خوا. هەر بڕیارێك غەیری بڕیاری خوا، هەر پەناگرتن و هانابردن و یارمەتی خواستنێ, یان هەر خۆشەویستییەك بۆ غەیری خوا.

ئەم وشە پاك و جوانە, وەك درەختی پاك و جوان وایە، بنچینەی دامەزراوەو, لق و پۆپەكانی لە ئاسماندا پەخش و بڵاون. هەمیشە بە فەرمانی خوا, بەرهەم و بەرو بوومی خۆی دەبەخشێ.

بەشێ لەو بەرهەم و سامانە بریتییە لە: ئازادبوونی عەقڵ و ویژدان لە ترس و زەلیلی بۆ هەر دروستكراوێك، یا ئازادبوون لە ترس و ملهوڕی و چەوساندنەوە لە لایەن زلهێزانەوە، یا هەستكردن بە یەكسانیی لە نێوان مرۆڤەكاندا.

مرۆڤەكان نابێ خوایەتی– پەنا بە خوا – بەسەر یەكدییەوە بكەن، مرۆڤەكان لە بنەڕەتدا یەكن و, لە یەك دایك و بابن. هەر لەبەر ئەمەش بوو پێغەمبەری خوا (درودو سڵاوی خوای لەسەر بێت) كۆتایی نامەكانی خۆی بۆ قەیسەرو سەركردەكانی خاوەن ئاینەكان, بەم ئایەتە مۆر دەكرد كە دەفەرموێت: وَمَن إِن كُنتُمۡ خَرَجۡتُمۡ جِهَٰدٗا فِي سَبِيلِي وَٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِيۚ تُسِرُّونَ إِلَيۡهِم بِٱلۡمَوَدَّةِ وَأَنَا۠ أَعۡلَمُ بِمَآ أَخۡفَيۡتُمۡ وَمَآ أَعۡلَنتُمۡۚ وَمَن يَفۡعَلۡهُ مِنكُمۡ فَقَدۡ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ۚ آل عمران: ٦٤, واتە: ئەی خاوەن پەیامەكان! ئەی ئەهلی كتاب! وەرن بەرەو وشەیەكی یەكسان لە نێوان ئێمەو ئێوەدا، كە جگە لە خوا, پەرستشی كەسی تر نەكەین, هیچ هاوەڵێكی بۆ بڕیار نەدەین، هەندێكمان هەندێكی ترمان لەبری خوا, نەكەینە خاوەن و پەروەردگار بەسەر خۆمانەوە.

بۆیە ئێمە بڕوامان وایە کە ئیسلام دەستەو چینێکی تێدا نیە بە ناوی (کاهین)ەکان، کە ئاین لە خۆیاندا قۆرخ بکەن و, دەستوەردەنە چارەنووسی خەڵکییەوەو, دەرگای خوا بەسەر خەڵکیدا داخەن, یا چەك و پسوڵەو گەرەنتی لێخۆشبوونیان بدەنێ.

لە ئیسلامدا هەموو کەس خاوەنی ئاینە, کەس پێویستی بە میانە لە نێوان خۆی و پەروەرد گاردا نیە. خوا لە ڕەگی بنگوێ لەهەر بەندەیەکی نزیکترە. بۆیە موسڵمان دەتوانێ نوێژەکانی و هەر فەرزێکی تری, لەهەر شوێنێ لەسەر زەویدا بکا، هەروەك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمویەتی: (جُعِلَت لي الأرضُ مسجدا وطهورا, فأيما رجل من أمتي أدركته الصلاة فليصلّ).[1]

پێشنوێژ (إمام) لە نوێژدا سەرکردەیە, (کاهین) نیە. هەر موسوڵمانێك بۆی هەیە بە مەرجە شەرعییەکانەوە ببێتە پێشنوێژ. هەروەها موسڵمان دەتوانێ بەبێ میانە هەموو فەرزەکانی جێبەجێ بکات، ئەوانەی وا گومان دەبەن لە حەجدا کەسێ ببێتە چاوساغ بۆ حاجی, لە دیندا هیچ بنەمایەکی نیە. لە حەجدا کارو پەرستشێکی تێدا نیە پێویستی بە کەسێ هەبێ تەڵقینی حاجی بکاو فێری بکا.

---

[1] **ئەم فەرمودەیە لەم سەرچاوانە هاتووە**: صحيح البخاري, كتاب التيمم, باب: فلم تجدوا ماء, رقم ٣٣٢. صحيح مسلم, كتاب المساجد, رقم ٨١٠.

موسڵمان ئەوەندەی بەسە کەفێری چۆنیەتی بەجێهێنانی عیبادەتەکە ببێ، بەو جۆرەی خوا فەرمانی پێداوە.

خۆ ئەگەر موسڵمان تووشی گوناهێکی بچوك یان گەورە بوو, ئەوە خوای گەورە چەندین شتی وای پێ بەخشیوە کە گوناهی پێ پاك بکاتەوەو, ببنە کەفارەت بۆی، وەك دەستنوێژ گرتن, نوێژ کردن, ڕۆژوو گرتن, خێرکردن, یادکردنی خودا، یان تووشبوونی ئازارو ناڕەحەتی، یان داوای لێخۆشبوون و پەشیمانی دەربڕین. ئیتر پێویستی بەوە نیە بچێتە لای (کاهین)ێك و, دان بە تاوانەکانیدا بنێ، یاخود ببێتە نێوبژیوان لە نێوان ئەوو خوای خاوەنیدا. خوا دەفەرمویێ: وَمَن لَكَ وَمَآ أَمۡلِكُ لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٖۖ رَّبَّنَا عَلَيۡكَ تَوَكَّلۡنَا البقرة/١٨٦, واتە: ئەگەر بەندەکانم دەربارەی من پرسیاریان لێ کردی، ئەوە بەدڵنیایی من نزیکم, هەرکەس پرسیارو داوام لێ بکا, وەڵامی داواو پرسیارەکەی دەدەمەوە. هەروەها دەفەرموێ: وَمَن كَانَتۡ لَكُمۡ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ فِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ إِذۡ قَالُواْ لِقَوۡمِهِمۡ إِنَّا بُرَءَٰٓؤُاْ مِنكُمۡ وَمِمَّا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ كَفَرۡنَا بِكُمۡ وَبَدَا الزمر: ٥٣, واتە: لە سۆزو میهرەبانی خوا نائومێد مەبن. بەدڵنیایی خوا لە هەموو گوناهەکان خۆش دەبێ، بەڕاستی خوا لێبوردەو میهرەبان و بەڕەحمە.

لە سەرێکی ترەوە, لە ئیسلامدا زانایانی ئاینی میراتگری پێغەمبەران و سەرکردەی ئوممەتن. شارەزان لە بواری کاری

خۆیاندا. خەڵکی دەگەڕێتەوە بۆ لایان, هەروەك چۆن بۆ لای شارەزای هەر بوارێکی تر دەگەڕێنەوە. خوا دەفەرموێ: (فَاسْأَلْ بِهِ خَبِيرًا) الفرقان/ ٥٩. واتە: دەربارەی ئەو شتە – هەر شتێ – پرسیار لە شارەزا بکە. لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێ: (ولا ينبؤك مثل خبِير) فاطر/١٤, واتە: کەس وەکو شارەزا, هەواڵی بە بایەخت ناداتێ. یان دەفەرموێ: (فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ) النحل/٤٣, واتە: ئەگەر نازانن و بێ ئاگان لە شتێ, پرسیار لە کەسانی شارەزاو ئەهلی زیکر بکەن, (ئەوانەی لە کتێبی خواو شەریعەت شارەزان).

لە لایەکی ترەوە مافی هەر موسڵمانێکە ئەگەر ویستی ببێتە زانای ئاینی، بە توێژینەوەو پسپۆڕیەتی، نەك بە میرات و جێماوەیی خێزانی، یا بە نازناوو شۆرەت، یان بە جل و بەرگ, ئەو پلەو پایەیەی دەست کەوێ, لەم بوارەدا هیچ قۆرخکردن یا قەدەغەکردن و ڕێگرتنێ لە ئارادا نیە.

بۆیە ئیسلام دابەشکردنی خەڵك و دامەزراوەکان بەسەر دوو جۆری (ئاینی) و (نائاینی)دا ڕەت دەکاتەوە. لەبەر ئەوە دەبێ خەڵکی, سیستمی پەروەردەو خوێندن, یاساکان, دامەزراوەکان, هەموو لە خزمەتی ئیسلامدا بن و, هیچیان ناکرێنە دوو بەش و, دوو جۆری دینی یا غەیرە دینی.

# بەشی سێیەم

# بڕوا بە ڕۆژی دوایی

ئێمە بڕوامان وایە کە مردن دوا قۆناغ نیە. مرۆڤ بۆ هێشتنەوەو مانەوە بەدی هێنراوە. مردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری دەگوێزێتەوە. ئەمڕۆ کارکردنە بەبێ پرسینەوە، سبەی پرسینەوەیە بە بێ کارکردن.

لە ژیانی دوارۆژدا هەموو کەسێ بەپێی ئەوەی دەستی خستووە پاداشتی دەدرێتەوە، بە پێی کارو هەوڵەکەشی تاهەتایە دەمێنێتەوە. خوای گەورە دەفەرموێ: وَمَن فَقَدۡ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿١﴾ إِن يَثۡقَفُوكُمۡ يَكُونُواْ لَكُمۡ أَعۡدَآءٗ وَيَبۡسُطُوٓاْ إِلَيۡكُمۡ أَيۡدِيَهُمۡ وَأَلۡسِنَتَهُم بِٱلسُّوٓءِ وَوَدُّواْ لَوۡ تَكۡفُرُونَ ﴿٢﴾ لَن الزلزلة: ٦ - ٨, واتە: لەو ڕۆژەدا (ڕۆژی قیامەت) خەڵکی بەجیاجیاو پەرتەوازەیی, سەر لە گۆڕ دەردێنن تا کارەکانیان ببینن، خۆ هەرکەس تۆسقاڵێ کاری خێری ئەنجام دابێ، بەرهەمەکەی دەبینێ.هەرکەسیش تۆسقاڵێ کاری خراپ و شەڕی کردبێ سەرەنجام و ئاسەواری دەبینێ.

بۆیە هەموو پەیامە ئاسمانییەکان بانگەشەیان کردووە بۆ ڕۆژی دوایی‌و، ئەوەی کە تێیدایە لە پاداشت‌و سزاو بەهەشت‌و دۆزەخ، بە تایبەتی ئیسلام کە مەسەلەی زیندوبونەوەی کردووە بە یەکێ لە

تەوەرەکانی قورئان. گفت و گۆی زۆری کردووە لەگەڵ بتپەرستانی عەرەب, کە زیندوبوونەوەی پاش مەرگیان بە دوور دەزانی. بۆیە قورئان بۆی ڕوون کردنەوە کە خوا یەکەمجار بەدیهێنەر بووە، هەر ئەویش زیندوو دەکاتەوە، ئەو کارەش بۆی ئاسانترە, ئەوەتا دەفەرموێ: وَمَن سَبِيلِي وَٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِيۚ تُسِرُّونَ إِلَيۡهِم بِٱلۡمَوَدَّةِۚ الروم: ٢٧, یان دەفەرموێ: ئەو زاتەی کە ئاسمانان و زەوی دروست کردووە، بە توانایە کە هاوشێوەیان دروست بکات: وَمَن يَثۡقَفُوكُمۡ يَكُونُواْ لَكُمۡ أَعۡدَآءٗ وَيَبۡسُطُوٓاْ إِلَيۡكُمۡ أَيۡدِيَهُمۡ وَأَلۡسِنَتَهُم الإسراء: ٩٩.

پاشان قورئان ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە کە حیکمەتی خوای گەورەو زاناو بەتوانا, دەخوازێ ئەو خەڵکە لەو ڕۆژەدا وێڵ نەکرێن، لە کاتێکدا کەسانێکیان تێدایە کە خەڵکیان بەبێ تاوان کوشتووە، ملهوڕییان کردووە, ستەمیان کردووە، چۆن دەگونجێ ستەمکار سزای خۆی وەرنەگرێو ستەم لێکراویش مافی نەسەنرێتەوە؟ خوا دەفەرموێت: وَمَن يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمۡ أَوۡلِيَآءَ تُلۡقُونَ إِلَيۡهِم بِٱلۡمَوَدَّةِ وَقَدۡ كَفَرُواْ بِمَا جَآءَكُم مِّنَ ٱلۡحَقِّ يُخۡرِجُونَ ٱلرَّسُولَ وَإِيَّاكُمۡ أَن تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ رَبِّكُمۡ إِن كُنتُمۡ خَرَجۡتُمۡ جِهَٰدٗا فِي سَبِيلِي وَٱبۡتِغَآءَ ص: ٢٧ – ٢٨, واتە: ئێمە بێ هودەو بە هەوانتە ئاسمانان و زەویمان دروست نەکردووە، ئەمە گومانی ئەوانەیە کە بێ بڕواییان نواند، وەیل و سزای سەخت لە ئاگردا بۆ ئەوانەی بێ بڕوا بوون. تۆ بڵێی ئەوانەی بڕوایان هێناوەو

کاری چاك و باشیان ئەنجام داوە، وەك ئەوانەیان لێ بکەین کە گەندەڵی و فەسادیان لە زەویدا بڵاو کردەوە؟ مەگەر کەسانی لەخواترس و کەسانی لەخوا یاخیی, وەك یەك سەیر دەکەین؟

هەروەها دەفەرموێت: وَمَن أَفَحَسِبۡتُمۡ أَنَّمَا خَلَقۡنَٰكُمۡ عَبَثٗا وَأَنَّكُمۡ إِلَيۡنَا لَا تُرۡجَعُونَ المؤمنون/ ١١٥, واتە: ئایا وا حساب دەکەن کە ئێمە ئێوەمان بەبێ هودە دروست کردوەو, ئێوە بۆ لای ئێمە ناگەڕێنەوە؟

کەواتە قورئان وای داناوە ئەگەر مرۆڤ پاش مردنی بۆ وەرگرتنی پاداشت یا سزای تەواوی خۆی، زیندوو نەکرێتەوە, کەواتە دروستکردنی بێ هودەو بێ ئامانج و بێ حیکمەت بووە. ئەمە کت و مت گومانی ماددی و دەهرییەکانە، ئەوانەی وتیان و دەڵێن: دەمرین و دەژینو، زەمانە لەناومان دەبا! منداڵدانی دایك فڕێمان دەداتە دەرەوە، زەویش لووشمان دەدات, ئیتر باسێکی تر لە گۆڕێ نیە. ئای چەندە بێ نرخ و هیچ و پووچە ئەو ژیانەی ئەوە کۆتاییەکەی بێ !

کاتێ بتپەرستان و هاوەڵدانەران بێ بڕواییان سەبارەت بە زیندوبونەوە دەردەخست و، داوایان لە خوا دەکرد کە ئێسکی پواو زیندوو بکاتەوە، زۆر بە توندی ڕەدی دەدانەوە. هەروەك زۆر بە توندی ڕەدی ئەوانەشی دەدایەوە کە لە ئاست دادو عەدالەتی خواییو

حیکمەتیدا, کوێر بوون. کاتێ وا گومانیان دەبرد کە ڕووپەڕەی ئەم ژیانە دەپێچرێتەوەو، نە چاکەکار پاداشتی چاکەو کارە جوانەکانی وەردەگرێ، نە خراپەکار سزای خراپەی وەردەگرێ، هەروەك ئەم گەردوونە پەروەردگارو خاوەنێکی نەبێ کاروباری هەڵسوڕێنێ.

هەروەها قورئان ڕەدی ئەوانەی داوەتەوە کە وا گومان دەبەن دەگونجێ لە پاشەڕۆژدا تکای تکاکاران سوودی هەبێ، ئەوانەی بەهۆی دەسەڵاتیانەوە یاسای دادپەروەریی تێك دەدەن. یا هەندێ کەس ستەم و خراپەکاریی دەکەن، پاشان گومان دەبەن کە خودا درۆینەکانیان, یان (کاهن) و تەڵەکە بازەکانیان– کە لە نێوان خۆیان و خوادا هۆکاری پەیوەندیی دادەنێن– شەفاعەت و تکایان بۆ دەکەن. بتپەرستان و هەندێ لە پەیڕەوانی (نەزانی) ئاینە ئاسمانییەکان هەمان گومانیان دەبرد، بۆیە قورئان ئەم لاف و گەزافەی بە توندی و ڕوونی بەتاڵ کردەوەو فەرمووی:﴿ من عمل صالحا فلنفسه ومن أساء فعليها, وما ربك بظلام للعبيد﴾ (فصلت/٤٦). هەروەها فەرمووی:﴿من اهتدى فإنما يهتدي لنفسه, ومن ضل فإنما يضل عليها, ولا تزر وازرة وزر أخرى, وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا﴾ الإسراء/١٥. یان: ﴿ من ذا الذي يشفع عنده إلا بإذنه﴾ البقرة /٢٥٥. یان: ﴿ وكم من ملك فى السموات لا تغني شفاعتهم شيئا إلا من بعد أن يأذن الله لمن

يشاء ويرضى﴾ النجم /٢٦. يان: ﴿ ولا يشفعون إلا لمن ارتضى ﴾ الأنبياء/٢٨. دەرهەق بە بتپەرستە تاوانكارەكانيش دەفەرمویٚ: ﴿ فما تنفعهم شفاعة الشافعين﴾ المدثر/٤٨.

بەو جۆرە ڕوونی دەكاتەوە كە تكاو شەفاعەت بە بیٚ مۆڵەتی خوای گەورە نابێت و, بۆ هیچ كەس نیە ـ نە لە فریشتەكان، نە لە پێغەمبەران– كە تكاو شەفاعەت بەسەر خوادا بسەپێنن.

هەروەها ڕوونی دەكاتەوە كە شەفاعەت بۆ هەموو كەسیٚ نیە، بۆ نمونە هەركەس بمریٚ و لەسەر هاوەڵیٚ بۆ خوادانان و بیٚ بڕوایی دەرهەق بەخودا سوور بووبیٚ، خوا مۆڵەتی كەس نادا كە تكای بۆ بكا. خۆ ئەگەر هەركەس تكا بۆ ئاوا كەسێكیش بكا, ڕەت دەكرێتەوە، چونكە شەفاعەتی پێغەمبەری خوا, تەنها بۆ خەڵكی بڕوادارو یەكتاپەرست بەسوودە.

لە سەرێكی ترەوە لە پاشەڕۆژدا تۆماری كردەوەكان بڵاو دەكرێنەوە, ترازووەكانیش دادەنرێن, هەركەس نامەی كرداری خۆی دەخوێنێتەوە, خوا دەفەرمویٚ: ﴿ إقرأ كتابك كفى بنفسك اليوم عليك حسيبا﴾ (الإسراء/١٤), واتە: نامەكەی خۆت بخوێنەرەوە, ئەمڕۆ خۆت بەسەر خۆتەوە لێپرسینەوە بكەی، كافییەو بەسە. یان دەفەرمویٚ: ﴿ووضع الكتاب, فترى المجرمين مشفقين مما فيه, ويقولون يا ويلتنا, ما لهذا الكتاب لا يغادر صغيرة ولا كبيرة

إلا أحصاها, ووجدوا ماعملوا حاضرا, ولا يظلم ربك أحدا﴾ الكهف/٤٩, واتە: نامەی کردار دادەنرێ, (قورئان بە کرداری ڕابردوو دەیفەرموێ (دانرا) تا دڵنیایی بگەیەنێ)، ئەو کاتەی تاوانباران دەبینی کە لە عەزرەت حاڵی خۆیان و ئەوەی تیایدا دەیبینن، لە ترس و دڵەڕاوکێدان، دەڵێن: ئای وەیل بۆ ئێمە (قوڕ بەسەرمان)! ئەوە بۆ ئەو نامەیە هەرچی (زانیاری و تاوانی) بچوك و گەورەمان هەیە, هەمووی لەخۆ گرتوە؟! هەرچییان لە دونیادا کردووە دەیبیننەوەو, دەخرێتە پێش چاویان. پەروەردگاری تۆ ستەم لە کەس ناکات. هەروەها دەفەرموێ: ﴿ يوم تجد كل نفس ما عملت من خير محضرا وما عملت من سوء, تودَ لو أن بينها وبينه أمدا بعيدا﴾ آل عمران/٢٩, واتە: ئەو ڕۆژە رۆژێکە هەرکەس لە دونیادا هەرچی کردووە لە چاکەو هەرچی خراپەیەکی کردووە, لە پێش دەمی خۆیدا بە ئامادەکراوی دەیبینێتەوە، ئاوات دەخوازێ کە لە نێوان خۆی و ئەو (تۆمار)ی کارانەیدا, مەسافەیەکی زۆر هەبوایە.. لەوێدا مرۆڤ کارەکانی لە بەردەم خۆیدا دەبینێتەوە: ﴿هذا كتابنا ينطق عليكم بالحق﴾ الجاثية/٢٩, واتە: ئەمە نامەکەی ئێمەیە، بەڕاستی دێتە گۆو گەواهی ڕاستی دەدا لە سەرتان.

بەو جۆرە نامەی کردار دەبێتە گەواهیدەر بۆ سەر خەڵکیو, پاشان ترازوو دەهێنرێ تا دادوەریی عادیلانە بکات، خوا دەفەرموێ:

﴿ونضع الموازين القسط ليوم القيامة, فلا تظلم نفس شيئا, وإن كان مثقال حبة من خردل أتينا بها, وكفى بنا حاسبين﴾ الأنبياء/٤٧, واتە: ترازووەكانی دادگەریی تەواو, بۆ ڕۆژی دوایی دادەنێین. هیچ كەس كەمترین ستەمی لێ ناكرێ. هەر شتێ بە ڕادەی مسقاڵە دەنكێ گەردیلەش بێ, دەیهێنین. بەسە بۆ ئێمە كە بپرسینەوە.

پاش ئەوە، ئەو دیمەنە بە دابەشبوونی خەڵكی بۆ سێ دەستە كۆتایی دێت: ١- پێشڕەوانی پێشەوەی زۆر نیزیك لە خوا (السابقون الأولون) ٢- دەستەی دەستی ڕاست (أصحاب اليمين) ٣- دەستەی دەستی چەپ (أصحاب الشمال). ئەمانە ئەوانەن كە خوا لە سورەتی (الواقعة)دا باسی كردوون و, دەرهەقیان دەفەرموێ: ﴿ فأما إن كان من المقربين. فروح وريحان وجنت نعيم. وأما إن كان من أصحب اليمين. فسلام لك من أصحاب اليمين. وأما إن كان من المكذبين الضالين. فنزل من حميم. وتصلية جحيم. إن هذا لهو حق اليقين. فسبح باسم ربك العظيم﴾ الواقعة/٨٨ – ٩٥, واتە: پاش لێپرسینەوەو ترازوو خستنەكار، ئەگەر هەركەس لە زۆر نزیكەكان بوو، ئەوە لە خۆشی و گیانێكی زیندوو ڕێحان و بەهەشتی نازو نیعمەتدایە, بەڵام ئەگەر لە دەستەی دەستە ڕاست بوو، ئەوە سڵاوێك لە تۆوە بۆ ئەوان. ئەگەر لەوانەش بوو كە پێغەمبەرانیان بە

درۆ خستۆتەوەو گومڕابوون, ئەوە ڕۆ دەچنە نێو ئاوی قوڵ بە قوڵ و، دامێنگیر دەبن لەگەڵ دۆزەخ , ئەمە ڕاستی و دڵنیایی یە و گومانی تێدا نیە, کەواتە تەسبیحی خوا بکەو, پاکی و گەورەیی و بێ هاوتایی بۆ پەروەردگاری گەورەت بڕیار بدە.

لەو بەهەشتەدا هەرچی جۆرە نیعمەتی ماددی و مەعنەوییە هەیە، لە شتانێ نە چاو بینیونی و نە گوێ بیستوونی، نە بە دڵی کەسدا هاتوون, خوا دەفەرموێ: ﴿ فلا تعلم نفس ما أخفي لهم من قرة أعين, جزاء بما كانوا يعملون﴾ السجدة/١٧, واتە: کەس نازانێ چی بۆ شاراوەتەوە لەو شتانەی چاوان ڕوون دەکەنەوە، لە پاداشتی ئەو کارانەدا کە دەیانکرد. یان دەفەرموێ: ﴿ وعد الله المؤمنين والمؤمنات جنات تجرى من تحتها الأنهار خالدين فيها ومساكن طيبة فى جنات عدن, ورضوان من الله أكبر, ذلك هو الفوز العظيم ﴾ التوبة/٧٢ واتە: خوا بەڵێنی داوە بە پیاوو ژنە بڕوادارەکان بە بەهەشتێ کە جۆگەکانی بەژێر باخەکانیدا دەڕۆن، هەروەها بە نشینگەو ماڵ و خانووگەلێکی زۆر خۆش، لە بەهەشتی (عەدەن)دا، جگە لەوەش شتێکی زۆر لەوانە گەورەتر کە بریتیە لە ڕەزامەندی خوا, ئەمەیە سەرکەوتن و سەرفرازیی گەورە.

لە سەرێکی ترەوە لە ئاگری دۆزەخیشدا چەندین جۆر سزای ماددی و مەعنەوی هەن، هەندێکی قورئان باسی لێ کردوون و

بڕوادارانی پێ ترساندوون. دەفەرموێ: ﴿ ... قوا أنفسكم وأهليم نارا وقودها الناس والحجارة, عليها ملائكة غلاظ شداد, لا يعصون الله ما أمرهم, ويفعلون ما يؤمرون﴾ التحريم /٦. واتە: خۆتان و خێزان و کەس و کارتان بپارێزن لە ئاگرێك کە سووتەمەنییەکەی بریتییە لە مرۆڤ و بەرد, ئاگرێك فریشتەگەلی زبرو توندی لەسەرە, بێ گوێیی هیچ فەرمانێکی خوا ناکەنو, چییان پێ فەرمان بدرێ جێبەجێی دەکەن, هەروەها دەفەرموێ: ﴿كلما نضجت جلودهم بدَلناهم جلودا غيرها ليذوقوا العذاب﴾ النساء/٥٦ , واتە: هەرکات پێستەکانیان بە تەواوی برژان, دەیانگۆڕین بە پێستی دی تا سزای زیاتر بچێژن.

## بەشی چوارەم

## بڕوا بە هەموو پێغەمبەرانی خوا

بڕوامان وایە کە خوای گەورە بەوپەڕی حیکمەت و لێزانی و, بەسۆزو ڕەحمەتی فراوانی خۆی، خەڵکی فەرامۆش نەکردوەو, بێ هودە دەستی لێبەرنەداون، بەڵکو پێغەمبەرانی مژدەدەرو وریا کەرەوەی بۆ ناردوون, تا پاش ئەوان هیچ بەڵگەیەك بەدەست خەڵکییەوە لەسەر خودا نەمێنی. دەفەرموێ: ﴿...لِأَلَا يكون للناس على الله حجة بعد الرسل﴾ (النساء/١٦٥). لە هەموو ئومەتێکیشدا نێردراوێکی ناردووەو, پێی وتووە پێیان بڵێ: پەرستشی خوا بکەن و خۆتان لە (طاغوت) (واتە: هەر پەرستراوێکی غەیری خوا), بپارێزن, ﴿أن اعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت﴾ النحل/٣٦. هەروەها دەفەرموێ: ﴿وما من أمة إلا خلا فيها نذير﴾ فاطر/٢٤. واتە: هیچ ئوممەتێك نەبووە پێغەمبەرێکی وریاکەرەوەی تێدا بۆ نەنێررابێ.

قورئان بڕیاری داوە کە خوای گەورە تا پێغەمبەرێك نەنێرێ و, خەڵکی لە بانگەوازی خوا ئاگادار نەکاتەوەو، ئەرکیان بەرامبەر پەروەردگاریان دیاری نەکا، هەرگیز پرسینەوە لە گەڵیان ناکاو، سزایان نادا. خوا دەفەرموێ: ﴿وما كنا معذبين حتى نبعث

رسولا ﴾ الإسراء/١٥. واته: ئێمه سزادەر نەبووین, تا پێغەمبەرێك نەنێرین. بۆیه زانا توێژەرەكان بڕیاریان داوه كه نەتەوه جۆراوجۆره غەیره موسوڵمانەكان بەڵگەیان لەسەر تەواو نابێ و، سزای كافر نایانگرێتەوه، تا كاتێ بانگەوازی ئیسلام به ڕوونی و به شەوقەوه نەیانگاتێ، بانگەوازێ كه بانگیان بكا بۆ وردبونەوەو تێڕامان و توێژینەوه لەم ئاینه. بۆیه پێگەیشتنی كورت و شێوێنراوی ئەم بانگەوازه, هیچ بەڵگەیەك لەسەر هیچ كەسێكی بێ ئاگاو هیچ بەرهەڵستاكارێك تەواو ناكا.

جێی گومان نیه كه مرۆڤەكان ئەوساش و ئێستەش نیازمەند بوون به ناردنی پێغەمبەران، ئەو پێغەمبەرانەی كه خوا له نێو بەندەكانیدا هەڵی بژاردوون. كام لەو خەڵكه كه به ڕەگەز پاكترو, به ڕەوشت بەرزترو، به ژیری و حیكمەت پڕو زیاترن, خوا لەوانەی هەڵبژاردووه. خۆی دەفەرموێ: ﴿ ألله أعلم حيث يجعل رسالته﴾ الأنعام/٢٤. واته: خوا زاناترەو, باشتر دەزانێ كه پەیامەكەی دەنێرێته سەر چ كەسێ. (پێویستیی ناردنی پێغەمبەران لەوێوەیه), كه ژیریی (مرۆڤ) به تەنها بەس نیه بۆ دەركەوتن و ڕونبونەوەی هەموو ڕاستییەكان، بەتایبەتیش ئەو بەشەی پەیوەندی بەو لایەنەوه هەیه كه خوا خۆی خۆشی لێ دێ و, پێی ڕازییه بۆ بەندەكانی. بۆیه ژیریی مرۆڤ هاوكارێكی دەوێ بۆ ئەوەی هەركات هەڵەی كرد ڕاستی

کاتەوەو، هەرکات لایدا بیهێنێتەوە سەر ڕێ. ئەو هاوکارەش سروش و (وەحی) خوایە, کە ئەگەر ژیریی بە شتی باشیش بگا, ئەوە (وەحی) دەبێتە (نور علی نور ) و, ڕۆشنایی لەسەر ڕۆشنایی.

ئەرکی پێغەمبەران ئەوەیە کە ڕێنوێنی خەڵکی بکەن بۆ ڕێی ڕاستی خوای گەورە، ئەو ڕێیەی کە هەرچی خوا پێی خۆش بێ, بۆ دروستکراوانی تێیدایە.

ئەرکێکی تریان ئەوەیە کە ڕێی دادپەروەریی بۆ خەڵکیی ڕەنگڕێژ بکەن، بە تایبەتی لەو کێشە گەورانەدا کە کەمتر ژیریی مرۆڤ ڕێیان پێ دەبا. هەروەك خوای گەورە دەفەموێ: ﴿ لقد أرسلنا رسلنا بالبينات، وأنزلنا معهم الكتاب والميزان ليقوم الناس بالقسط﴾ الحديد/٢٥, واتە: بەڕاستی پێغەمبەرانمان بە بەڵگەی زۆر ڕوونەوە ناردوە، کتاب (و پەیامی خوا )و, ترازوو(ی هەڵسەنگاندن)مان لەگەڵدا ناردوون، تا خەڵکیی دادو یەکسانیی لە نێوان خۆیاندا بەرپا بکەن.).

هەروەها ئەرکێکی تری پێغەمبەران (عليهم السلام) ئەوەیە کە ناکۆکی و جیاوازیی لە نێوان مرۆڤەکاندا لا بەرن، تا لە ئاست حوکمی خوادا ملکەچ بکەن، ئەو حوکمەی کە هیچ بڕوادارێك لێی لانادا، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ كان الناس أمة واحدة, فبعث الله النبيين مبشرَين ومنذرين, وأنزل معهم الكتاب بالحق, ليحكم بين الناس فيما اختلفوا فيه﴾ البقرة/ ٢١٣, واتە: خەڵکانی – پێشتر – یەك

ئوممەت بوون، خوا پێغەمبەرانی نارد بە پەیامی مژدە پێدانیان بە بەهەشت و ترساندنیان لە دۆزەخ. هەروەها پەیامی لەگەڵ ناردن کە حەق و ڕاستی تێدایە، تا حوکمی نێوان خەڵکی بکەن، لەو شتانەدا ناکۆکن تێیداو, جیاوازیی (ڕاو بۆچونیان هەیە تێیدا).

لە ڕاتیشدا مێژوو و ئەزمونە مرۆییەکان سەلماندوویانە کە خەڵکی پێویستیان بە سەرچاوەیەکی یاسادانانی بالأتر لە خۆیان هەیە، کە بیانگێڕێتەوە بۆ ئەوەی چاکەو بەرژەوەندیی خۆیانی تێدایەو ، بە تەنها بەریان نەداو, نەیانداتە دەستی عەقڵی خۆیان، چونکە ڕاستە زۆر جار (بە عەقڵ و ئاوەز) چاکە لە خراپەیان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بەڵام زۆرجاریش هەواو ئارەزوو و بەرژەوەندییە تاکە کەسی و نزیك و خێراکان, زاڵ دەبن بەسەریانداو، جۆرە یاساگەلێ بڕیار دەدەن کە زیانیان پێ دەگەیەنێ و سوودیان نیە. هەروەك لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دیمان کاتێ هەندێ ویلایەت ویستیان مەی (عارەق) قەدەغەو یاساغ بکەن ـ چونکە زیانەکانی دەرکەوتبوو بۆیان ـ بەڵام هەواو ئارەزویان زاڵ بویەوەو، دوبارە یاسای حەڵاڵکردنەوەیان بۆ دەرکردەوە، چ بۆ دروستکردنی، یا برەو پێدانی، یا بۆ خواردنەوەی, یا بازرگانی پێوەکردنی.

حیکمەتی خوای گەورەش وا بووە کە هەر پێغەمبەرێك دەنێرێ, بۆ ناو نەتەوەکەی خۆی بینێرێ، (واتە: هەر نەتەوەیەك پێغەمبەرێك لە خۆیانی بۆ هاتووە)، پەیامی هەر پێغەمبەرێکیش بۆ کات و

سەردەمی دیاریکراو بووە، تا پێغەمبەرێکی تر بەدوایدا هاتووەو، هەندێك لە حوکمە پێشووەکانی سڕیوەتەوە، بە حوکمگەلێکی تری گونجاو لەگەڵ شوێن و سەردەمەکە. وەك خوا دەفەرموێت: ﴿ لكل جعلنا منكم شرعة ومنهاجا﴾ (المائدة/ ٤٨) واتە: بۆ هەرکام لە ئێوە ڕێبازو پرۆگرام بەرنامەیەکی ناردووە. هەندێ جاریش پێغەمبەرێك بە شەریعەتی پێغەمبەری پێش خۆی کاری کردووە, وەك زۆربەی پێغەمبەرانی نەوەی ئیسرائیل.

تا خوا ویستی کە موحەممەدی دوا پێغەمبەر بنێرێ و, دوا پەیامی گشتی و زیندوو و گشتگیری پێدا بنێرێ. ئەو پەیامەی کە لە ڕووی شوێنەوە بۆ هەموو جێگەیەکەو, لە ڕووی زەمەن و کاتیشەوە هەمیشەیی و هەتا سەرەو, گشتگیریشە بۆ هەموو کاروبارەکانی نەوەی مرۆڤ. خوا دەفەرموێ: (وما أرسلناك إلا رحمة للعالمين) الأنبياء/١٠٧, واتە: تۆمان بە ڕەحمەت و میهرەبانی و سۆز, بۆ هەموو جیهانییان ناردووە. هەروەها دەفەرموێ: (ما كان محمد أبا أحد من رجالكم, ولكن رسول الله وخاتم النبيين) الأحزاب/ ٤٠, واتە: محمد, باوکی هیچ کام لە پیاوەکانی ئێوە نەبوو, بەڵکو نێرراوی خواو دوایەمینی پێغەمبەران بوو. هەروەها دەفەرموێ: (ونزَلنا عليك الكتاب تبيانا لكل شيئ, وهدى ورحمة وبشرى للمسلمين) النحل/٨٩. واتە: ئێمە کتابمان (قۆناغ بە قۆناغ) ناردە سەر تۆ, وەکو

ڕوونکەرەوەیەك بۆ هەموو شت, هەروەها ڕێنیشاندەرو ڕەحمەت و مزگێنی یە بۆ موسڵمانان.

خوای گەورە زانیبووی کە مرۆڤایەتی گەیشتبووە پۆپەی فامیدەیی و, کاتی هاتبوو کە دوا پێغەمبەرو دوا پەیام و دوا شەریعەتی بۆ بنێرێ. هێندەش بناغەو بنەمای تێ بخات کە گونجاوو شیاو بێت بۆ هەموو سەردەم و شوێنێك. بۆیە ئەوەندە لە ڕەگەزەکانی زیندوویەتی و, هۆکارەکانی فراوانی و نەرمیی خستە ناو ئەو شەریعەتەوە, بە جۆرێ کە لەگەڵ پێشکەوتندا هەڵبکاو, بۆ هەر دەردێ لە دەرمانخانەکەی خودی ئیسلام چارەسەری پێ بێ. سەرچاوەکانیشی هێندە دەوڵەمەندو کراوە کرد کە بتوانێ وەڵامی هەموو پرسیارێ بداتەوەو, بە بێ هیچ حەرەج و ناڕەحەتی و زۆرلەخۆکردنێك لەهەر قەیرانێك دەر بچێ.

یەکێ لە جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی عەقیدەی ئیسلامیش بریتییە لە بڕوا بە هەموو ئەو کتێبانەی کە خوا ناردوونی و, بڕوا بە هەموو پێغەمبەرە نێرراوەکانی, ئەمانە بەشێ لە پایەکانی ئەو عەقیدەو بیرو بڕوایەن و, بە بێ بڕواهێنان بەوانە, ئەصلی ئیمان و بڕواکە دانامەزرێ. ئەوەتا خوا فەرمان بە موسڵمانان دەکا کە بڵێن:
( قولوا آمنا بالله وما أنزل إلينا وما أنزل إلى إبراهيم وإسمعيل وإسحاق ويعقوب والأسباط, وما أوتي موسى وعيسى, وما

أوتي النبيون من ربهم, لا نفرق بين أحد منهم, ونحن له مسلمون) البقرة/١٣٦. واتە: بڵێن: بڕوامان هێنا بە خواو, بەوەی نێررا بۆمان و, بەوەی نێررایە سەر ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و ئەسباط, هەروەها ئەوەی بۆ موساو عیسا هات, ئەوەش هات بۆ پیغەمبەران لە لایەن پەروەردگاریانەوە. ئێمە جیاوازیی ناخەین لە نێوان هیچ یەکێك لەواندا, ئێمە تەسلیمی ئەوین و بۆ ئەو موسڵمانین.

بە ڕاستی عەقیدەی ئیسلامیی عەقیدەیەکە بنیاتنەرە, نەك ڕوخێنەر. تەواوکارو, دروستکارەو, پشتڕاستکاری پەیامەکانی پێش خۆیەتی. وەك خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی فەرمووە: (وأنزلنا إليك الكتاب بالحق مصدقا لما بين يديه ومهيمنا عليه) المائدة/ ٤٨. واتە: ئێمە بە حەق و ڕاستی, کتاب و نوسراومان بۆ ناردیتە سەر, کە پشتڕاسکەرەوەی ئەو کتاب و نوسراوە (خواییانە)ی پێش خۆیەتی و, هەژمونیشی هەیە بەسەریاندا.

## بەشی پێنجەم

## پەرستشەکان (عبادات)

بڕوامان وایە کە خوای گەورە نەوەی مرۆڤی ڕاسپێردراوی بۆ ئەوە دروست کردووە کە عیبادەتی شایستەی ئەو بکەن, بەو پێیەی کە خۆی بەدیهێنەریانەو, بەهرەو نیعمەتە گەورەکانی ژیانو, عەقڵو, زمان, لەوەوەن. هەروەها نیعمەتی ڕامکردنی بونەوەر بە سوودی مرۆڤ و, نیعمەتی ناردنی پێغەمبەران بۆ سەریان و, نیعمەتی پەیامەکانی و, هەموو ئەو نیعمەتانەی تر کە خەڵکی لە سایەیاندا دەحەوێنەوە. خۆی دەفەرموێ: ﴿ وما بكم من نعمة فمن الله ﴾ النحل/٥٣ واتە: هەر نیعمەتێکتان هەیە, لە خواوەیە. ﴿ وأن تعدّوا نعمة الله لا تحصوها﴾, إبراهيم /٣٤و, النحل/١٨, واتە: ئەگەر نیعمەتەکانی خوا بژمێرن, ناتوانن و بۆتان نایەنە ئەژمار.

بۆیە مافی ئەو پەروەردگارەیە کە مرۆڤ و دروستکراوانی تری بەدی هێناو, هەموو شتی ڕێك و پێك کردو, هەموو دروستکراوانی ئەندازەگیری کردو, ڕێنمویی هەموو شتێکی کرد, ﴿الذي خلق فسوى والذي قدر فهدى﴾ الأعلى/٢-٣, مافیەتی کە خەڵکی بۆ پەرستنی و بەندایەتی بۆ کردنی, هەموو ڕوو بکەنە ئەو, چونکە

ئامانج لە دروستکردنی ئەوان بەندایەتییە بۆ ئەو خوایە. ئەوەتا دەفەرموێ: ﴿وماخلقتالجن والإنس إلا ليعبدون﴾ الذاريات/ ٥٦.

دیارە چەند ئامانجێك لە پشت پەرستش و عیبادەتەکانەوەن, (ئەمانەی خوارەوە چەند نمونەیەکن):

یەکەم: هاتنەجێی (عبودیت) و بەندایەتیی, لە نێوان بەندەو پەروەردگاریدا. دووەم: بەهێزکردنی سۆزو ڕەحمەت لە نێوان مرۆڤ و خەڵکیدا بە گشتی, تا بچوکترین دروستکراو. سێیەم: پاکژکردنەوەی دەرونی مرۆڤ.

دیارە ئامانجەکانیش لێکجیاواز نین. پەرستشەکانیش هەندێکیان پێویست و فەرزن, هەندێکیان سوننەتن. هەنێکیان دەرەکی و ئاشکران, هەندێکیان شاراوەو نادیارن. گرنگترینی پەرستشە ئاشکراکان بریتین لە عیبادەتە گەورەکان, کە کراونەتە پایەی ئیسلام, وەك: نوێژ, ڕۆژوو, زەکات, حەج.. هەرکەس ئەم پایانە ڕەد کاتەوە, یا بە سووکیی سەیریان بکا, ئەوە بە دڵنیایی لە ئیسلام دەردەچێ.

هەندێکی تر لەو عیبادەتانە لاشەیی و جەستەیین, وەك نوێژو ڕۆژوو, هەرچەند نوێژ ئەنجامدانی هەندێ هەڵس و کەوتەو, ڕۆژوو وازهێنانە لە هەندێ شت. هەندێکی تر لە عیبادەتەکان تەنها

ڕەهەندی داراییان هەیە, وەك زەكات.. هەندێكیان هەردوو لایەنەكەی تێدایە, وەك حەج و عومرە, كە هەم لاشەیین و, هەم دارایی.

هەندێ پەرستشی تر هەن پاشكۆی ئەمانەن و سوننەتن, وەك نوێژی سوننەتی پێش و پاشی نوێژە فەرزەكان, یا خێربەخشین, یا ڕۆژووی سوننەت, یا حەجی دووەم و سێیەم.. هەندێ پەرستشی تر هەن, وەك: خوێندنەوەی قورئان, یادی خوا بە وتنی (سبحان الله), (الحمد الله), (لا إله إلا لله), (ألله اكبر)و, پاڕانەوەو, داوای لێخۆش بوون لە خوای گەورە, یا سەڵەواتدان لە دیداری پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت).

هەندێ عیبادەتی شاراوەش هەن كە لە ئایندا پایەی تایبەتیان هەیەو, لای خوا حسابی تایبەتیان هەیە, وەك: دڵسۆزیی و یەكلاكردنەوەی نیەت بۆ خوا (إخلاص), گەڕانەوەو پەشیمانی بۆ لای خوا, شەرمكردن لە خوا, پشت بەخوابەستن, سوپاسی نیعمەتەكانی, صەبرو خۆڕاگریی لەسەر ناڕەحەتییەكان, ڕازی بوون بە بڕیارو قەزای خوا, خۆشویستنی خوا, ڕجای ڕەحمەتی خوا , ترس لە سزای خوا, ئاگاداربون لە چاودێری خوا لە هەموو كاروبارێكدا..

هەندێ پەرستش و عیبادەتی تر هەن, زۆربەیان بۆ بەهێزكردنی سۆزو ڕەحمی نێوان عەبدو خەڵكییە بە گشتی, تا دەگاتە چاكەكاریی

لەگەڵ هەموو بەدیهێنراوان, لە گیاندارو ڕووەك و زەوی, وەك: چاکە لەگەڵ دایك و باوك, صیلەی ڕەحم و هات و چۆی خزمان, چاکە لەگەڵ دراوسێ, ڕەحمکردن بە لاوازان, بە هاناوەچوونی لێقەوماوان, بەدەمەوەچوونی پێگیراوان, هاوکاریی لە هەموو کارێکی چاك و تەقوادا, فەرمان بە چاکەو قەدەغەی خراپە, بانگکردن بۆ چاکە, ئامۆژگاریی لە ئایندا, ڕاسپاردنی یەکتری بە صەبرو ڕەحم بە یەکتری, ڕێزنان لە هەتیو, هاندانی خەڵکی بۆ ناندان بە هەژاران, بەربەرەکانێی ستەم و گەندەڵیی, گۆڕینی کاری ناپەسەند بە دەست و زمان و دڵ, کە ئەوە لاوازترینی بڕواو ئیمانە. تێکۆشان بە دەست و بازوو, یا بە سامان, یا بەزمان, هەروەها هەر خێرێك کە موسڵمان پێشکەشی دەکات بە خەڵکی, هەرچەند بەزەردەخەنەیەکی شیرین, یا وشەیەکی جوان بێت, یا بە لادانی هەر ناڕەحەتییەك بێت لەسەر ڕێگەی خەڵکی.

ئەمانە هەموو دەچنە چوارچێوەی عیبادەت و پەرستشەوە, چونکە (عیبادەت) چەمکێکە هەموو ئەو گوفتارو کردارانە دەگرێتەوە کە خوا پێی خۆشەو لێیان ڕازییە, چ کردارە جەستەییەکان ,چ دەرونییەکان و ئەوانەی بەدڵ دەکرێن. تەنانەت هەوڵدانی مرۆڤ بۆ دابینکردنی بژێوی خۆی, ئەگەر نیەتی دروستی لەگەڵدا بێت و سنورە خواییەکان لەگەڵیدا پارێزراو بێ و, مافی خەڵکی لەگەڵیدا پێشێل

نەكرێت, دەچێتە خانەی ئەو پەرستش و عیبادەتانەی كە زیاتر مرۆڤ لە خوا نێزیك دەكەنەوە.

هەندێ پەرستشی تر هەن كە نێوانی مرۆڤ و ئارەزووە دەروونی یەكانی مرۆڤ, پاك دەكەنەوە, بگرە ئەگەر مرۆڤ لە ڕێی حەلاڵەوە ئارەزووی خۆی تێر كات و, خۆی لە حەرام بپارێزێت, بە جۆرێك لە پەرستش حساب دەكرێ بۆی, هەروەك لە فەرمودەدا هاتووە: (وفي بضع أحدكم صدقة, قالوا: يا رسول الله, أيأتي أحدنا شهوته, ويكون له فيها أجر؟ قال: أليس إذا وضعها في حرام, كان عليه وزر؟ فكذلك إذا وضعها في حلال كان له أجرا)[1], واتە: لە جووتگیریی هەركام لە ئێوە لەگەڵ هاوسەرەكانیان,خێرێكتان دەست دەكەوێ. وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! چۆن؟ ئایا یەكێ لە ئێمە بەدەم ئارەزوویەوە بچێ, تووشی پاداشت دێ؟ فەرمووی: ئەی ئەگەر لە ڕێی حەرامەوە چوو بەدەم ئارەزوویەوە, گوناهی ناگات؟ بۆیە هەروەها ئەگەر لە حەلاڵدا كاری وای كرد, تووشی پاداشت دێت.

بەم جۆرە كە باسمان كرد زەوی هەمووی بۆ موسڵمان دەبێتە میحراب و مزگەوت. بە هەموو هەوڵ و چالاكییەك خواپەرستیی دەكا,

---

[1] ئەم فەرمودەیە لەم سەرچاوانە هاتووە: صحيح مسلم, بە ژمارە: ١٦٧٤. أبو داود بە ژمارە: ١٠٩٣. مسند أحمد بە ژمارە: ٢٠٤٩٦.

جوتیار به جوان ئەنجامدانی کارەکەی خواپەرستی دەکا, پیشەوەر لە پیشەکەیدا بە هەمان جۆر, بازرگان, کارمەند, قوتابی, هەرکەسی تریش بە هەمان جۆر, هەموو مرۆڤێك لە جێی خۆیداو, لە باش ئەنجامدانی ئەرکی سەرشانی خۆیدا, خواپەرستی و عیبادەت دەکا. بەم جۆرەش ژیان گەشە دەکا, مرۆڤ و مرۆڤایەتیش نەش و نما دەکا, نەتەوەکانیش بەرەوپێش دەچن, ئەگەر لە خوا نزیك ببنەوە, شەیتانیش بە شکستەوە پشت هەڵدەکاو هەڵدێ.

# بەشی شەشەم

## ڕەوشتە پەسەندو جوانەکان

بڕوامان وایە ئیسلام زۆر گرنگی داوە بە ڕەوشتە بەرزەکان، تا ڕادەیەك کە خوای گەورە لە مەدحی پێغەمبەرەکەیدا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: ﴿ وإنك لعلى خلق عظيم﴾ القلم/ , واتە: بەڕاستی و بێگومان، ئەی محمد, تۆ لەسەر ڕەوشتێکی گەورەو بەرزی. هەروەها پێغەمبەری خوا بۆ خۆی ئەرکە سەرەکی یەکەی خۆیمان پێ دەناسێنێ, دەفەرموێ:(بعثت لأتمم مكارم الأخلاق)[1]. واتە: من بۆ ئەوە نێرراوم کە ڕەوشتە بەرزو چاکەکان تەواو بکەم. تەنانەت ئیسلام لە بڕیاردانی ئەرك و فەرزە پەرستشی یەکاندا– کە پایەکانی ئیسلامن– دەیەوێ لە ژیانی خەڵکیدا چەند ئامانجێکی ئەخلاقیی بەرجەستە بین. خۆ ئەگەر ئەو ئامانجانە نەهاتنە دی، ئەوە مانای وایە پەرستش و عیبادەتەکان کەم و کورتن و ، شایان نین کە خوا وەریان بگرێ. بۆ نمونە دەربارەی نوێژ فەرمویەتی: ﴿إن

---

١ پێشەوا ئەحمەد بە ژمارە ٨٥٩٥ , گێڕاویەتەوە.

الصلاة تنهى عن الفحشاء والمنكر﴾ العنكبوت/٤, واته: به دڵنیایی نوێژکردن مرۆڤ قەدەغە دەکا لە کاری قێزەون و ناپەسەندو نەخوازراوو خراپە. یان دەربارەی زەکاتی ماڵ فەرمویەتی: ﴿ خذ من أموالهم صدقة تطهرهم وتزكيهم بها﴾ التوبة/١٠٣. واته: بەشێ لە سامانیان وەرگرە، تا بەو هۆیەوە پاکیان بکەیتەوەو گەشەیان پێ بدەی. یان دەربارەی ڕۆژوو دەفەرموێ: ﴿ لعلكم تفلحون﴾ البقرة/١٨٣, واته: بەشکو بەهۆی ڕۆژوگرتنەوە سەرفراز ببن و سەرکەون. یان دەربارەی حەج دەفەرموێ: ﴿ فلا رفث ولا فسوق ولا جدال في الحج﴾ البقره/٩٧, واته: لە حەجدا کاری ناشیرین و دەمپیسی و لادان و دەمەقاڵە نیە.

جا ئەگەر ئەم پەرستش و عیبادەتانە بەرهەمی ڕەوشتییان نەبوو، ئەوە فەرمودە هەیە دەردەخا کە تەنها متندوو بوون بۆ حاوەنەکانیان دەمێنێتەوە. دەفەرموێ:( رب قائم ليس له من قيامه إلا السهر، ورب صائم ليس له من صيامه إلا الجوع),[١] واته: زۆر کەس هەن کە شەوبێداریی دەکەن (واته: بەشەو بەرستش

[١] سنن ابن ماجه, به ژماره ١٦٨٠.

دەکەن), بەلاّم جگە لە خەوزڕان هیچێکی تریان بۆ نامێنێتەوە. زۆر کەسیش هەن کە ڕۆژوو دەگرن بەلّام لە ڕۆژووەکەیان جگە لە برسییەتی هیچیان بۆ نامێنێتەوە. هەروەها دەفەرموێ: (من لم یدع قول الزور والعمل به, فلیس لله حاجة فی أن یدع طعامه وشرابه﴾[1].,واتە: هەرکەسی ڕۆژووەوان واز لە قسەی درۆو کاری کەلّەکچیەتی نەهێنیّ، خوا هیچ پێویستییەکی نیە کە ئەو کەسە واز لە خواردن و خواردنەوە بێنیّ. (واتە ڕۆژووگرتن بۆ ئەوەیە مرۆڤ خۆی بگرێتەوە لە قسەو گوفتارو کارو کرداری خراپ)، بۆیە ئیسلام ئەم ڕەوشتانەی کردووە بە نمونەو بەرجەستەبوونی ئیمان و باوەڕی دروست. ئەوەتا قورئان بەم جۆرە وەصفی بڕواداران دەکا کە ( لە نوێژەکانیاندا ملکەچن، پشت هەلّدەکەن لە کاری بێهودە. زەکاتی مالّیان دەردەکەن، داوێنیان دەپارێزن. وەفا بە ئەمانەت و سپاردە و بەلّێنیان دەکەن و دەیپارێزن). دەفەرموێ:﴿الذین هم في صلاتهم خاشعون. والذین هم لفروجهم حافظون. والذین هم لأماناتهم وعهدهم راعون﴾ المؤمنون/ ٢-٨. فەرمودەی دروستیش هەن کە

[1] صحیح البخاری بە ژمارە ٥٦٧٣. صحیح مسلم بە ژمارە ٦٧.

ئیمان و باوەڕ لە کاری جوان و ڕەوشتە بەرزەکاندا, بەرجەستە دەکەن. بۆ نمونە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمویٚ: (من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فليصل رحمه. ومن كان يؤمن بالله واليوم الآخر فليكرم ضيفه. ومن كان يؤمن بالله واليوم الآخر فليقل خيراً أو ليصمت),[1] واتە: هەرکەس بڕوای بە خواو پاشە ڕۆژە، با سەردانی خزمانی بکا. هەروەها هەرکەس بڕوای بە خواو پاشەڕۆژە با ئازاری دراوسێکەی نەدا. هەرکەس بڕوای بە خواو پاشە ڕۆژ هەیە با ڕێز لە میوانەکانی بگریٚ. هەرکەسیش بڕوای بە خواو پاشەڕۆژ هەیە, با قسەی باش و چاك بکا, یان بێدەنگ بیٚ. لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرمویٚ: (المؤمن من أمّن الناس على دمائهم و أموالهم)[2] واتە: موسڵمان ئەو کەسەیە کە خەڵکیی لەسەر خوێنیان و سامانیان لێی ئەمین و بیٚ خەم بن. لە سەرێکی ترەوە فەرمودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەن کە کاری ناشیرین و ڕەوشتی خراپ لە موسڵمان بە دوور دەزانن و, بە کاری بیٚ بڕوایانی

---

[1] صحيح البخاری, بە ژمارە ٥٦٧٣، صحيح مسلم بە ژمارە ٦٧.

٢ سنن الترمذي بە ژمارە ٢٥٥١، سنن النسائي بە ژمارە ٤٩٠٩.

دادەنێن. بۆ نمونە دەفەرموێ: (لا يزني الزاني حين يزني وهو مؤمن. ولا يشرب الخمر حين يشربها وهو مؤمن)[1] واتە: بڕوادار کاتێ خەریکی دەستدرێژی (زینا) یە بڕوای نیە. مەیخۆر کاتێ مەی دەخواتەوە، بڕوای نیە. یان دەفەرموێ: ( ما آمن بي من بات شعبان وجاره جائع إلى جانبه وهو يعلم)[2], واتە: هەرکەس بە تێریی شەو بکاتەوەو، دراوسێکەی لە تەنیشتیدا بەبرسێتی مابێتەوە و ئاگای لێ بێ، ئەوە بڕوای بە من نەهێناوە.

بەم جۆرە لە ڕاستیدا ئیسلام ڕەوشتە بەرزەکانی خستۆتە ناوجەرگەی تەعلیماتە دینییەکانیەوە، واتە ئەو ئاڕاستەو تەعلیمانەی کە بە شێوەی فرمان پێکردن وقەدەغە کردن لە قورئان و فەرمودەدا هاتوون. ڕەوشتە بەرزەکان لەو ئەرکانەدا باسکراون کە خوا فەرمانی پێ کردون، خووە ناشیرینەکانیش لە چوارچێوەی ئەو کارە زشت و حەرامانەدا کە خوای گەورە قەدەغەی کردوون، بۆیە دادپەروەریی و کاری چاك و جوانکاریی، ڕاستگۆیی,دەسپاکی و پاراستنی ڕاسپاردە،

---

[1] صحيح البخاری, بە ژمارە٢٢٩٥.

[2] الطبرانی, بە ژمارە ٣٠٥٢.

وەفاداریی بە پەیمان و بردنە سەری بەڵێن، سۆزو میهرەبانیی لەگەڵ خەڵکیی، خۆڕاگری لەکاتی تەنگانەو ناڕەحەتیدا، شەرم و حەیا و خاکیی بوون، شانازیی بەبڕواو ئیمان، ئازایەتی، سنگفراوانی, سەخیەتی، پاکدامێنی، ئارامیی، چاوپۆشی لە کاتی دەسەلأتدا، توڕەیی خواردنەوە, هەروەها چاکە لەگەڵ دایك و باوك، یارمەتیی خزمان، چاکە لەگەڵ دراوسێ، سۆزو میهرەبانیی لەگەڵ هەژارو نەدارو هەتیوو میوان و بەردەست، دەستگرۆیی لاوازو، بەهانەوە چوونی لێ قەوماو.. هەموو ئەم ڕەوشتە بەرزانە لەو شتانەن کە ئیسلام فەرمانی پێ کردوون و، خوای گەورە هانی بڕوادارانی داوە کە خۆیانی پێ بڕازێننەوە. هەروەها مژدەی داوە بە موسڵمانان کە ئەگەر ئەو کارانەیان هەبێ سەرفرازی دونیاو پاشەڕۆژ دەبن، هەروەك لە سەرەتای سورەتەکانی (أنفال), (المؤمنون), ناوەڕاستی (الرعد), کۆتایی (الفرقان)دا, لە وەصفی موسڵمانانی پارێزگارو جوانکاردا هاتووە. هەروەها لە سورەتی (المعارج)و چەندین شوێنی تری قورئانی پیرۆزدا.

لە بەرامبەر ئەو ڕەوشتە بەرزانەوە, قەدەغەی چەندین خوو و کاری نالەبارو ناپەسەند کراوە، وەك: ستەم و دەستدرێژیی، درۆ

کردن, خیانەت و دەستپیسی، پەیمان شکێنی و بەڵێن دوا خستن، دڵرەقی و زبریی، فیزکردن و خۆبەزلزانین، ناوبردنی خەڵکی و قسەهێنان و بردن، ناوو ناتۆرە نان لە خەڵکیی, شایەتیدانی درۆ، کاری ناپەسەندی ئاشکراو شاراوە، خواردنی مەی و ماددە هۆشبەرەکان، شکاندنی دڵی دایك وباوك، پەیوەندیی پچڕاندن لەگەڵ خزمان، ئازاردانی دراوسێ، دڵشکاندنی هەتیو، دڵڕەقیی لەگەڵ هەژارو غەریب، وازهێنان لە ئامۆژگاریی بۆ یەکتر، وازهێنان لە قەدەغەکردنی کاری ناپەسەند، ترس لە ڕەتکردنەوەی ستەمکار.. هەموو ئەم کارە خراپ و ناپەسەندانە لە ئیسلامدا دەچنە خانەی شتە حەرامکراوەکان و ڕەفتارە ناشایستەکان، بگرە هەندێکیان دەچنە ڕیزی گوناهە گەورەکان، هەروەك هەندێ دەقەکان ئاماژەیان پێ دەکەن، خوای گەورە دەفەرموێ: وَمَن أَن تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ رَبِّكُمۡ إِن كُنتُمۡ خَرَجۡتُمۡ جِهَٰدٗا فِي سَبِيلِي وَٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِيۚ تُسِرُّونَ إِلَيۡهِم ۚ الماعون: ١ — ٧, واتە: ئایا دەبینی چ کەسێ ئاین بە درۆ دەخاتەوە؟ ئەوە ئەو کەسەیە بە ڕووی هەتیودا هەڵ دەشاخێ و، هانی خەڵکی نادا کە خۆراك بە هەژارو کەمدەستان بدەن. یان پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: ( لا یدخل الجنة من کان في قلبه مثقال ذرة من

كبر)[1] واتە: هەركەس بە ئەندازەی تۆسقاڵێ فیزو لەخۆبایی بوون لە دڵیدا هەبێ, ناچێتە بەهەشتەوە. یان دەفەرموێ: (بحسب امريء من الشر أن يحقر أخاه المسلم)[2] واتە: بۆ سەلماندنی خراپکاریی هەرکەس, ئەوەندە بەسە کە بە سووکیی سەیری برای خۆی بکا. یان لە فەرمودەی قودسیدا هاتووە، خوا دەفەرموێ: ( أنا أغنى الأغنياء عن الشرك، من عمل عملاً أشرك فيه غيري فهو له كله، يا عبادي إني حرمت الظلم على نفسي, وجعلته عليكم محرما، فلا تظالموا), [3] واتە: من بێ منەتترینی دەوڵەمەندانم لە هاوەڵدانان، هەرکەس کارێ بکاو غەیری من بکا بە هاوەڵ تیایدا، ئەوە هەمووی بۆ خۆیەتی. ئەی بەندەکانم, من ستەمم لەسەر خۆم حەرام کردووە، لە نێوان ئێوەشدا حەرامم کردووە، بۆیە ستەم مەکەن لە نێوان یەکتردا.

---

[1] صحيح مسلم, بە ژمارە١٣١.

[2] صحيح مسلم, بە ژمارە ٤٦٥٠.

[3] صحيح مسلم, بە ژمارە ٤٦٧٤.

هەروەها پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمویٚ: (وإن فساد البينِ الحالقة)[1] واتە: ناكۆكیی نێوان دوو موسڵمان و بەین تێك چوونیان, هۆكاری داڕنینی دینداریيە لێیان. يان دەفەرمویٚ: (عدلت شهادة الزور بالشرك بالله عز وجل)[2]. واتە: گەواهیدانی درۆو هاوەڵدانان بۆ خوا, هاوتای يەكن. هەروەها دەفەرمویٚ: (دخلت امرأة النار في هرة حبستها حتى ماتت)[3]. واتە: ژنیٚ چووە ئاگری دۆزەخ لەسەر ئەوەی پشیلەیەكی زیندان كرد، تا لە برسانا مردار بووەوە. هەروەها دەفەرمویٚ: ( ألا أدلكم على أكبر الكبائر؟ الإشراك بالله، وعقوق الوالدين. ثم قال: ألا وشهادة الزور، ألا وشهادة الزور)[4] واتە: ئایا ئاگادارتان بكەم لە گەورەترینی تاوانە گەورەكان؟ هاوەڵ دانان بۆ خوا، ڕەنجاندنی باوك و دایك، پاشان فەرمویٚ: وریا بن! قسەی بوختان و هەڵبەستراویش، وریا بن! شایەتی دانی درۆیش. هەروەها دەفەرمویٚ: (لايدخل الجنة قاطع)[5],

---

[1] سنن الترمذی, بە ژمارە ٢٤٣٣.

[2] سنن الترمذي, بە ژمارە ٢٢٢٣، أبو داود, بە ژمارە ٣١٢٤.

[3] صحيح البخاری, بە ژمارە ٣٠٧١, صحيح مسلم, بە ژمارە ٤١٦٠.

٤ صحيح البخاری, بە ژمارە ١٢٦.

قاطع)[1], واتە: ئەو کەسەی صیلەی ڕەحم دەبڕێ, ناچێتە بەهەشتەوە. هەروەها وشەی (قاطع) بە ڕێگرو چەتەش واتاکراوە. یان دەفەرموێ: (لا يزني الزاني حين يزني وهو مؤمن، ولا يشرب الخمر حين يشربها وهو مؤمن، ولايسرق وهو مؤمن)[2], واتە: داوێنپیس, کاتێ داوێنپیسی دەکا, موسڵمان نیە. دز کاتێ دزی دەکا, موسڵمان نیە.

بەم جۆرە دەبینین کە ڕەوشتە ئیسلامییەکان هەموو بوارێ دەگرنەوەو لە هیچ بوارێ لە بوارەکانی ژیان دانابڕێن، بە پێچەوانەی فەلسەفەی ژیارو شارستانێتیەکانی ترەوە کە جیاوازیی دەخەن لە نێوان زانست و ڕەوشت، یان جەنگ و ڕەوشتدا، لە کاتێکدا ئیسلام زۆر بە تۆکمەیی پەیوەندی لە نێوان ئەو بوارانەو ڕەوشتدا ساز دەکا.

بۆیە ئیسلام دان نانێ بە تیۆری (ئامانج پاساوی ئامڕاز) (الغاية تبرر الوسيلة)ەدا. هەرگیز مۆڵەت نادا کە هۆکاری نزم و بێ نرخ و ناڕەوشتانە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی خاوێن و جواندا بەکار

---

[1] صحيح البخاری, بە ٥٥٩٦، صحيح مسلم, بە ژمارە ١٥٢.

٢ صحيح البخاری, بە ژمارە ٢٣٤٣, صحيح مسلم, بە ژمارە ٥٧.

بهێنرێن، بەڵکو بە ئامڕازو هۆکاری پەسەندو پاك دەگات بە ئامانجی بەرزو پاك و، هەرگیز ڕێ نادا کەسێ بە ڕێی ناڕەوادا بگاتە ئامانجی ڕەوا، بۆ نمونە: بە پارەو سامانی بەرتیل و سووی حەرام، یان قۆرخکردن و ماڵشاردنەوەو کاڵا گرانکردن، کەسێ مزگەوت دروست بکات. پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: (إن الله طيب لا يحب إلا طيبا)،[1] واتە: بەڕاستی خوا خاوێنەو, پاکە, خۆشی نایەت جگە لە چاکی و خاوێنی.

[1] صحيح مسلم, بە ژمارە ١٦٨٦، مسند أحمد, بە ژمارە ٢٠٤٩٢.

# بەشی حەوتەم

## یەکێتی ئوممەتی ئیسلام

**یەکەم:** باوەڕمان وایە گومان لەوەدا نیە کە جیاوازیی (ڕاو بۆچون) لە لق و بەشەکانی ئایندا، چ لە بواری بیرو ڕادا، چ لە بواری کرداردا هەیەو, شتێکی ئاساییە. هیچ خراپەو مەترسییەکیش لەمەدا نیە، بە مەرجێ ئادابەکانی جیاوازی و (یەکتر خوێندنەوە) ڕەچاو بکرێ. ئەمە سەرەڕای ئەوە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە، پێویستی و ڕەحمەتێکی فراوانیشە.

ویستی خوا وا بووە کە تێگەیشتنە مرۆییەکان بۆ ئاین جیاواز بن، ئەم جیاوازییە لە پێویستییەکی زمانەوانییەوە سەر هەڵدەدات، چونکە ئەو زمانەی سەرچاوەکانی ئەم ئاینەی پێ هاتووە هەروەك (حەقیقەت)ی تێدایە (مەجاز)یشی تێدایە، هەورەك (صەریح) و ڕاشکاویی تێدایە (کینایە) و ئاماژەیشی تێدایە. لەوێدا تێگەیشتنەکان جۆراو جۆر دەبنەوە. ئەوەش سروشتی مرۆڤە، چونکە خوای گەورە مرۆڤەکانی کۆپی نەکردووە, بەڵکو هەریەکەیان بیرکردنەوەو هەست و خواستی خۆی هەیە. هەیانە کەمتواناو لاوازە, هەشیانە زیرەك و بلیمەتە. هەیانە خۆشخووەو مەیلی بەرەو ئاسانکارییە، هەشیانە توندو گیرەو, حەزی لە توندکردنەوەو توندو تیژییە.

ئەم جیاوازییە ڕەحمەتێکە بۆ خەڵکی، چونکە ئەگەر شەریعەت لەسەر یەك رەئی بوایە, ڕێگاکان لەسەر ئوممەت تەسك دەبونەوەو, تەنها دەستەیەکی کەمی خەڵکی دەگرتەوەو, لەسەر خەڵکانی تر نارەحەتی دروست دەبوو.

ئەم جیاوازییە تێگەیشتن لە دەقەکان و سەرەنجام (فیقه) دەوڵەمەند دەکات، شەریعەت فراوان دەکات، بوارەکان بۆ ئوممەت گوشاد دەکات. چونکە زۆرجار ڕاو بۆچونێك بۆ سەردەمێك باشە، بەلاّم بۆ سەردەمێکی تر ناگونجێ. یان بۆ ولاّتێك لەبارە, بەلاّم بۆ ولاّتێکی تر ناشێ. یان هەندێ قسە بۆ حاڵەتێك گونجاوە، بۆ حاڵەتێکی تر نەگونجاوە. جگە لەوە لە فرەڕایی و زۆربونی بۆچونەکاندا بوار دەکرێتەوە بۆ بژارکردن و هەڵبژاردن، بۆ وەرگرتنی ئەوەی بەڵگەی بەهێزترە، یا ڕێگەکەی رۆشنترەو زیاتر مەبەستەکانی شەرع و بەرژەوەندییەکانی خەڵك دێنێتە جێ.

هەر لەبەر ئەمەیشە هەوڵی لابردنی جیاوازی و ڕەدکردنەوەی ڕێڕەوو (مەزهەبەکان)و کۆکردنەوەی هەموو لا لەسەر یەك ڕاو بۆچوون سەری نەگرت، بگرە هەوڵێکی بێ هودەش بوو. لە مێژووشدا دەبینین کە سنگی ئوممەتی ئیسلامیی زۆر کراوە بووە بۆ فرەیی مەزهەبەکان و, جۆراوجۆریی قوتابخانە (فیکرییەکان)و, جیاوازیی دەستەو گرۆکان.

لێرەوە پێویست دەبێ کە سنگمان فراوان بێ بەرامبەر بیرو ڕای جیاواز، بەڵام هەوڵ بدەین هەموو لا پابەند بین بە ئەدەبی جیاوازی و, لەو جیاوازییە تێ بگەین کە هەندێ لە زانایانی هاوچەرخ لە جێی (فقه الاختلاف) ناویان لێ ناوە (فقه الائتلاف), واتە تێگەیشتن لە چۆنیەتی ڕێککەوتن و یەکهەڵوێستی، لەگەڵ پاراستنی تایبەتمەندێتی و تێگەیشتنی تایبەتیدا. واتە بە جۆرێ کە ڕاو بۆچونەکان جیاواز بن، بەڵام دڵەکانمان یەك بن و بەرامبەر کێشە گەورەکانی ئوممەت وەك بینایەکی تۆکمەو هەڵچنراو یەك ڕیز بین. هەندێکمان هەندێکی ترمان تۆکمەو مەحکەم بکەینەوەو, کەلێنێك بۆ دوژمنی مەڵاس خواردوو نەهێڵینەوە, کە دزەی لێوە بکات و, یەکێتیمان بشێوێنێ و, وشەو گوتارمان تێك بدات، بە تایبەتی لەم قۆناغە دژوارەی سەردەمی خۆماندا کە گەورەترین فێڵ لە ئوممەت دەکرێ و, مەترسی ڕوو دەکاتە ئاینەکەی، بە جۆرێ کە دەیانەوێ لە ڕیشەو بناغەوە بیگۆڕن، بە شێواندنی کلتورو, گۆڕینی هزرو عەقڵیەتی و, تێکدانی پێناسی خۆی، تەنانەت دەیانەوێ دەست وەردەنە سیستەمی فێرکردنی ئاینی و, ئوممەتێك بتاشن کە پەیامی نەبێ و, بە ئاسانی مل کەچ بکا بۆ ئەو پیلانانەی دەیکێشن و,بە سانایی بچێ بەدەم داواکاریەکانیانەوە.

بە ڕاستی یەکبوونی ئیسلامیی لە هەموو کاتێکدا پێویستە، بەڵام لەم کاتەدا لە هەموو کات زیاتر داوا دەکرێ، چونکە هیچ شتێ بە

ئەندازەی هاریکاری و پشتگیری یەکتر ئەم ئوممەتە لە مەترسی ڕزگار ناکات.

ئەو یەکبوونە دەبێ لە نێوان ئەهلی زانستەوە دەست پێ بکات، چونکە ئەوان لە ڕێی حوکمەکانی شەرعی ئیسلامەوە پێشەنگیی جەماوەری ئوممەت دەکەن و دەستیان دەگرن، لەسەر بنەمای (لەوەدا لەسەری کۆکین هاوکاری یەکتری دەکەین، لەوەشدا کە ڕامان جیاوازە دایەلۆك و گفت و گۆ دەکەین).

بەهەرحاڵ ئەوەی بۆی دەکۆشین دایەلۆکێکی بنیاتنەری ئامانجدارە, کە هەق و ڕاستی دەردەخاو, دەرگای هاوکاریی لەسەر چاکە والا دەکا، بە مەرجێ ئەو گفت و گۆو دایەلۆکە لە سەرەتاوە –وەك وتمان– لە نێوان زانستخوازان و بیریاراندا دەست پێ بکات، لە سایەی برایەتی و خۆشەویستیداو, لە ژێر دروشمی زانستگەرایی و بابەتیبووندا, دوور لە وروژاندن و هات و هاوار.

**دووەم:** باوەڕمان وایە کە بناغەی پەیوەندیی موسڵمان لەگەڵ موسڵماندا گومان بردنی باش و بەچاکزانینە. واتە موسڵمان هیچ موسڵمانێکی تر بە تاوانبارو بەدڕەفتارو بیدعەچی نازانێ، مەگەر بەڵگەیەکی بەهێزی بە دەستەوە بێ. گەورەترین کاری خراپ لەگەڵ موسڵماندا بکرێ ئەوەیە تەکفیر بکرێ و بە بێ بڕوا بناسرێ، بێ

ئەوەی بەڵگەیەك لە لای خواوە هەبیٚ، یان بە بیٚ بوونی دەقیٚکی سەلـماو کە ماناو مەدلولی ڕۆشن بیٚ و, هیچ گومان و قسەو باسیٚ هەڵنەگریٚ.

بەڵام هەر خاڵیٚکیش قسەو باس و وتی وتی هەڵگرت، ئەوە لە بەرژەوەندیی موسڵمان شی دەکریٚتەوە، چونکە هەر کەس بە دڵنیایی موسڵمان بوونی بسەلـمیٚ بە گومان ئەو دڵنیاییە ناسڕیٚتەوە.

لەم زەمینەی قەدەغەکردنی بە کافرکردنەی موسڵماندا, چەندین فەرمودەی دروست و بەهیٚز هەن کە بوار ناهیٚڵنەوە بۆ کەس تا ئەم مەسەلەیە بە سادەو ساکاری بگریٚ و, هەر دەستەو تاقمیٚ هەستیٚ و دەست بکات بە تەکفیری کەسانی تر، پیٚغەمبەر (درودی خوای لەسەر بیٚت) دەفەرمویٚ: ( ومن دعا رجُلًا بالكفرِ أو قالَ: عدوُّ اللَّهِ، وليسَ كذلِك، إلَّا حارَ عليهِ عليه).[1] واتە: هەر کەسیٚ کەسیٚکی تر بە کافرو بیٚ بڕوا ناوزەد بکا، یا پیٚی بڵیٚ: دوژمنی خوا! لە کاتیٚکدا ئەو کەسە بەو جۆرە نەبیٚ, ئەوە ئەو تۆمەتە بەسەر خۆیدا دەشکیٚتەوە. یان دەفەرمویٚ:( أيُّما امرئٍ قالَ لأخيهِ: يا كافِرُ,

---

١ صحيح مسلم، بە ژمارە ٦١, مسند أحمد, مسند الأنصار, بە ژمارە ٢٠٤٩٢.

فقد باءَ بِها أحدُهما, إن كانَ كما قالَ, وإلَّا رجعَت عليهِ).[1] واته: هەر کەسێ بە براکەی گوت: ئەی کافر! ئەوە ئەو تۆمەتە بەسەر یەکێکیاندا دەشکێتەوە، یا کەسەکە کافرەو قسەی ئەو تەواوە، یا ئەگەر وا نەبوو بۆخۆی دەگەڕێتەوە.

کەواتە کافرکردنی خەڵکیی تاوانێکی ئاینییە، تاوانێکی زانستییە، هەروەك تاوانێکی کۆمەڵایەتیشە، چونکە ئوممەتێك پارچە پارچە دەکاو, ئەوەی بەسەردا دێنێ کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ئاگاداری کردووین کە خۆی لێ لا دەین، کە دەفەرموێ: ( لا تَرجعوا بعدي كفارًا، يضربُ بعضُكم رقابَ بعضٍ)[2] واتە: پاش من بە کافری پاشەگەز مەبنەوەو, دەست بکەنە لێدانی گەردنی یەکتر.

لێرەدا خاڵێك هەیە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ, کە ئەگەر لە جێی خۆیدا بە بەڵگەوە حوکمی کافرکردن دەرکرا، دەبێ بۆ جۆرو حاڵەتەکانی بێ, نەك بۆ کەس و شەخسەکان. بۆ نمونە بگوترێ: هەر کەس وا بڵێ یان وا بکا کافر دەبێ. یان هەرکەس ئینکاری فلآن شت

---

[1] صحيح البخارى ، بە ژمارە ٦١٠٤, صحيح مسلم بە ژمارە ٦٠. ئەم دەقە لە (صحيح مسلم) دایە.

[2] صحيح البخاري ، بە ژمارە ١٧٣٩و, ٦٨٦٨و, ٧٠٧٧.

بكات كافر دەبێت. بۆیە ڕەوا نیە بۆ کەسێکی دیاری کراو بگوترێ: فڵانە کەس کافرە، مەگەر پاش ڕوبەڕوبوونەوەی و, لێکۆڵینەوەو قوڵبونەوە لەگەڵی, بە جۆرێ کە هەموو شوبهەو گومانێکی لەسەر هەڵگیرێ. دیارە ئەم کارەش تەنها بە قەزا (واتە: لە ڕێی دادگاوە) دەکرێ.

لێرەوە دەڵێین: بە ڕاستی مافی حوکمدان بە لەدین وەرگەڕان بۆ کەسێ, پاشان حوکمی تۆڵەلێسەندنی, یان دیاریکردنی حوکمەکە کە کوشتنە، یا جێبەجێکردنی لە گۆترەی ئەو حوکمە, ئەمە کارێکی پڕ مەترسییە لەسەر خوێن و ماڵ و ناموسی خەڵکی، چونکە ڕێ خۆش دەکا بۆ هەر کەسێکی ئاسایی کە دەسەلاتی (فتوادان) و (حوکمدان) و (جێبەجێکردن) بەخۆی بدات، لە کاتێکدا نە زانستی ئەهلی فەتوا, نە حیکمەتی ئەهلی قەزا, نە مەسئولیەتی کەسانی جێبەجێکاری نیە. واتە: سێ دەسەڵات لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە. فەتوا دەدا, حوکمیش دەر دەکا, حوکمەکەش جێبەجێ دەکا.!

**سێیەم:** بڕوامان بە یەکێتی ئەهلی قیبلە هەیە، سەرەڕای هەموو جۆرەکانی جیاوازیی. موسڵمانان لەهەر کوێ بن یەك ئوممەتن، مادام خوای گەورەیان بە پەروەردگار, ئیسلامیان بە ئاینی خۆیان, (محمد) یان (درودی خوای لەسەر بێت) بە پێغەمبەرو نێردراوی خوا, قورئانیان بە پێشەواو پرۆگرام ناسیبێ، خوا دەفەرموێ:﴿ إن هذه

أمتكم أمة واحدة وأنا ربكم فاعبدون﴾الأنبياء/٩٢. واتە: بە ڕاستی ئەم ئوممەتەی ئێوە ئوممەتێکی یەکگرتووە، منیش پەروەردگارتانم، کەواتە پەرستش و عیبادەتی من بکەن.

موسڵمانان بە حوکمی یەك بیروڕایی و یەك شەریعەتی و یەك مەبەستی, برایەتی ئیمانیی کۆیان دەکاتەوە, ئیسلام بۆ ئەم برایەتییە چەند مافێکی هەمیشەیی لە پشتیوانی و هاوکاری و چاودێریی دیاری دەکات، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: (المسلمُ أخو المسلمِ، لا يظلِمُه ولا يُسلِمُه )[1] **واتە:** موسڵمان برای موسڵمانە، ستەمی لێ ناکاو نایدا بەدەستەوەو پشتی لێ ناکا. **هەروەها** دەفەرموێ: (المسلمون ... يسعى بذمتهم أدناهم، ويجري عليهم أقصاهم، وهم يد على من سواهم).[2]

بۆیە بە ڕاستی بەشێ لە کارە زۆر خێردارو گەورەکان لای خوا, بریتییە لە هەوڵدان بۆ نێزیککردنەوەی موسڵمانان لە یەکترو ڕێکخستنی نێوانیان و لابردنی هۆکانی دووبەرەکی لە نێو هۆزو

---

[1] صحيح البخاري **به ژماره** ٦٤٣٧ ، صحيح مسلم ، **به ژماره** ٤٦٧٧.

٢ سنن ابي داود **به ژماره** ٢٧٥١, ابن ماجة , **به ژماره** ٢٦٧٣، مسند احمد **به ژماره** ٦٥٠٦.

کۆمەڵەکانیاندا. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إنما المؤمنون إخوة, فأصلحوا بين أخويكم واتقوا الله لعلكم ترحمون﴾ الحجرات/ ١٠. واتە: بە ڕاستی بڕواداران برای یەکترن، بۆیە لە نێوان براکانتاندا صوڵح و ئاشتەوایی بکەن, لەخواش بترسن و تەقواتان هەبێ، تا بەشکو خوا ڕەحمتان پێ بکا. لە فەرمودەشدا هاتووە: ( ألا أخبركم بأفضل من درجة الصيام والصلاة والصدقة، قالوا بلى، قال: إصلاح ذات البين، فإن فساد ذات البين هي الحالقة)[١] واتە: ئایا ئایا ئاگادارتان بکەم لە شتێ کە پلەی لە نوێژو ڕۆژوو و خێرکردن چاکترە؟ وتیان: بەڵێ. فەرموی: چاکسازی و صوڵحی نێوان (دوو کەس یا چەند کەسێکی ناکۆک)، چونکە نێوان تێکچوون لە ئاینی مرۆڤ کەم دەکاتەوەو دایدەتاشێ.

بە ڕاستی موسڵمانان برای یەکدین، یەك عەقیدەو بیروباوەڕ، یەك ڕووگەو قیبلە، بڕواهێنان بە یەك کتێب و یەك پێغەمبەرو یەك شەریعەت, کۆی کردوونەتەوە. بۆیە دەبێ هەموو هەوڵەکانی پەرتەوازەیی نێوانیان وەلا نێن، مل نەدەن بە دەمارگیری و ڕەگەزایەتی و هەرێمایەتی و ناوچەگەریی. لە پاشکۆیەتی و شوێنکەوتەیی پرۆگرام و سیستەمە هاوردەکان خۆیان ڕزگار بکەن، چ

---

[١] سنن الترمذي بە ژمارە ٢٤٣٣، مسند أحمد بە ژمارە ٢٦٣٦.

ڕاستڕەوو چ چەپگەرەکان. هەروەها نەکەونە داوی پشتیوانیی لە دوژمنکارێتی ئوممەتەکەمان، چ خۆرئاوایی چ خۆرهەڵاتی. هەروەها نابێ شوێن ئەو هەواو ئارەزوو و خۆخۆیەتییانە بکەون کە بەرژەوەندییە گەورەکانی ئوممەت ژێر پێ دەخەن، لە پێناو تەماعی بچوك و دەستکەوتی نێزیك و کورتدا.

لە سەرێکی ترەوە دەبێ موسڵمانان لە لایەن هاوکاریی ئیسلامییەوە لە قۆناغی قسەو گوفتارەوە بگوێزنەوە بۆ قۆناغی کارو کردار. دەبێ ئەو هاوکارییە توندو تۆڵ بکەن، ئاست و ڕادەو سنورەکەی زیاد بکەن، تا دەگاتە فۆرمێکی سیاسی لە فۆرم و شێوەی یەکگرتنەکانی جیهانی هاوچەرخمان، کە بچوك لە ژێر چاودێری گەورەدا دەژی. لەم سەردەمەدا تەنها وڵاتان یان پێکهاتە نێونەتەوەییە گەورەکان سەرکەوتوون. ئوممەتی ئێمەش شایەنیەتی کە کوتلەو هێزێکی گەورە بێ, ئەگەر بە دەم داوای خواوە بچێ کە دەفەرموێ: (واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا), آل عمران/ ١٠٣. واتە: هەموو بە ئاینی خواوە خۆ ببەستنەوەو, پەرتەوازە مەبن. یان دەفەرموێ: ﴿ ولا تكونوا كالذين تفرقوا واختلفوا من بعد ما جاءتهم البينات﴾ آل عمران/ ١٠٥. واتە: وەك ئەوانە مەبن کە پەرتەوازە بوون و, ناکۆکی کەوتە نێوانیان، پاش ئەوەی کە ڕێنوێنیشیان بۆ هات. یان دەفەرموێ: (ولا تنازعوا فتفشلوا وتذهب

ریحكم واصبروا إن الله مع الصابرین) (الأنفال/ ٤٦. واتە: ناكۆك مەبن، چونكە سەرەنجامی ناكۆكی شكست و تیاچوونەو هێزو هەیبەتتان دەڕوات.

موسڵمانان دەبێ بۆ ئازادكردنی هەموو سەر زەوییە ئیسلامییە داگیركراوەكان و, گێڕانەوەیان لە دەستی داگیركەران, هاوكار بن و هەوڵ بدەن, بە ڕەچاوكردنی بەرژەوەندییە باڵا ئیسلامییەكان و پێداویستی و داخوازییە سەربازی و ئابوری و مرۆییەكان. ئەم كارەیان لە گەورەترین جۆری تێكۆشانە لەڕێی خوادا، چونكە هەر كەس بە تەنها نەیتوانی بەرامبەر داگیركەران خۆی ڕاگیر بكاو سەرزەویی خۆی وەربگرێتەوە، دەبێ هەموو موسڵمانان بە پێی تواناكانیان هاوكاریی بكەن.

دیارە فەلەستین– بە جیا– لە تێكۆشانی ئەم سەردەمەی موسڵماناندا پێگەو جێگەیەكی تایبەتی هەیە، چونكە سەرزەویی پێغەمبەرانە، شوێنی شەوڕەوی پێغەمبەری ئیسلامە, وڵاتی مزگەوتی ئەقسایە، كێشەی هەموو موسڵمانێكە, بۆیە لەسەر هەموو ئوممەتی ئیسلامە كە هاوكاریی خەڵكی فەلەستین بكەن لە هەموو پێویستییەكانیاندا, تا كو زەوییە داگیركراوەكەی ئازاد دەبێ و, گەلەكەی ماف وەردەگرێتەوەو, لەسەر زەوی خۆیدا دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دادەمەزرێنێتەوە.

# بەشی هەشتەم

# سەرچاوە تەواوو پارێزراوەکانی ئیسلام

# (قورئان و سوننەت)

**یەکەم:** باوەڕمان وایە کە سەرچاوەی یەکەم بۆ بیروباوەڕی ئیسلامی و شەریعەتەکەی، هەروەها ڕەوشت و بەهاکانی و چەمك و پێوەرەکانی, قورئانی پیرۆزە، کە سەرچاوەیەکی پارێزراوەو, لە هیچ لایەکەوە ناڕەوایی و نادروستی تێکەڵ نابێ. قورئان بنەمای بنەماکانە, سەرچاوەی سەرچاوەکانە، چونکە بەهۆی قورئانەوەو لە ڕێی قورئانەوە بەڵگە لەسەر سەرچاوەکانی تر دەهێندرێتەوە، تەنانەت بۆ بەڵگەدانانی سوننەت پەنا دەبرێتە بەر قورئان.

دیارە هەر موسڵمانێ کە پابەندی شایەتومان بێ, گومانی نیە لە سەلـمێندراوێتی تەواوی دەقی قورئان و پارێزراویی لە دەستێوەردان، چ بە زیادکردن یا لێ کەمکردنی. هەروەها گومانی نیە لەوەی کە قورئان حوججەت بەڵگەبڕی خوای گەورەیە. شوێنکەوتەی هەموو مەزهەب و تایەفەکان، چ سوننی, چ جەعفەری، چ زەیدی، یا ( إباضـی ) یەکان, لەمەدا جیاوازییان نیە.

به ڕاستی قورئان کتێبی هەموو موسڵمانانە، خوای گەورە تایبەتمەندێتی داوەتیٚ, بە ڕۆشنیی ئایەتەکانی و, ئاسانکاریی و, پاراستنی. دەفەرمویٚ: ﴿ وأنزلنا إليكم نورا مبينا﴾ النساء/ ١٧٤. واتە: (ئەی محمد! ڕووناکی و نورێکی ڕوناککەرەوەمان ناردۆتە سەرت, (واتە: قورئانی پیرۆز). یان دەفەرموێت:﴿ولقد يسرنا القرآن للذكر فهل من مدكر﴾ القمر/١٧, واتە: بە ڕاستی قورئانمان ئاسان کردووە بۆ یادکردنەوەو تێگەیشتن, ئایا کەسانێك هەن یاد بکەنەوەو ورد ببنەوە؟ یان دەفەرمویٚ: ﴿ إنا نحن نزّلنا الذكر وإنا له لحافظون﴾ الحجر/٩. واتە: بە ڕاستی ئێمە ئەم قورئانەمان ناردۆتە خوارەوە, کە یادخەرەوەیە. هەر ئێمەش بە دڵنیایی دەیپارێزین.

خوای گەورە بە عەرەبی قورئانی ناردووە، حوکمی ناو ئەم قورئانە عەرەبییە، عەرەبی وەك زمان، وەگەر نا لە ڕووی ناوەرۆك و ئاڕاستەوە جیهانییە، وەك خوا دەفەرموێت: ﴿ تبارك الذي نزّل الفرقان على عبده ليكون للعالمين نذيرا﴾ الفرقان/ ١, واتە: پاکی و بڵندیی بۆ ئەو خوایەی کە ئەم قورئانەی ناردۆتە سەر بەندەی خۆی، قورئانیٚ کە جیاکەرەوەیە لە نێوان ڕاستی و ناڕاستی و ڕەوایی و ناڕەوایی، تاکو ببێتە وریاکەرەوەو ڕاچڵەکێنەری جیهانییان.

بۆیه ئەرکی سەر شانی موسڵمانانە کە واتاکانی وەرگێڕن بۆ زمانە جیاجیاکانی جیهان, بەو مەبەستەی پەیامی خوا بە هەموو خەڵکی بگەیەنن و بەڵگەیان بەسەرەوە تەواوکەن و, لە بەرپرسیارێتی و کەمتەرخەمیی خۆ قوتارکەن و, جیهانێتیی بانگەواز بسەلمێنن.

**دووەم:** سەرچاوەی دووەمی ئیسلام– پاش قورئان– سوننەتی دروستی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر بێت), کە یارانی و خێزانەکانی (خوا لێیان ڕازی بێت) بە ڕێی متمانە پێکراو بۆیان گوێزاوینەتەوە. خوای گەورە یەکێ لە ئەرکەکانی پێغەمبەری لە ڕونکردنەوەی قورئاندا دیاری کردووە، دەفەرموێت: (وأنزلنا إليك الذكر لتبين للناس ما نزل إليهم ولعلهم يتفكرون) النحل/ ٤٤, واتە: ئێمە ئەم قورئانە یادخەرەوەیەمان بۆ تۆ نارد, تا ئەوەی بۆ خەڵکیمان ناردووە – قۆناغ بە قۆناغ – ڕوون بکەیتەوە.

کەواتە قورئان ڕێنوێنی خودایە بۆ هەموو خەڵکی جیهان, سوننەتی پێغەمبەری خواش دەبێتە ڕونکردنەوەی ئەوەی بۆ خەڵکی هاتووە، لە گوتارەکانی و, کردارەکانی و, ئەو شتانەی کە بڕیاری لەسەر داوەو, پێیان قایل بووە, (أقوال وأفعال وتقديرات).

پێویستە ئەوەش بزانین کە سوننەت هەندێ جار پوختەیەکی کورتی قورئان ڕاڤە دەکا. هەندێ جار بابەتە گشتییەکانی قورئان

تایبەت دەكات. هەندێك جار حوكمە ڕەهاكانی قورئان سنوردار دەكات. بۆیە خوای گەورە فەرمانی داوە كە گوێڕایەڵیی لە پێغەمبەرەكەی بكرێ، چونكە بە ئارەزووی خۆی نایەتە گۆ، بۆیە گوێڕایەڵیی لە پێغەمبەری خوا گوێڕایەڵییە لە خوای گەورە. وەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿من يطع الرسول فقد أطاع الله﴾ النساء/ ٨٠. واتە: هەر كەسێ گوێڕایەڵیی لە پێغەمبەر بكات ئەوە گوێڕایەڵیی لە خوا كردووە، بۆیە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەكەی كۆ كراونەتەوەو ڕێ ڕونبوونەوەو خۆشەویستی خوایان پێوە بەستراوەتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قل أطيعوا الله وأطيعوا الرسول... وإن تطيعوه تهتدوا﴾ النور/ ٥٤. واتە: بڵێ گوێڕایەڵیی لە خواو گوێڕایەڵی لە پێغەمبەر بكەن، ئەگەر گوێڕایەڵی بكەن بەرچاو ڕوون دەبن و هیدایەتتان دەدرێت. یان دەفەرموێ: ﴿ قل إن كنتم تحبون الله فاتبعوني يحببكم الله ويغفر لكم ذنوبكم﴾ آل عمران / ٣١. واتە: پێیان بڵێ : ئەگەر خواتان خۆش دەوێ شوێنكی من بكەون، ئەو كاتە خوا خۆشی دەوێن و, لە گوناهەكانتان دەبورێ.

بۆیە لە ڕاستیدا ناگونجێ بە دروستی و تەواوی لە قورئان تێ بگەین, بە بێ ژیاننامەو سوننەت، چ فەرمودە گوتارییەكان, كە زۆربەی فەرمودە پێك دێنێ, چ سوننەتی كردەیی, وەك ئەو

سوننەتانەی دەربارەی ڕونکردنەوەی پێنج نوێژە فەرزەکاندا هاتوون, یان دەربارەی کارو عیبادەتەکانی حەج هاتوون, کەسوننەتی کردارین و, بە شێوەی (تەواتر)ی دڵنیاکرەوە هاتوونەتە بەر دەستمان.

هەروەها ناشتوانین بە تەواوی و دروستیی لە سوننەتیش تێ بگەین, ئەگەر جیاکرایەوە لە قورئان، بەڵکو دەبێ لە چوارچێوەی قورئان و لەبەر ڕۆشنایی قورئاندا لە سوننەت تێ بگەین، چونکە دروست نیە ڕونکەرەوە دژایەتی لەگەڵ ڕونکراوەدا هەبێ.

گرنگ ئەمەیە کە سوننەت وەك سەرچاوەی ڕونکەرەوەی قورئان و, سەرچاوەی دووەمی پاش قورئان, جێی کۆکبوونی نێوان هەموو مەزهەب و ڕێڕەوو قوتابخانە ئیسلامییەکانەو, لەم بارەیەوە هیچ ڕای جیاواز نیە.

گرنگ ئەوەیە کە واتای هەردوو سەرچاوەکە (قورئان و سوننەت) لە چوارچێوەی ئەو زمانە عەرەبییەدا تێ بگەین, کە قورئانی پێ هاتووەو فەرمودەی پێ گوتراوە. هەروەها بە پێی ئەو ڕێساو پایانەی کە زانایان بناغەیان داڕشتووە، بە تایبەت زانایانی زانستی (أصول الفقه) کە چەند پایەو ستوونێکن و, زۆربەیان زانایان لەسەریان کۆکن و کەمێکیان دوو قسەییان لەسەری هەیە.

**سێیەم:** سەبارەت بەسەرچاوەکانی تری شەرعدانان, وەك: (إجماع) کۆدەنگی زانایان, (قیاس) لێکچواندن, (عقل) هزرو ئاوەز, (استصلاح) بەچاك زانین، (استحسان) بە جوان و بە باش زانین، (عرف) نەریت، (شرع من قبلنا) شەرعی پێش خۆمان، (استصحاب) هاوجوتکردنی بەڵگە.. سەبارەت بەم سەرچاوانە, بەڵگەبوونیان لە قورئان و سوننەتەوە وەردەگیرێ.[1]

---

١ جێی ئاماژەیە کە سەبارەت بەم جۆرە سەرچاوانە, هەندێکیان زانایان لەسەریان کۆکن و, بەشێکیان دوو قسەن تێیاندا, کە ئێرە جێی ئەو باسانە نیە. خوێنەر دەتوانێ بۆ تێگەیشتنی تەواو بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکانی زانستی(أصول الفقه).ع. عبد العزیز.

# بەشی نۆیەم

# چەمکەکانی (شەریعەت)و (فیقە)و (ئیجتیهاد)[1]

## یەکەم/ دەربارەی شەریعەت:

بڕوامان وایە کە شەریعەتی ئیلاهی بریتییە لە سروشتی (وحی) خوای گەورە, هەروەها سوننەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت).. هەروەك بڕوامان وایە (فیقە)ی ئیسلامی کاری (عەقڵی موسڵمانە) کە هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە قورئانو سوننەتو, دەرهێنانی حوکمە کردەییەکان تیایاندا, کەواتە شەریعەت سروش (وحی)ی خوایی یە, لە کاتێکدا (فیقە) کارێکی مرۆیی یە.

بەڵام ئەم (فیقە)و تێگەیشتنە لە پرۆسەی (ئیجتهاد)و هەوڵدانو بیرکردنەوەو دەرهێنانەکەدا, بە چەند پێودانێکی شەرعیو عەقڵیو

---

[1] تێبینی یەك لە وەرگێڕەوە:

ئەم زاراوانە: (شریعە), (فقە), (اجتهاد)و, هاوشێوەکانیان, لە ئەسڵدا زاراوەی عەرەبین و, بوونەتە بەشێ لە چەمکە مەعریفییە ئیسلامییەکان, بە دانانی تاکە وشەیەك لە بەرامبەریانەوە – بە هەر زمانێ لە زمانەکان, نەك بە تەنها کوردیی– واتای تەواو نابەخشن, بۆیە هەوڵدان بۆ تاشینی تاکە وشەیەك بەرامبەریان هەڵەیەو بێ ئاکامە. لەبەر ئەوە وەك خۆیان دامناونەتەوە, بەڵام لە ناوەڕۆکدا خوێنەر بە باشی لە ناوەڕۆکی چەمکەکان تێ دەگات. ع. عبدالعزیز

زمانەوانی ڕێك خراوە, کە دەبێ زانای تێگەیشتوی موسوڵمان (فەقیە) پێوەیان پابەند بێ.

شایانی باسە موسوڵمانان تاکە لایەنێکن کە بە داهێنانی زانستێك ناسراون کە پێی دەڵێن زانستی (أصول الفقە), واتە: بنەماکانی تێگەیشتن لە دەقە شەرعییەکان, کە ئەم زانستە بە یەکێ لە شانازییەکانی کلتوری زانستی ئیسلامیمان دێتە ژمار. بەم زانستە بەڵگە دەهێنرێتەوە بۆ هەندێ حوکم کە دەقیان لە بارەوە هاتووە, هەندێکی تریش کە دەقیان لە بارەوە نەهاتووە.

شایانی باسە پێش ئەوەش ئەم زانستە تۆمار بکرێ, زانا تێگەیشتووە موسوڵمانەکان (فەقیهەکان), بە ڕێبازێکی مەنهەجییانە پابەندی ئەو پێوەرو مەرجانە بوون, بەبێ بوونی زاراوەو ناولێنان, چ ئەوانەی بە پەیڕەوانی قوتابخانەی (أثر)[1] ناسراون, یان قوتابخانەی (رەئی)[2] و تێڕوانین.

---

١ مەبەست لە پەیڕەوانی قوتابخانەی (أثر) ئەو زانایانەن کە بە پلەی یەکەم پشتیان بە فەرمودەو ڕیوایەت بەستووە, بۆ هێنانەوەی بەڵگە لە کاتی تاوتوێی دەرهێنانی حوکمە شەرعییەکاندا. ئەو ئاینزاو مەزهەبانە دەگرێتەوە کەبوونە پەیڕەوی پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل‌و هاووێنەکانە. ع. عبد العزیز.

٢ مەبەست لە پەیڕەوانی قوتابخانەی (رأی), ئەو زانایانەن کە لەگەڵ پشت بەستنیان بە بەڵگە شەرعییەکان و دەقی قورئان و فەرمودە, گرنگییەکی تایبەتیان دەدا بە هێنانەوەی بەڵگەی عەقڵی و, دەربڕینی ڕاو بۆچوون لەگەڵ بەڵگەکانی تردا. ئەمانەش پێشەوا ئەبو حەنیفەو قوتابیانی و هاووێنەکانی دەگرێتەوە. ع. عبد العزیز.

لێرەدا گرنگ ئەوەیە بزانین کە شەریعەت لە هەواو بۆشاییدا هەڵنەواسراوە, بەڵکو لە کۆو لە گشتیدا لە ناو فیکری ئیسلامیدایە, هەندێکی ڕای کۆی زانایانی لەسەرە, هەندێکی بیروڕای جیاوازیان لەسەری هەیە, بەشێکی بە سروش (وحی) خوا سەلمێنراوە, بەشێکی بە (ئیجتیهاد)و هەوڵو تێگەیشتن لە دەقەکان, بە مەرجێ ئەو هەوڵە لە کەسی شایستەی خۆیەوەو لە جێی خۆیدا بێت, ئەو کاتە دەچێتە ناو شەریعەت, یا شەریعەت دەبێتە بەشێك لەو کۆبەندە فراوانە.

جا ئەوانەی ئەیانەوێ ئێمە پشت لە فیقهی ئیسلامی هەڵکەین, یان لە کلتوری خۆماندا بیسڕینەوە, ئەوە دەیانەوێ هەموو شەریعەت لە ژیانماندا بسڕینەوە, چونکە لە ڕاستیدا شەریعەت لە ناواخنی ئەم فیقهەدایە.

بەڵام پێویستە ئێمە بژارێکی ئەم فیقهە بکەینەوە, ئەوەی کە هەمیشەییو چەسپاوە, لەوەی قابیلی گۆڕانە, جیا بکەینەوە. واتە ئەو بەشە حوکمانەی بۆ سەردەمو شوێنی خۆیان گونجاو بوون, بەڵام بەهۆی گۆڕانی هەلو مەرجەوە بۆ ئەمڕۆی ئێمە ناشێن, ئەوانە ئەو جۆرە حوکمانەن کە دەربارەیان گوتراوە: گۆڕانی حوکمەکان بەهۆی گۆڕانی سەردەمەکانەوە کارێکی ناپەسەند نیە, ئەمە لە یەکێ لە ماددەکانی گۆڤاری (الأحكام)دا باس کراوە.

**دووەم/ میانەڕەویی:**

ئێمە لە (یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان) تێگەیشتنی (قوتابخانەی میانەڕەو) پەیڕەو دەکەین, کە لەبەر ڕوناکیی مەبەستە گشتگیرەکان (المقاصد الكلية) دا لە دەقە جوزئییەکان تێدەگاتو, دوژمنایەتیو جەنگ لەو نێوەندەدا بەرپا ناکات. قوتابخانەی میانەڕەو پێش دەرکردنی حوکمو بڕیار, لە مەبەستی دەقو تێکست دەکۆڵێتەوە, هەرروەها لەبەر ڕوناکیی سیاقو هەلو مەرجو هۆکاری هاتنی دەقدا, لە دەقەکان تێ دەگا. لە هەمان کاتدا لە نێوان مەبەستی جێگیرو ئامرازی قابیلی گۆڕاندا جیاوازی دەخا. جگە لەوەش بە حیکمەتو دانایی لە نێوان جێگرەکانی شەرعو گۆڕاوەکانی سەردەمدا گونجاندنو تەبایی دروست دەکات.

لە سەرێکی تریشەوە هەمیشە لە نێوان کاروبارە پەرستشییەکان (عبادات)و مەسەلەکانی (معاملات)دا جیاوازیی دەخا, چونکە ئەسڵ لە یەکەمیاندا قەدەغە کردنو دانەهێنانە - مەگەر لە شتێکدا شەرع ڕێی پێ بدا- تا خەڵکی شتێ لە ئاین دانەهێنن کە خوا نەیویستووە. هەروەك ئەسڵ لە دووەم (معاملات)دا مۆڵەتدانو حەڵاڵ کردنە, مەگەر لە شتێکدا کە دەقی شەرع قەدەغەو حەرامی کردبێ.

دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەسڵ لە پەرستش (عبادات)دا پابەندیو جێبەجێ کردنە بە پێی دەق, مەرج نیە سەیری حیکمەتو هۆکارو واتاکان بکرێ, لە کاتێکدا ئەسڵ لە (عادات)و نەریتو (معاملات)و

هەڵسەکەوتی تردا, وردبونەوەیە لە هۆکارو حیکمەتو واتاو مەبەستەکان.

لەم زەمینەدا ئێمە بڕوامان بەم وتە بە ئەمانەت پارێزراوەوە هەیە, کە ئوممەت نەوە دوای نەوە پەسەندی کردووە, دەڵێ: " لە ڕاستیدا بناغەو بنەمای شەریعەت لەسەر بەرژەوەندی بەندەکان لە دونیاو دوارۆژدا هەڵچنراوە. شەریعەت هەمووی دادپەروەریو عەدلە, هەمووی سۆزو ڕەحمەتە, هەمووی داناییو حیکمەتە, هەمووی بەرژەوەندییە. بۆیە هەر مەسەلەیەك لە دادگەرییەوە دەرچێ بەرەو ستەمکاری, یا لە سۆزو ڕەحمەتەوە دەرچێ بەرەو پێچەوانەکەی, لە حیکمەتو دانایی یەوە دەرچێ بەرەو گەزاف و بێ هودەیی, یا لە بەرژەوەندییەوە دەرچێ بەرەو گەندەڵی, ئەوە هەرگیز لە شەریعەت نیە, با بە تەئویل کردنو زۆرکردن خزێنرابێتە ناو شەریعەت." [1]

**سێیەم: دەرگای (اجتهاد) واڵایە:**

ئێمە بڕوامان وایە کە دەرگای هەوڵدان بۆ دەرهێنانی حوکم لە دەقەشەرعییەکاندا بە پێی پێویستی خەڵکی- کە پێی دەگوترێ (اجتهاد)-, واڵایەو, تا هەتایشە هەر واڵاو کراوە دەبێ, چونکە کەس بۆی نیە دەرگایەك داخات کە خواو پێغەمبەرەکەی کردویانەتەوە. بگرە ئەم کارە لە جۆری فەرزی (کفایە) یە لەسەر ئوممەت (واتە:

---

[1] ابن القيم لە کتێبی (إعلام الموقعين), ٣/٣.

ئەركێكە كە دەبێ هەندێ كەس پێی هەستن, لە بری هەموو كۆمەڵگا). بۆیە هەندێ لە پێشەوایانمان وای بۆ چوون كە جائز نیە هیچ سەردەمێك هەبێ بەبێ زانایەكی وەها, كە حوكم لە دەق دەربێنێ (واتە: (مجتهد) بێ), تا حوكمی شەرعی بۆ ئەو پرسە تازانە دەربێنێ كە خەڵكی پێویستیانە.

بۆیە ئێمە لەم سەردەمەدا زۆر پێویستمان هەیە بە ئیجتهادی ڕاستەقینە, لەبەر جیاوازییەكی زۆری سەردەمەكەمان لەگەڵ سەردەمانی ئیجتهادی فیقهی. كاتێ كە بۆ زۆرێ لە جیاوازیی ڕاو بۆچونەكانی پێشەوا (أبو حنیفه) لەگەڵ دوو هاوەڵەكەی, دەگوترێ: جیاوازی كاتو سەردەمە, نەك جیاوازی بەڵگە, (اختلاف عصر ءزمان, و لیس اختلاف حجة وبرهان), لەكاتێكدا كە سەردەمیان زۆر نزیك بووە لە سەردەمی پێشەواكەیانو, ژیانیش لەو سەردەمەدا سەقامگیر بووە. ئەی چۆن پاش تێپەربوونی چەندین سەدە بەسەر چەرخو سەردەمی ئیجتهاددا, ئەو دەرگایە دادەخرێ؟ لە كاتێكدا هەموو شتێ لە ژیانی ئێمەدا– لەچاو ئەواندا– گۆڕاوەو وەك پێشان نەماوە؟!

بۆیە پێویستە لەسەرمان دەرگای ئیجتهاد بەهەموو جۆرەكانیەوە بكەینەوە: گشتیو جوزئی. ڕەهاو سنوردار, بە قسە لەسەر مەسەلە نوێكان, یان لە ڕێی گوڵبژێری ئەوەی لەبەردەستماندایە لە زەخیرەی پێشووی زانایان.

## مەرجەکانی ئیجتهاد[1]:

دیارە دەرگای ئیجتهاد تەنها بۆ کەسی خۆیو لە جێی خۆیدا دەکرێتەوە. مەرجی کەسی خۆی ئەوەیە کە هەموو ئەو مەرجو لێوەشاوەییە بنەڕەتیانەی تێدا بێت کە زانایانی زانستی (أصول)و فەقیهەکان لەسەری کۆکن, وەکو: ئاشناییەکی قووڵ بە قورئانو سوننەت, بە جۆرێ کە بتوانێ لێیان هەڵگۆزێ. یا ئاشنایی لە زمانی عەرەبیو زانستەکانی. هەروەها ئاگاداری لە زانستی (أصول الفقه)و مەبەستەکانی شەریعەت, (مقاصد الشريعة), هەروەها شارەزایی لە (فیقه)و جیاوازیی ڕای زانایانو ڕێچکەو ڕێبازەکانیان, تا وای لێ بێت توانایەکی تایبەتی بنجبەستوی فیقهیی بۆ دروست ببێت, بە جۆرێ کە بتوانێ حوکمە کردەییەکان لە بەڵگە شەرعییە ڕونکراوەکان دەربهێنێ.

لە سەرێکی ترەوە پێویستی هەوڵی دەرهێنانی حوکمی نوێ (ئیجتهاد) لە جێی خۆیدا بێت, کە بریتیە لەو حوکمانەی کە جێی گومانو یەکلاکردنەوەیان دەوێ. مەبەست ئەو بەشەیە کە بەڵگەکانی گومان دەگەیەنن, چ لە ڕووی سەلماندنیانەوە (لە ڕاستیو ناڕاستی بوونیانەوە), چ لە ڕووی واتابەخشینو دیلالەتەوە, یا لە هەردوو ڕووەکەوە, دەبێ ئەوەش بزانین کە زۆربەی شەریعەت لەم جۆرەیانە.

---

١ ئەم ناونیشانە لە لایەن وەرگێڕەوە دانراوە. وەرگێڕ.

## بابەتە بڕاوەکان (**قطعي**) یەکان ئیجتهادیان تێدا نیە[1]:

بە پێی ئەو تێبینییەی سەرەوە دەردەکەوێ حوکمە (**قطعي**)و بڕاوەکان– واتە: ئەوانەی بە پێچەوانەی حوکمە (**ظني**) یەکانن کە گومان دەگەیەنن– بواری ئەوەیان تێدا نیە کە ئیجتهادیان تێدا بکرێت. دیارە ئەو بەشە – واتە: (**قطعيات**)– زۆر کەمن, بەڵام زۆر گرنگن, چونکە بەشی نەگۆڕەکان (**ثوابت**) پێك دێنن, کە بونەتە هۆی پاراستنی یەکێتی فکریو ویژدانیو ڕەوشتی ئوممەت بە گشتی, بۆ ئەوەی هەڵنەوەشیۆو لەیەك ئوممەتەوە نەبێتە چەند ئوممەتێکی پەرتەوازە. جا دەبێ ئەو بەشە (**ظني**)و گوماناویانە بگێڕینەوە بۆ بەشە (**قطعي**)و سەلماوەکان, تا لە سایەیدا ڕوون ببنەوە.

### چوارەم: تێگەیشتنی بەراوردکراو (الفقه المقارن):

ئێمە داوای کرانەوەی دەرگاکانی فیقهی بەراوردکراو دەکەین لە نێوان هەموو ڕێڕەوەکان (**مذاهب**)دا, تا بگەین بە تێگەیشتنێکی گشتگیری ئیسلامیی. هەروەها داوا دەکەین کە کۆڕو ڕێکخراوی زانستیی دابمەزرێن, کە نوێنەری هەموو مەزهەبەکانی تێدا بێت, تا لەسەر کێشەو پرسە گەورەکانی ئوممەت باسو وتو وێژ بکەنو, هەوڵی دەرهێنانی حوکمی نوێ بدەن.

---

١ ئەم ناونیشانەش لە لایەن وەرگێڕەوە دانراوە. وەرگێڕ

## بەشی دەیەم

## ئیسلام و میانڕەویی و تەواوکاریی

ئێمە لە تێڕوانینمان بۆ کاروباری دین و دونیا, بڕوامان بە پرۆگرامی میانڕەویی ئیجابی هەیە، کە لەسەر بنەمای هاوسەنگی و هەوڵی دادگەریی بنیات نرا بێ، بەبێ زیادەڕەویی و کەم و کورتی و, بەبێ دەرچوون لە تەرازوی عەدالەت، یان کورت و کەمهێنان، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ألا تطغوا في الميزان، وأقيموا الوزن بالقسط ولا تخسروا الميزان﴾ الرحمن/ ٨– ٩. واتە: لە تەرازوو مەترازێن و دەرمەچن، بەدادو ڕێك و پێكیی كێشانەو پێوانە ڕاگرن، لە بەكارهێنانی ترازوودا كۆتایی مەكەن و كەم مەكەنەوە.

ئێمە ئیسلاممان وا بینیوە لە هەموو شتێكدا بە میانڕەویی ناسراوەو, میانڕەوی كردۆتە تایبەتمەندیی ئوممەتەكەی. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وكذلك جعلناكم أمة وسطا﴾ البقرة/١٤٣، واتە: ئێمە ئێوەمان گێڕاوە بە ئوممەتێكی میانەو مامناوەند. (بۆ زیاتر ڕوونبونەوەی ئەم بابەتە ئاماژە بە ژەند خاڵێ دەكەین):

**یەکەم:** ئەم میانڕەوییەی باسی لێ دەکەین, هاوسەنگی ئیجابیی هەموو بوارەکان دەر دەخات، چ لە ڕووی بیروباوەڕەوە، چ لە ڕووی کارو هەڵس و کەوتەوە, چ لە لایەنی ماددی، چ لە لایەنی مەعنەوییەوە، چ لەسەر ئاستی تاك، یان لەسەر ئاستی کۆمەڵ. ئیسلام لە ئاستی تاکدا کاری لەسەر هاوسەنگیی لە نێوان گیان و ماددەدا دەکات. هەروەك کار لەسەر هاوسەنگیی لە نێوان عەقڵ و دڵدا دەکات. یان لە نێوان مافەکان و ئەرکەکاندا، یان لە نێوان دونیاو پاشەڕۆژدا. بۆ نمونە خوا فێرمان دەکات کە لە پاڕانەوەدا بڵێین: ﴿ربنا آتنا في الدنيا حسنة وفي الآخرة حسنة﴾ البقرة/ ٢٠١. واتە: ئەی پەروەردگارمان, لە دونیاش و لە پاشەڕۆژیشدا (حەسەنە)و چاکە بێنە ڕێمان. یان دەفەرمەوێ: ﴿وابتغ فيما آتاك الله الدار الآخرة ولا تنس نصيبك من الدنيا﴾ القصص/ ٧٧. واتە: لەوەی خوا پێی داوی, هەوڵی دەسخستنی پاشەڕۆژ بدە، هەروەها بەشی خۆت لە دونیاشدا لەبیر مەکە.

لەسەرێکی ترەوە، ئیسلام لە نێوان تاك و کۆمەڵدا ترازووی دادگەرانە دادەنێ، بۆ نمونە لە ئاستی تاکدا ئەوەندە ماف و ئازادیی نابەخشێ کە لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی تەواو

ببێ، هەروەك سیستمی سەرمایەداریی. یان ئەوەندە دەسەلأت و توانا ناداتە کۆمەڵگە، کە دژ بە تاکەکان سەرکەشی بکاو گوشاری بۆ دروست بکاو, ببێتە هۆی پوکانەوەو پاشەکشێی تاك و, لێهاتنەکانی لەنێو بچن، هەروەك سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی ئەمەیان بەسەر تاك هێنا. بەڵکو- ئیسلام - مافی تاك لەجێی خۆی و، مافی کۆمەڵ لە ئاستی خۆیدا دەدا، بە بێ زیادەڕەوی, یان کورتهێنان. لە ڕاستیشدا ڕێساو حوکمەکانی شەریعەت و ئاڕاستەکانی, ئەم پرەنسیپانەیان ڕێك خستووە.

بەڕاستی ئێمە بڕوامان وایە زیادەڕەوی لەئایندا تاك و کۆمەڵ لەناو دەبا. پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: (إياكم والغلوّ في الدين، فإنه أهلك من كان قبلكم الغلوّ في الدين),[1] واتە: ئاگادارتان دەکەم! وریا بن و خۆتان لادەن لە زیادەڕەویی و ڕۆچوون لە ئایندا، چونکە بە ڕاستی زیادەڕەویی لە ئایندا پێشینانی ئێوەی لەناو برد. هەروەك خۆدارنین لە ئاین و بەهاکانی و عەقیدەو شەریعەتیش, هۆکاری لەناوچوونە.

[1] سنن ابن ماجە، کتاب المناسك ، باب قدر حصى الرمى، بە ژمارە ٣٠٢٠. سنن النسائى, بە ژمارە ٣٠٠٧. مسند أحمد, بە ژمارە ١٧٥٤.

**دووەم:** بۆیە ئێمە پێڕەوی لە بیری میانڕەویی دەکەین لە هەموو بوارێکدا، چونکە تەنها ئەوە بۆ ئوممەتی ئیسلام گونجاوەو, بەو بیرەش حالّ و باری چاك دەبیّ. ئەم بیرە لە نێوان بانگخوازانی مەزهەبگەرایی تەسك و بیّ مەزهەبیەتی کەمتەرخەمدا ڕێی میانەی گرتووە. هەروەها میانەڕەوە لە نێوان پەیڕەوانی (تصوّف)دا- هەرچەند لایشی دابیّ و لەڕێ ترازا بێت- لەگەلّ دوژمنانی (تصوف)دا- ئەگەر پابەند بێت و پەیڕەویش بێت-. هەروەك لە نێوان ئەوانەی عەقلّ (بەڕەهایی) دەکەنە حەکەم- هەرچەندە دژی دەقی ئاشکراش بێت- لەگەلّ ئەوانەی عەقلّ وەلاوە دەنێن، هەرچەندە لە تێگەیشتنی دەقیشدا بێت، ناوەڕاستی هەلّبژاردووە. یان لە نێوان ئەوانەی بە ڕەهایی ئیلهام ڕەت دەکەنەوەو بڕوایان بەبوون و کاریگەری ئیلهام نیە، لەگەلّ ئەوانەدا زیاد لەحەد پشتی پیّ دەبەستن و کردویانەتە سەرچاوەیەکی ئەحکامی شەریعەت، ڕێیەکی میانەی گرتووە.

هەروەها لە نێوان بانگخوازانی توندڕەویی- هەرچەند لە بابەتی لاوەکی و جوزئیدا بێت- یا ئەوانەی شلگیریی دەکەن, هەرچەند لە بنەماو بابەتە گشتییەکانیشدا بێت, هێلّی میانەی گرتووە. یان لە نێوان ئەوانەدا قودسییەت و پیرۆزی دەدەن بە

بۆماوە (تراث)- هەرچەند کەم وکورتیی مرۆڤیشی تێدا بێت- لەگەڵ ئەوانەدا کە بە گشتی بۆماوەو کلتور ڕەد دەکەنەوە هەرچەند نیشانەو مەشخەڵەکانی هیدلیەت و ڕێوێنیشی تێدا بێت.

یان لە نێوان فەلسەفەی میسالییەکان- کە بڕوایان بە واقیع نیە- لەگەڵ فەلسەفەی واقیعی و ڕیالیستەکان کە بڕوایان بە بەها بالأکان نیە. یان لە نێوان بانگخوازانی فەلسەفەی (لیبرالیزم) - کە زیاد لە حەدو لەسەر حیسابی کۆمەڵگە تاك بە پیرۆز سەیر دەکەن- لەگەڵ فەلسەفەی (مارکسیزم) کە کۆمەڵگە بە پیرۆز سەیر دەکاو, لەسەر حیسابی تاك زیاد لەحەد گەورەی دەکا.

لە سەرێکی ترەوە ئەم ڕەوتە میانڕەوە ڕێی ناوەندی گرتووە لە نێوان ئەوانەی بانگەشە بۆ چەقبەستوویی دەکەن- هەرچەندە لە هۆکارو ئامرازەکانیشدا بێت- لەگەڵ ئەوانەی بانگەشە بۆ گۆڕانکاریی دەکەن، هەرچەندە لە پرەنسیپ و ئامانجەکاندا بێت. هەروەها لە نێوان بانگخوازانی نوێگەری و (ئیجتیهاد)- هەرچەندە لە بنەماکانی ئاین و نەگۆڕە بڕاوەکاندا بێت- لەگەڵ بانگخوازانی چاولێگەری و نەیارانی (ئیجتیهاد)- هەرچەندە لەو کێشەو بابەتانەی سەردەمدا بێت کە بەزەینی پێشیناندا نەهاتووە.

هەروەها میانەن لە نێوان ئەوانەی دەقە نەگۆڕەکان بە پاساوی ڕەچاوکردنی مەبەستەکانی شەریعەت وەلا دەنێن، لەگەڵ ئەوانەی بە بیانووی ڕەچاوکردنی دەقەکان بە گشتی مەبەستەکان فەرامۆش دەکەن.

هەروەها میانەن لە نێوان کرانەوەی بێ مەرج و بەند لەگەڵ جیهان و, بانگخوازانی داخراوی بێ پاساو بەسەر دونیای دەرەوەدا. هەروەها لە نێوان ئەوانەدا کە زیادەڕەوی لە کافر کرنی خەڵکیدا بۆتە پیشەیان تا حەدی بەکافرکردنی موسڵمان, لەگەڵ ئەوانەدا کە لەگەڵ وەرگەڕاوە ئاشکراو دژە ئاینەکان (مرتدین) و, بە کرێگیراوانی دوژمنی موسڵمانان, سازش دەکەن. یان لە نێوان ئەوانەدا لە بەحەرامکردنی حەلاڵەکانی خوادا زیادەڕەویی دەکەن و تا ئەو سنورەی لە دونیادا شتێك بە ناوی حەلاڵ و ڕەوا ناهێڵنەوە، لەگەڵ ئەوانەی زیادەڕەوی لە حەلاڵ و بەڕەواکردندا دەکەن، هەروەك شتێ بەناوی حەرام و ناڕەوا لە دونیادا دائەنێ.

هەروەها بیری ئیسلامیی میانڕەو ڕێی میانەی گرتووە لە نێوان ئەوانەدا کە لە سەردەم و داهاتوو دابڕاون و, نوقمی ڕابردوو بوون، لەگەڵ ئەوانەدا ڕابردوویان بەگشتی فەرامۆش

کردووه، هەروەك بیانەوێ وشەی (ڕابردوو) لە زەمەنداو، کاری ڕابردوو (فعل ماضي) لە ڕێزماندا نەهێڵن.

**سێیەم:** ئەم میانڕەوییە هاوسەنگە، تایبەتمەندیی(تەواوکاری و گشتگیریی) تەواوی دەکات. چونکە ئیسلام نایەوێ تەنها جێبەجێ کردنی دەرەکیی و ڕواڵەتیی لایەنی یاسایی شەریعەت، بکاتە گەورەترین ئامانجی. بگرە کێشەی سەرەکیی ئیسلام و مەبەستە بنەڕەتییەکەی، هەوڵی بەردەوامە بۆ بەرپا کردنی ژیانێکی ئیسلامییانەی ڕاستەقینە، نەك ژیانێکی ڕواڵەتیی، ژیانێك کار بکات لەسەر چاکسازیی دەرونەکان و خودی تاکەکان، تا خوا تێکڕای ژیانیان لەژێر ئەو سایەیەدا چاك بکات و، مرۆڤی بڕوادارو، خێزانی شیرازەدارو، کۆمەڵگەی یەکپارچەو، دەوڵەتی دادگەر,دادەمەزرێ. دەوڵەتێ کە بەهێزو ئەمانەتداریی دەناسرێ. ژیانی وا ژیانێکی موسڵمانانەی کامڵ و تەواوە، کە بیرو بڕوای ئیسلام ئاڕاستەی دەکات، شەریعەتی ئیسلام حوکمی دەکات، چەمکە ئیسلامییەکان بەڕێوەی دەبەن، ڕەوشتە ئیسلامییەکان ڕێکی دەخەن و، ئاداب و خووە ئیسلامییەکان دەیڕازێننەوە.

ژیانی وا ژیانی کۆمەڵگەیەکی هاوکارو پێکەوە گرێ دراوە، وەك خشتی بینای تۆکمە یەکتریان ڕاگیر کردووە، تاکێك تیایدا

برسی نابێ و دراوسێکەی تێر. لەو کۆمەڵگەیەدا زانستی بەسوود بۆ هەر نەزانێ لەدەستڕەسدایە. کاری گونجاو بۆ بێکار لە ئارادایە. پاداشتی عادیلانە بۆ کرێکار ئامادەیە. خۆراکی پێویست بۆ برسی, چارەسەری تەواو بۆ نەخۆش, نشینگەی لەبار بۆ هاوڵاتی, پێداویستی لازم بۆ موحتاج و نیازمەندان, چاودێری ماددی و کۆمەڵایەتی بۆ لاوازو پەککەوتە، بە تایبەتی منداڵ و پیرو بێوەژن و کەمئەندامان.. دابین دەکرێ.

هەروەها لەم ژیانەدا لە هەموو ئاست و کەرتێکدا هێزو توانایی هەیە: هێز لە هزرو بیردا. هێز لەگیان و ڕەواندا. هێز لە جەستەو لاشەدا. هێز لە ڕەوشت و خوودا. هێز لە ئابووری و داراییدا. هێز لە چەك و ئامادەسازیدا, لە کەنار هێزی یەکیەتی و هاریکاریدا. دیاریشە بناغەی هەموو ئەو هێزانەش هێزی ئیمان و بیرو بڕوایە.

# بەشی یازدەهەم

# ئیسلام و مرۆڤ

**یەکەم**: مرۆڤ لە دیدی ئیسلامەوە خۆی لە خۆیدا دروستکراوێکی ڕێـزلێگیراوە. خـوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿ولقد كرّمنا بني آدم﴾ الإسراء/٧٠. واتـە: بەڕاسـتی ڕێزمـان لـە نـەوەی ئـادەم گرتـووە. هـەروەها دەفـەرموێ: ﴿وإذ قال ربك للملائكة إني جاعل في الأرض خليفة﴾ البقرة/٣٠. واتە: کاتێ– ئەی محمد– پەروەردگاری تۆ بـە فریشتەکانی فـەرموو: بەڕاسـتی مـن دەمـەوێ جێنشـینێك لـە زەویدا دابنێم. جا لـە بـەر ئـەوەی مـرۆڤ ڕێـزی لـێ گـیراوەو کراوەتـە جێنشین، خـوا کردویەتـە سـەرداری دروسـتکراوان و، هـەموویانی ڕام کردووە بـۆ خزمـەتی مـرۆڤ. ئـەوەتا دەفـەرموێ: ﴿ألم تروا أن الله سخّر لكم ما في السماوات وما في الأرض﴾ لقمـان/٢٠. یـان دەفـــەرموێ: ﴿وسخّر لكم ما في السماوات وما في الأرض جميعاً منه﴾ الجاثية/١٣. واتە: خوای گەورە هەرچی لە ئاسمانـان و زەویدایە بۆ ئێوەی ڕام کردووە، هەمووشی لەخواوەیە.

پاش ئـەوە خـوای گـەورە مرۆڤـی بـە ژماریـەك مـاف بەهرەمەنـد کردووە، کە یارمەتیدەری دەبن بۆ پاراستنی ڕێزو کەرامەتی خۆی و، جێبەجێکردنی ئەرکەکەی. بۆیە فەرمانی داوە ئـەو مافانـە بپـارێزرێن

و، کردونی به ئەرکی بنەڕەتی. لەسەروو ئەو مافانەو پێش هەموویان مافی ئازادیی مرۆڤە لە بیرو باوەڕیدا، بە هەر شێوەیەك كەخۆی دەیەوێ. بۆیە موکڕیی ئیسلام لەسەر ئازادی بیرو باوەڕ گەیشتوەتە ئاستێ کە فەرمانی داوە لە پێناوی ئەو ئازادییەدا شەڕ بکرێو، بەربەرەکانێی ئەوانەبکرێ کە خەڵکی لە ئاینیاندا دەچەوسێننەوەو, تووشی فیتنەیان دەکەن. دەفەرموێت: ﴿وقاتلوهم حتى لا تكون فتنة﴾ الأنفال/٣٩. واتە: شەڕیان لەگەڵ بکەن تا هیچ فیتنە (و ئاشوب و چەوسانەوە) یەك ڕوو نەدات.

**دووەم:** یەکێکی تر لە مافەکانی مرۆڤ لە ئیسلامدا, پارێزگاری و چاودێریکردنی هزرو ژیرییە و، ئازادکردنی وزەکانیەتی لە پشکنین و بیرکردنەوەدا. ئیسلام بۆ هێنانە دی (عەقلێیەتێکی زانستی) هەوڵ دەدات، کە لەسەر بنەمای تێڕوانین و بیرکردنەوە لە گەردوون مرۆڤ خۆی ڕاگرێت. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ أولم ينظروا في ملكوت السماوات والأرض وما خلق الله من شيء..﴾ الأعراف/١٨. واتە: ئایا لە موڵکە فراوانەکەی ئاسمانان و زەوی و هەر شتێکی تری دروستکراوی خوا، ورد نابنەوە؟ لە پێناسی بڕوادارانیشدا دەفەرموێ: ئەوان زۆر بەوردی بیر لە دروستکردنی ئاسمانان و زەوی دەکەنەوە. ﴿ ويتفكرون في خلق السماوات والأرض﴾ آل عمران/١٩١.

بۆیە هەرکەس وتویەتی: بیر کردنەوە پێویستی و (فەرز) ێکی ئیسلامییە، هەڵەی نەوتووە. ئەمە قورئان ڕاشکاوانە فەرمویەتی: ﴿قل إنما أعظم بواحدة أن تقوموا لله مثنى وفرادى، ثم تتفكروا﴾ سبأ/٤٦. واتە: بڵێ بە ڕاستی من یەك ئامۆژگاریتان دەكەم: كە دوو دوو و, تاك تاك, لە پێناوی خوادا هەستن و ڕاپەڕن، پاشان بە وردی بیر بكەنەوە. لە زیاتر لە ١٠ جێگەی قورئانیشدا (أفلا تتفكرون), هاتووە[١].

هەروەها لە چەندین ئایەتیشدا فەرمانی داوە بە وردبوونەوەو، هانی داوە بۆی. وشەی ﴿أفلا ينظرون﴾ ئایا تەماشاناكەن و ورد نابنەوە؟ یا ﴿قل انظروا ماذا في السماوات والأرض﴾ یوسف/١٠١. پێیان بڵێ با ورد بنەوە, بزانن چی لە ئاسمانان و زەویدایە؟. ﴿أفلم ينظروا إلى السماء فوقهم كيف بنيناها وزيّناها وما لها من خروج﴾ ق/٦. ئایا تەماشای ئاسمان لە سەرەوەی خۆیان ناكەن، چۆنمان هەڵچنیوەو، چۆن ڕازاندومانەتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ كەلێن و كەلەبەرێكی تێدا بێت؟.

---

١ لە ڕاستیدا وشەی (تتفكرون) تەنها ٣ جار هاتووە, بەڵام وشەی (يتفكرون) ١١ جار, وشەی (ويتفكروا) ٢ جار, وشەی (تتفكروا) ١ جار, وشەی (فكر) ١ جار, لە قورئانی پیرۆزدا هاتوونن. ع. عبد العزيز.

بۆیه ئیسلام دژی چاولێکەریی کوێرانەیە، دژی چەقبەستووییە لەسەر ئەوەی باوو باپیران لەسەری بوون، یا ئەوەی میرو گەورەکان فەرمانیان پێداوە. لە زەممی ئەو جۆرە کەسانەدا دەفەرموێ: ﴿وإذا قيل لهم اتبعوا ما أنزل الله، قالوا: بل نتبع ما ألفينا عليه آباءنا، أولو كان آباؤهم لايعقلون شيئاً ولايهتدون﴾ البقرة/ ١٧. واتە: هەرکات پێیان بوترێ شوێن ئەو (پەیامە) بکەون کە خوا ناردویەتی، دەڵێن: (نەخێر)، بەڵکو شوێن ئەو شتە دەکەوین کە باوو باپیرانمان لەسەری بوون، ئەی مەگەر نازانن باوو باپیرانیان هیچ شتێکیان نەدەفامی و، ئەهلی هیدایەت و بەرچاوڕوونی نەبوون؟ یان دەفەرموێ: ﴿ وقالوا ربنا إنا أطعنا سادتنا وكبراءنا فأضلونا السبيلا﴾ الأحزاب/ ٦٧. واتە: دەڵێین ئەی پەروەردگارمان! بە ڕاستی ئێمە گوێڕایەڵی سەردارو گەورەکانی خۆمانمان کرد، بەڵام ئەوان ڕێیان لێ بزر کردین.

هەروەها ئیسلام شوێنکەوتنی گومان لە حاڵەت و هەڵوێستێکدا کە دڵنیایی بخوازێ، ڕەد دەکاتەوە. دەفەرموێ: ﴿ وما لهم به من علم, إن يتبعون إلا الظن, وإن الظن لا يغني من الحق شيئا﴾ النجم/ ٢٨. لە پێناسی بێباوەڕاندا دەفەرموێ: هیچ زانیارییەکیان نیە، ئەوانە شوێن گومان دەکەون، بە ڕاستی گومان بە هیچ شێوەیەك هیچ دادێ بۆ ڕاستی ناداو, پشتی ڕاستی ناگرێت.

هەروەها شوێنکەوتنی هەر هەواو ئارەزوو سۆزو عاتیفەیەکیش کە مرۆڤ لە ڕێی ڕاست دەترازێنێت، ڕەد دەکاتەوە. دەفەرموێ: ﴿ولا تتبع الهوى فيضلك عن سبيل الله﴾ ص/٢٦. واتە: شوێن هەواو ئارەزوو مەکەون، تا لە ڕێی خوا لات نەداو, سەرگەردان نەبیت. بۆیە خوا زەممی هاوەڵدانەران بۆ خوا دەکاو دەفەرموێ: ﴿إن يتبعون إلا الظن وما تهوى الأنفس﴾ النجم/٢٤. واتە: ئەوان شوێن گومان و شوێن شتێ دەکەون هەواو ئارەزووی دەرونەکانە.

لە سەرێکی ترەوە ئیسلام هەر دەعواو لافلێدانێك بەڵگەی سەلماندنی لەگەڵ نەبێ، ڕەد دەکاتەوە: ﴿قل هاتوا برهانكم إن كنتم صادقين﴾ البقرة/١١١و, النحل/٦٤. ڕوو بە بێ بڕواکان دەفەرموێ: ئەی محمد، پێیان بڵێ: ئەگەر ڕاست ئەکەن بەڵگەتان بێنن.. بۆیە هەروەك لە مەسەلە عەقڵی و هزرییەکاندا پشت بە بەڵگە دەبەستێت، لەمەسەلە ئاشکراو بەرچاوەکانیشدا پشت بە دیتن و کەوتنە بەر چاو دەبەستێ. ئەوەتا (سەبارەت بە بێ بڕوایان کە دەربارەی فریشتەکان بڕوایان وابوو کچن و لە ڕەگەزی مێینەن) دەفەرموێ: ﴿أشهدوا خلقهم﴾ الزخرف/١٩. واتە: ئایا ئەوان چاویان لێبوو کاتێك فریشتەکان دروست کران؟.

هەروەها ئیسلام بۆ سەربوردە مێژووییەکانیش پشت بە بەڵگاندن و سەلماندن دەبەستێت، (ئەوەتا کاتێك بتپەرستان خوای تریان بۆ

خۆیان بڕیار دەدا) خوا بـە پێغەمبەرەکـەی دەفـەرموێ: پێیـان بڵـێ: ﴿ إئتـوني بكتـاب مـن قبـل هـذا أو أثـارة مـن علـم إن كنـتم صادقين﴾ الأحقاف/٤. واتە: نوسراوێکم پێش ئەم قورئانە بۆ بێنن، یا ئاسەوارێك لە زانستم بۆ بێنن، ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن؟.

هەروەها بۆ مەسەلە ئاینییەکان پشت بە سروش و هەناردەی خوا دەبەستێ، بۆیە ڕووبەڕووی ئەوانە دەبێتەوە کە حـەڵاڵکراوی خـوا لـە شتە خاوێنەکان حەرام دەکەن و دەفەرموێ: ﴿نبئوني بعلم إن كنتم صادقين﴾ الأنعام/١٤٣. واتە: بە زانست و زانیارییەك هەواڵم بدەنێ، ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

هـەروەها لەمـەڕ ئەوانـەی دەیـانگوت: ئـەم بتپەرستییەی ئێمـە خواستی خوای لەگەڵەو، خـۆی پێـی ڕازییـە، دەفـەرموێ: ﴿قل هل عندكم من علم فتخرجوه لنا إن تتبعون إلا الظن، وإن أنتم إلا تخرصون﴾ الأنعام/١٤٨. واتە: ئایا ئێـوە زانسـتێکتان هەیـە دەری بێنن و پیشانمان بدەن؟ نەخێر، ئێوە تەنها شوێن گومـان کـەوتوون، نەخێر، ئێوە تەنها نوقلانە لێ دەدەن و، لە خۆڕا قسان دەکەن.

سـێیەم: ئیسـلام بانگەشـە بـۆ زانسـت و پێشـکەوتنی زانسـتیی دەکـات. ئیسـلام داوا دەکـات نـوێترین ئـامرازو شـێوازەکانی زانسـت بەهەنـد بگیرێـن، هـەروەها مـل بـە زانسـت بـدرێ و حـوکمی زانسـت وەرگیرێ لە هەموو بوارەکاندا، لەسـەرێکی تریشـەوە بیرکردنـەوە بـە

پەرستش دەزانێ، بە دوادا چوونی هەر زانستێکیش کە خزمەت بە ئوممەت بکات بە عیبادەت دەزانێ. پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: (طلب العلم فريضة على كل مسلم).[1] واتە: بەدوادا چوونی زانست ئەرکێکە لەسەر هەموو موسڵمانێك. هەروەها دواکەوتن لە کاروانی زانست بە کارێکی ناپەسەندو تاوان دەزانێ، پێشکەوتن و بەهەندگرتنیشی لە هەموو گۆڕەپانە تیۆری و پراکتیکی و کردەیی یەکانـدا– چ شارستانیی ، چ جەنگییەکان– بە ئەرکێکی ئاینی دادەنێت. هەر ئامراز و هۆکارێکیش بکێشێ بۆ ئەو ئەرکە، شوێنکەوتنی ئەرك و واجبە.

هەروەها ئیسلام وا نابینێ هیچ دژایەتییەك لە نێوان عەقڵی ئاشکراو ڕەهاو, بنەمای نەقڵ و گواستنەوەی دەقی دروستدا هەیە. عەقڵ و ئاوەز – وەك زایان بڕیاریان داوە– بنەمای نەقڵ و دەقە. بە عەقڵ و ژیریی بوونی خوای گەورە سەلمێنرا. پێغەمبەرایەتی– بە

---

[1] (ابن ماجة) لە (السنن, المقدمة), گێڕاویەتەوە.

**تێبینی**: بە پێی ڕای زۆربەی زانایانی فەرمودە ئەم ڕیوایەتە لاوازە, بەڵام واتاکەی دروستەو, بە چەندین بەڵگەی تر گەڕان بە شوێن زانستدا, بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر, حوکمی واجب بوون وەر دەگرێ. بۆ نمونە فێربوونی زانستی تێگەیشتن لە بنەماکانی ئاین و حوکمە شەرعییە بنەڕەتییەکان, بەلای هەموو زانایانەوە واجیبە. ع. عبد العزيز.

گشتی– سەلمینرا, پێغەمبەرایەتی محمد (صلی الله علیە وسلم) بە تایبەتی سەلمێنرا. بۆیە لە کلتوری ئێمەدا دژایەتییەك لە نێوان ڕاستییە زانستییەکان و، مەسەلە چەسپاوو سەلماوەکانی ئیسلامدا نیە، هیچ بوارێك بۆ ململانێی نێوان ئەو دوانە نیە. لە مێژووی ئێمەشدا ناکۆکییەك لە نێوان زانست و ئایندا ڕووی نەداوە، هەروەك لە ئاینەکانی تردا ڕووی داوە. بۆیە ئاین لای ئێمە زانستەو زانستیش لە لامان (بەشێکە) لە ئاین.

ئەم هەڵوێستە ئەوە دەخوازێت کە شانازیی بە کلتورو بۆماوەی ئیسلامەوە بکرێ و، ڕێنمویی لێ وەربگیرێ و، جیاوازی بخرێ لە نێوان ئەو بەشەیدا کە لە لایەن خواوەیەو سەلماوەو (معصوم)ە – کە بەشێکی کەمیەتی – هیدایەت و نورو ڕۆشنایی لێ وەرگیرێ, لەگەڵ ئەو بەشەیدا کە بەرهەمی مرۆڤەو نوێیە –کە زۆرینەیەتی– ئەویش ڕێنوێنیی لێ وەرگیرێ و, لێی هەڵگۆزرێ. چونکە ئەوە مەشخەڵ و رێ نیشاندەرە, نەك کۆسپ و بەربەستی سەر ڕێ.

لەمەش زیاتر ئیسلام بەسەر زانست و هزرو بیری جیهانیشدا کراوەیەو، پەندو حیکمەت لەهەر دەفرێکەوە دەرچێ، وەردەگرێ. سوود لە ئەزموونی گەلان لە کۆن و نوێدا وەردەگرێ، بەمەرجێ لەگەڵ بیرو بڕواو شەریعەت و بەهاکانیدا دژ نەوەستێتەوە. بۆیە چاکترینی ئەزمونەکان پەسەند دەکات، بەبێ ئەوە بۆ ڕاو بۆچونێکی کۆن دەمارگیریی دەربڕێت، یا ببێتە کۆیلەی بیرێکی نوێ، واتە نە لە

ڕابردوو دادەبڕێ، نە لە سەردەمیش کەنارە دەگرێ، نە لە داهاتووش بێ ئاگایە.

بە ڕاستی ئیسلام بەسەر ئەزمونی مرۆڤایەتی و بەرهەمە زانستییەکانی مرۆڤایەتیدا لە هەموو بوارە تیۆری و میکانیزمییەکان دەکرێتەوە، ئەوانەی پەیوەندییان بە مافی گەلان و ئازادییەکانیانەوە هەیە، کاریش دەکات کە بە بێ هیچ گرێو گرفتێك لێیان وەرگرێ، چونکە حیکمەت و دانایی و کار بەجێیی, گومبووی بڕوادارەو، لە هەرجێ پەیدای بکا، شایانترین کەسە پێی.

دیارە ئەوەی موسڵمانان لە فەلسەفەو سیستم و ئەزمونە مرۆییەکان وەری دەگرن، مەرجدارە بەوەی لەگەڵ دەقێکی دروستی دامەزراوو واتا ڕۆشن، یان لەگەڵ ڕێسایەکی شەرعیی سەلماودا، دژ نەوەستێتەوە. بگرە کۆمەڵگەی موسڵمان هەوڵ دەدات هەرشتێك وەر دەگرێ بە (زێوەری ئاینی خوادا هەڵی گۆزێ) و, ڕەنگی گیان و بەهاو حوکمەکانی ئیسلامی بداتێ، تا ببێتە بەێك لە کۆبەندی ئیسلامی و، بەهەموار کردن و خستنە سەرو دەوڵەمەند کردنی، ڕەگەزنامەی پێشووی لێ وەرگرێتەوەو، ڕەگەزنامەی ئیسلامیی بداتێ.

**چوارەم:** پاراستنی تەندروستی جەستەیی و دەروونی و هزریی:

لە مافەکانی تری مرۆڤ لە ئیسلامدا پارێزگارییە لە باری تەندروستی مرۆڤ لە هەموو لایەنە جەستەیی و دەروونی و هزری و ژیرییەکانەوە. پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: (إن لبدنك

عليك حقا)[1] واتە: بە ڕاستی لاشەی خۆت بەسەر خۆتەوە مافی هەیە. یەکێك لە مافەکانی لاشە لەسەر خاوەنی ئەوەیە کە برسی بوو خۆراك بخوا، کە ماندوو بوو پشوو بدات، کە پیس و پۆخڵ بوو خاوێنی کاتەوە، کە لاواز بوو بەهێزی بکا، کە نەخۆش کەوت تیماری بکات، چونکە خوا هەر دەردێکی ناردبێ دەرمان و چارەسەریشی لەگەڵدا ناردووە، ئەوەی دەیزانێ دەیزانێ، ئەوەش کە ڕێی پێ نابات، نایزانێت.

ئیسلام لە بڵاو بوونەوەی نەخۆشیدا, بڕیاری سوننەتی خودایی داوە، بۆ پەنابردنە بەر هۆکارەکان لە تێست و پێشگیری پێشوەختی نەخۆشیدا. بڕیاری خۆپاراستنی لە نەخۆشی داوە، بە تایبەتی لە نەخۆشییە بۆگیرو سارییەکان. هەروەها بڕیاری داوە کە ئابلۆقەی نەخۆشی پەتایی بدرێ, لەبەر پاراستنی تەندروستی گشتی. هەروەها چاودێری تەندروستی گشتی بە پێویست گێڕاوە، بە تایبەتی بۆ بوارەکانی دایکایەتی و منداڵبوون.

لەسەرێکی ترەوە مافی داوە بەهەر کرێکارێك کە پشووی هەبێت، هەموو نەخۆشێکیش مافیەتی کە تیماری و چارەسەر وەرگرێ، هەروەها ڕەچاوی مافی پیرو پەککەوتەو خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانی کردووە. سەرەڕای ئەمانە بە چەندین حوکمی شەرعی

[1] صحیح البخاری، بە ژمارە ٥٧٨٣ و, صحیح مسلم، بە ژمارە١١٥٩.

شورەیەکی بە دەوری لایەنی تەندروستی و پزیشکیدا کێشاوەو، بە چەند ئاڕاستەی ئاینی و ڕەوشتیی ڕازاندویەتەوە، تا پزیشکی موسڵمان بزانێ چۆن چارەی نەخۆش دەکات، هاوکارو تەندروستکارانی بەردەستی پزیشکەکان بزانن چون هەڵس وکەوت دەکەن لەگەڵ بابەتی خۆپاراستن و چارەسەرو تیمار کردن.

ئەوەش ئاشکرایە کە ئیسلام پێشوازی گەرمی لە پەروەردەی لاشەیی کردوەو، وەك هۆکاریك – نەك ئامانجێك– بەکاری دێنێ. پەروەردەی لاشەیی کە جەستە لەسەر نەرمی و زبری و هێز ڕادەهێنێ، چونکە بڕواداری بەهێز لای خوا لە بڕواداری لاواز، چاکترو خۆشەویستترە.

ئیسلام– لەم بوارەدا– خوازیاری خۆراکی پێویست و گونجاوە بۆ هەر مرۆڤێك، بە تایبەتی بۆ ئەو دەستکورتەی کە هاندان بۆ یارمەتی دانی بە ئەرکێکی ئاینی داناوەو، گوێ پێنەدانیشی داناوە بە یەکێ لە بەڵگەکانی بەدرۆخستنەوەی ئاین. خوا دەفەرموێ: ﴿ أرأيت الذي يكذّب بالدين. فذلك الذي يدعّ اليتيم. ولا يحضّ على طعام المسكين﴾ الماعون/ ١–٣, واتە: دەبینی کێیە کە ئاین بەدرۆ دەخاتەوە؟ ئەو کەسەیە کە هەڵدەشاخێ بەهەتیوداو، هانی کەس نادا بۆ نانداان بەهەژاران!؟.

هەروەها ئیسلام – بە یاساکانی و ئاراستەکردنەکانی– دژایەتی کاری ناپەسەندی زیناو تێکچوونی باری سێکسی و لادان و هەرچی مرۆڤ بەرەو ئەو کارانە ببا، دەکا. هەروەك لەگەڵ مەی و مادە هۆشبەرەکان و جگەرە، بەرەنگار دەبێتەوە. هەروەها هەر مادەیەکی تری ژەهراوی زیان بەجەستەو دەروون و هزرو ژیری مرۆڤ دەگەنن.

لێرەدا بنەمای (لاضرر ولا ضرار)ی داناوە، نە زیانگەیاندن، نە زیان قبولکردنی, ڕەوا نەبینیوە، بۆیە ڕەوا نیە بۆ مرۆڤی موسڵمان کە زیان بەخۆی بگەیەنێت، چ زیانی لە ناکاوو خێرا، یا زیانێ کە بە قۆناغ قۆناغ و وردە وردەو کەم کەم تووشی دەبێت. خوا دەفەرموێ: ﴿ولا تقتلوا أنفسكم إن الله كان بكم رحيما﴾(النساء/ ٢٩). واتە: خۆتان مەکوژن، بە ڕاستی خوا لەگەڵ ئێوە میهرەبان و بەسۆزە. هەر وەکو ڕەوا نیە موسڵمان لە ڕێی برسیەتی زۆرەوە یا تینویەتی زۆرەوە بە ئەنقەست، زیان بەخۆی بگەیەنێت. چونکە بەکارهێنانی شتە ڕێ پێدراوەکان– لە شەریعەتدا– بەستراوەتەوە بە مەرجی زیادەڕەوی نەکردنەوە.

**پێنجەم**: ئیسلام لە ڕێی ڕاسپاردە ئاینی و، ئاڕاستە ڕەوشتی و، ڕێکارە یاساییەکانیەوە، هەوڵ دەدا بۆ پارێزگاریی لە ژینگە بە هەموو پێکهاتەو بەشەکانیەوە، بۆیە دژی پیسکردنی ژینگەیە لە ڕێی تێکدانیەوە، یا فەوتاندنیەوە، یا گوێ پێ نەدانیەوە، ئەمەش هەموو بە شێواندن و گەندەڵیی دادەنێ، کە تەواوی پەیامە ئاسمانییەکان

قەدەغــەیان کــردووەو، قورئــانیش جــەختی لەســەر کردوەتــەوە. دەفـەرموێ: ﴿ولا تفسدوا في الأرض بعد إصلاحها﴾ الأعراف/ ٥٦). واتــە: لــە زەویــدا گەنــدەڵکاریی مەکــەن، پــاش ئــەوەی کــە چاکســازیی تێــدا دەکرێــت. هــەروەها دەفــەرموێ: ﴿ والله لا يحب الفساد﴾ البقرة/ ٢٠٥. واتە: خوا گەندەڵیی خۆش ناوێ.

**پایەکانی ژینگە پارێزیی[١]:**

گرنگیپێدان و چاودێری ژینگەش لە ئیسلامدا لەسەر چەند پایـە ڕاگیراوە، کە ئەمانەن:

١- درەخت ناشتن و شینایی کردن: لـەم لایەنـەوە، ئـەم فەرمودەیـە بەسە کە دەفەرموێ: (إن قامت الساعة وبيد أحدكم فسيلة، فإن استطاع أن لا تقوم حتى يغرسها، فليفعل).[٢] واتــە: ئەگــەر ڕۆژی دوایی هات و, نەمامێك بەدەست کەسێکتانەوە بوو، ئەگەر توانی ئـەو نەمامــە بنێــژێ، بــا بینێــژێ. هــەروەها دەفــەرموێ: (ما من مسلم يغرس غرسا أو يزرع زرعا فيأكل منه طير أو إنسان أو بهيمة، إلا كان له به صدقة).[٣] واتــە: هــەر موســڵمانێك نــەمامێك

---

١ ئەم ناونیشانە لە وەرگێڕەوەیە.

٢ (مسند أحمد), بە ژمارە ١٢٥١٣.

٣ بوخاری بە ژمارە ٢١٥٣، مسلم بە ژمارە٢٩٠٤.

بچێنێ، یادانەویڵەیەك سەوز بكات، مەلێك یا مرۆڤێك یان گیانلەبەرێك لێی بخوا، بۆی دەبێتە خێرو، پاداشتی بۆ دەنوسرێ.

٢-بنیاتنان و بەرهەمهێنان: خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿هو أنشأكم من الأرض واستعمركم فيها﴾ هود:٦١. واتە: خوا ئێوەی لەسەر زەوی دانـاوەو داوای ئاوەدانكردنـەوەی لـێ كـردوون. كەواتـە ئاوەدانكردنـەوە، هـەر وەكـو پەرسـتش و عیبـادەت، لـە مەبەسـت و حیكمەتەكانی دروستكراوانی خوایە.

٣-خاوێنی و پاككردنەوە: خوا دەفەرموێ: ﴿ إن الله يحب التوابين ويحب المتطهرين﴾ البقرة/٢٢. واتە: بـە ڕاسـتی خـوا تەوبـەكاران و خۆ پاكژكارانی خۆش دەوێ.

٤-بۆیە خاوێنی ناوەوەو دەرەوە بەمەرج گیراوە بـۆ دروسـتی نوێـژ، ئیسـلام داوای خـاوێن ڕاگرتنـی كـردووە، چ بـۆ لاشـەی مـرۆڤ، چ بـۆ ناوماڵ، چ بۆ ڕێ و بان، چ بۆ مزگەوت و.. هتد.

٥-پاراستنی داهاتەكان، بەو پێیەی بەشێكن لە نیعمەتەكانی خوا بـۆ مرۆڤ، بۆیە پێویستە بپاریزرێن و سوپاسی خوا بكرێت لەسـەریان، تـا خوا زیاتریان بكات. دەفەرموێ: ﴿لئن شكرتم لأزيدنكم﴾ إبراهيم/٧. واتە: ئەگەر سـوپاس بكـەن (لەسـەر نیعمەتـەكان) ئـەوە بـە تەئكیـد نیعمەتی زیاترتان دەدەمێ.

مەبەست لە داهاتەكانیش لێرەدا, هەموو سامانی ئاژەڵی، سامانی ڕووەكی كشتوكاڵی، سامانی ئاویی و دەریایی، سامانی كانزایی و هتد, یە. بۆیە نابێت ئەم سامانانە فەرامۆش بكرێن و وشك بكرێن، دەبێ بەكار بهێنرێن, بەگەڕ بخرێن، نابێ بەفیڕۆ بدرێن، یان دەستدرێژی بكرێتە سەریان، چونكە ئەوە دەستدرێژییە بۆ سەر سامانی گشتی ئوممەت و داهاتەكانی. بۆیە لە فەرمودەكانی پێغەمبەردا (صلى الله علیه وسلم) ئەمانە هاتوون: قەدەغە دەكات چۆلەكەیەكیش بێ هودە بكوژرێ، یا چڵەدارێك بێ مەبەست بشكێنرێتەوە، یا پێستی حەیوان خۆشە نەكرێو فڕێ درێ، یا شتێ بكەوێتە زەوی و هەڵنەگیرێتەوە.

٦-مامەڵەی دروست لەگەڵ ژینگە: خوای گەورە داوای كردووە كە چاكەو جوانكاریی دەرهەق بەهەموو شتێك بكرێ. فەرمانی كردووە بە دادو جوانكایی. بۆیە بەو پێیە دەبێ مرۆڤ لەگەڵ ژینگەو ئەوەی تێیدایەتی بەو شێوەیە بجوڵێتەوە. جوانكاریی لەگەڵ مرۆڤ، لەگەڵ گیانداران، لەگەڵ ڕووەك و گژو گیا، لەگەڵ زەوی و خاك، لەگەڵ ئاو كە سەر چاوەی ژیانە، لەگەڵ هەوا كە هەناسەی مرۆڤەكانی پێوە بەندە. جا هەركەس توانی لەگەڵ ئەم شتانە چاكەو جوانكاریی (إحسان) بكات, ئەوە هیوای ئەوەی لێ دەكرێ بچێتە ڕیزی جوانكارو چاكەكارانێ كە خواخۆشی دەوێن، وەك خۆی دەفەرموێ: ﴿وأحسنوا

إن الله يحب المحسنين﴾ البقرة/١٩٥. واتە: چاکەکارو جوانکار بن، بە ڕاستی خوا چاکەکارو جوانکارانی خۆش دەوێ.

٧-پاراستنی ژینگە لە فەوتاندن، چ لە ڕێی شێواندنیەوە بە هۆی مامەڵەی زبرەوە بێ، یان بە هۆی نابەر پرسیارییەوە بێ، یان بەهۆی فەرامۆشکارییەوە بێ. پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: (من قطع سدرة صوّب الله رأسه في النار)[1]. واتە: هەر کەس (بە ناهەق) نەمامێ بشکێنێتەوە، یا لقێ ببڕێتەوە, خوا سەری بە ئاگردا دەکا.

٨-پاراستنی هاوسەنگیی ژینگە: چونکە خوای گەورە هەموو شتێکی لەم بونەوەرەدا بە ئەندازە دروست کردووە، لە هەموو شتێکیشدا ئەندازەگیریی کردووە، هیچ شتێ نیە بە ئەندازەو پێوانەی تایبەتی خۆی نەبێ. خوا دەفەرموێ: ﴿وإن من شيء إلا عندنا خزائنه، وما ننزّله إلا بقدر معلوم﴾ الحجر/٢١. واتە: هەرچی شتە خەزێنەکەی لای ئێمەیە، بە ئەندازەیەکی مەعلوم و دیاریکراویش نەبێ نایینێرین.

دیارە لەم جیهانەدا تەرازوویەکی گەردونیی هەیە، وردبین و شارەزاکان ئەیزانن، ئەو تەرازووە سەروخوار ناکات و لاسەنگ نابێت،

[1] سنن أبي داود، كتاب الأدب، باب من قطع السدر، بە ژمارە ٥٤٣٩. هەروەها: سنن البيهقي، باب ماجاء في قطع السدرة، ژمارە ١١٥٣٨، ڕاوییەکانیش جێی متمانەن.

مەگەر بەدەستی مرۆڤ و بەهۆی سەرکەشـی و کورتهێنـانی مرۆڤـەوە.

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿والسماء رفعها ووضع الميزان، ألا تطغوا في الميزان، وأقيموا الوزن بالقسط ولا تخسروا الميزان﴾ الرحمن/ ٨–٩. واتە: خوا ئاسمانی بڵند ڕاگرتووەو ترازووشی داناوە، سەرکەشی لەو ترازووەدا مەکەن. بە شێوەیەکی دادپەروەرانە کێشانە بکەن و، ترازوو لاسەنگ مەکـەن بەلایدا مەخـەن و، بـەرزو نزمـی پـێ مەکەن.

لە ڕاستیدا مەترسی هەیە لە بەفیڕۆدانی سامان و داهاتەکانـدا لـە کاتی بەکارهێنانیاندا، بـەوە کـە بـۆ مەبەسـتی غـەیری خۆیـان بـەکار بهێنرێن، یان خراپ بەکار بهێنرێن، یـان بـێ هـودە بفـەوتێنرێن، یـان زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانیاندا بکرێ.

هەروەها مەترسی ئەوەش هەیە کە ئەو هاوسـەنگییە ژینگـەیی و بونەوەرییە بشێوێنرێ، کە ئێستا هەڕەشە لە جیهان دەکات، ئەگـەر خەڵکی بەردەوام بن لە بەکارهێنانی خراپی داهاتە ژینگەییەکاندا.

# بەشی دوازدەهەم

# ئیسلام و ئافرەت

ئێمە باوەڕی تەواومان هەیە کە ئیسلام ڕێزی لە ئافرەت ناوە وەك مرۆڤ ، ئافرەتیش وەك پیاو ئەرکی بەندایەتی و تەکلیفی بەسەردا دراوە، مافەکانیشی پاریزراون و، ئەرکەکانیشی لەسەرشانن خوا دەفەرموێ ﴿فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ﴾ آل عمران/ ١٩٥, واتە: پەروەردگاریان وەڵامی داواو دۆعاکانی دانەوەو, دەفەرموێ: بە ڕاستی من کاری هیچ خاوەنکارو خاوەن بەرهەمێکتان زایە ناکەم, چ نێرینە، چ مێینە، چونکە هەندێکتان لە هەندێکتانن, واتە هەمووتان لە ڕەگەزێکن و پیاو بەشێکە لە ئافرەت و, ئافرەت بەشێکە لە پیاو, هەریەکەیان تەواوکاریی ئەوی تریانە.

لەسەرێکی ترەوە لەهەر لایەنێکەوە پەیوەندی بە کەرامەتی مرۆیی و بەرپرسیارێتی گشتییەوە هەیە ئیسلام بڕیاری مەبدەئی یەکسانیی نێوان ژن و پیاوی داوە, لە فەرمودەدا هاتووە: ( النساء شقائق الرجال).[١]

---

١ مسند أحمد, بە ژمارە٥٨٦٩ بە سەنەدێکی لاواز, سنن أبی داود, بە ژمارە ٢٠٤, سنن الترمذی, بە ژمارە ١٠٥، أبو یعلی ١٤٩/٨، بەیهەقی لە سنن الکبری، گێڕاویانەتەوە, ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە.

سەبارەت بە ئەركی هەركامیشیان لەناو خێزان و كۆمەڵگەدا: ئیسلام پرەنسیپی هاوسەنگی لە نێوان ماف و ئەركەكاندا بەرامبەر یەكتر , بڕیار داوە كە ئەوە حەقیقەتی دادگەرییە. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾ البقرة/١٢٨, واتە: ژنان, بەو شێوەیە كە ئەركیان لەسەر شانە, مافیشیان بۆ هەیە.

لە ڕاستیدا ئیسلام لە هەموو كات و ئاستەكان و حاڵەتەكاندا, چاوی لە ڕەگەزی مێیینەیە: مێینە كاتێ كە كچە، كاتێ كە هاوسەرە, كاتێ كە دایكە، كاتێ كە ئەندامی خێزانە، كاتێ كە ئەندامێكی كۆمەڵگەیە. مۆڵەتی داوە كە بەشداریی بوارەكانی پەرستش و خوێندن و كاركردن بێت، بە تایبەتی كاتێك ئافرەت خۆی پێویستی پێی هەبوو، یاخێزانەكەی نیازمەندبوون، یا كۆمەڵگە لێی خواست، بەڵام بە مەرجێ تایبەتمەندێتی ژنبونی بپارێزێ، چ هاوسەر بێت، یان دایك بێت. دەبێ گەرەنتی تایبەتی هەبێ بۆ پاراستنی و چاودێری كردنی, بە تایبەتی كاتێ مێردی ستەمی لێ كرد، یان باوكی دەرهەقی كەمتەرخەمی كرد، یان كوڕی لاساری كردو ڕەفتاری ناشایستەی لەگەڵدا نواند. دیارە كاركردنیشی لە دەرەوەی ماڵ نابێ دژ بوەستێتەوە لەگەڵ ئەركی چاودێری ماڵ و منداڵ و مافەكانی مێردو هاوسەرێتی.

بــە ڕاســتی چــاودێریکردنی خێــزان لــە ئــەرك و مەســئولیەتە بەراییيەکانی ژنە، بە بێ ئەمسەرو ئەوسەرکردن، چونکە کەسێکی تــر ناتوانێ ئەو ئەرکەی ئەو جێبەجێ بکات.

دیـارە پـاش ئـەو ئەرکـەی دەتـوانێ کـە کـات و توانـایی خـۆی ببەخشێ بە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی تری. ئەوەش ئاشکرایە کە هەل و مەرجی هەر ژنێکیش ڕۆڵی هەیە لە دیـاریکردنی ئەرکەکانیـدا، هـەر وەك دەگـونجێ کـەش و هـەوای کۆمەڵگـەو پێداویسـتی و گۆڕانکـاری یەکانی کاریگەریی هەبێ لەسەر دیاریکردنی ڕادەو جـۆری ئەرکـەکانی ژن, لــە بــواری هــەموو چــالاکییە ئــابوری و سیاســییەکاندا, چ وەك هاوڵاتییەکی دەنگدەر، چ وەك کەسێکی پاڵێوراو–جگە لەپێشەوایەتی گەورە–[1] لەوانە بوونی بە سـەرۆکی یەکـەمی وڵات, بگـرە ئیسـلام لـە بواری هەڵگرتنی ئەرکی بانگەواز بۆ کاری خێرو چاکەو ، فـەرمان بـە چاکەو قەدەغەکردنی خراپەو، بـەرەنگار بونـەوەی خراپـەو گەنـدەڵی ژنــی کردۆتــە هــاوەڵی پیــاو، ئــەوەتا دەفــەرموێ: ﴿ وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ﴾ التوبة/ ٧٠, واتە: پیاوان و ژنانی بـاوەڕدار هەنـدێکیان

---

[1] دیارە ئەمە ڕای زۆرینەی زانایانە, نەك ئیجماعی زانایـان، چـونکە هەنـدێ لـە زانایـان پێیان وایە کە هیچ ڕێگرییەك بۆ ئەو پۆستەش نیە، لەبەر ئەوەی بەڵگەیەکی بەهێز نیـە کە ڕێگر بێت. ع. عبد العزیز.

سەرپەشتیارو دۆست و پشتگیری یەکترن، فەرمان بەچاکەو کارە پەسەندو ناسراوەکان دەکەن و، قەدەغەی کاری خراپ و ناپەسەندو نامۆ دەکەن.

بۆیە ئیسلام لە سۆنگەی ڕێزگرتن لە ڕێزو کەرامەتی ژن و مرۆڤ بونیەوە, ڕێگریی کردووە کە ئافرەت بکرێتە هۆکاری وروژاندن و گەمەو ڕابواردنی بێ نرخ، بۆیە واجبی کردووە لەسەر شانی لە کاتی گەیشتنی بە پیاوانی نامەحرەم حورمەت و حیشمەت و کەسێتی خۆی بپارێزێ و, پابەند بێ بە ئەدەب و سەنگینییەوە، چ لە جل و بەرگ و خۆجوانکردندا، چ لەڕێوە ڕۆشتن و جموجوڵدا، چ لە قسەکردن و لەسەیرکردندا، تا ژن وەك كەسێکی جیددی و خاوەن کەسایەتی بناسرێ، ئازارو ئەزیەتی نەدرێ. قورئان سەبارەت بە حیکمەتی بالاپۆشی بۆ ژنان فەرمویەتی: ﴿ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ الأحزاب/٥٩. واتە: ئەو ئیلتزامە زۆر باشترە بۆ ئەوەی بناسرێن و, ئەزیەت و ئازار نەدرێن. هەروەك داوای کردووە کە دەنگیان بە نیازی سەرنجڕاکێشانی پیاوان، ناسك نەکەنەوەو قسەی پەسەند بکەن، تا دڵە نەخۆشەکان مەیل و تەماعیان بۆ دروست نەبێ، دەفەرموێ: ﴿ فَلا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ وَقُلْنَ قَوْلًا مَّعْرُوفًا﴾ الأحزاب/٣٢.

هەروەها ئیسلام داوای لە پیاویش کردووە کاتێ بە ژن دەگات پابەندی ئەو ئاداب و ڕەوشتانە بێت. دەفەرموێ: ﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ ﴾ النور/٣٠, واتە: بە پیاوانی بڕوادار بڵێ: چاوانیان بپارێزن و لە سەیرکردن کەم بکەنەوە.

شایانی باسە کە ئیسلام پیاوان و ژنان ناخاتە هەڵوێستی دژوارەوە، کە بە زۆر ژنان لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا ئیحراج بکا، بەڵکو بە زێوەری ڕەوشت و ئادابە شەرعییەکان چالاکییە کۆمەڵایەتییە (هاوبەشەکان)– وەك هەموو لایەنەکانی تر– دەڕازێنێتەوەو، ڕێکارو بنەمای وای بۆ دادەنێ کە کەسیەتی ژنیش پارێزراو بێت, کۆمەڵگەش بێ گرفت بێت. وەك: مەسەلەی باڵا پۆشی و مەرجەکانی جل و بەرگ, قەدەغەکردنی خەڵوەت و تاککەوتنەوە لەگەڵ نامەحرەم, سنوردارکردنی مەرجەکانی تێکەڵیی و, غەیری ئەمانە لەو حوکمانەی پەیوەندییان بەبەشداریی ژنەوە هەیە لە چالاکییەکانی کۆمەڵگەدا. هەندێ لەو حوکمانە پارێزەرەو پەرژینن، هەندێکیان ڕێگرن لەبەردەم ئەگەری کاری خراپی و گەندەڵکاریی و کەوتنەداوی حەرام، بەڵام سەرەنجام هەموویان بۆ ڕێکخستنی بەشداریی کۆمەڵایەتیی ژن بڕیار دراون نەك قەدەغەکردنی. بۆیە دەبینین مێژووی ئیسلامیمان پڕیەتی لە نمونەی نایاب و جوانی ئەو ژنانەی ڕۆڵی پێشەنگییان هەبووە لە کۆمەڵگەدا، چ لە بواری

زانستیی, یان یاسایی، یان ئەدەبیی، یان تەنانەت بواری خەباتگێڕیی و جیهادو تێکۆشاندا.

زانست

# بەشی سێزدەهەم

# ئیسلام و خێزان

ئێمە باوەڕمان وایە کە خێزان بناغەو پایەی کۆمەڵگەیە، هەروەها هاوسەرگیریی شەرعی و سروشتی و فیترەتیی– کە بابەتێکی ناسراوی لای هەموو خاوەن ئاینەکانە– بناغەی کۆمەڵگەیەو تاکە ڕێگەی پێکهێنانی خێزانە، بۆیە ئێمە هەموو جۆرو شێوازە نامۆو نەشازەکان ڕەت دەکەینەوە, کە هەندێ ئاڕاستە هاوچەرخەکان دایانهێناوە، وەك: ( خێزانی هاو ڕەگەز ) و، هاوشێوەکانی.

بۆیە ئیسلام زۆر هانی هاوسەرگیی دەدا، هۆکارو ڕێگاکانیشی ئاسان دەکا، کۆسپە کۆمەڵایەتی و لەمپەرە ئابوورییەکانیش لەسەر ڕێی لا دەبا، چ لە ڕێی پەروەردەکردنەوە، چ لە ڕێی یاساو ڕێکارەکانەوە. هەروەها داب و نەریتە پوچەکان ڕەت دەکاتەوە، کە دەبنە هۆی قورسکردنی هاوسەرگیری و دوای دەخەن، وەك: زۆریی و گرانی مارەیی، زیادەڕۆیی لە دیاری بەخشین و بۆنەی شیرینی خواردنەوە، زەماوەندەکان و ناومالّ دروستکردن، جل و بەرگ، ڕازاندنەوەو.. هتد. بەو جۆرە خوای گەورەو پێغەمبەری خوا هەر زیادەڕەوییەکیان لە هەموو جۆرە خەرجییەکاندا پێ ناخۆشەو, لە کاتی پرۆسەی هاوسەرگیریدا, هانی پێش خستن و بەهەندگرتنی ئاین و ڕەوشت دەدەن. پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) دەفەرموێ:

( فاظفر بذات الدين تربت يداك),[1] واتــه: ژنـــی خـــاوەن ئـــاين هەڵبژێرە خۆشبەخت و سەرفراز دەبی. هەروەها پێغەمبەر (صلی الله عليه وسلم) ڕوو بـه كـەس و كـاری كـوڕان و كچـان دەفـەرموێ: ( إذا أتاكم من ترضون دينه وخلقه فزوّجوه, إلا تفعلوا تكن فتنة في الأرض وفساد كبير),[2] واتـه: هـەركاتێ كەسـێكی خـاوەن ئـاين و ڕەوشت هاتە لاتان, هاوسەرگیریی قبوڵ بكـەن. ئەگـەر ئـەوە نەكـەن ئەوە فیتنەیەكی زۆرو فەسادێكی گەورە لەسەر زەوی سەرهەڵ دەدا.

ئیسلام لە كاتێكدا ئاسانكاریی بۆ هۆكارو ڕێگاكانی حەڵاڵ دەكـا, لەو سەرەوە دەرگاكانی حەرام دادەخا. وەك: دیمەنە وروژێنـەرەكان, ڕووتی و پەتیارەیی, وشەی خراپ, وێنەی ناپەسەند, ڕۆمان و درامای ڕوخێنەر و.. هتد, بە تایبەتی لە هۆكارەكانی ڕاگەیاندندا، كە خەریكە بچنە هەموو ماڵێك و, بگەنە هەموو چاوو گوێیەك.

لە سەرێكی تـرەوە پەیوەندییە خێزانییـەكانی لەسـەر پایـەكانی ئـارامیی و خۆشەویسـتی و سـۆزی نێـوان ژن و مێـرد دامەزرانـدووە. هـەروەها ئـاڵ و گـۆڕی مـاف و ئـەرك و هـەڵس و كـەوتی جـوانی لـە نێوانیانـدا بڕیـارداوە. خـوا دەفـەرموێ: ﴿وعاشروهن بالمعروف, فـإن كرهتمـوهن فعسـى أن تكرهـوا شيئا ويجعـل الله فيـه خيـرا

---

١ صحيح البخاری به ژماره ٣٧٠٠, صحيح مسلم به ژماره ٢٦٦١.

٢ سنن ابن ماجه, به ژماره ١٩٥٧، سنن الترمذي, به ژماره ١٠٠٤.

كثيرا ﴾ النساء/ ١٩, واته: بەجوانی و پەسەندیی, هەڵس و کەوت و مامەڵە لەگەڵ هاوسەرەکانتان بکەن، ئەگەر بەدڵیشتان نەبوون و خۆشتان نەوێن، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە خۆشتان لە شتێك نەیەت ، بەڵام خوا خێرێکی زۆری تێ بخات. هەروەها دەفەرموێ: ﴿ولهن مثل الذي عليهن بالمعروف, وللرجال عليهن درجة﴾ البقرة/ ٢٨٨. واتە : چەندە ئەرك لەسەر ژنانە بەو شێوەیە مافیشیان هەیە، پیاوان پلەیەکیان هەیە بەسەریاندا (کە ئەرك و مەسئولیەتی قیوامە و ڕاگیرکردنی کاروباری خێزان و ماڵە).

**جیابونەوە (تەڵاق) لە ئیسلامدا:**

لە ڕاستیدا ئیسلام هاوسەرگیری لەسەر بنەمای دامەزراوەی و بەردەوامی بڕیار داوە. بەڵام واقیعی مرۆڤایەتی لە درێژایی مێژوودا سەلماندویەتی کە زۆرجار ژیانی هاوسەرگیریی دەبێتە دۆزەخ و, تەحەممول ناکرێ و, پاساوی درێژبونەوەی نامێنێ بەهۆی ناکۆکی و جیاوای و دوژمانیەتییەوە, یان بە هۆی نەمانی پایەکانی مانەوەو درێژبونەوەی. بۆیە ئیسلام ڕێیەکی بێ وێنەی دیاری کردووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیریی، کە لەگەڵ سروشت و فیترەتی ژندا گونجاوە، هەرچەند زۆر سووره لەسەر ژیانی هاوسەرگیریی تا ڕادەی گونجاو. هەروەها ڕەچاوی بەرپرسیارێتی پیاوو بەرژەوەندیی منداڵانیشی کردووە.

ئەو ڕێ و شوێنەی ئیسلام لەم زەمینەیەدا گرتویەتە پـێش, لـەم خالأنەدا کورت دەبنەوە:

١-بــەو پێیــەی کــە ناکۆکییــەکانی نێــوان ژن و مێــرد دیاردەیــەکی سروشتییە, ئیسلام داوای لە هـەردوکیان کـردوە کـە مامەڵـەی جـوان لەگەڵ یەکتر بکەن. وەك لە ئایەتی پێشـوودا بینیمـان: ﴿وعاشـروهن بـالمعروف﴾. هـەر کـاتیش نـاکۆکیی پـەرەی سـەند, ئیسـلام داوای پێکهێنانی دادگایەکی خێزانیی کردووە بۆ چارەسەری ناکۆکییـەکان. دەفــەرموێت: ﴿وإن خفتم شقاق بينهما فابعثوا حكما من أهلـه وحكما من أهلها, إن يريدا إصلاحا يوفق الله بينهما﴾ النساء/ ٢٥. واتە: هەرکاتێ ترستان هەبوو لە ناکۆکیی نێوان ژن و مێرد, ئـەو کاتە دادوەرێ لە کەس و کاری پیاوەکەو, دادوەرێ لە کـەس و کـاری ژنەکـە بنێـرن، ئەگـەر نیـازی چاکسـازیی و ئاشـتەواییان بـبێ, خـوا ڕێکیان دەخاو, تەوفیقیان دەدا.

٢-ئەگەر دادوەری و ناوبژیوانی سوودی نـەبوو بـۆ ئاشـتەوایی نێـوان ژن و مێرد, ئەو کاتە ئیسلام ڕێی داناوە کە پیاو یەك تەلأقی ژنەکـەی بدات، کە ناونراوە تەلأقی ریجعی, بەو مانایەی کە ژن بۆی هەیـە لـەو وادەیەدا بگەڕێتەوە لای مێردەکەی، وادەکەش بریتیە لەوەی سـێجار ئـافرەت بکەوێتـە سـووڕی مانگانـەو خـاوێن ببێتـەوە، لـەو ماوەیـەدا ژنەکە- کە یەك تەلأقی دراوە لە ماڵی مێردەکەیدا- کە قورئان نـاوی ناوە ماڵی ژنان (بیوتهن)- دەمێنێتەوە، بەلأم بەبێ جـووتگیری ژن و

مێردایـەتی، ئەگـەر جـووتگیری و چـوونەلای یـەکتر ڕووی دا, ئـەوە تەڵاقەکە تەواو بووەو, پەیوەندی ئاسایی ژن و مێردایەتی دەست پێ دەکاتەوە. خۆ ئەگەر (عیددە) کە– واتە ماوەی سێ سوڕی مانگانە– کۆتایی هات بەبێ چوونەلای یەکتر، ئەوە تەڵاقێك دەکـەوێ و, دەبـێ ژن و مێرد بەتەواوی جیا ببنەوە. ئەگەر ویستیان بچنەوە لای یـەکتر دەبێ بە گرێبەست و مارەییەکی تازە ڕێك کەونەوە.

٣–ئیسلام هەروەك مافی تەڵاقدانی بە پیاو داوە, مافی بە ژنیش داوە کە داوای جیابونەوە بکات، هـەروەك مـافی ئەوەشـی داوەتـێ کـە لـە سەرەتای گرێبەستی هاوسەرگیریدا بەمەرج بگرێ کە هەرکات ویستی تەڵاق بە دەستی خۆی بێ، هەروەها مافی ئەوەشی داوەتێ کە سکاڵا بـەرز بکاتـەوەو, داوای تـەڵاق و جیابونـەوە بکـات لـە بـەردەم قـەزاو دادگادا.

٤–هەرکات ژن و مێرد لە وادەی عیددەدا, یان پاش ئـەوە, گەڕانـەوە لای یەکتر, بەڵام دواتر ناکۆکیی لە نێوانیاندا سەری هەڵدایەوە, دەبێ بگەڕێنەوە بۆ سەر هەمان هەنگاوە پێشووەکان، تا کاتێ مێرد تەڵاقی دووەمی هاوسەری دەدا، ئەو کاتە تەڵاقە دووەمەش بە تەڵاقی ریجعی دادەنرێ, واتە ژن و مێردەکە بۆ جارێکی تریش بواری گەڕانەوەی لای یەکتریان هەیە، چ لە کـاتی عیـددەدا, یـان پـاش ئـەوە، هـەروەك بـۆ تەڵاقی یەکەم باس کرا.

٥–هەركات لە جاری دووەمدا ژن و مێرد گەڕانەوە لای یەكتر، بەلاّم بۆ جارێكی تر ناكۆكیی نێوانیان سەری هەڵدایەوە، دەبێ هەمان هەنگاوەكانی پێشوو بگرنە پێش، تا دەگاتەوە تەلاّقی سێیەم، ئەمجارەیان جیابونەوەی یەكجاریی ڕوو دەدات و, ژن و مێرد ناتوانن بۆ جارێكی تر بگەڕێنەوە لای یەكتر، مەگەر ژنەكە شوو بكات بە پیاوێكی ترو ، ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ بەرێتەسەر، جا ئەگەر مێردە تازەكەی مرد، یان بەوجۆرەی كە باس كرا تەلاّق و جیابونەوە لە نێوانیاندا ڕووی دا، ئەوە مۆڵەت دراوە بۆ جارێكی تر ئەم ژنە بگەڕێتەوە لای مێردەكەی ( بەگرێبەست (عەقد) و مارەییەكی تازە)، ئەو كاتە مافی سێ جار تەلاّقیش دووبارە دەبێتەوە. خوا دەفەرموێ: وَمَن أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِيٓ إِبْرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ إِذْ قَالُواْ ...لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ وَٱغْفِرْ لَنَا رَبَّنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٥﴾ البقرة/ ٢٢٩ – ٢٣٣, واتە: تەلاّق و جیابونەوە لە نێوان ژن و مێرددا دوو كەڕەتە، پاش ئەوە یان گلدانەوە (پێكەوە مانەوە) بە پەسەندیی و چاكیی, یان بە جوانی و ڕێك و پێكی و خۆشی جیا دەستبەردار بوون... ئەگەر ( پاش هەموو قۆناغەكان ) پیاو ژنی تەلاّق دا و لەیەك جیابونەوە، ئیتر ئەو ژنە ڕەوا نیە بگەڕێتەوە لای ئەو پیاوە، مەگەر لە كاتێكدا شوو بكات بە پیاوێكی تر، جا ئەگەر

مێردە تازەکە تەلاَقی دا، ئـەوە گوناهیـان ناگـات کـە بگەڕێنـەوە لای یەکتر، ئەگەر گومانیان وا بوو کە دەتوانن سنورەکانی خوا بپارێزن.

**فرە ژنیی:**

لە پێش ئیسلامداو لای هەموو گەل و ئاینە پێشـووەکان, بـە بـێ مەرج و سنور، فرەژنیی کارێکی ناسراوو کارپێکراو بوو. ئیسلام هـات بڕیاری فرەژنیی دا بۆ کەسێك کە پێویستی بێ و ، توانـای بەسـەریدا بشکێ و ، متمانە بە دادگەر بوونی هەبێ، بە مەرجێ بەڵگـەو نیشـانە هەبن لەسەر ئەم شتانە. دەفەرموێ: ﴿ فانكحوا ما طاب لكم من النسـاء مثنــى وثـلاث وربــاع، فـإن خفـتم ألا تعـدلوا فواحـدة﴾ النساء/ ٣٠ واتە: چەندە بۆتان باشـەو بۆتـان دەلـوێ, دوو یـان سـێ یان چوار ژن مارە ببڕن، بـەلاَم ئەگـەر ترسـان نـەتوانن دادگـەریی لـە نێوانیاندا بپارێزن، ئەوە با یەك هاوسەرتان هەبێ.

جێی باسە کە لەم سەردەمەدا بانگەشە دەکرێ بۆ یەکسـانییەکی تیۆریی نێوانن پیاوو ژن و، زۆرێك لـە یاسـا مەدەنییـە هاوچـەرخەکان فرەژنیـی بـە تـاوان دادەنـێن و, سـزای لەسـەر دەدەن. لـە کاتێکـدا مۆڵــەت دەدەن بـــە ژنـــان و پیـــاوان کـــە لـــە دەرەوەی پرۆســـەی هاوسەرگیریی, هەر جۆرە پەیوەندییەکی سێکسـی لـە نێـوان ژنـان و پیاواندا هەبێ.

ئەوەی گومانی تێدا نیە ئەوەیە کە حاڵـەتی شەخصـی زۆر هەیـە مۆڵەت دەدرێ بە پیاو تیایدا کە زیاتر لە ژنێك بهێنێ، بگـرە هەنـدێك جار کارێکی گەورەو چـاك و ڕێزنانـە لـە ژنـی یەکـەم، وەك کـاتێ کـە نەزۆك بێ و منداڵی نەبێ، یان نەخۆشییەکی وای هـەبێ ڕێگـر بـێ لـە پەیوەندیی هاوسەرگیریی، یان ناکۆکییان بەجۆرێ بێت کە هەوڵەکانی ئاشتەوایی سودیان نەبێ.. لەم کاتانەدا بۆی هەیە بەشێوەی شەرعیی جیا ببنەوە، بەڵام ئەگەر پیاوەکە تەڵاقی ژنی خۆی نەداو، هاوسـەری دووەمە خواست، ئەوە هەڵوێستێکی جوامێرانەو مرۆڤانەیە، دیارە بۆ ژنی یەکەمیش هەر ئەوە باشترە. ئەوەش مەعلومە کە ژنی دووەم بە زۆر ناهێنرێ کەسەر بەهەوێ شوو بکات، بەڵکو بە ڕەزامەندیی خـۆی دەبـێ، ئەمــەش ئـەوە دەگەیـەنێ فـرە ژنیـی لـەو حاڵەتانـەدا لـە بەرژەوەندی هەردوو ژنەکەدایە.

دیارە چەند حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی هەن کە پیاوان کەم دەبنەوەو ژنان زۆر دەبن، وەك دوا بەدوای جەنگەکان, کە لەو کاتانەدا فرەژنیی دەبێتە ئـەرکێکی ڕەوشـتیی و مرۆیـی، بـۆ بەهاناوەچـونی ژنـانی بـێ سەرپەرشت و، پاراستنی کۆمەڵگە لە ڕەوشتنزمی و گەندەڵیی.

پێویسـتە لێـرەدا ئامـاژە بـەوەش بکـەین کـە داتـاو ئامارەکـانی ئێسـتەو هــەموو قۆناغــە ڕابردووەکـانی مێـژووش هەمیشــە وایـان دەردەخست کە ژمارەی ژنان لە کات و هەل و مەرجە ئاسایی یەکاندا کەمێ لە پیاوان زیاتر بووە، ڕێژەی زیادەی ژنان– بـەپێی ئـەو داتـاو

ئامارانه– له ٣٪ تێ نەپەڕیوە، ئەمەش ئەوە دەردەخا کە خوای گەورە بەرامبەر هەر پیاوێك ژنێکی بەدی هێناوەو, ئەمە ئەسڵە لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا، کەواتە ژمارەیەکی کەمن– لە ژنان– کە بەبێ هاوسەر دەمێننەوە، مەگەر پیاوان خۆیان بیانەوێ زیاد لە هاوسەرێکیان هەبێ. جا لە کاتێکی وادا ئەگەر فرەیی بە گونجاو زانرا, چارەسەر چیە؟ ئەگەر فرەژنیی مۆڵەتی پێ نەدرێ ئەی چی بکرێ بۆ چارەسەری ئاسەوارەکانی ئەو حاڵەتە؟

لە ڕاستیدا ئەو کەسەی پیاوو ژنی دروست کردووە، هەر ئەویش فرە ژنیی باس کردووە، دیارە شەریعەت لە لایەن خواوە بۆ چارەسەری ئەو واقیعەیە کە خوا خۆی دروستی کردووە، بەوجۆرە ئەو دوو جەمسەرە یەکتر تەواو دەکەن و، دژی یەکتر ناوەستنەوە. حوا دەفەرموێ: ﴿ألا له الخلق والأمر تبارك الله رب العالمين﴾ الأعراف/٥٤, واتە: ئاگادار بن! بەدیهێنان و فەرمانـدان– هەردووکیان – تەنها لە خواوەن و بۆ خوان, گەورەیی بۆ پەروەردگاری جیهانیان.

لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین: ئەگەر موسڵمانان جاروبار یاسای فرەژنی خراپ بەکار بهێنن و، پابەندی مەرج و چۆنیەتی شەرعی و تایبەتمەندییەکانی نەبن، ئەوە لە ڕێی پابەندکردنیانەوە چارەسەر دەکرێ، نەك لە ڕێی هەڵوەشاندنەوەی یاساکە خۆیەوە، کە لە نەمانی

ئەو یاسا شەرعییەدا زیانێکی گەورە هەم لە ژن دەکەوێت، هەم لە کۆمەڵگە.

**دایك و باوك و منداڵان:**

ئیسلام سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان دایك و باوك و منداڵان, ئەرکی چاودێریی تەواوی بە پێویست گێڕاوە، چ لە ڕووی ماددی، یان لە ڕووی سۆزو خۆشەویستی، یان لە ڕووی ئەدەبی و ڕەوشتییەوە. ئەمەش لە ڕێی ئەرکەکانی: باوکایەتی، دایکایەتی، ئەرکی چاکەکاریی و وەفاداریی لە ڕێی منداڵانەوە، چاودێریی لە ڕووی خوێندن و پێگەیاندنی زانستییەوە- بەپێی تواناو پێویست- کە ئەو ئەرکەش دابەش دەبێ لە نێوان کۆمەڵگەو دەوڵەت و دایك و باوکدا، بە تایبەتی لە کاتی نەبونی نازی باوك و دایك و کاتی بێ سەرپەرشتیاریدا. بۆیە قورئان و سوننەت هانی چاکە لەگەڵ هەتیوان و ڕێبوارو غەوارەو غەریبانی داوەو، برێکیش لە زەکات و خێرو دەستکەوت و داهاتی وڵاتی, بۆ تەرخان کردوون.

ئەوەش پێویستە بگوترێ کە خێزان تەنها ئەو چەند کەسە نین پێیان دەگوترێ دایك و باوك و منداڵ و, ئیتر تەواو.. بگرە ئیسلام بە فراوانترو گەورەتر سەیری خێزانی کردووە. بۆیە خزمانی پلە یەك و کەسە نزیکەکانی دەوروبەر دەگرێتەوەو, لە ئاینی خوادا گەرمکردنی خزمایەتی و هات و چۆیان- کە پێی دەگوترێ صیلەی رەحم- یەکێکە لە ئەرکە ئیسلامییەکان و, هات و چۆ نەکردنیان یەکێکە لە

گوناهە گەورەکان. بۆیە دەفەرمویٚ: ﴿ وألوا الأرحام بعضهم أولى ببعض في كتاب الله﴾ الأنفال/ ٧٥, واتە: لە پەیام و نامەی خوادا خزمان – ئەوانەی ڕەحمیان بە یەکەوە نزیکە– لە پێشترن بۆ یەکتر. یـان دەفـەرمویٚ: ﴿ واعبدوا الله ولا تشركوا به شيئا وبالوالدين إحسانا وبذى القربي﴾ النساء/ ٣٦, واتە: خوا بپەرستن, هیچ شتیٚ مەکەنە هاوەڵی, لەگەڵ دایك و باوك و خزمان و کەس و کارتان چاکەکار بن.

# بەشی چواردەهەم

# ئیسلام و کۆمەڵگە

باوەڕمان وایە کە ئاینی ئیسلام, کۆمەڵگە لەسەر پایەکانی برایەتی و یەکێتی نێوان ڕۆڵەکانی, بنیات دەنێ. بۆیە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا جێی ناکۆکیی ڕەگەزەکان و، دووبەرەیی ئاینەکان و، ناتەبایی ئاینزا و مەزهەبەکان نابێتەوە. خەڵکی هەموو برای یەکترن، بەندایەتی کردنیان بۆ خواو، هۆگرییان بۆ بنەماڵەی ئادەمی باوکی مرۆڤایەتی، کۆیان دەکاتەوە. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (إن ربكم واحد، وإن أباكم واحد)[1] واتە: بەڕاستی پەروەردگارتان یەکەو، باوکی هەمووشتان یەکە (کە ئادەمە).

لە ئیسلامدا ڕەچاو کراوە کە بایەخێکی زۆر دەدا بەتوێژە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگە، وەك: کرێکاران، جوتیاران، پیشەییەکان، پلە نزمەکانی فەرمانبەران، ئەوانەی ئاوڕێکی ئەوتۆیان لێ نادرێتەوە، بەڵام پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی پێ کردوون و باسی کردوون، تەنانەت بە هەوێنی بەرهەمهێنان لەکاتی ئاشتی و، مایە و تۆشەی سەرکەوتنی داناون لەکاتی جەنگدا. وەك لەفەرموودەیەکی دروستدا هاتووە: (إنما

---

[1] مسند أحمد, بە ژمارە ٢٢٣٩.

تەرزقـون و تنصـرون بضـعفائكم)[1]، واتـه: بەڕاسـتی ئێـوه ڕۆزیتـان و یارمەتی و سەرخستنتان, بەهۆی لاوازو هەژارەکانتانەوەیە.

کـاتی خـۆی لـه کۆمەڵگـه نەفامەکانـدا ئـەو توێـژه کەمدەسـت و لاوازانه فەوتابوون، که ئیسلام هات مافـەکانی بەچاکی و پەسـەندیی بـۆ گێڕانـەوه، وەك: کرێـی عادیلانـه، گـەرەنتی پاراسـتنی مـاف، هەرکەس بەپێی تواناو لێهاتنی و، بەپێی کاری پێویسـتی، بەرنامـەی بۆ دیاری کراوه.

لەسـەرێکی تـرەوه ئیسـلام تـەگبیری بـێ تواناکـانی کـردووه، ئەوانـەی نـاتوانن کارێـك بکـەن، یـا دەتـوانن بـەڵام کاریـان دەسـت ناکەوێت، یان کاردەکەن، بەڵام داهاتیان سنوردارەو بەشـی بـژێوییان ناکات، له هەژاران و کەمدەستان و بێ باوکان و غەریبان. هەندێ جار مووچەی تایبەتیان بۆ دادەنرێ، هەندێ جار مووچـەی نـەبڕاوه, وەك زەکات و یارمەتی له دارایی دەوڵەمەندان، یان لـه سـامانی گشـتی لـه دەستکەوتی غەنیمەو داهاتەکانی تری دەوڵـەت، بـۆ ئـەوەی هاوتـایی بـژێوی لـه نێـوان تاکـەکانی کۆمەڵگـەدا دەسـتەبەر بێـت و، کەسـه بەتواناکان دەسباری هەژاران بن و، داراو بـەتواناکان خـەمی نـەداران بخـۆن و، سـامان و دارایـی لـه نێـوان دەوڵەمەندانـدا-بـه تـەنها- نەسوڕێتەوه، وەك خوا دەفەرموێت: (مَّا أَفَاء اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ

---

١ صحيح البخاری, به ژماره٢٦٢. سنن الترمذي, به ژماره١٦٢٣، سـنن أبـی داود, بـه ژمارەی ٢٢٢٧.

الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاء مِنكُمْ ) الحشر : ٧، واتــه: ئــهو دهســكهوت و داهاتانهى كه خوا خستيه دهستى پێغهمبهرهكهى، له خهڵكى گوندو شــارهكان، ئــهوه بهشــێكى تايبهتــه بــهخواو بهشــێكى تايبهتــه بــه پێغهمبهرو، بهشهكانى تريشى بۆ نزيكان و، بێ باوكـان و، هــهژاران و ڕێبوارانــه، بـۆ ئــهوهى ئــهو دهســتكهوت و ســامانه تــهنها لــه نێـوان دهوڵهمهندهكانتاندا نهسوڕێتهوهو قۆرخ نهكرێت.

ئــهوهى كهمدهســت و غــهريب و بــێ باوكــان لــهو داهاتانــه وهرى دهگــرن, بڕێكــى ديــاريكراوو بــڕاوهى خۆيانــهو، ئــهركێكى پــيرۆزه، خێرپێكــردن و منــهتێ نيــه كــه بهســهرياندا بكــرێ، بــهڵكو وڵاتــى ئيسلاميى له ڕێى كارمهندى تايبــهتى ئـهو كـارهوه لـه دهوڵهمهنـدان وهرى دهگــرن و، دهيــدهن بــه هــهژاران، هەركــهس خۆبهخشــانهو ئارهزوومهندانه ئهم بڕه دياريكراوانه نهدا، ئــهوه دهوڵــهت بــهزۆر لێــى دهستێنێ، ئهگهر بهزهبرى هێزيش بووه (چونكه بهشى ئهو خهڵكهيه كهوتۆته نێو ماڵ و دارايى ئهوان). بۆيه دهوڵهتى ئيسلاميى لهمێژوودا بهيهكـهم دهوڵـهت دهژمێـردرێ كـه بـۆ داكـۆكيى لـه هـهژارو نـهداران بهرنامهى تايبهتى داناوه، ئهوهتا خهليفهى يهكهم ئهبوبهكرى ڕاستگۆ خــوا لێــى ڕازى بێــت, دهفــهرموێ: ســوێند بــهخوا ئهگــهر لهســهر

سەرەگوریسێکیش بووە- کە پێشتر دەیاندا بەپێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەی بیدەن بەهەژاران- لەگەڵیان دەجەنگم.[1]

لەسەرێکی ترەوە ئیسلام هەوڵی داوە نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان نێزیك بکاتەوە، بە سنوردانان بۆ ساماندااران کە لەسەرکەشیی دوورکەونەوەو، زیاد لەحەد دەوڵەمەند نەبن، هەژارانیش گوزەرانیان چاك بکرێ و ئاستی بژێوییان بچێتە سەرەوە.. ئیسلام ڕازی نیە لە کۆمەڵگەیەکدا کەسێك بەتێری شەو بکاتەوەو دراوسێکەی برسی بێت، واش دەبینیێ کە دەوڵەت ڕاستەوخۆ بەرپرسە لە چاودێری کردنیان، چونکە پێشەوا چاودێرەو بەرپرسە لە ڕەعیەتەکەی، ئەو بۆ ئوممەتەکەی وەك باوك وایە بۆ خێزانەکەی. پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (أنا أَوْلَى بالمؤمنينَ من أنفسهم ، فمن مات وعليه دَيْنٌ ولم يترك وفاءً فعلينا قضاؤُه، ومن ترك مالًا فلورثتِه)[2] واتە: من بۆ موسڵمانان لە خۆیان لەپێشترم، هەرکەسیان کۆچی دوایی کردو قەرزێکی لەسەر بوو و , ئەوەندەی سامان بەجێ نەهێشتبوو بۆی بدرێتەوە، ئەوە دانەوەی قەرزەکەی لەسەر منە. هەرکەسیش سامانێکی لە دوای خۆی بەجێ هێشت, ئەوە بۆ بەجێماوەکان (وەرەسەکان) یەتی.

---

[1] صحيح البخاری, بە ژمارە ٦٧٤١، صحيح مسلم, بە ژمارە ٢٩.

[2] صحيح البخاري, بە ژمارە ٦٧٣١.

ئێمه باوەڕیشمان وایه که کۆمەڵگه چاك و صاڵحەکان تەنها, بەیاسا دروست ناکرێن, هەرچەند ئەو یاسایانه زۆر دادگەرانەو پێشکەوتوو بن، بەڵکو پەروەردەی بەردەوام و ئاڕاستەی قووڵ و وردە, کە کۆمەڵگه بنیات دەنێ. بۆیه ئیسلام زۆر بایەخ دەدا بە پەروەردەو ئاڕاستەکردن، هەروەك بایەخ دەدا بەیاساو بەرنامەدانان، پێش دووەمیان بایەخ بەیەکەم دەدات، چونکه بناغەی هەر ڕاپەڕین و گۆڕانکارییەك بنیاتی تاکی خاوەن هزرو ویژدانە، تاکی خاوەن بڕواو ڕەوشت. ئەم مرۆڤە صاڵح و چاك و باشەیە کە دەبێتە هەوێنی گیرسان و ژێربینای کۆمەڵگەی چاك و دروست.

لە سەرێکی ترەوە پێویستە ئەوەش بزانرێ کە مرۆڤی صاڵح ئەو مرۆڤەیە کە ڕزگارو سەرفرازە. خوا دەفەرموێت:﴿ وَالْعَصْرِ{١} إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ{٢} إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ{٣}﴾ العصر :١-٣، واتە: سوێند بەزەمانە، بە ڕاستی مرۆڤ لە زیانمەندیدایە، مەگەر ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کارە چاکەکانیان ئەنجام داوەو، ئامۆژگاریی یەکتر دەکەن بەڕاستی و صەبرو خۆڕاگریی. کەواتە موسوڵمان کەسێکی ئەرێنی و ئیجابی یە، بڕواو کردەوە پێکەوە کۆ دەکاتەوە، خۆی چاك دەکات و هەوڵی چاکەکاریش دەدا، ئامۆژگاری خەڵکی لەسەر ڕاستی و صەبر وەردەگرێ و، ئامۆژگاری خەڵکیش دەکات لەسەر ئەو چەمکانە. لەناو

موسوڵمانانندا کەسێك نیە کە لەوە بچوکتر بێت ئامۆژگاریی بکـات، یـا لەوە گەورەتر بێت ئامۆژگاریی نەکرێ، یا وەری نەگرێ.

بۆیە (یەکێتی جیهانیی زانایانی موسوڵمان) وا دەبینێ کە دەبێت ئاوڕێکی بە بایەخ لە دامـەزراوە پەروەردەییـەکان بدرێتـەوە، هـەر لـە دایەنگاوە تا زانکۆ، بەجۆرێ کە لەگەڵ زانستدا ئیمان و بڕواش فێـری قوتابی بکرێ، لەگەڵ پسپۆڕی و لێهاتن و کارامەییدا ڕەوشـت و خـوو فێـر بکـرێ، لـە کـەناری ئـەو ڕۆشـنبیرییەدا کـە هـزرو مافـەکان ڕوون دەکاتەوە، تـەقواو لەخواترسانیشـیان فێـر بکـرێ, تـا دەرونـەکانیش خاوێن ببنەوەو گەشە بکەن. هەروەها وا دەبینێ کە دەبێ گرنگی بـە پایەکانی پەروەردە بـدرێ، وەك: بەرنامـەی چـاك و دروسـت، کتێبـی چاك، مامۆستای چاك و لێهـاتوو، ئیـدارەی دروسـت، کـەش و هـەوای دروست و گونجاو، بۆ خوێندنێکی باش و سەرکەوتوو.

ئەم پەروەردە خوازراوە دەبێ پەروەردەیەکی تەواوو تۆکمە بـێ، کە هەوڵ بدات بۆ پێکهێنانی کەسێتییەکی تەواو لەهەموو ڕوویەکەوە: لە ڕووی ڕەوانی و ڕۆحی و عەقڵی و ویـژدانی و ڕەوشـتی و لاشـەیی و زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئـابوری و سـەربازیی و تەنانـەت سێکسی و ڕەگەزیشەوە. بەمە کەسێتییەکی موسـوڵمان پێـك دێ کـە قورئـان دەبێتـە ڕەوشـتی و، پێغەمبـەری ئیسـلام محمـد ﷺ دەبێتـە سەرمەشقی.

جا بەشێ لە مەشخەڵە پەروەردەییە چاوەڕوانکراوەکان بۆ نەوە موسوڵمانەکانی داهاتوو, ئەمانەن: ساغکردنەوەی عەقیـدەو بیروبـڕوا لە شتی پڕو پوچ و خورافات. پاککردنەوەی یەکتاپەرستی لـە هـاوەڵ دانان و شیرك. بەهێزکردنی دڵنیایی بـەهاتنی پاشـەڕۆژ. بـەردەوامیی لەسـەر ڕەوشـتەکان، وەك: ڕاسـتگۆیی، وردەکـاریی و جوانکـاریی لـە ئیشدا، ئەمانەتـداری و دەسـتپاکی، دادو چـاکەکاریی، سـۆزو نـەرم و نیانی، حەز بەچاکە، حەیاو پاکداوێنی، خـۆ بەکـەمزانین، عیـززەت و سەربەرزی، هەقبێژی، دژایەتی خراپەو گەندەڵیی، ئامۆژگاری ئـاینی، تێکۆشان بەگیان و ماڵ لەڕێی خوادا، گۆڕینی خراپە بەدەست و زمان و دڵ و بـەپێی توانـا، بەرەنگاربوونـەوەی سـتەم و سەرکەشـی، خـۆ نزیکنەکردنەوە لە ستەمکاران، ئەگەر دەسەڵاتی (فیرعەون) و سامانی (قارون) یشیان هەبێ.

هەروەها دەبێ زۆر گرنگی بدرێ بە دامەزراوەکانی ڕاگەیانـدن، چ نوسراو بـێ، چ خوێنـدراو، چ بیسـتراو، چـونکە لـەم سـەردەمەدا ئـەو هۆکارانەی ڕاگەیاندن ئاڕاستەی بیرو زەوق و مەیل و حەزەکان دەکەن و, ڕای گشتی بەرەو هەر شتێ بیانەوێ ڕاپێچ دەکەن، بۆیە دەبێ ئەو دەزگایانـەی ڕاگەیانـدن لـەو شـتانە پـاك بکرێنـەوە کەبـە بیروبـاوەڕ ناخۆن، یا بیرو هـزری خـەڵکی دەشـێوێنن، یـا ڕەوشـت و خـوو تێـك دەدەن، بەڵکو دەبێ ئاڕاستەیان بەرەو خزمەتی ئامانجـە گـەورەکانی کۆمەڵگەبێ، لەڕێی پڕۆگرامی هەڵبـژێردراوەوە، دەبـێ بەرنامـەکانیان

دوور بن له وروژاندن و گومڕاکردن و سەرلێشێواندن. دەبێ لـە دەوری هـەواڵی ڕاسـت و ئاڕاسـتەی دروسـت و، سـەرگەرمیی مامناوەنـدی و، پابەندیی بە بـەهاکان و، تـەواوکاری و، هاوسـەنگی نێـوان پرۆگـرام و دەزگاکاندا بسوڕێنەوە.

# بەشی پازدەهەم

# ئیسلام و ئابوری

مرۆڤــەکان– چ وەك تــاك، چ وەك کۆمەڵگــە– نیازمەنــدی و پێداویستیی زۆریان هەیە، هەندێکی لە ئاستی پێداویستیدایەو، ژیان بەبێ ئەوانە ناکرێ، هەندێکی پێویستی پلە دووەو، ژیان دەکرێ بەبێ ئەوانە، بەڵام بەکەمێ نارەحەتییەوە، هەندێکی تری جوانکارییە و، ژیان جوانتر دەکات و، خۆشگوزەرانیی دروست دەکات.

جا بۆ ئەوەی مرۆڤ پێداویستییەکانی دەستەبەر بکات، خوای گەورە زۆرێ سەرچاوەی سروشتی لەم بونەوەرەدا خستۆتە بەردەستی و، بۆی ڕام کردووەو، دەتوانێ بەکاریان بهێنێ. ئەمڕۆ جیهانی ئیسلامیی چەندین سەرچاوەی سروشتیی زۆری هەیە کە پێداویستییە خودییەکان دابین دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرفتی ئابوری زۆر گەورەی هەن، چونکە بە باشی ئەو سەرچاوانە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان بەکارناهێنێ. ئەمە ئەو دواکەوتویی یە ئابورییە ترسناکەیە کە لەدواکەوتنی سیاسییەوە سەرچاوەی گرتووەو، زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیی تووشی هاتوون.

**(ئەم بابەتە لە چەند خاڵێکدا ڕوون دەکەینەوە):**

## یەکەم/ دیدگای ئابوریی ئیسلام:

١– دیدگای ئیسلام بۆ لایەنەکانی چالاکی ئابوریی – تاك یا کۆمەڵگە–و، چارەسەری گرفتی ئابوریی بەشێکە لەو دیدە گشتییەی کە هەیەتی بۆ مرۆڤ و ڕۆڵی مرۆڤ لەم بونەوەرەدا. ئەویش لە بیروباوەڕو بەها ڕەوشتییەکان و ئەو ئەحکامە تەشریعییانەدا ڕەنگ دەداتەوە کە ژیانی مرۆڤ پێك دەهێنن، کە زۆربەیان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر سێکتەری ئابوری.

جا لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە دەبێ لێرەدا ڕوون بکرێنەوە ئەوەیە کە زوهدو پێشخستنی دواڕۆژ بەسەر دونیادا، ڕێگر نیە لەبەردەم کارو بەرهەمهێنان و سودمەندبون و لەززەت بردن لەهەرچی پاك و بەسوودە، بەمەرجی زیادەڕەوی و ئیسراف نەکردن. پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (نعم المال الصالح للرجل الصالح)،[1] واتە: باشترین ماڵ و دارایی، دارایی باشە بۆ کەسی باش، بۆیە وتراوە: زوهدو دونیانەویستی بەحەرامکردنی حەڵاڵ و، بەفیڕۆدانی دارایی نیە، دونیا نەویستی ئەوەیە ئەوەی لەدەستی خۆتدایە توند نەیگری، لەوەی لەدەستی خوادایە.[2]

---

[1] مسند أحمد، بە ژمارە ١٧٠٩٦.

[2] سنن ابن ماجە، بە ژمارە ٤٠٩٠، سنن الترمذي بە ژمارە ٢٢٦٢، بە سەنەدی غەریب.

"عِزّى كورِى عبد السلام دەڵێ: دونیانەویستی و زوهد لەهەر شتێكدا ئەوەیە دڵ زۆر پێوەی پابەند نەبێ و، ڕەغبەت بۆی زۆر نەبێ، مەرج نیە دەست خاڵی بێ، یان سامان نەبێ، ئەوەتا گەورەی پێغەمبەران و پێشەنگی دونیا نەویستان پێغەمبەر ﷺ كۆچی دوایی دەكاو، باخی (فەدەك) و (عەوالی) و نیوەی (وادی القرى) و بەشێ لە خەیبەر، لە پاش خۆی بەجێ دەهێڵێ، یا سولەیمان زەوی دەكەوێتە ژێر ڕكێفی، بەڵام سەرقاڵییان بەیادی خواوە ڕێیان لێ دەگرێ كە زۆر دڵیان بەو سامانانەوە ببەستن". [1]

لەمەش زیاتر, خوای گەورە یاسای داناوە بۆ موسوڵمان كە دەبێ هەوڵ بۆ دەستخستنی نیعمەتە پاك و خاوێنەكان بداو، قەدەغەی كردووە كە حەرام بكرێن, دەفەرموێت:﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تُحَرِّمُواْ طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللّهُ لَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ{٨٧} وَكُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ اللّهُ حَلاَلاً طَيِّباً﴾ المائدة ٨٧–٨٨ واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە، ئەو شتانەی خوا بۆی حەڵاڵ و ڕەوا كردوون حەرام مەكەن، زیادەڕەویش مەكەن، خوا زیادەڕەوانی خۆش ناوێ. لەو نیعمەتانەش بخۆن كە خوا بەحەڵاڵی و خاوێنیی پێی بەخشیون.

## دووەم/ قۆناغەكانی چالاكی ئابوری:

لە ڕاستیدا چالاكی ئابوریی بەچەند قۆناغێكدا تێ دەپەڕێ:

---

١ (قواعد الأحكام)ی عز بن عبد السلام, مؤسسة الريان, بيروت, ١٦١/١.

## قۆناغی یەکەم/ بەرهەمهێنان:

ئەویش لەسەر سێ هۆکار و فاکتەر ڕاگیراوە:

١- **زەوی و خاك:** خوا دەفەرموێت: ﴿هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ الأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا﴾ (هود: ٦١)، واتە: خوا لە زەوییەوە ئێوەی هێنایە کایەو، داوای لێ کردوون ئاوەدانی بکەنەوە. پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێت: (من كانت له أرض فليزرعها، أو ليزرعها أخاه)[١] ، واتە: هەرکەس زەوییەکی هەبێ با بیکاتە کشت و کاڵ، یان با براکەی بیکات. هەروەها دەفەرموێت: ( إن قامت الساعة وفي يد أحدكم فسيلة فإن استطاع أن لا تقوم حتى يغرسها فليفعل)،[٢] واتە: هەرکات ڕۆژیی دوایی بەرپابوو، لەو کاتەدا نەمامە خورمایەك بەدەستی یەکێك لە ئێوەوە بوو، ئەگەر توانی پێش هاتنی دواڕۆژ بینێژێ، با بینێژێ. هەروەها فەرموویەتی:(من أحيا أرض ميتّة فهي له)،[٣] واتە: هەرکەس زەوییەکی مردووی فەرامۆشکراوی ژیاندەوە، ئەوە بۆ خۆیەتی.

٢- **کار:** پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (ما أكل أحد طعاما خيرا من أن يأكل من عمل يده، و إن نبي الله داود كان يأكل من عمل يده)،[٤] واتە: کەس شتێکی نەخواردووە چاکتر بێ لەوەی کە بەرهەمی دەستی

---

[١] صحيح البخاری, بە ژمارە ٢٢١٦، صحيح مسلم, بە ژمارە ١٥٣٦.

[٢] مسند أحمد، بە ژمارە١٢٥١٢.

[٣] - سنن أبی داود, بە ژمارە ٣٠٧٣، سنن الترمذي, بە ژمارە ١٢٩٩.

[٤] - صحيح البخاری, بە ژمارە ١٩٦٦، سنن ابن ماجه, بە ژمارە ٢١٢٩.

خۆی بخوات، بەڕاستی داود پێغەمبەر ﷺ لە بەرهەمی دەستی خۆی دەخـوارد. هـەروەها پێغەمبـەر ﷺ دەفـەرموێ: (إن الله يحـب إذا عمـل أحـدكم عمـلا أن يتقنـه)[١]، واتـە: بەڕاسـتی خـوا زۆر خۆشـی دێ لـە کەسێکتان کە هەر کارێکی کرد بە وردەکاری و ڕێك و پێکی ئـەنجامی بدات.

٣- **سامان و دارایی:** کە ڕەگەزێکی بنەڕەتییە لە بەرهەمهێناندا. لەبەر ئەوەشە کە ئیسلام قەدەغەی کردووە کە سـامان بخرێتـە لاوەو حەشار بدرێ و، داوای کردووە کە بـە هـەموو ڕێگـە ڕەواکـان بخرێتـە گەڕو، لەڕێی خـوادا ببەخشـرێ. دەفـەرموێ: ﴿وَالَّـذِينَ يَكْنِـزُونَ الـذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلاَ يُنفِقُونَهَا فِـي سَبِيلِ اللّـهِ فَبَشِّـرْهُم بِعَذَابٍ أَلِـيمٍ﴾ التوبة:٣٤ واتـە: ئەوانەی زێڕو زیو حەشار دەدەن و، لەڕێی خوادا نایبەخشن، مـژدەی سزایەکی ئازاردەریان بدەرێ، خۆ ئەگەر سامان و دارایـی زەکـاتی لێ دەرکرا، ئەوە بەشاراوەو حەشاردراو دانانرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ئیسـلام جوڵانـدنی و بـەکارهێنانی بـەلاوە باشـترە. پێغەمبـەر ﷺ فەرمویـەتی: (اتّجـروا بـأموال اليتـامى حتـى لا تأكلـها الزكـاة)،[٢] واتــە: بازرگانیی بکەن بە سامانی هەتیوانەوە، تا زەکات هەمووی نـەخوات.

---

[١] (طبراني) لە (الأوسط) بە ژمارە٨٩٧، (هيثمی) لە (مجمع الزوائد)، بە ژمارە ٦٤٦٠.

[٢](طبراني) لە (معجم الأوسط) بە ژمارە ١٥٢٥.

واتە بەهۆی زەکاتدانەوە تەواو نـەبێت و، (بـەردەوام گەشـە بکـات و، قازانج بەدەست بێنێ).

سـەبارەت بـە ڕێگاکـانی بەرهـەمهێنان و هونـەری بەگەڕخسـتنی دارایی، ئەوە بەجێ هێڵراوە بۆ هزری مـرۆڤ و بیکردنـەوەی و، بـەرەو پێشچوونی زانیاری و زانستەکان و، جیاوازیی سەردەم و شـوێنەکان، بەڵام بەمەرجێکی شەرعیی کە ئەوەیـە بەرهـەمهێنان لـە بـواری شـتە خـاوێن و پاکەکانـدا بێـت، ئەوانـەی سـوود بەخـەڵکی دەگەیـەنن و، قەدەغەکردنی بەرهەمهێنانی بەرهـەمی پـیس و شـتە بـێ کەڵکـەکان، ئەوانـەی زیـان بەجەسـتەو عـەقڵی خـەڵکی دەگەیـەنن. زاناکـانیش وتویانە: هەر کارێـك فەسـادو خراپـەو گەندەڵییـەك بێنێتـە ئـارا، یـان چاکەو شتێکی باش پاڵ پێوە نێ و لابەرێ، ئەوە قەدەغەی لێ کراوە.

### قۆناغی دووەم/ ئاڵ و گۆڕ:

دیارە کە مرۆڤ بە تەنیا ناتوانـێ نیازمەندییـەکانی خـۆی بەرهـەم بێنـێ، هـەروەك عـادەت وایـە کـە لـەجۆرێکی دیـاریکراو، زیـاتر لـە پێویسـتیی خـۆی بەرهـەم دەهێنـێ.. بۆیـە شـتێکی سروشـتییە کـە زیادەی بەرهەمەکەی خۆی ئاڵوگۆڕ پێ بکا بـەزیادەی بەرهـەمهاتووی کەسـانی تر."ئەگـەر ئـەوەش نەبوایـە خـەڵکی تیادەچـوون و،

هەریەکەیان ناچار دەبوو کە هەرچی کاری پێویستە، یان زۆربەی کارە پێویستییەکان, خۆی ئەنجامیان بدات." [1]

ئەم ئاڵوگۆڕە بازرگانیی لێ دەکەوێتەوە، بازرگانیی خوا بڕیاری لەسەر داوە. دەفەرموێت:﴿يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ﴾ النساء:٢٩ واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە بڕواتان هێناوە ماڵ و سامانەکانتان لەناو یەکتردا بەناڕەوا مەخۆن، مەگەر بازرگانییەك کە بەڕەزامەندی نێوانتان بێت. بۆیە بازرگانیی تەنانەت لە کاتی حەجکردنیشدا ڕەوایە و، هیچ لە پاداشتی حاجی کەم ناکاتەوە. خوا لە حیکمەتی حەجدا فەرمویەتی: (لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ) الحج: ٢٨، واتە: تا بگەن بەو شتانەی سوودیان هەیە بۆیان و بیانبینن و، تا یادی خواش بکەنەوە.

دیارە ئاڵوگۆڕی کاڵاو شمەك و شتە بەسوودەکان لەنێو خەڵکیدا، بەبێ میانەو هۆکارێك ناکرێت، بۆیە لەسەردەمانێکی کۆنەوە خەڵکی وا فێر بوون کە پارەو دراو بکەنە هۆکاری ئاڵوگۆڕ. لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ دراو لەزێڕو زیو بوو، دواتر ڕێکەوتن لەسەر جۆری تر لە دراو، بۆیە فەقیهەکان دواتر جیاوازییان خست لە نێوان دراوە سروشتییەکان (واتە زێڕو زیو) لەگەڵ دراوە ڕێکخراوەکان (وەك مس و هاوشێوەکانی, کە پارەی کاغەزی ئەمڕۆش دەگرێتەوە).

---

[1] قواعد الأحكام, عز بن عبد السلام, ٢/ ٦٨.

دیاره عادەتـەن ئـاڵوگۆڕ لـە ڕێـی بـازاڕەوە دەکـرێ، هـەر لەبـەر گرنگیی ئاڵوگۆڕیشـە لـە چـالاکی ئابوریـدا، کـە بـە ڕێـڕەوی ئـابوریی هاوچەرخ دەگوترێ (ئابوریی بازاڕ). کە مەبەست لێی ئەو ئابورییەیـە لەسـەر ئـازادیی ئـاڵوگۆڕو، کێبـەرکێی سروشـتی لـەنێوان خەڵکیـدا ڕاوەستاوە.

بۆیە لە ئیسلامدا ئەسڵ ئازادیی بازاڕە، کاتێکیش دەوڵەت دەست وەر دەداتە ئەو کـارە, کـە بیـەوێ کێبـەرکێی ئـازاد دەسـتەبەر بکـا. لەبـەر ئەوەشـە ئیسـلام، قـۆرخکردن و سـووی حـەرام کـردووەو، مەسەلەی ڕازیبوونی دوولایەنی لە مامەڵەدا بە پێویست داناوە. خـوا دەفـەرموێ:﴿ إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ﴾، النساء/ ٢٩، واتـە: مەگەر بازرگانییەك كە بە ڕەزامەندی نێوان خۆتان بێت.

هـەروەها فرۆشـتنی زۆرەملـێ و ناچـاریی و پێگیرانـی قەدەغـە کردووە، چونکە ڕەزامەندیی دوولایەنی لەو جۆرە گرێبەستانەدا تەواو نیەو، مافەکانیان ڕوون نیـە. بۆیـە پێغەمبـەر ﷺ نرخـدانانی قەدەغـە کرد، لە کاتێکدا لەبەر کەمیی کەرەستەو شـت و مـەك، گرانیـی سـەر هەڵدەدات. فەرمووی: (...إن الله هو المسعّر، القابض، الباسط، الرازق، وإني لأرجو أن ألقى الله وليس أحد منكم يطالبني بمظلمة في دم ولا مال),[1] واتـە: لەڕاسـتیدا خـوا خـۆی نـرخ دادەنـێ. چـونکە ئـەو ڕۆژی گـل

[1] سنن الترمذي, له (كتاب البيوع), به ژماره ١٢٣٥، سنن أبی داود, بـه ژمـاره٣٤٥١. سنن ابن ماجه, به ژماره ٢١٩١.

دەداتەوە، یان والآی دەکاو زۆری دەدا, خۆی ڕۆزیدەرە. من ئومێدم وایە کاتێ دەگەم بەخوا, کەسێك لە ئێوە هیچ ستەمێکم لەگەڵ نەکردبێ، نە لە خوێنیدا، نە لە داراییدا، بە جۆرێ کە لە لای خوا داوای مافی خۆی بکاتەوە لێم. دیارە کاتێ کە نرخدانان بۆ ئەوە بێ دادپەروەریی لە نێوان خەڵکیدا سەقامگیر ببێ، ئەوە مۆڵەتی داوە. لە فەرمودەدا هاتووە: (من أعتق شركا له فى عبد، فكان له من المال يبلغ ثمن العبد، قوّم عليه قيمة العدل),[١] واتە: هەرکەسە پشکی خۆی لە کۆیلەیەکدا ئازاد بکات، ئەوە بە ڕادەی نرخی کۆیلەکە بەشی هەیە، نرخی دادپەروەرانەی لەسەر دادەنێ.

بۆیە زۆربەی فەقیهەکان مۆڵەتیان داوە بەدەسەلآت کە دەست وەرداتە کاروباری نرخدانان لە زۆر حاڵەتدا.. دیارە لە زیادو کەمکردنەوە و، تەسککردنەوەو، بەربلاّوکردندا، ڕای جۆراو جۆریان هەیە.

## قۆناغی سێیەم/ دابەش کردن:

مەبەستمان دابەشکردنە لە ڕەگەزو توخمەکانی بەرهەمهێناندا، کە ئەمانەن:

١–زەوی: دیارە هەرکەس هەر پارچە زەوییەکی کێڵاو بوژاندیەوە، ئەوە داهاتەکەی بۆ خۆیەتی. چونکە پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی:(من أحيا

---

[١] صحيح البخارى, (كتاب العتق) به ژماره ٢٦٨٦. صحيح مسلم به ژماره ١٥٠١.

أرضا ميتة فهي له)،[1] واته: هەرکەس زەوییەکی فەرامۆشکراوی مردووی زیندوو کردەوە، ئەوە بۆخۆیەتی. واتە بەرهەم و دەستکەوتی بۆ خۆیەتی. بەڵام ئەگەر ئەو زەوییەی دا بە کرێ بە کەسێکی تر، یان بووە هاوەڵی کەسێکی تر تیایدا، ئەوە هەرکامیان بەپێی ئەو گرێبەستەی کرێی زەوی، یان کشتوکاڵ، یان ئاودێریی، کە لە سەری ڕێك دەکەون، بەشیان هەیە.

٢-کار: کرێی کارو ئیشکەر بەڕەزامەندیی نێوان بەکرێدەرو کرێکار، دیاری دەکرێ لەم سەردەمەدا - لە زۆربەی وڵاتانی جیهان- وا باوە کە کەمترین کرێ دادەنرێ، بۆ ئەوەی خاوەنکارەکان هەلەکان نەقۆزنەوە، ئەمەش جۆرە سەقامگیرییەکی بۆ بزاوتی ئابوری دەستەبەر کردووە. ئێمە پێمان وایە فەرمانڕەوای موسڵمان بۆی هەیە کە ئەو سنورردارکردنە بکات، چونکە بەشێکە لە بەرپرسیارێتی بۆ هاتنەکایەی دادپەروەری و ڕێگرتنی ستەم لە خەڵکی.

دیارە پێویستە لای کەمی کرێ دیاری بکرێ، تا بژێوی و پێداویستییەکانی کرێکارو ئەوانەی کە بژێوییان لەسەر ئەوە دابین ببێ. بۆ ئەم مەبەستە پشت بەڕووداوو قسەیەکی عومەری کوڕی خەطاب دەبەسترێ، (عبد الرحمن کوڕی حاطب)دەیگێڕێتەوە کە چەند گەنجێك حوشترێکیان دزی و سەریان بڕی و، دواتریش دانیان نا

---

[1] سنن أبی داود، بە ژمارە ٣٠٧٣، سنن الترمذي، بە ژمارە ١٢٩٩.

بەدزییەکەیاندا. بۆیە پێشەوا عومەر فەرمانی دا دەستیان ببڕدرێ، بەڵام پاش ئەوە لە بڕیارەکەی گەڕایەوەو، ڕوو بەخەڵکەکە وتی: ئەگەر بمزانیایە خەتای ئێوەی تێدا نیە، کە برسیتان کردوون و، کارێکتان کردووە کە تووشی حەرام ببن، دەستیانم دەبڕی، دواتر ڕوو بە خاوەنی ئەو گەنجانە وتی: سوێند بەخوا جارێکی تر فەرامۆشیان بکەی سزایەکی گرانت دەدەم و, غەرامەت دەخەمە سەر.[1]

٣- سەرمایە: هەندێ جار سەرمایە شمەك و کەرەسەیە، هەندێ جار پارەو دراوە، یەکەمیان وەکو: بیناو ئامێرو ئۆتۆمبێل و کەرەسەو ئامێرو شتی لەو بابەتە، کە دەکرێ بە شێوەی سنوردار بەکرێ بدرێن، یان بخرێنە کۆمپانیایەك و، خاوەنەکەیان بەشی هەبێ، بەڵام سەرمایەی پارە ناکرێ بەکرێ بدرێ، چونکە کرێ لەو حاڵەتەدا دەبێتە سوو، کە گومان لەحەرامبوونیدا نیە. بەڵام دەکرێ بخرێتە کۆمپانیایەك و بەشێوەی هاوبەش کاری تێدا بکرێ.(بەشێوەی سەرمایە لە هاوبەشێك و, کار لە هاوبەشەکەی تر)، ئەوکاتە قازانجی کۆمپانیاکە بەپێی ڕێکەوتنی نێوانیان دابەش دەکرێ.

## قۆناغی چوارەم/ بەکارهێنان:

دیارە ئامانجی سەرەکی لە بەرهەمهێنان پڕکردنەوەی پێداویستی خەڵکییە، ئەمەش بەوە دەبێ کە بەرهەم و بەرووبوم بەکار بهێنرێ،

---

[1] (بەیهەقی) بە ژمارە ١٧٠٦٤.

دیاره بەکارهێنانیش شێوازو شوێنێکی سروشتی هەیەو، خەڵکی پێوەی پابەندن، ئیسلامیش چەند ڕێسایەکی بۆ داناوە، بۆ نمونە هەروەك ڕژدی و دەستنوقانی قەدەغە کردووە، زیادەڕەویشی ڕەت کردۆتەوە. خوا دەفەرموێ: ﴿وَلاَ تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ وَلاَ تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ﴾ الأسراء:٢٩, واتە: دەستت گرمۆڵە مەکە بەرەو گەردنت. (واتە: دەستنوقاو مەبە)، بەتەواویش والآی مەکە (واتە: دەستپژاو مەبە). هەروەها دەفەرموێ: ﴿وكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾ الأعراف: ٣١، واتە: بخۆن و بخۆنەوەو زیادەڕەویی مەکەن، بەدڵنیایی خوا خۆشی نایەت لەوانەی زیادەڕەویی دەکەن.

لەسەرێکی ترەوە پێداویستییەکانی خەڵکی ڕیزبەندیی کردووە، بۆ نمونە دەفەرموێت: (إبدأ بنفسك، فتصدّق عليها، فإن فضل شيء فلأهلك، فإن فضل عن أهلك شيء فلذي قرابتك، فإن فضل عن ذي قرابتك شيء، فهكذا وهكذا),[1] واتە: لەخۆتەوە دەست پێ بکە، پێی ببەخشە (واتە مافەکانی خۆت دابین بکە)، ئەگەر شتێك مایەوە، بیبەخشە بەخێزانەکەت، ئەگەر لەوانیش مایەوە، بیبەخشە بەخزمە نزیکەکانت، ئەگەر لەوانیش مایەوە، بەو جۆرە کەسانی تر بەدوای ئەواندا..

---

[1] صحيح مسلم، كتاب الزكاة، به ژماره ٩٩٧. سنن النسائی, به ژماره ٢٥٤٦.

دیاره ئیسلام ڕیزبەندیی پێداویستییەکانیشی کردووە، سەرەتا شتە زۆر پێداویستەکان (ضروریات)، پاشان نیازمەندییەکان (حاجیات)، بەدوایاندا تەواوکاری و جوانکارییەکان (تحسینیات).

**سێیەم/ هاریکاریی دارایی لە کۆمەڵگەدا:**

لە هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا منداڵانێك هەن کە ناتوانن ئیش بکەن، هەروەها کەسانی پیریش هەن کە توانای کاریان نەماوە، جگە لەچەندین نەخۆش و کەمئەندام کە داهاتیان فریای دابینکردنی پێداویستییەکانیان ناکەوێ، تەنانەت ئەو گەنجانەش کە کار دەکەن، زۆر جار ئەو کرێیانەی وەری دەگرن پێویستییەکانیان پڕ ناکاتەوە.. بۆیە لەدێرزەمانەوە خەڵکی لەڕێی مەبدەئی هاریکاری کۆمەڵایەتییەوە ئەم حاڵەتانەیان چارەسەر کردووە، بۆیە ئیسلامیش چەند حوکمێکی داناوە بۆ کامڵکردنی ئەو بوارانە، وەك:

– ئەو حوکمانەی پێویست کراون لەسەر خەڵکی بەرامبەر یەکتر: وەکو نەفەقەی واجب لەسەر هەندێ کەس بەرامبەر کەسە نزیکەکانی، یان زەکاتی واجبکراو لە سەرمایەی دارایی، لە کاتێکدا کە ساڵی بەسەردا دێتەوە. هەروەها (سەرفیترە)ی مانگی ڕەمەزان کە دەبێ هەر موسڵمانێك بەڕادەی خۆراکی کەسێك، ئەوەی لەخۆی زیادە بداتە کەسێك، لەبری خۆی و ئەندامانی خێزانی و ئەوانەی ژیانیان لەسەر ئەوە، ئەمە جگە لە کەفارەتە داراییەکان و، بەشداریی لە دابینکردنی خوێنی حاڵەتی کوشتنی هەڵەو، شتی تری لەو بابەتە.

– هەندێ لەو حوکمانەی دەوڵەت پێیان هەڵدەستێ: ئـەویش لـە داهاتـەکانی دەوڵـەت، وەك: (فيء) واتـە: دەسـکەوتەکانی کـە لـەڕێی غـەیری شـەڕەوە دەسـت دەکـەون، یـان پێنجیـەکی (غەنیمـە) واتـە: داهاتەکانی شەڕەکان. یان باجی زەوی و زارو،تێکڕای داهـاتی جـۆرە باجەکانی تر کە فەقیهـەکان نێویـان نـاوە (عطـا) واتـە: بەخشـش بـە سندوقی گشتی دەوڵەت. لە ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺدا هاتووە: کاتـێ داهـاتی (فيء) دەگەیشـتە دەسـتی، هـەمان ڕۆژ دابەشـی دەکـرد، دوو بەشی دەدا بە کەسانی خێزاندارو، بەشێکیشی بە ڕەبەنەکان.[1]

جا ئەگەر داهاتە ئاساییەکانی دەوڵـەت ئـەو پێداویسـتییانەی پـڕ نەکردەوە، ئەوە زانایان وتویانە: "دەبێ پێشـەوای وڵات داوا بکـا لـە دەوڵەمەندان کە زیادەی سامانیان ببەخشن، بەجۆرێك کە پێداویستی دابین بکرێ و، تـا سـنوری کیفایـەت پێویسـتی و حاجـەت نـەمێنێ.. پێشەوا (جوینی) وتویەتی: کیفایەت بەدابینکردنی قووت تەواو دەبێ، ئـەوەش: گۆشـت و، دەرمـان و، میوەجـات و، پۆشـاك و، شـوێنی حەوانەوە دەگرێتەوە.[2]

– هەندێکی تر کەرەسەو هۆکارە ئیختییاریەکانن: چونکە ئیسلام هانی موسوڵمانان دەدا کە چارەسەری کەم و کورتی بکرێ، لە کـاتی

---

[1] سنن أبی داود، بە ژمارە ٢٩٥٣. مسند أحمد, بە ژمارە ٢٢٨٧٨.

[2] (الغیاثی)، جوینی، تەحقیقی د.عبد العظیم الدیب، لا: ٢٤٩ و ٢٦٧ و ٥١١.

دابەشـــكردنی ســـاماندا بەســـەر خەڵكیـــدا، وەك: خێـــرو خێراتـــە خۆبەخشـیيەكان، خێراتــە درێژخايەنــەكان (الصـدقات الجاريـة)، وەك: ئەوقافە خەيرييەكان، وەقفە تەرخانكراوەكان بۆ نەوەو خزمانی نزيك، وەســـيەتەكان، ديـــاری و بەخششـــەكان، كەرەســـە ســـپاردەكراوو بەئەمانەت براوەكان، قەرزە درێژخايەنەكان (القروض الحسنة).. هتد.

# بەشی شازدەهەم

# ئیسلام و سزاکان (العقوبات)

ئێمە باوەڕمان وایە کە شەریعەتی ئیسلام گشتگیرەو، بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و پەروەردگاری، مرۆڤ و خۆدی مرۆڤ ، مرۆڤ و خێزان ، مرۆڤ و کۆمەڵگە، مرۆڤ و ئوممەی ئیسلامیی، مرۆڤ و مرۆڤایەتی و، مرۆڤ و بونەوەرو دەوروبەری بە گشتی، هاتووە.

بۆیە بەشێکی پەرستش و (عبادات)ە، یا ئەو شتانەی پەیوەندییان بەپەرستشەوە هەیە، وەك: نەزرکردن، سوێندەکان، قوربانیکردن و، حوکمەکانی سەربڕینی ئاژەڵ. بەشێکیشی باس لە هاوسەرگیری و، خێزان و، حوکمەکانی ئەو بوارەیە. بەشێکی تریشی تایبەتە بەکڕین و فرۆشتن و، مامەڵە داراییەکان، هەروەها بواری سیاسەتی شەرعی، بابەتەکانی حوکمڕانی، مافەکانی هاوڵاتیان لەسەر دەسەڵات و، پێچەوانەکەشی، ئەو شتانەی کە دەچنە خانەی تێگەیشتنی دەستوریی. هەروەها ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی ئوممەتی ئیسلام لەگەڵ غەیری خۆی, لەهەردوو حاڵەتی ئاشتی و کاتی شەڕ، واتە: (پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان)، یان بواری ڕێکخستنی ئەوەی پەیوەندی بە تاوان و خۆلادان لەتاوان هەیە، واتە (هۆشیاری بواری تاوان و سزاکان) کە هەموو بابەتەکانی حوکمەکانی (حدود) و (قصاص) و سزا دەگرێتەوە.

ئەم لایەنانە هەمووی بەشێکن لـە بەشـە فراوانـەکانی شـەریعەت، بەڵام بەداخەوە لە زیهنی زۆر کەسدا ئەوە چەسپاوە کـە کاتـێ باسـی جێبـەجێکردنی شـەریعەتی ئیسـلامیی دەکـرێ، یەکسـەر بیریـان بـۆ ئەنجامـدانی حوکمـەکانی (حـدود)و سـزاکان دەچـێ، وەك: بڕینـی دەستی دزو، شەلاقدان لە زیناکارو، ئـارەقخۆرو.. هتـد، لـە کاتێکـدا زۆربەی ئەم حوکمانە لە کۆتاییەکانی سەردەمی مەدەنیدا بڕیار دراون – واتە لەدوا ساتەکانی ژیانی پێغەمبەردا ﷺ– پاش سـەقامگیربوونی یاسادانان و گەڵاڵەبوونی شەریعەت، وەك حـوکمی دزیـی چـکۆلە، کـە دەربارەی دەفەرموێ: ﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُواْ أَيْدِيَهُمَا﴾ المائدة/ ٣٨، واتە: ئەو پیاوو ژنە دزانـەی– پیشـەو کاریـان بۆتـە دزی– دەسـتیان ببڕن. یان حوکمە دزی و تاڵانە گەورەکان– کـە بـە جـەنگی دژایـەتی خـواو پێغەمبـەرو بڵاوکردنـەوەی گەنـدەڵیی ناوزەنـد کـراوە– کـە دەربارەی دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا جَزَاء الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَاداً أَن يُقَتَّلُواْ أَوْ يُصَلَّبُواْ﴾ المائدة/ ٣٢، واتە: بەڕاستی سزای ئەوانـەی دژی خـواو پێغەمبـەر ﷺ جـەنگ دەکـەن و، لەسـەرزەویدا گەندەڵی بڵاو دەکەنەوە، ئەوەیـە کـە بەتونـدی و سـەختی بکـوژرێن، یان هەڵواسرێن..(جەنگ لەگەڵ خواو پێغەمبـەر ﷺ واتـە جـەنگ دژی بڵاوبوونەوەی ئاینی خواو, دژی میللەت و خەڵکی).

بـەڵام دەبـێ بـزانین ئەگـەر بمانـەوێ شـەریعەتی ئیسـلامیی بەدروستی جێبەجێ بکەین، دەبێ کەش و هەوای گونجاوی بـۆ دابـین

بکەین، ئـەویش بـەوە دەبـێ هـەمووی پێکـەوە جێبـەجێ بکـرێ، بـۆ نمونە: نابێ لە کۆمەڵگەیەکدا کە بێکارو هەژاری و ناعەدالەتیی تێدایە لە دابەشکردنی سامانداو، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی تێدا نیـە، تـەنها حوکمی دزی کردن جێبەجێ بکرێ. واتـە: نابـێ حـوکمی سـزای دزی کـردن لـە کۆمەڵگەیەکـدا جێبـەجێ بکـرێ کـە زەکـاتی سـامانی تێـدا نـادرێ، یـان کـار بـۆ بێکـاران نادۆزێتـەوە، یـان خـۆراك و بـژێوی بـۆ کەسانی برسی و، پۆشاك بۆ بێ بەرگان و، شوێن بـۆ بـێ شـوێنان و، خوێندن بۆ نەخوێندەواران، دەستەبەر ناکرێ.

بۆیە بینیمان کە پێشـەوا عومـەری کـوڕی خـەطـاب ﷺ حـوکمی بڕینی دەستی دزانی ڕاگرت، کاتێـك زانـی لـە سـاڵی قـاتی و قـڕی دا، دەوڵەت نەیتوانیوە بژێوی و پێداویستی خـەڵك دابـین بکـات، چـونکە دەبــێ حوکمــەکانی ســزادان بەکــەمترین گومــان و بیــانوو لادرێــن و جێبەجێ نەکرێن، بـوونی برسـیەتی و قـات و قـڕیش گومـان دروسـت دەکات, کە خەڵکی لەبـەر ناچـاری و نیازمەنـدیی نـەبێ دزی نەکـەن، بۆیە هەر ئەوە بەس بوو بۆ ئـەوەی سـزاکە ڕاگـیرێ، تـا ئـەو حاڵەتـە کۆتایی دێ و، ئەو خەمە لەسەر خەڵکی لا دەچێ.

دیارە لە دیدی ئیسلامەوە سزادان فاکتەری سەرەکی چارەسەری تاوان نیـە، بـەڵکو خۆپاراسـتن و ڕێ لێگـرتن لـە ڕێـی قەدەغـەکردنی هۆکارەکانیەوە، یەکەم هەنگاوە، چونکە هەمیشە خۆپاراستن چاکترە لە چارەسەر.

بۆ نمونە ئەگەر سەیری تاوانێکی وەك دەستدرێژی سێکسی (زینا) بکەین، دەبینین کە قورئانی پیرۆز لە سەرەتای سورەی (النور)دا، یەك ئایەتی تایبەت کردووە بەسزای ئەو تاوانە، دەفەرموێ: ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾ النور:٢، واتە: ئەو ژن و پیاوەی کە کاری زینا دەکەن، یەکی صەد شەلاقیان لێدەن و، لە (جێبەجێ کردنی حوکمێکی) ئاینی خوادا سۆز نەتانگرێ و (ئەو حوکمە فەرامۆش بکەن)، ئەگەر ئێوە بڕواتان بەخوا و ڕۆژی دوایی هەیە.. لە کاتێکدا سورەی (نور) دەیان ئایەتی تری تێدایە کە ئاڕاستەکانی بەرەو خۆپاراستن و دوورەپەرێزی لە تاوان دەچن، نەك سزادان.

لەسەرێکی ترەوە دەبێ ئەوە بزانین کە جێبەجێکردنی ئەمجۆرە سزایانە کاتێ مەرجە شەرعییەکانی بەتەواوی دێنەدی، کە لە ئەنجومەنی دادوەریدا چوارجار بەڕەسمی دانپێدانان بێتەجێ. وەك ژمارەیەك لە پێشەوایان وتویانە، یان چوار شاهیدی عادیل ڕاستەوخۆ تاوانەکەیان دیبێ لە کاتی ئەنجامدانیداو، بێن شایەتی بدەن لە بەردەم دادگادا، دیارە ئەمەش زۆر بە زەحمەت ڕوو دەدات، بۆیە نە لە سەردەمی پێغەمبەرایەتیدا و، نە لە سەردەمی خەلیفەکاندا لە ڕێی شایەتیدانەوە تاوانی زینا نەسەلماوە، بۆیە لەوە دەچێ مەبەستی ئیسلام ئەوە بێ کە ئاشکرابوونی تاوان قەدەغە دەکرێ، بۆیە ئەو

کەسەی گیرۆدەی تاوانێکی لەو بابەتە دەبێ و دەشاررێتەوە، ئەوە بە (گوتی گوتی و قسە و باس و شایەتی یەك کەس و دوو کەس و تەنانەت سێ کەسیش ناسەلمێ، مەگەر ) شایەتی خۆی و دانپێدانانی خۆی، جا ئەگەر خۆی دانی پێدا نەنا، ئەوە سزادانی هەڵدەگیرێ بۆ ڕۆژی دوایی و، مامەڵەی خوای گەورە لەگەڵی.

خۆ ئەگەر سەیری تاوانێکی تری وەك دزی بکەین، ئەوە دەبینین لە قورئانی پیرۆزدا تەنها دوو ئایەتی بۆ تەرخان کراوە، لە سورەی (المائدە) دەفەرموێ: ﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُواْ أَيْدِيَهُمَا جَزَاء بِمَا كَسَبَا نَكَالاً مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ{٣٨} فَمَن تَابَ مِن بَعْدِ ظُلْمِهِ وَأَصْلَحَ فَإِنَّ اللّهَ يَتُوبُ عَلَيْهِ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ المائده ٣٨-٣٩، واتە: ئەو پیاوو ژنەی کە پیشەیان دزی یە و(ناوی دزیان لێ نراوە)، لەسزای ئەو کارەیاندا، وەك تۆڵەیەك لە لایەن خواوە، دەستیان ببڕن، خوا بەدەسەڵات و داناو لێزانە، جا ئەگەر کەسێ لەوانە – پاش ئەو ستەمەی پەشیمان بووەوەو چاکسازیی و کاری چاکی کرد– ئەوە خوا پەشیمانییان لێ وەردەگرێ، بەڕاستی خوا لێبوردەو بەسۆزو میهرەبانە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە هەموو ئایەتە مەککی و مەدەنیەکانی قورئان پڕن لە باسی بەرپاکردنی دادگەری و، بەرەنگاریی ستەمکاریی و، دەستەبەر کردنی هاریکاریی لە کۆمەڵگەدا، هەروەها هاندانی بەخشینی خۆراك بە کەمدەست و، بەخشینی زەکاتی سامان و دابەشکردنی دەسکەوت و داهاتی تر بەسەر کەسە لاوازو

دەستکورتەکانی کۆمەڵگەدا، لە بێ باوکان و هەژاران و ڕێبوارانی پارە لێبڕاوو غەیری ئەوان، تا پارەو سامان تەنها لە نێوان دەوڵەمەنداندا نەسوڕێتەوە.

لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە تۆبەو پەشیمانیی سزا لەسەر تاوانبار لا دەبات، بە پێی پەسەندترین قسەی شافعی و حەنبەلییەکان، لەبەر فەرمودەی خوا کە دەفەرموێت:﴿فَمَن تَابَ مِن بَعْدِ ظُلْمِهِ وَأَصْلَحَ فَإِنَّ اللّهَ يَتُوبُ عَلَيْهِ﴾ المائدە: ٣٩، واتە: ئەگەر کەسێ– لە تاوانباران– پاش ستەمێ کە دەیکات، پەشیمان بوەوەو چاکسازیی و کاری چاکی کرد، ئەوە خوا پەشیمانییان لێ وەردەگرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تۆبەکارو تاوانباری پەشیمان، سزای بەسەردا جێبەجێ ناکرێ، بەڵام ئەگەر تاوانەکە دزی بوو، دەبێ ماڵە دزراوەکە بگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی، پاشان مافی قازییە کە سزایەکی گونجاوی بدا، بۆ تەمبێکردنی.

هەروەها لێرەدا دەبێ بە توندی دژی ئەوانە بین کە داوای هەڵوەشاندنەوەی سزا جەستەییەکان دەکەن بەڕەهایی، تەنها لەبەر ئەوەی کە خۆرئاوا ڕازی بکەن، کە کاری ناپەسەندو نەشیاو تیایدا بۆتە پەسەندو، حەرام و ناڕەوا حەڵاڵ کراوەو، لە ڕێنمویی هەموو پێغەمبەران دەرچوون، تا ڕادەیەك کە وای لێهاتووە مارەبڕینی پیاوان لە پیاوان و ژنان لە ژنان مۆڵەتی پێ دراوە, (زۆر ڕاستە کە وتراوە): ئەگەر حەیا و شەرمت نەکرد، چی ئەکەی بیکە.

# بەشی حەڤدەهەم

# ئیسلام و حوکمڕانیی

حکومەتی ئیسلامیی حکومەتی ئاینیی (سیۆقراطیی) نیە، بەو شێوەیەی کە خۆرئاوا لە چاخەکانی ناوەڕاستدا پێناسیان کردووە، بەڵکو دەوڵەتێکی مەدەنییە و مەرجەعییەتی ئیسلامە.

حکومەتی ئیسلامیی لە بناغەوە لەسەر هەڵبژاردنی ئازاد لە لایەن ئوممەتەوە بنیات دەنرێ. ئەمە ڕای هەموو مەزهەبەکانی لەسەرە، بە مەزهەبی شیعەی ئیمامیشەوە,[1] هەرچەندە ئەوان بەستویانەتەوە بەو سەردەمەوە کە ناویان ناوە سەردەمی دیارنەمانی ئیمام (عصر الغيبة)، بەڵام مەزهەبەکانی تر وا دەبینن کە هەڵبژاردنی ئوممەت بۆ حاکم و بەرپرسانی، مەبدەئی بنەڕەتییە لەهەموو هەل و مەرجەکاندا، بە چاولێکردن لەو کارەی کە یارانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ کردیان، کاتێ چوار خەلیفەی (ڕاشدین)یان هەڵبژارد.

حکومەتی ئیسلامی، لەبنەڕەتدا جێبەجێکردنی شەرعی خوا دەکاتە ئامانج. دەفەرموێ:﴿ وَأَنِ احْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ﴾ المائدە: ٤٩، واتە: بەو بەرنامەیەی خوا ناردویەتی لە نێوانیاندا حوکم بکە.

---

[1] لە ڕاستیدا بەلای مەزهەبی شیعەی ئیمامییەوە– لە کاتی نەبونی مەهدیدا– جێگری مەهدی بریتییە لە (ڕابەری گشتی) کە حوکم بە (ویلایەتی فەقیه) دەکات و، زۆرێ لە دەسەڵاتەکانی باڵاترن لە شوراو دەزگا هەڵبژێرراوەکان، بەپێچەوانەی مەزهەبە سوننی یەکانەوە کە دامەزراوەی شورا باڵاترین دەستەڵاتە بە لایانەوە. ع. عبد العزیز.

ئامـــانجێکی تـــر ســـەقامگیرکردنی دادپەروەرییـــە لـــەنێوان خەڵیکدا.﴿إِنَّ اللّـهَ يَـأْمُرُ بِالْعَـدْلِ وَالإِحْسَـانِ وَإِيتَـاء ذِي الْقُرْبَـى﴾ النحل: ٩٠، واتە: بەڕاستی خوا فـەرمان دەکـات بـە دادو چـاکەکاری و, بەخشـش بەنزیکان. بگرە خوای گەورە بەرقەرارکردنی دادگەریی لەنێوان هەموو خەڵکیـدا بـە ئـەرکی هـەموو پێغەمبـەران دانـاوە. دەفـەرموێ: ﴿لَقَـدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْـط ﴾ الحديد: ٢٥، واتە: بەڕاستی پێغەمبـەرانمان بـە بەڵگـەو نیشـانەگەلێکەوە ناردووەو، کتێب و تەرازوومان لەگەڵ ناردوون تـا خـەڵکی هەسـتن بـە دادگەریی..

حکومەتی ئیسلامیی پشت بەسەرچاوەیەك دەبەستێ کـە خـۆی دای نـــاوەو، ناشـــتوانێ بیگـــۆڕێ (ئـــەویش قورئـــان و ســـوننەتی پێغەمبەرە)، ڕاگرانی ئەو حکومەتە پیاوانی ئاینی نین، بەڵکو هـەموو کەسـێکی بـەهێزو ئەمانەتـدارو، پـارێزەرو زانایـە، لەوانـەی خـوا دەیانناسێنێ و دەفەرموێ:﴿ الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَـامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَـنِ الْمُنكَـرِ﴾ الحج: ٤١، واتـە: ئەوانـەی ئەگەر لەسەر زەوی دامانمەزراندن و پێگـەمان پـێ بەخشـین، ئـەرکی نوێژ، ڕاگیر دەکەن و، زەکاتی سامانیان دەدەن و، فـەرمان بەچـاکە دەکەن و، قەدەغەی خراپە دەکەن.

**چاودێریی ئوممەت:**

حکومەتی ئیسلامیی ئەرکەکانی لەژێر چاودێری و پرسینەوەی ئوممەتدا جێبەجێ دەکات، حاکم و فەرمانڕەوا نوێنەرایەتی خەڵك دەکات، ئەرکی سەر شانی هاووڵاتیانیشە کە ئامۆژگاری و ڕەخنەی ئاڕاستە بکەن و, لە کارە چاك و پەسەندەکانیدا گوێڕایەڵی لێ بکەن، هەرکەسیش فەرمانی کرد بە گوناهکردن نە گوێی لێ دەگیرێ، نە فەرمانی جێبەجێ دەکرێ. هەر هاووڵاتیەکیش سەرپێچی کرد لە فەرمانڕەوای لادەرو، لەکاری هەڵەدا بەگوێی نەکردو، دووچاری کوشتن هات، ئەوە بەشەهید ئەژمێرێ. لە فەرمووەدا هاتووە: (سید الشهداء حمزة، ورجل قام إلى إمام جائر فأمره ونهاه فقتله),[1] واتە: گەورەی شەهیدان (حەمزە)یە، هەروەها کەسێك دژی پێشەوایەکی ستەمکار هەستێ و، فەرمانی بەسەردا بدات، یان قەدەغەی بکات لە خراپە، بەڵام ئەو بیکوژێ.

**شورا و ڕاوێژکردن:**

حکومەتی ئیسلامیی کاروبارەکانی بەشێوەی شورایی و ڕاوێژ کردن بەڕێوە دەبات. خوای گەورە سەبارەت بە مسوڵمانان دەفەرموێ: ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ﴾ الشورى:٣٨، واتە: فرمان و کاروباری موسوڵمانان لە نێوان خۆیاندا بەشورا و ڕاوێژکردنە. ڕوو بە

---

[1] -(الحاکم) لە (المستدرك) گێڕاویەتەوە ، بە ژمارە ٤٨٨٤، (جامع الصغیر)ی سیوطی بە ژمارە ٣٦٧٥.

پێغەمبەرو سەرکردەی موسوڵمانانیش دەفەرمویٚ: (وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ ) آل عمران: ١٥٩، واتە: لەفرمان و کاروبارەکاندا ڕاویٚژ لەگەڵیاندا بکە، واتە لەگەڵ ئەوانەی دەبنە ئەندامی ئەنجومەنی شوراو جێی پرس و ڕاوێژن.

لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ئەو بۆچونە دروست نیە کە گوایە کاربەدەستی مسوڵمان (ولى أمر) ڕاوێژ دەکا، بەڵام دواتر بۆ خۆی بڕیار دەدات، بەو مانایە کە شورا پابەندی ناکات. ڕاستتر ئەوەیە لەو بوارانەدا کە لە بازنەی پسپۆڕی و دەسەڵاتەکانی خۆیدایە، بۆی هەیە شورا تەنها بۆ ئاگادارکردنەوەی بێت، بەڵام لە هەر پرس و بابەتێکی تردا کە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنە پسپۆڕەکان بێت، شورا دەبیٚ پابەندی بکات و، نابیٚ لێی دەرچیٚ، وەگەر نا هیچ کەڵك و سوودێك لە شوراو ڕاوێژکردندا نامێنیٚ و، هیچ ماناو ناوەڕۆکێك نامێنێتەوە بۆ ئەهلی شورا کە ناونراون (ئەهلی حلّ و عقد) واتە: (کەسانی شارەزا لەبواری کردنەوەی گرێکان و بەستنی گرێبەستەکان).

### دابەشکردنی دەسەڵاتەکان, یان جیاکردنەوەیان:

مرۆڤایەتی پاش ئەزمونێکی تاڵ و دوورو درێژ, گەیشتۆتە بیرۆکەی دابەشکردنی دەسەڵات بۆ سیٚ دەزگای: یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی، پاش ئەوەی جاران هەرسێکیان لە تاکە فەرمانڕەوایەکدا کۆ بوبوونەوە. بەڵام ئەو شێوازی دابەشکردنە تا

ڕادەیەك زۆر سەرکەوتوو بوو، بە تایبەتی لە کەمکردنەوەی تاکڕەویی حکومڕانەکان، بگرە بنبڕکردنیدا، هەروەها لە بواری دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەنی ڕووبەڕووبوونەوەی زیادەڕەویی فەرمانڕەوا یاخییەکاندا، یان بڵاوبوونەوەو گەشەکردنی ئازادییە سیاسییەکاندا، یان سەرهەڵدانی دیاردەی ڕۆژنامەگەریی ناحکومیدا، یان لەبواری میدیاو ڕاگەیاندنی سەربەخۆو، حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان و، هەڵبژاردنی ئازاددا.

دەستکەوتێکی تری جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ئەوە بوو کە خەڵکی ئاشنابوون بەدیاریکردنی میکانیزمەکانی کاری دەسەڵات لە چوارچێوەی چەند دەستوورێکی تۆمارکراودا, بۆ ڕێکخستنی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و، دیاریکردنی دەسەڵاتەکانیان، هەروەها ڕێکخستنی ئازادی کاری سیاسی و، چەند پرس و بابەتی تر کە دەچنە خانەی دیموکراسی و، ئەو بوارانەی کە لەگەڵ گیانی ئیسلام و ئامانجە گشتییەکانی و، پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی یەك دەگرنەوە، هەرچەند لە هەموویاندا دەق و تێکستی ڕاستەوخۆش نەهاتبێ.

**دیموکراسی:**

سەبارەت بە دیموکراسی: لە ڕاستیدا ڕەدکردنەوەی بەڕەهایی — بە پاساوی ئەوەی مەبدەئێکی لە دەرەوە هێنراوە— ڕاست نیە، تا ئەو ڕادەیەی کە دەستەواژەو چەمکەکانی وەك میکانیزمێك وا بن بۆ

جێبەجێکردنی زۆرێ لە ئەحکام و پرەنسیپ و بەها ئیسلامییەکان، یان بەلای کەمەوە دژ نەوەستێتەوە لەگەڵیان.

لەلایەکی ترەوە ئەوەش ڕاست نیە کە دەگوترێ دیموکراسی بە واتای (حوکمی گەل)ەو، ئیسلام (حوکمی خوا)یە و، ئەمەش نیشانەی دژبوونی ئەو دوو چەمکەیە بەیەکتر، چونکە دەگونجێ گەل لە ڕێی ئامرازو ڕێگا دیموکراسییەکانەوە حوکمی خوا هەڵبژێرێ. هەروەك دەگونجێ حوکمی خوا بەهۆی خواستێکی جەماوەرییەوە دەستەبەر بکرێ, باشتر لە زۆرێ لە حوکمڕانە دیکتاتۆرەکان. قورئانی پیرۆزیش حوکم و فەرمانڕەوایی گەلان بۆ خۆیان بەڕەوا دەزانێ، بەڵام حوکمڕانیی فیرعەونەکان و حاکمە یاخییەکان ڕەد دەکاتەوە. ئەوەتا بەخراپ ناوی فیرعەون و هامان و قارون دەبات و، نەفرەت لە ستەمکارە خۆ بەزلزانەکان دەکات. دەفەرموێ: ﴿إِنَّ فِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَجُنُودَهُمَا كَانُوا خَاطِئِينَ﴾ القصص:٨، واتە: بەڕاستی فیرعەون و هامان و سەربازەکانیان هەڵەبوون.

هەروەها ئەو قسەیەش کە دەگوترێ: گوایە (ڕای زۆرینە) مەبدەئێکی ترە کە لە دەرەوە هێنراوەو، پێچەوانەی ڕێنماییەکانی ئیسلامە، ڕاست نیە. چونکە بەڵگەی زۆر هەن لەسەر ئەوەی کە ڕای زۆرینە وەرگیراوە. نمونە: بەهەندگرتنی ڕای زۆرینەیە لەلایەن پێغەمبەرەوە ﷺ لە ڕۆژی (ئوحود)دا، یان ئەوەی عومەر ﵁ کردی و یارانی پێغەمبەر ﷺ پەسەندیان کرد، کاتێ شەش کەسی دیاری کرد

تا جێنشین دیاری بکەن بۆ موسوڵمانان و، بە زۆرینـە هـەڵی بـژێرن,[1] زۆربـەی کـاتیش پێغەمبـەر ﷺ فـەرمانی ئـەدا کـە پـەیڕەویی لـە ڕای زۆرینە بکرێ.[2]

**ئازادییە سیاسییەکان:**

ئیسلام ڕێز لە ئـازادی و مافـە بنەڕەتییـەکان دەگـرێ، بۆیـە زۆر لێکردنــی لەســەر وەرگرتنــی ئاینیشــی قەدەغــە کــردووە، خــوا دەفەرمویٚ: ﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ﴾ البقرە:٢٥٦، واتە: زۆرلێکردن لە ئایندا نیە، چونکە ڕێی چاکەو تەواو لە گومڕایی و سـەرگەردانیی ڕوون بۆتــەوە. واتــە: پــاش ڕوونبوونــەوەی هــەردوو ڕێگاکە، پێویسـت نیـە زۆر لـە کـەس بکـرێ، بـۆ پابەنـدی لـە ئـاین و وەرگرتنی، یان ڕەتکردنەوەی.

هەروەها ئیسلام ڕێـز لـە ئازادییـە سیاسـییەکانی مـرۆڤ دەگـرێ، بۆیە ئازادە لە هەڵبژاردنی هەرکەسدا کە دەیەوێ، یـان هەرکـەس بـۆ هەر پۆستێ بپاڵێوێ، مادام مـەرجی پێویسـتی بـۆ ئـەو پۆسـتە تێـدا بێت. هەروەها بۆی هەیە کە ڕەخنە لە کاربەدەستان بگرێ، هـەرکات

---

[1] – صحيح البخاري، بەشی (الأحكام).

[2]- بە دەستەواژەی (اتباع السواد الأعظم), (ابن ماجة، كتاب الغنى، باب السواد الأعظم، لـە سـەنەدەکەیدا لاوازییـەك هەیـە. ئەحمـەدیش لـە موسـنەد گێڕاویەتـەوەو لای ئـەو دروستە.

زانی کە هەڵەیەکیان هەیە، بگرە ئامۆژگاریی تاکی هاووڵاتی بۆ حاکم و فەرمانڕەوا بە ئەرکێکی شەرعیی زانیوە، ئەگەر بەزیانیش تەواو ببێ بۆ سەر خاوەنەکەی.

جێنشینەکانی (ڕاشدین) دانیان نابوو بەبوونی ڕای سیاسی جیاوازدا، چ لەسەر ئاستی تاکەکان، چ لەسەر ئاستی گروپ و دەستەی جیاجیا. جگە لەوەش مافیان دەدا بەو خاوەن ڕاو هەڵوێستە جیاوازانە کە گوزارشت لە بۆچوونی خۆیان بکەن و، لە سنوری مەرج و پێوانە شەرعییەکاندا جموجوڵی بۆ بکەن. نمونە داننانی عەلی کوڕی ئەبو طالبە بە(خەوارج)دا – هەرچەندە هاوبیر نەبوو لە گەڵیاندا– بەڵام مافەکانی دەپاراستن، تا ئەو کاتەی دەستپێشخەرییان نەئەکرد لە شەڕکردن لەگەڵ مسوڵماناندا.

**فرەیی حزبیی:**

زۆربەی کۆمەڵگە مرۆییەکانی ئەمڕۆ لەڕێی فرەیی سیاسییەوە لە جێی سیستمی تاکحیزبی، دانیان ناوە بە ئازادییە سیایەکان و فرەیی سیاسیدا. لە ئیسلامیشدا هیچ ڕێگرییەك نیە بۆ فرەیی ڕێکخراوەو کۆمەڵەکان، بە تایبەتی کاتێك فرەیییەکە بۆ جۆراوجۆری و پسپۆڕیی بێت، نەك بۆ دژایەتی و پێچەوانەیی. فرەیی تەواوکاریی و هاریکاری بێت، نەك فرەیی کینەو بەربەرەکانێ. جگە لەوەش لە ئیسلامدا شتێ نیە ڕێ لە فرەیی سیاسی بگرێ، مادام هەموو حزبەکان ڕێز لە پرسە جێگیرەکان (ثوابت)ی ئوممەت بگرن و، دەست لەگەڵ دوژمنانیدا

تێکەڵ نەکەن. ئەمە لەو پەیماننامەیەی مەدینـەدا زۆر ئاشـکرابوو کـە پێغەمبـەر ﷺ لـە نێـوان موسـوڵمان و هـۆزە غـەیرە موسـوڵمانەکاندا مـۆری کـرد، کـە هێڵـە گشـتییەکانی پەیوەنـدیی لەگـەڵ پێکهاتـە سیاسییەکاندا ڕێك خستبوو، کە حوکمی حزبە سیاسییەکانیان هەبوو لەم سەردەمەدا، کە بریتی بوون لە: کۆچەرانی مەککە، یاریدەدەرانی مەدینە بە ئەوس و خەزرەجەکانەوە، هەموو هۆزو تیرە جولەکەکان.. بۆیە لە ڕاستیدا ڕێزگرتنـی فرەیـی حیزبـی و سیاسـی، گوزارشـتە لـە ئامانج و مەبەستەکانی شەریعەت و پرەنسیبە گشتییەکانی.

ئێمە ئەو بەشە لە چەمکی دیموکراسی وەرناگرین کـە پەیوەنـدی بـە فەلسـەفە مادییەکەیـەوە هەیـە دەربـارەی ژیـان، چـونکە ئێمـە فەلسەفەی خۆمان هەیە کە لەعەقیدە ئیسلامییەکە وەرگیراوە. ئێمـە بـەها ئـاینی و ڕەوشـتییەکانی خۆمـان هەیـە، کـە لـە ڕێنماییـەکانی قورئانی پیرۆزو سوننەتی خاوێنی پێغەمبەرەوە وەرگیراون.

سەبارەت بە دیموکراسی: میکـانیزم و ئـەو خاڵانـەی وەردەگـرین کە دەبنە هۆکاری سنوردارکردنی دەسەڵات و، ڕێگرتن لە سەرکەشـی کاربەدەسـتانی تـاکڕەوو سـتەمکار. چـونکە ئێمـە ئـەو میکانیزمانـە بەبەرهەمێکی درێژخایەنی ئەزمونی مرۆیی دەزانین، کە موسڵمانانیش لێی دوور نەبوون، بۆیە مافی خۆیانـە کـە سـوودی لێ ببیـنن، تـا ئـەو تاکڕەوییـە سیاسـییە دوبـارە نەبێتـەوە، کـە لایەنـە پرشـنگدارەکانی مێژووی ئیسلامیی ئێمەی شێواندووە

# بەشی هەژدەهەم

# ئیسلام و، ئاشتی و، جیهادو تێکۆشان[1]

پێغەمبەری خوا ﷺ بە درێژایی سێزدە ساڵ لە شاری مەککەی پیرۆز بە حیکمەت و ئامۆژگاریی جوان بانگێشتی کرد بۆ لای ئاینی

---

١ لەم بەشەدا وەك لە پێشەکی ئەم کتێبەدا ئامـاژەم پـێ کـرد, وەك پێویسـت تیشـك نەخراوەتـە سـەر جیـاوازیی نێـوان هـەردوو چـەمکی (جهـاد) و (قتـال), هەرچـەند ئاماژەیەکی کەمی تێدایە, بەڵام دەبوایە ڕوونـتر بوترایـە: کـە (جهـاد) هـەموو هـەوڵ و تێکۆشانێ لە پێناو گەیاندن و داکۆکی کردن لە ئـاینی خـوا دەگرێتـەوە, بـەڵام (قتـال) تەنها جەنگی نیزامیی دەگرێتەوە. بابەتی (جهاد) لە قورئاندا باسی تێکۆشانە لە پێنـاو ئـاینی خـوادا بـە هـەموو جۆرەکـانی تێکۆشـان، بـە بەڵگـەی واتـاو مـەدلولی وشـەکەو، باسکردنی باسەکانی جیهاد لە چەند جێیەکی قورئانی (مەککی)دا وەك ئایەتی (والذين جاهدوا فينا لنهدينهّم سبلنا)، یان ئایەتی (وجاهدهم به جهادا كبيرا). بۆیە نابێ باسـی (سلم) و ئاشتی لەگەڵ (جهاد) تێکەڵ کرێ, بەڵکو دەبێ لە کاتی باسی (قتال) ئاماژەی پێ بکرێ, واتە: کاتی باسی شەڕو حوکمەکانی جەنگی نیزامیی، ئەو جەنگانەی یەخەی دەوڵەتی ئیسلامیی دەگرن و، ڕوبەڕوبوونەوەیان دەبێتە ناچاری و حوکمی واقیع، بۆیـە ئـەحکامی تایبـەتیان بـۆ دانـراوە, هەنـدێ جـاریش صـوڵح و ئاشـتەوایی لـە نێـوان مسوڵمانان, یان دەوڵەتی ئیسلامی و نەیارانیدا ڕوو دەدا.

بە بۆچونی بەندە دەبوایە بەمجۆرە باس لەو بابەتە بکرایـەو، ئـەو ڕاسـتکردنەوەیە بدرایە بە خوێنەران، بەڵام نوسەری (میثاق) بە کورتیی ڕوونی کردۆتـەوە, بـە مـەرجێ مامۆستا قەرەزاوی سەرۆکی یەکێتییەکە, بۆ خۆی لە چەندین کتێبیدا بە جوانی و دوور و درێژی ئەو بابەتەی شی کردۆتەوە.. ع. عبد العزیز.

خوا، به بێ ئەوەی داوای پاداشت له کەسێ بکات، یا هیچ چاوەڕوانی یەکی له کەس هەبێت، جگـه لـەوەی خـوای گـەوره بـه پـەروەردگارو فەرمانڕەوای خۆیان بزانن.

بەڵام نەتەوەی قورەیش کـه نەتـەوەی خـودی پێغەمبـەر بـوون، لەگـــەڵ عەرەبـــه بتپەرســـتەکانی دەوروبـــەریان، بـــه ئـــازاردان و چەوساندنەوەو ئاشوب و سزادان، بەرەنگاری بانگەوازەکەی بوونەوە، که به دەربەدەرکردنی خـۆی و هـاوەڵانی کۆتـایی هـات. لـەو سـێزده ساڵەدا مسوڵمانان به ئازاردراوی و چەوساوەیی دەهاتنـه خزمـەتی و، داوایان لێ دەکرد که چەك هەڵگرن، تا داکۆکی لەخۆیان بکەن، بـەڵام ئەو فەرمانی پـێ دەدان که خۆڕاگر بن و، تەحـەمولی ئـازارو سـزادان بکەن. به (فەرمانی خوا) پێی دەگوتن: ﴿كُفُّواْ أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ﴾ النساء/ ٧٧، واته: دەست هەڵگرن و (خۆتان لادەن له ڕوبەڕوبوونەوە)و، نوێژەکانتان جێبەجێ بکەن.

بەو شێوەیه مسوڵمانان بەدرێـژایی سـەردەمی مەککـه لـەجیهادو تێکۆشانێکی بەردەوامدا بوون، بـەڵام جیهـادی ڕم و شمشـێر نـەبوو، بەڵکو جیهادی بانگەوازو ڕوونکردنەوەو گەیاندنی پەیام بوو. ئەمجۆره تێکۆشان و جیهادەش قورئان ناوی ناوه جیهادی گەوره. دەفەرموێ: ﴿فَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَجَاهِدْهُم بِهِ جِهَاداً كَبِيراً﴾، الفرقان/٥٢، واته: گوێڕایەڵی بێ باوەڕان مەکـەو، بـه قورئـان جیهـادێکی گـەورەیان لەگەڵدا بکـه. جیهـــادی ئـــەو قۆناغـــه جیهـــادی خـــۆڕاگری بـــوو لەســـەر ئـــازارو

ئەشکەنجەدان. کە نمونەی ئەو ستەم و ئازاردانە ئەو ئابلۆقەیە بوو قورەیش خستیانە سەر مسوڵمانان، کە گەیشتە ڕادەیەك گەڵای درەختیان دەخوارد. دواتریش کۆچی دووجارەی بەرەو وڵاتی حەبەشە لێ کەوتەوە. لەم بارەیەوە فەرمودەی خوا دابەزی کە دەفەرموێ: ﴿أَحَسِبَ النَّاسُ أَن يُتْرَكُوا أَن يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ ﴾، العنكبوت/ ٢، واتە: ئایا خەڵکی وا گومان دەبەن کە ئەگەر وتیان: وا باوەڕمان هێنا، ئیتر وازیان لێ دەهێنرێت و تاقی ناکرێنەوە؟

(بەم تێگەیشتنە قورئانییە دەردەکەوێ کە) مسوڵمانان بەدرێژایی تەمەنی موجاهیدو تێکۆشەرە، تێکۆشەرە دژی دەروونی خۆی و شەیتانەکەی، تێکۆشەرە دژی شەڕو فەسادو گەندەڵیی لە دەوروبەریدا. تێکۆشەرە بەزمان و قەڵەمی بۆ گەیاندنی بانگەوازەکەی، (کەواتە هەمیشە موجاهیدو تێکۆشەرە)، بەڵام مەرج نیە هەمیشە جەنگاوەر بێت.

کەواتە جەنگ هەمیشە پێویست نیە، بەڵکو بە پێی پێداویستی یەکانی– کە دواتر باسیان دەکەین– (قۆناغی) دێتە ئاراوە. لەبەر ئەوەشە پێغەمبەری خواو یارانی, بە درێژایی سەردەمی مەککە موجاهیدو تێکۆشەر بوون، بەڵام جەنگیان نەکرد تا کاتی پاش کۆچکردن.

بەو جۆرە مانەوە تا کۆچیان کرد بەرەو شاری مەدینەو، یەکەم ئایەت دابەزی و مۆڵەت دران کە بۆ داکۆکی لەخۆیان و پاراستنی ماف

و پیرۆزییەکانیان بجەنگێن، ئەویش فەرمودەی خوا بوو کە دەفەرموێ:﴿ أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ{٣٩} الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّا أَن يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ﴾ الحج: ٤٠، واتە: ئەوانەی جەنگیان لەگەڵ دەکرێ، مۆڵەت دران کە (بجەنگێن)، بەو پێیەی کە ستەمیان لێ کراوە. بەڕاستی خواوەند بەتوانایە کە پشتیوانیان لێ بکات، ئەوانەی بە ناڕەواو تەنها لەبەر ئەوەی دەیانگوت: خودا پەروەردگارمانە، لە شوێن و وڵاتی خۆیان وەدەر نران.

دواتر پێغەمبەر ﷺ لە ماوەی دە ساڵی مەدینەدا خۆڕاگریی کرد بەرامبەر ئەو بەرە دوژمنکارییانەی دژایەتیان ڕاگەیاند بەرامبەر بە بانگەوازی ئیسلام: بەرەی بتپەرستانی عەرەب، بەرەی جوولەکە، بەرەی ڕۆمی بیزەنتی. هەر ئەوەش پێغەمبەری ناچار کرد کە ٢٧ غەزا بکات و، بۆ خۆی تێیاندا بەشدار بێ، هەروەها زیاتر لە پەنجا تاقمی جەنگاوەر ڕەوانەی شوێنە جیاجیاکان بکات. لەهیچ کام لەوانەشدا دەستپێشخەر نەبووە بۆ شەڕو دوژمنایەتی لەگەڵ کەس، بەڵکو هەر هەموویان ڕەتکردنەوەی پەلامارێك بووە، یان بەرگری هێرشێکی پێشبینی کراو بووە، ئەمەش هەر توێژەرێکی بە ئینصافی مێژووی غەزاکانی پێغەمبەر ﷺ بە ئاسانی پێی دەزانێ، لە غەزای بەدرەوە بگرە تا غەزای تەبووك. تەنانەت هەندێ جار ڕاستەوخۆ پەلاماری نێو ماڵی موسوڵمانان و ناوشاری مەدینە, یان دەوروبەری

دراوە، وەك لە ئوحودو خەندەق ڕووی دا. بۆیە توێژەران لە زانایانی ئوممەت دەڵێن: لەڕاستیدا جیهاد – بەواتای بەشە شەڕکردنەکەی– تەنها بۆ داکۆکی لە پیرۆزییەکان مۆڵەتی پێ دراوە. ئەمە لە کۆی ئەو ئایەت و فەرموودە دروستانەدا وەدەردەکەوێ کە باس لە شەڕو ڕووداوەکانی دەکەن. بۆ نمونە دەربارەی بتپەرستان ئەو ئایەتە باشترین بەڵگەیە کە دەفەرموێ: ﴿فَإِنِ اعْتَزَلُوكُمْ فَلَمْ يُقَاتِلُوكُمْ وَأَلْقَوْاْ إِلَيْكُمُ السَّلَمَ فَمَا جَعَلَ اللّهُ لَكُمْ عَلَيْهِمْ سَبِيلاً﴾ النساء: ٩٠، واتە: ئەگەر ئەوان خۆیان دوور گرت لێتان و جەنگیان دژ نەکردن و، بڕیاری ئاشتییان بۆ خستنە ڕوو، ئەوە خوا ڕێی پێ نەداون دژیان بجەنگن. ئەمە بەڵگەیە لەسەر حەرامێتی جەنگکردن دژیان.

له بەرامبەر ئەوانەشدا دەفەرموێ: ﴿فَإِن لَّمْ يَعْتَزِلُوكُمْ وَيُلْقُواْ إِلَيْكُمُ السَّلَمَ وَيَكُفُّواْ أَيْدِيَهُمْ فَخُذُوهُمْ وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثِقِفْتُمُوهُمْ وَأُوْلَـئِكُمْ جَعَلْنَا لَكُمْ عَلَيْهِمْ سُلْطَاناً مُّبِيناً﴾ النساء: ٩١، واتە: ئەگەر ئەوان خۆیان لا نەدا لە ڕوبەڕوبونەوەتان و، بڕیاری ئاشتییان بۆ دەرنەخستن و، دەستیان هەڵنەگرت (لە شەڕو شەڕخوازیی دژتان)، ئەوە بیانگرن و لە هەرکوێ پەیتان پێ بردن بیانکوژن. سەبارەت بەوانە دەسەڵاتێکی ئاشکرامان پێ داون کە دژیان بجەنگن.

سەبارەت بەوەش کە دەگوترێ: ئەو جۆرە ئایەتانە بە (آیة السیف) هەڵوەشێنراونەتەوەو، حوکمیان نەسخ بۆتەوە، ئەوە بۆچونێکی نادروستەو، نە عەقڵ پەسەندی دەکات و نە شەرعی خوا

پێـی ڕازییـه، کـه فـەرمودەی سـەلماوو چەسـپاوی حاشـا هەڵنـەگری خوای گەورە، بە بۆچوونی چەند زانایەك لەكار بخرێن كه قسەیان لـە سـڕینەوەی ئـەو حوكمانـە کـردووە. لـە كاتێكـدا ئـەو زانایانـە لـەنێو خۆشیاندا ڕێك نەكەوتوون كه ئەوەی ناویان لێ ناوە (آية السيف) كـام ئایەتەیە. هەرچەند زیاتر ئاماژەیان بەئایەتێ كردووە كه دەفـەرموێ: ﴿فَإِذَا انسَلَخَ الأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُواْ الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُواْ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ﴾ التوبه: ٥٠، واتە: هەركات ئـەو مانگانـە تێپەڕین كه جەنگیان تێدا حەرام كراوە، لە هەركوێ بتپەرستانتان پێ شـك هـات، بیـانكوژن و بیـانگرن و ئابلۆقـەیان بـدەن و، لـە هـەموو لایەكەوە سەنگەریان لێ بگرن.

بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئـەو بتپەرسـتانەی لێـرەدا باسـیان لێ كـراوە ئەوانەن كه لەسـەرەتای سـورەتەكەدا – كـە سـورەتی (التوبه)یـە – ئاماژەیان پێ كراوە، كه دەفەرموێ:( بَرَاءةٌ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى الَّذِينَ عَاهَدتُّم مِّنَ الْمُشْرِكِينَ ) التوبة:٧، واتە: خواو پێغەمبەری خوا بـێ بـەرێتی خۆیان دەردەخەن سەبارەت بەو بتپەرستانەی پەیمانتان لەگەڵ گرێ دان. كەواتـە بـاس لـە هـەموو بتپەرسـتان نیـە، بـەڵكو بـاس لـەو بتپەرسـتانەیە كـە پـەیمانیان لەگـەڵ بەسـتراو، دواتـر لەبـەر ئـەوەی پەیمانەكانیان بۆ چەند جار شكاندو، هەڵوێستیان زۆر دژ بە ئیسلام و پێغەمبەرو بانگەوازەكەی بوو، چ لەسەردەمی مەككە, چ لەسەردەمی مەدینە، خوای گەورە بەرائەتی دژیان ڕاگەیاند.

**ئیسلام و ئاشتی:**

لەڕاستیدا ئیسلام شەیدای شەڕو جەنگکردن نیەو، چاوی ناگەڕێ بۆ خوێنڕشتن. بەڵکو کاتێ قەیرانی نێوان مسوڵمانان و نەیارانیان بەبێ خوێن و جەنگ کۆتایی پێ هات، بەم وشە پڕ واتایە گوزارشت دەکا کە دەفەرموێ: ﴿وَرَدَّ اللَّهُ الَّذِينَ كَفَرُوا بِغَيْظِهِمْ لَمْ يَنَالُوا خَيْراً وَكَفَى اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ الْقِتَالَ وَكَانَ اللَّهُ قَوِيّاً عَزِيزاً﴾ الأحزاب: ٢٥، واتە: خوا بەهۆی بوغزو کینەیانەوە ڕەدی بێ بڕوایانی دایەوەو، هیچ خێرێکیان دەستگیر نەبوو، خوا بڕوادارانیشی لە جەنگکردن لادا، خوا زۆر بەهێزو بەتوانایە. لەو وشە ڕەوان و گوزارشتە پڕ واتایە ورد بەرەوە کە گیانی ئاشتییانەی ئیسلام وێنا دەکا: (وكفى لله المؤمنين القتال)، خوا بڕوادارانی لە جەنگ کردن لادا. کاتێکیش غەزای (حودەیبیە) بە ڕێکەوتن و ئاشتەوایی لەگەڵ قورەیش کۆتایی هات و، ئاشتەوایی و ئاگربەست لە نێوان موسوڵمانان و بێ بڕوایاندا ڕاگەیەنرا، لەگەڵ قورەیش, سورەتی (فەتح) دابەزی کە سەرەتاکەی دەفەرموێ: ﴿ إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحاً مُّبِيناً﴾ الفتح: ١، واتە: ئێمە کرانەوەو فەتحێکی ئاشکرامان بۆ والا کردن، هەندێ لە یاران لە پێغەمبەریان پرسی: ئایا ئەم ڕێکەوتنە فەتحە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرموی: (نعم، هو فتح) بەڵێ،

ئەوە فەتحە,[1]دیارە یارانی پێغەمبەر ﷺ زیهنیان بۆ فەتحێك نەئەچوو کە شەڕی تێدا نەبێت، بۆیە ئەو پرسیارەیان کرد.

لەسەرێکی ترەوە لە هەمان سورەتدا خوای گەورە منەت دەنێ بەسەر مسوڵماناندا و دەفەرموێ: (وَهُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُم بِبَطْنِ مَكَّةَ مِن بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ ) الفتح: ٢٤، واتە: خوا ئەو خوایەیە کە دەستی ئەوانی لادا لەسەر ئێوەو، دەستی ئێوەشی لادا لەسەر ئەوان، لە کاتێکدا کە لەناو جەرگەی شاری مەککە بوون و، پاش ئەوەش بوو کە ئێوەی زاڵ کرد بەسەریاندا. بڕوانە چۆن خوای گەورە بەوە منەت دەنێ بەسەر مسوڵماناندا کە دەستی لادان لە شەڕکردن لەگەڵ دوژمنانیان. جگە لەوە پێغەمبەری سەردار – کە ئازاترین کەس بووە– خۆشی لەشەڕ نەئەهات و بەیارانی دەفەرموو: ئاوات مەخوازن کە ڕووبەڕووی دوژمنان ببنەوە. داوای بێ وەیی لەخوا بکەن. بەڵام ئەگەر ناچاری ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن بوونەوە خۆڕاگر بن: (لا تَتَمَنَّوْا لِقاءَ العدوّ، وسلو الله العافية، فإذا لقيتموهم فاصبروا).[2] هەروەها دەیفەرموو: (أحب الأسماء إلى الله، عبد الله وعبد

[1] سنن أبی داود لە (الجهاد) بە ژمارە ٢٧٣٦، (طبراني) لە (الكبير)، بە ژمارە ٤٤٥١١٩، (الحاكم) لە (المستدرك) بە ژمارە ١٤٣١٢، گێڕاویانەتەوە.

[2] صحيح البخاری, لە (كتاب الجهاد), بە ژمارە ٢٧٤٤، صحيح مسلم, بە ژمارە ٣٣٧٦، گێڕاویانەتەوە.

الرحمن، وأقبح الأسماء حرب ومرّة),[1] واتە: خۆشەویستترین ناوەکان لای لای خوا (عبد الله) و (عبد الرحمن)ە، ناخۆشترین و ناپەسەندترینیان (حرب) و (مرّە)ە، واتە: جەنگ و تاڵیی (دیارە ئەم ناوانە لەناو کۆمەڵگەی عەرەبیدا باو بوون). کەواتە پێغەمبەر ﷺ تەنانەت حەزی نەکردووە لە وشەی (جەنگ) و، پێی خۆش نەبووە کەس ئەو ناوەی لێ بنرێ، هەروەك لەسەردەمی نەفامیدا عەرەبەکان بەکاریان دەهێنا، وەك (حرب)ی کوڕی (أمیە)و غەیری ئەو.

بۆیە ئێمە بڕوامان وایە کە ئیسلام بانگەشە بۆ ئاشتی دەکات و، پێشوازیی لێ دەکات، تا ڕادەیەك کە وشەی (سلام)– واتە: ئاشتی– بۆتە وشەی پێکگەیشتن و پێشوازیی، چ لە دونیا، چ لە پاشەڕۆژ. ئەوەتا بۆ بەهەشتیش دەفەرموێ:( تَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلَامٌ) يونس:١٠، واتە: سڵاوو مەرحەبایی بەهەشتییەکان لە ناوخۆیاندا, سڵاوکردنە. هەروەها یەکێ لە ناوەکانی خوای گەورە (السلام)ە، (الملك, القدوس, السلام)، بۆیە یەکێ لە ناوە زۆرو خۆشەکانی ناو مسوڵمانان (عبد السلام)ە، هەروەك قورئان بەهەشتیشی ناوناوە (دار السلام) واتە: یانەی ئاشتی، (لَهُمْ دَارُ السَّلَامِ عِندَ رَبِّهِمْ) الآنعام: ١٢٧، واتە: لای پەروەردگاریان, یانەی ئاشتییان بۆ دانراوە کە بەهەشتە.

[1] سنن أبی داود، به ژماره ٤٩٥٠. مسند أحمد, به ژماره ٥٨٤٨.

**ئیسلام و جیهاد و تێکۆشان:**

هەرکات جەنگ بەسەر مسوڵمانانندا سەپێنراو، ئەوان خوازیاریی نەبوون، بۆ نمونە پیرۆزییەکانی ئیسلام پێشێل کران، یان هێرش کرایە سەر زەوی و زاری، یان بێ ڕێزی بەرامبەری کراو، پەلامار درا، ئەوە لەو کاتانەدا ئیسلام هانی مسوڵمانانی داوە کە بە گیان و دارایی بەرگریی بکەن. بۆ نمونە خوای گەورە فەرمویەتی:﴿ أَلاَ تُقَاتِلُونَ قَوْماً نَّكَثُواْ أَيْمَانَهُمْ وَهَمُّواْ بِإِخْرَاجِ الرَّسُولِ وَهُم بَدَؤُوكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ أَتَخْشَوْنَهُمْ فَاللّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَوْهُ إِن كُنتُم مُّؤُمِنِينَ﴾ التوبه: ١٣، واتە: ئایا ناجەنگن لەگەڵ کەسانێك کە بەڵێنەکانیان شکاندو، خوازیار بوون پێغەمبەر لە وڵاتی خۆی دەرکەن و، هەر ئەوانیش بوون کە یەکەمجار دژی ئێوە جەنگیان کرد؟ ئایا لێیان دەترسن؟ ئەگەر وایە، ئەبێ بزانن کە خوا شایانترە کە لێی بترسن، ئەگەر بە ڕاستی بڕواداران. (بۆیە) شەڕیان لەگەڵ بکەن، تا خوا لەسەر دەستی ئێوە سزایان بدات و ڕیسوایان بکات و, بەسەریاندا زاڵتان بکات، تا دڵی خەڵکێکی بڕوادار ئاو بخواتەوە. هەروەها دەفەرموێ:﴿ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئاً وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تُحِبُّواْ شَيْئاً وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَاللّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ ﴾ البقره:٢١، واتە: شەڕ لەسەرتان نوسراوە (دیارە بۆ ئەو حاڵەتانەی کە ئاماژەیان پێ کرا) لە کاتێکدا لەسەر دڵتان گرانەو پێتان ناخۆشە، (بەڵام) لەوانەیە شتێ کە پێتان ناخۆشە

خێری تێدا بێت بۆ ئێوه، یان حەزتان لە شتێ بێت و، خراپ بێ بۆتان، خوا دەزانێ و ئێوه نازانن.

بۆیە کەسانێك هەن وا گومان دەبەن ئیسلام کە بانگەشەی تێکۆشان و جیهاد لە پێناوی ئاینی خوا دەکات، دژایەتی ئاشتی دەکات و، بانگەشەی بۆ ناکات، بەڵام ئەمە خراپ تێگەیشتنە لە ئیسلام.

**بەشێ لە هۆکارەکانی جیهاد:**[1]

دەتوانین بڵێین خوای گەورە جیهاد – بەواتای شەڕکردن و جەنگکردن–ی لەبەر چەند هۆیەك بڕیار داوە:

– بۆ قەدەغەکردن و ڕێگری لە فیتنەو ئاشوب، واتە لە کاتی چەوساندنەوە لەبەر دینداری. دەفەرموێ:﴿ وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لاَ تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلّهِ﴾ البقره: ١٩٣، واتە: بجەنگن لەگەڵیان تا فیتنەو ئاشوب و چەوساندنەوە ڕوو نەدات و، ئاین (واتە: ئازادیی لە دینداریی) بۆ خوا بێ. بۆیە قورئان فیتنەو ئاشوبی لە کوشتن بە خراپترو گەورەتر زانیوە، چونکە کوشتن دەستدرێژییە بۆ سەر لایەنی مەعنەویی مرۆڤ. بۆیە ڕێگریی لە فیتنەو چەوساندنەوە، واتە

[1] –لێرەشدا ڕاستتر وایە وشەی (قتال) بە واتای شەڕکردن و جەنگکردن دابنرێ، نەك وشەی (جهاد) چونکە وەك پێشتر وتمان: وشەی (جهاد) فراوانترە لە (قتال) و، واتای ئەوپەڕی هەوڵ و تێکۆشان دەگەیەنێ و، ناگونجێ ئایەتی (وقاتلوا فی سبیل الله) لەگەڵ (وجاهدوا فی سبیل الله) جیاوازییان نەبێ. ع. عبد العزیز.

پاراستنی ئازادیی ئاینیی بۆ هەموو لا، کەواتە جەنگ لە ئاوا حاڵەتێکدا دەبێتە داکۆکی لە مرۆڤ و ئازادیی مرۆڤ.

– هۆیەکی تری مۆڵەتدان بەجەنگ کردن، ڕزگارکردنی چەوساوەکانە لە زەلیلی و ستەم. خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَا لَكُمْ لاَ تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ﴾ النساء:٧٥، واتە: چیتانە؟ بۆچی لەپێناو ڕێی خودا (واتە ئاینی خودا)و، چەوساوەکاندا ناجەنگن؟

– هۆیەکی تر بەرەنگاربونەوەی کاری دوژمنانەیە دژی پیرۆزییە ئاینی و نیشتمانییەکان. دەفەرموێ: ﴿وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ﴾ البقرە: ١٩٠، واتە: لەپێناو ئاینی خوادا جەنگ لەگەڵ ئەوانەدا بکەن کە جەنگتان لەگەڵ دەکەن و، دەستدرێژی مەکەن، بۆیە لۆمەی کەس ناکرێ کە دژی دوژمنانی بوەستێتەوە: ﴿وَقَاتِلُواْ الْمُشْرِكِينَ كَآفَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَآفَّةً﴾ التوبة: ٣٦، واتە: بەتێکڕایی لەگەڵ بتپەرستان بجەنگن، هەروەك بەگشتی دژتان دەجەنگن.

لەگەڵ ئەمەشدا ئیسلام دەرگاکانی دانەخستووە بەڕووی ئاشتەوایی و ڕێککەوتندا، هەرکات هۆکارەکانی ساز بوون. دەفەرموێ: ﴿وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾ الأنفال: ٦١، واتە: ئەگەر پەنایان بردە بەر ئاشتی. شانی بۆ شل بکەو پێی ڕازی بەو، پشت بەخودا ببەستە. یەکێ لە گرنگترین هۆکارەکانی ئاشتیش کۆتایی هاتنی هێرش کردن و دوژمنایەتی و، دەرکردنی داگیرکار و، گێڕانەوەی مافی خاوەن مافەکانە.

جیهاد (بەشی جەنگەکەی) بە چەند ڕەوشت و ڕێکارێکی توندو تۆڵ و مەحکەم بەستراوەتەوە، بۆ نمونە: ئیسلام مۆڵەتی نەداوە ژنان، یان مندالان، یان پیرو بەسالاچووان، یان ڕاهیب و پەرستشکاران، یان جوتیارو بازرگانان، بکوژرێن. هەروەها مۆڵەتی غەدرکردن و، شێواندنی لاشەی کوژراوانی دوژمن و، بڕینی دارو درەخت و، ڕوخاندنی خانوبەرەو، ژاراوی کردنی بیری ئاوی، نەداوە و، دژیشە بەو کارەی پێی دەگوترێت: سیاسەتی زەوی سوتماککراو (سياسة الأرض المحروقة)، واتە: ئەو سیاسەتەی هەموو شتێ لە پاش خۆی خاپورو کاول دەکات. ئەمە بەدەقە دروستەکان چەسپاوەو، خەلیفە ڕاشدەکان و موسوڵمانانی پاش ئەوان جێبەجێیان کردووە.

ئەم ڕاستییە سەبارەت بە موسوڵمانان لە لایەن مێژوونوسە خۆرئاواییەکانیشەوە لە باسی (فتوحاتی موسڵمانان)دا تۆمار کراوە، ئەو شەڕانەی لە ڕاستیدا ئازادکردنی گەلان بوون لە سەرکەش و ستەمکاریی ئیمپراتۆریەتە کۆنەکانی فارس و ڕۆمەکان. بۆیە وتویانە: مێژوو هیچ فاتح و ئازادکەرێکی نەدیوە دادپەروەترو بەڕەحمتر بێ لە موسوڵمانان.

بەڵام شەڕو جەنگ کردن– بە تایبەت لەم سەردەمەی ئێمەدا– تەنها لایەنی سەربازیی ناگرێتەوە، بەڵکو چەندین جۆری هەیە، وەك: جەنگی ئابوریی، جەنگی ڕاگەیاندن، جەنگی فیکری و فەرهەنگی و

کلتوریی، بەڵکو جەنگی ئاینی و عەقیدەیی، هەموو ئەم جۆرانەش چەکی خۆیان و، جەنگاوەرانی خۆیان هەیە.

**بەرگریی و خۆڕاگریی, بۆ ڕەتکردنەوەی دەستدرێژیی:**

ئێمەی موسوڵمان لەم سەردەمەدا ئەم هەموو جەنگانە دژمان بەرپا کراون، بۆیە ئەرکی سەرشانمانە بە هەموو هێزێکمانەوە بەرەنگاریان ببینەوەو، تفاق ساز کەین تا ئوممەتەکەمان لە مەترسییەکانیان بپارێزین. پێویستە جەنگاوەری مەشقپێکراو بۆ داکۆکی کردن ئامادە بکەین. دەبێ بە هەمان شێوەی چەکی خۆیان دژیان بوەستینەوە، چونکە دەبێت پارێزگاری مافەکانمان بکەین. بگرە ئێمە بڕوامان بە مافی هەموو گەلان هەیە، کە دەبێت لەسەر زەمینی خۆیان ئازادو سەربەخۆ بن، دەستدرێژی دژیان هەڵگیرێ، سیستمی دەسەڵات بۆ خۆیان، خۆیان دیاری بکەن، ئەمە مافێکی سروشتی و (فطری) یە، شەریعەتە ئاسمانی و پەیماننامە نێونەتەوەییەکان بڕیاریان لەسەر داوە، لەوانە پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ. بۆیە ئەو خۆڕاگرییەی لە ولاتانی موسوڵماناندا دەکرێ دژی داگیرکەری بێگانە، بە جیهاد لە پێناوی خوادا دەزانین، بە تایبەتی لەسەر زەوی فەلەستین، سەر زەوی (ئیسرا و میعراج). داوا لە هەموو گەل و دەسەڵاتە موسوڵمانەکانیش دەکەین کە هەوڵ بدەن و هاوکاری بکەن بۆ ڕزگارکردنی ئەو ولاتانە لە هەموو جۆرەکانی داگیرکردن. دژی ئەوەشین کە ئەو خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەیە بە

تـیرۆر نـاو بـبرێ، چـونکە داگیرکـردن بـۆ خـۆی تـیرۆرو تۆقاندنـەو، ڕوبەڕوبوونەوەی بە هەموو هۆکارێکی گونجاو مـافێکی ڕەوایـە، بگـرە ئەرکێکی ئاینییەو، هەرکەس بەرامبەری کەمتەرخەم بێت تاوانبارە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە جیاوازیی دەخەین لە نێوان حکومەتەکان و گەلەکانـدا، بۆیـە لـە کاتێکـدا ئیدانـەی ئـەو حکومەتانـە دەکـەین کـە دەستدرێژی دەکەن و پشتیوانیی لە داگیرکەران دەکەن، هـەوڵی ئـەو هێـزو لایەنـە خێرخوازانـەش دەنـرخێنین کـە لـە خـودی کۆمەڵگـە خۆرئاواییەکاندا ڕێز لە مافی مـرۆڤ دەگـرن و، داوا لـە حکومەتـەکانی خۆیان دەکەن کـە دوژمنایـەتی دژی وڵاتـە ئیسـلامییەکانمان ڕاگـرن. بۆیە ئامـادەیی خۆمـان ڕادەگەیـەنین کـە لـە پێنـاو باڵادەسـتی بـەها مرۆییەکان و پەیوەندیی نێوان گەلاندا هاوکارییان بکەین.

# بەشی نۆزدەهەم

# ئیسلام و تیرۆر

**یەکـەم:** ئێمـە بڕوامـان وایـە کـە ئیسـلام ئـاینی سـۆزو نـەرم و نیانییـە. خـوای گـەورە نازنـاوی ڕەحمـەت و سـۆزی کـردووە بـە ناونیشانی پەیامی موحەممەد ﷺ، وەختێ بە ئایـەتی:﴿ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾ الأنبياء: ١٠٧، لەگـەڵی هاتۆتـە قسـە. هـەروەها پێغەمبەر ﷺ بۆ خۆشی وەصفی خۆی بەوە دەکا دەفەرموێ: (إنما أنا رحمـة مهـداة)[1], واتـە: بـە ڕاسـتی مـن ڕەحمـەت و میهرەبانییـەکی بەخشـراوی خـوام بـۆ بەنـدەکانی. بۆیـە لـەناو موسوڵمانانیشـدا بـە پێغەمبـەری ڕەحمـەت ناسـراوە. هـەروەها خـوای گـەورە ڕوو بـە پێغەمبەرو وەصف کردنی، فەرموویەتی: ﴿ فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظّاً غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ ﴾ آل عمران/ ١٥٩، واتـە: بـەهۆی سۆزو ڕەحمەتێکەوە کە لە خواوە بەتۆ دراوە، نەرمیت نوانـد لەگـەڵ خەڵکی، خۆ ئەگەر زبرو دڵڕەق بوویتایـە, ئـەوە بڵاوەیـان لـە دەورت دەکرد.

[1] حاکم لە (المستدرك) بە ژمارە (٤٨٨٤) و, سیوطی لـە (الجامع الصـغیر), بـە ژمـارە ٣٦٧٥ گێڕاویانەتەوە.

لەم لایەنەوە چەندین فەرموده هەن لەسەر هاندان بۆ میهرەبانی. بۆ نمونە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (الراحمون یرحمهم الرحمن).[1] واتە: کەسانی میهرەبان و بە ڕەحم خوای میهرەبان ڕەحمیان پێ دەکات. هەروەها فەرمویەتی: (إرحموا من في الأرض یرحمکم من فی السماء),[2] واتە: ڕەحم بە خەڵکی سەرزەوی بکەن, تا کەسێ کە لە سەرتانەوەیە (واتە خوای گەورە) ڕەحمتان پێ بکات. یان فەرمویەتی: (من لا یَرحم لا یُرحَم),[3] واتە: هەرکەس ڕەحم نەکات, ڕەحمی پێ ناکرێت. لە فەرمودەدا هاتووە کە بەدڕەوشتێك ئاوی دا بە سەگێکی تینوو، خوا لێی خۆش بوو.[4] لە کاتێکدا ژنێك بەهۆی زینیدانیکردنی پشیلەیەکەوە– کە قەدەغەی کرد لە خواردن و خواردنەوە تا مردار بوەوە– خرایە دۆزەخ[5].

ئەمانە ئاماژەی ڕوونن بەبایەخی سۆزو میهرەبانیی، تەنانەت لەگەڵ گیانلەبەرانیش. کەواتە ڕەحم و میهرەبانیی هۆی سڕینەوەی تاوانە هەرچەند گەورەش بن، هەروەك بوونی سۆزو میهرەبانیش لە کەسێکدا نابێتە پاساوی تاوان و گوناهکردن. خوای گەورە دڵڕەقی و

---

[1] سنن الترمذی, بە ژمارە ١٨٤٧، سنن أبی داود, بە ژمارە ٤٢٩٠.

[2] سنن أبی داود, بە ژمارە ٤٢٩٠، سنن الترمذي, بە ژمارە ١١٤٧.

[3] صحیح البخاری, بە ژمارە ٥٥٣٨، صحیح مسلم, بە ژمارە ٤٢٨٢.

[4] صحیح مسلم, بە ژمارە ١٥٤.

[5] صحیح مسلم, بە ژمارە ٤١٦.

بێ ڕەحمیی کەسانێکی بە نمونە هێناوەتـەوە، کـە دەفـەرموێ: ﴿ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّن بَعْدِ ذَٰلِكَ فَهِيَ كَالْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً ﴾ البقرة/ ٧٤. واتـە: ئەوانە دڵەکانیان وا ڕەق و ئەستور بوون وەك بەردیان لێ هـات، بگـرە ڕەقتر لەبەرد. سەبارەت بەکەسانێکی تریش دەفەرموێ: (فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَـاقَهُمْ لَعنَّـاهُمْ وَجَعَلْنَـا قُلُـوبَهُمْ قَاسِـيَةً )المائـدة: ١٣، واتـــە: لەبـــەر هەڵوەشـاندنەوەی ئـەو بەڵێنـەی دایـان, نـەفرینمان لێ کـردن و، دڵەکانیانمان ڕەق کرد. واتە: دڵڕەق کردنیان تۆڵەیەك بووە لە خواوە لەبەر گوناهەکانیان.

هەروەها ئیسلام لە مامەڵەکرندا لە کاتی ئاشتی و لە شەڕیشـدا, بانگەشەی کردووە بۆ ڕەحم و میهرەبـانی. تەنانـەت لەگـەڵ ئـاژەڵ و گیانـدارانیش داوای نـەرم و نیـانی کـردووەو، دژی تونـدو تیـژی و مامەڵەی زبرە. پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (من حُرِم الرفق فقد حُرم الخير كلّه), [1] واتە: هەرکەس بێبەش کرابێ لە نەرم و نیانی، ئەوە لە هـەموو خێرێك بێبـەش کـراوە. هـةروةها فةرمويـةتى: (إن الله رفيـق يحب الرفـق، ويعطى عليه ما لا يعطي على العنف) [2] هەروەها فەرمویەتی: (إن الرفـق لا يكون في شيء إلا زانه، وما نزغ من شىء إلا شانه), [3] واتە: نـەرم و نیـانی

---

١ صحیح مسلم, بە ژمارە ٢٥٩٢) و، سنن ابن ماجه, بە ژمارە ٣٦٧٧.

٢ صحیح مسلم, بە ژمارە ٢٥٩٤ و, سنن أبى داود, بە ژمارە ٢٤٧٨.

٣ صحیح مسلم, بە ژمارە ٢٥٩٤ و, سنن أبى داود, بە ژمارە ٢٤٧٨.

لەهەر شتێکدا هەبێ هاوسەنگی دەکات و ڕێك و پێکی دەکات. لەهەر شتێکیشدا هەڵگیرا، ئەوە تێك دەچێ و دەشێوێ.

لەبەر ئەوە ئیسلام نە لە گوفتارداو نە لەکردارو هەڵس و کەوتدا، توندوتیژی قبوڵ نیە، بۆیە لە بانگەوازکردندا بۆ ئیسلام داوای کردووە کە بە شێوازی حیکمەت و، ئامۆژگاری جوان و، باشترین شێوازی گفت و گۆ بێت. یان لە مامەڵە لەگەڵ کەسانی تردا خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿إِدْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ المؤمنون/ ٩٦، واتە: بەجوانترین و باشترین حاڵەت ڕووبەڕوو ببەرەوە. بۆیە بەکارهێنانی هێزی ماددی, لە جێی خۆیدا نەبێ ڕەت کردۆتەوەو، ڕشتنی خوێن و لەنێوبردنی ماڵ و سامانی خەڵکی بەناڕەوا حەرام کردووە. بۆیە تەنها لەگەڵ دوژمنی شەڕکەرداو لە کاتی شەڕدا, مۆڵەتی توندیی داوە. بگرە لەوەشدا موسوڵمان نابێ دەستپێشخەر بێت. بەڵام بۆی هەیە بە توندی ڕووبەڕووی توندی ببێتەوە، ئەویش بە مەرجێ لە سنور نەترازێ و، زیاتر نەبێ لەوەی دوژمن. لەگەڵ ئەوەشدا هانی موسوڵمانانی داوە کە لێبوردە بن. خوای گەورە فەرمویەتی:﴿ وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُواْ بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُم بِهِ وَلَئِن صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِّلصَّابِرينَ﴾ النحل: ١٢٦، واتە: ئەگەر تۆڵەتان سەندەوە، با هاوشێوەی ئەوە بێ کە لێتان کراوە، خۆ ئەگەر خۆڕاگر بن ئەوە باشترە بۆ خۆڕاگران.

**دووەم:** ئیسلام هەروەك توندو تیژی مەحکوم کردووە، تیرۆریشی مەحکوم کردووە، چونکە تیرۆرو ئیرهاب توندو تیژیشی

تێدایەو، شتی تریش.. توندو تیژیی ئەوەیە هێز بەکار بهێنی دژی نەیارانت لە کات و شوێنی غەیری خۆیدا، بەڵام تیرۆرو تۆقاندن ئەوەیە کە هێز بەکار بهێنیت بەرامبەر کەس و لایەنێ کە گرفتێ لە نێوانتاندا نیە، وەك ڕفاندنی فڕۆکە، بارمتە گرتن، کوشتنی گەشتیاران.. هتد، لە کەسانێ کە ئەنجامدەرەکە نایانترسێنێ و کێشەی لەگەڵیان نیە.

وشەی (إرهاب) لە زمانی عەرەبیدا بە چاوگی (أرهب يرهب)، واتە ترساندی، دەترسێنێ، ترساندن، واتە کەسێکی تۆقاند. یانی هەر ترساندن و تۆقاندنێ ئاسایش لە خەڵکی تێك بدات- کە یەکێ لە گەورەترین نیعمەتەکانی خودایە بۆ بەندەکانی- دەبێتە تیرۆر، خوا دەفەرموێ:﴿ فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَذَا الْبَيْتِ{٣} الَّذِي أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَآمَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ﴾ قريش/ ٣-٤، واتە: با خاوەنی ئەم ماڵە- واتە کەعبەی پیرۆز- بپەرستن، ئەو خاوەنەی لە برسیەتییەوە بەرەو تێری بردن و، لە ترس و خۆفەوە گواستنیەوە بەرەو ئاسایش و هێمنی. ئەم ئایەتە ئاماژە بەدوو نیعمەتی هێجگار گەورە دەکات، دوو نیعمەت کە دوو پێداویستی بنەڕەتی مرۆڤ تێر دەکەن، ئەوانیش: لای کەمی بژێوی و، ئاسایش و دووری یە لە ترس و بیم.

جا خراپترین شتێ کە تووشی هەر کۆمەڵگەیەك ببێ ئەوەیە ئەو دوو نیعمەتەی لێ بسەنرێتەوەو، تووشی برسیەتی و ترس ببێ.

هەروەك قورئـان دەفـەرموێ: ﴿وَضَـرَبَ اللّـهُ مَـثَلاً قَرْيَـةً كَانَـتْ آمِنَـةً مُّطْمَئِنَّةً يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَداً مِّن كُلِّ مَكَانٍ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ اللّهِ فَأَذَاقَهَا اللّـهُ لِبَـاسَ الْجُـوعِ وَالْخَـوْفِ بِمَـا كَـانُواْ يَصْـنَعُونَ﴾ النحـل/ ١١٢، واتـە: خـوا نمونـەی ئاواییيەكی ئاوەدان دێنێتەوە، كە پڕ لە ئاسایش و ئارامی بـوو، ڕۆزی و ڕزقێكی زۆری لـە هـەموو لایەكـەوە بـۆ دەهـات، بـەڵام ئـەو گوندە ناسوپاسـی نیعمـەت و بـەهرەكانی خـوای كـرد، بۆیـە خـوا بـەرگی برسیەتی و ترسی كرد بەبەریاندا، بەهۆی ئەو كارەوە كە كردیان. لـە فـەرمودەی پیرۆزشـیدا ئامـاژە بـە (ئاسـایش) لـە سـێ نیعمـەتی سەرەكیدا كـراوە، كـە مـرۆڤ پێویسـتیەتی تـا هەسـت بـە ڕەحـەتی و دڵئـارامیی بكـات، كـە ئـەو سـیانە هـۆی كامـەرانی هـەموو تـاكێكن، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ( من أصبح آمنا في سربه، معافىً في بدنه، عنده قوت يومه، فكأنما حيزت له الدنيا بحذافرها) واتە: هەركەس ڕۆژ بكاتەوە و، لەشـوێنی خـۆی ترسـی نـەبێ و، لـە ئاسایشـدا بـێ، جەسـتەی تەندروست و سـەلامەت بـێ، قـوت و بـژێوی ئـەو ڕۆژەی هـەبێ، وەك ئەوە وایە سەراپای دنیای بۆ كۆ كرابێتەوە.[1]

كاتی خۆی خوای گەورە منەتی نا بەسەر قوڕەیش و دانیشتوانی مەككەدا كە ئاسایشی پێ داون و، كەسی باوك كوژراو دەیتوانی بگاتە بكوژی باوكی بەبێ ئەوەی دەستدرێژی بكاتە سەر. خوا دەفـەرموێ:

---

[1] سنن الترمذي, لە كتاب الزهد، بە ژمارە ٢٣٤٦.

﴿وَمَن دَخَلَهُ كَانَ آمِناً ﴾ آل عمران: ٩٧، واته: هەرکەس بچێتە ئەو شوێنە لە ئاسایشدایە و بێ خەمە. یان دەفەرموێ:﴿ أَوَلَمْ نُمَكِّن لَّهُمْ حَرَماً آمِناً يُجْبَى إِلَيْهِ ثَمَرَاتُ كُلِّ شَيْءٍ﴾ القصص: ٥٧، واتە: مەگەر حەرەم و شوێنێکی پڕ لە ئاسایشمان بۆ فەراهەم نەهێنان، کە بەروبوومی هەموو شتێکتان بۆ دەهێنرا؟ یان دەفەرموێ:﴿ أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا جَعَلْنَا حَرَماً آمِناً وَيُتَخَطَّفُ النَّاسُ مِنْ حَوْلِهِمْ﴾ العنكبوت:٦٧، واتە: مەگەر نابینن کە ئێمە حەرەم و شوێنێکی پڕ لە ئاسایشمان بۆ دابین کردن، لەکاتێکدا لە دەوروبەری ئەوان خەڵکی دەڕفێنرێ. (واتە: ئاسایشی تێدا نیە)، قورئان بەسەرهاتی یەعقوب پێغەمبەریش لەگەڵ کوڕەکانی دەگێڕێتەوە کە کاتێ گەورەی مصر یوسفی کوڕی یەعقوب پێشوازی لێ کردن وتی: ﴿ادْخُلُواْ مِصْرَ إِن شَاء اللّهُ آمِنِينَ ﴾يوسف: ٩٩، واتە: پشت بە خوا، وەرنە ناو وڵاتی مصر و لەئاسایشدا بن.

گرنگی ئاسایش لە ڕادەیەکدایە کە لە باسی تایبەتمەندییەکانی بەهەشتدا کە بۆ بەندە صاڵحەکانی لە دوارۆژدا ئامادەکراوە، ئەوەیە کە شوێنی ئاسایش و ئارامیەکی تەواوە، بۆیە فریشتەکان بەخەڵکەکەی دەڵێن: (ادْخُلُوهَا بِسَلاَمٍ آمِنِينَ )الحجر: ٤٦، واتە: بەئاشتی و ئاسایشەوە بچنە ناو بەهەشت. خەڵکەکەش نەترسیان هەیە، نە خەفەت و مەراق، ﴿لاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾ البقرة/ ٦٢، بۆیە ئیسلام دەستەبەرکردنی ئاسایشی بۆ هەموو خەڵکی، یەکێ لە مەبەستە بنچینەییەکانی شەریعەت ناساندووە، هەروەك زەوتکردنی

ئاسایشی خەڵکیشی بەگەورەترین داناوە کە سزای لەسەرە، لەبەر ئەوەیشە دەست بڕینی دزی کردۆتە سزا، چونکە ئەمنیەت و ئاسایشی ئەو ماڵە یان ئەو کەسە تێك دەدا کە دزی لێ دەکرێ، لەکاتێکدا سزای داگیرکردنی سامانی خەڵکی جۆرێکی ترە، هەرچەند ستەمێکی زۆر گەورەیە، چونکە ترس و تۆقاندنی لەگەڵ نیە و بەئاشکرا و ڕۆژی ڕۆشن دەکرێ.

هەروەها ئیسلام سزای ڕێگران و تالآنچی یە چەکدارەکانی توند کردۆتەوە، لەبەرهەمان هۆ، واتە لەبەر ئەوەی ترس و تۆقاندن و شێواندنی ئاسایشی تێدایە، تەنانەت ئەوانەی وا وەسف کردووە کە دژی خوا و پێغەمبەر دەجەنگن و، هەوڵی بڵاوکردنەوەی گەندەڵی دەدەن، (یحاربون الله ورسوله ویسعون فی الأرض فسادا)، هۆکەی ئەوەیە کە ئاسایشی کۆمەڵگە دەشێوێنن و، ترس و بیم بڵاو دەکەنەوە، ئەوەش دەچێتە خانەی جەریمە و تاوان و، بەتیرۆری مەدەنی ئەژمار دەکرێ، بۆیە سزاکەی زۆر توندە و بەم جۆرە دەستنیشان کراون. ﴿أَن يُقَتَّلُواْ أَوْ يُصَلَّبُواْ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلَافٍ أَوْ يُنفَوْاْ مِنَ الأَرْضِ﴾ المائدە: ٣٣، واتە: یان دەبێ بەتوندی بەسزای کوشتن بگەن، یان هەڵواسرێن، یان دەست و پێیان بە پێچەوانەوە ببڕرێ، یان نەفی بکرێن و دوور بخرێنەوە، (هۆکەشی ئەوەیە کە ئەوان چەندین تاوانیان پێکەوە ئەنجامداوە: تاوانی کوشتن و خوێن ڕشتن ، تاوانی ترسان و تۆقاندنی خەڵکی مەدەنی، تاوانی

دزی و تالآن و داگیرکردنی سامانی خەڵکی، تاوانی تێکدانی ئاسایشی وڵات و کۆمەڵگە).

هەر لەبەر ئەوەیە ئیسلام هەموو ترساندن و تۆقاندنی خەڵکی- هەرچەند سادەو کەمیش بێت- بەو گوناهـ و تاوانانە داناوە کە خوای گەورە حەرامی کردوون و، لە پاشەڕۆژدا سزای بۆ داناون. هەروەك لەو فەرموودەیەدا کە (نعمانی)ی کوڕی (بەشیر) - خوا لێیان ڕازی بێ- گێڕاویەتەوە، دەڵێ: لە سەفەرێکدا لەگەڵ پێغەمبەرﷺدا بووین، پیاوێك لەسەر وڵاخەکەی خەو بردیەوە، هاوڕێیەکی تیرێکی لە تیرەوانەکەی دەرهێنا، واتە گاڵتە و سوعبەتی لەگەڵ کرد، پیاوەکە لەخەو ڕاچڵەکا و، ترسی لێ نیشت، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (لا یحلّ لمسلم أن یروّع مسلما)[1] ، واتە: بۆ هیچ موسوڵمانێك نیە کە هیچ موسوڵمانێك بترسینێ. ئەمەی لە کاتێکدا فەرموو کە ئەو کارە بە سوعبەتیش بوو، هیچ ئازارێکی جەستەییشی تێدا نەبوو، بەڵام تەنها لەبەر ئەو تۆزە ترس و داچڵەکاندنە- کە کابرا هەستی کرد یەکێ دەیەوێت لە تیروکەوانەکەیدا شتێ بەرێ- پێغەمبەر ﷺ بەوجۆرە بەحەرامی دانا.

پێویستە ئەوەش بزانین کە فەرموودەکە تەنها تایبەت نیە بە موسوڵمان دژی موسوڵمان، لەوێدا بۆیە ناوی موسوڵمانی برد چونکە

---

[1] مسند أحمد, ٢٦٢/٥ و، سنن أبي داود, له (باب الأدب), به ژماره ٥٠٠٤.

هەردووکیان موسوڵمان بوون، وە ئەگەر نا فەرموودەی تـر هەیـە کـە باس لە ئاسایشی هەموو خەڵکی دەکات، ئەوەتا لە وەصفی بڕواداردا دەفـەرموێ: (المـؤمن مـن أمنـه النـاس علـى دمـائهم و أمـوالهم)،[1] واتـە: بڕوادار ئەو کەسەیە کە خەڵکی لە خـوێن و ماڵیـان ئـەمین بـن لەسـەر دەستی. واتە وەصفی ئیمان و بڕوای دروست بە موسوڵمان نادرێ تـا خـەڵکی لێـی ئـەمین نـەبن، هـەموو خـەڵکی بـە موسـوڵمان و نـا موسوڵمانەوە، نەك هەر خۆشـیان، بـەڵکو نـاموس و مـاڵ و سـامان و هەموو شتێکیان.

[1] سنن النسائي, به ژماره ٥٠١٠.

# بەشی بیستەم

# ئیسلام و, ژیارو, شارستانێتی

ئێمە بڕوامان وایە کە لە شارستانێتی و ژیاری ئیسلامیدا, زەوی بەئاسمانەوە پەیوەستەو، بەها ئاینییەکان بە واتا مرۆییەکانەوە ئامێتە دەبن و، ڕەسەنایەتی ئیسلام و، گیانی سەردەمیانە تیایدا بەرجەستە دەبێ. هەروەها لە ژیاری ئیسلامیدا زانست و ئاین پێکەوە کۆ دەبنەوەو، ڕاستی و هێز یەکدەگرن و، داهێنانی ماددی و بەرزیی ڕەوشت لێك دەئالێن و، نورو ڕۆشنایی عەقڵ، لەگەڵ نوری وەحی و نیگای خوادا, تێکەڵ دەبن.

لە ژیاری ئیسلامیدا بەهاو پایە تایبەتمەندییەکانی ئیسلام, بەرجەستە دەبن و، ئامانج و میتۆدەکانی بەدیار دەکەون، چ لە بنیاتنانی تاك، یان پێکهێنانی خێزان، یان کۆمەڵگە، یان دامەزراندنی وڵات، یان ئاڕاستەکردنی مرۆڤایەتیدا بۆ ڕاست و دروستترین ڕێگە و بەرنامەی ژیان.

ژیاری ئیسلامیی جیاوازە لە ژیاری بەرەی کۆمۆنیستی، بەرەی ماددییەت و ئیلحادو دژایەتی ئاین. هەروەها جیاوازە لە بەرەی سەرمایەداریی لائیکی خۆرئاوا. ژیاری ئیسلامی نە بۆ لای ڕاست، نە بۆ لای چەپ هۆگر نیە، بەڵکو تەنها هۆگرە بۆ ئیسلام، تەنها لەو وەر

دەگرێ و، پشتیش بەو دەبەستێ و، ئەوی کردۆتە ئامانج و، بەو دەجولێ و، لەویشدا بەرجەستە دەبێ و ڕەنگ دەداتەوە.

ژیاری ئیسلامیی– لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییانەشدا– بڕوای بە کارتێکردنی کلتورەکان لەسەر یەکتر هەیە. بڕوای بەگفتوگۆو گۆڕینەوەی ئەزمون و، یەکتر ناسینی نێوان گەلان و، برایەتی نێوان مرۆڤەکان هەیە، لەهەر کوێیەك بن، وەك خوای گەورە فەرمویەتی: (وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ) الحجرات/ ١٣، واتە: ئێوەی گێڕاوە بە چەندین گەل و هۆز، تا یەکتر بناسن. لەگەڵ ئەوەشدا ئیسلام نایەوێ گەل و هۆزەکان لە یەکتردا بتوێنەوەو، ڕەسەنایەتی و تایبەتمەندیی خۆیان لە دەست بدەن. بۆیە ئیسلام دژی شاڵاوی کلتوری و، داگیرکردنی شارستانی و، باڵادەستی بێگانەیەو، بەرەنگاری شێوازە چەوت و ناشایستەکانی داگیرکەرانی سەردەم دەبێتەوە، کە دەیانەوێ ڕەسەنایەتی نەتەوەکان بسڕنەوەو، لەژێر ناونیشانی (کلتوری گەردوونی و جیهانی)دا بیرو بڕواو نەریت و شوناسیان ڕامالن، ئەمە جۆرە داگیرکردنێکی نوێیە کە ئێمە بەناوی ئاینەوە ڕەدی دەکەینەوە. بۆیە ئێمە ئەمڕۆ هەندێ لە ڕەفتارەکانی شوێنکەوتوانی شارستانێتی خۆرئاوا وەر ناگرین, وەك:

١– فەلسەفە ماددییەکەی: ئەو بۆچون و فەلسەفەیەی کە بڕوای بە غەیری مادده نیەو، غەیب و ڕاستییە نادیارەکان ڕەت دەکاتەوەو، جێیەك بۆ خوا ناهێڵێتەوە لە سیستمە فکریەکەییدا. هەروەك لیۆبۆڵد

فایس (محمد أسد) وتویەتی. جا کاتێ باسێ لە خوا نەکا، دیارە گەیشتن بەخواو، پرسینەوەی خواو، پاداشت و سزای خواش لە ڕۆژی ڕەستاخێزدا، باسێکی لەو فەرهەنگەدا نیە.

٢- فەلسەفە ئیباحی و بەرەڵڵاییەکەی: کە پشت بە لەززەت و چێژە ماددیەکان دەبەستێ و، هیچ حسابێك بۆ ئاین و ڕەوشت ناکات. بۆیە هەموو ئەو شتانە بەڕەواو حەڵاڵ دەزانێ کە ئاینە ئاسمانییەکان حەرامیان کردووە، وەك: داوێن پیسی و لادانی سێکسی و.. هتد.

٣- فەلسەفە براگماتییە سوودخوازەکەی: کە بەها باڵاکان ڕەت دەکاتەوەو، بڕوای بە ڕەوشت ڕێژەییەو، پێی وا نیە گشتگیرو بەردەوام و چەسپاوە. بۆ نمونە پێی وایە ئەو ڕەوشتەی دوێنێ بەرزو پیرۆز بووە، دەکرێ ئەمڕۆ نەخوازراو بێ، یان ئەوەی ئەمڕۆ ڕەوشتێکی نزم و قێزەونە، دەکرێت سبەینێ پیرۆزو خوازراو بێ.[1]

٤- هەستی دەمارگیریی و خۆبەرز بینین، کە لەسەر بنەمای ڕەنگ و ڕەگەز خەڵکەکان جیا دەکاتەوەو، پێی وایە مرۆڤی سپی گەورەو

[1] ئەمە تا ڕادەیەك بۆ عورف و نەریتەکان ڕەنگە گونجاوو دروست بێ, لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی ترو, لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. بەڵام بۆ ئەخلاق و ڕەوشتە بنەڕەتییەکان و ئاکارە چەسپاوو نەگۆڕە مرۆییەکان هەڵەیەکی کوشندەیەو, کارەساتی مەترسیداری لێ دەکەوێتەوە. وەك لە کۆمەڵگەکانی مێژووی هاوچەرخی ئەوروپادا, لە ژێر سایەی ئەو فەلسەفە براگماتییەدا, ڕەنگی داوەتەوەو, ئاسەواری دەرکەوتووە. ع. عبد العزیز.

کوێخای دونیایەو، نەتەوە ئەوروپیەکان بۆ ئەوە بەدیهێنراون کە ببنە سـەرداری جیهـان و، دەسـەڵات تـەنها بەدەسـت ئـەوان بێـت. بـە پێچەوانەوە نەتەوەکانی تری سەر زەوی دەبێ ژێـر دەسـتەی ئـەوان بن، ئەمەش بە پشت بەستن بە بیردۆزەی گەورەیی و فـەزڵی نێـوان ڕەگەزەکان، کە نە لە زانستدا، نە لە ئاینـدا, هـیچ بەڵگـەو دڵنیاییـەك لەسەری دەست ناکەوێ.

لە کاتێکدا لای ئێمەی موسـوڵمان, خـەڵکی یەکسـانن وەك دانـەی شانە. پەروەردگاریان یەکەو، باوکیان یەك کەسەو، گـەورەو بچـوکیی نیە، (مەگەر بەپلەی تەقواو لەخواترسان).

٥- هەروەها هەستی فراوانخوازی و (ئیسـتکباری)، کـە بەشـێکە لـە تایبەتمەندیی پێشوو، یان بەرهەمی ئەوە. ئەوان دەیانەوێ دەسـەڵات بەسەر جیهاندا پەیدا بکەن و، ماددە خامەکانی دونیا لە بەرژەوەندی خۆیان قۆرخ بکەن و، دەستوەردەنە سامان و داهاتیان و، بۆ سوودی گەلانی خۆیان بیماشنەوە. (کۆلۆنیالیست)ە پێشـووەکان هـەر وایـان کرد، زۆربەی وڵاتانیـان بـۆ ئـەوروپا, داگـیرو تـاڵان کـرد. داگیرکـەری سەردەمیش هەوڵ دەدات دونیا داگیر بکات لە سـوودی ئـەمریکا، بـە تایبەتی (دونیای ئیسلام) کە لە جێی یەکێتی هەڵوەشاوەی سۆڤیەت بە دوژمنی یەکەم دانـراوە. بـۆ ئەمـەش ئـەو (فەیلەسوف)انەیان کـە شـارەزان بـە سـتراتیژیەتی داهـاتوو- ئەوانـەیان کـە بڕوایـان بـە پێکـدادانی شارسـتانییەتەکان هەیـە-دەڵـێن: یەکـەمین ژیـاری

مەترسیدار لەسەر داهاتووی شارستانێتی خۆرئاوا، ژیاری ئیسلامییە، بۆیە دەبێت ئاگامان لێی بێ و، لەسەنگەردا بین بەرامبەری.

ئێمە بڕوامان وایە کە ئیسلام بەوە ڕازی نابێ کە تەنها گۆرانی بە بالآی ژیارە گەشەدارەکەی دوێنێیدا بخوێنین. بەڵکو پێمان وایە دەبێ بۆ داهێنانی ژیارێکی ئیسلامیی هاوچەرخ هەوڵ بدرێ، کە باشترین خاڵ و تایبەتمەندیی بەهێزی شارستانێتی ئەمڕۆ وەرگرێ، لە زانست و تەکنەلۆژیاو ئیدارەو ڕێکخستن. هەروەك کاتی خۆی ئەوروپیەکان لە شارستانێتی ئێمە سودیان وەرگرت, چونکە (زانست) بە سروشتی خۆی جیهانی و گەردوونییەو، جیاوازیی ئاین و نیشتمان و ڕەگەز، کاری تێ ناکات، ئەوە کلتورە کە بە جیاوازی نەتەوەو ئاین و بۆماوەو فەلسەفەی ژیان ئاڵوگۆڕی تێ دەکەوێ.

ژیارو شارستانێتی ئیسلامیی نوێ– کە سوود لە داهێنانکارییە ماددییەکانی سەردەم وەردەگرێ، هەڵقوڵاوی فەرهەنگ و کلتوری ئیسلامییە، کە لە کاتێکدا پشت بە عەقڵ و ژیریی مرۆڤ دەبەستێ، بەرچاو ڕوونیشە بە نیگاو وەحی خوایی، بۆیە فۆرمێکی نوێی ژیان پێشکەشی مرۆڤایەتی دەکات، کە خۆشبەختی– بە فراوانترین واتاکانی– بۆ دونیا دەخولقێنی و، یارمەتی مرۆڤ دەدا کە بە ئەرکی پەیامداری خۆی هەستێ و، بەرپرسیارێتی خۆی بگەیەنێ و، لەگەڵ کەسانی تردا بناغەی ڕێساکانی ئاشتی جیهانی لەسەر پرەنسیپەکانی ڕاستی و دادگەریی بنیات بنێ.

# بەشی بیست و یەکەم

# ئیسلام و چاکسازی

(ئەم بابەتە لەچەند تەوەرێکدا دەخەینە ڕوو):

**یەکەم:** ئێمە بڕوامان وایە کە خوای گەورە مرۆڤی لە جوانترین و باشترین شکڵ و شێوازدا دروست کردووە. خۆی دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ﴾ التين/٤. پاشان کردوویەتیە جێنشین تا زەوی ئاوەدان بکاتەوەو, چاکسازیی تێدا بکات. دەفەرموێ: ﴿هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ الأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا ﴾ هود/ ٦١، واتە: ئەو لەزەوییەوە ئێوەی بەدی هێناو، داوای لێ کردوون کە ئاوەدانی بکەنەوە. بۆیە بانگەوازکردن بۆ یەکتاپەرستی و خواناسیشی کردۆتە ئەرکی پێغەمبەران ، پاشان چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی. دەفەرموێ: ﴿وَمَا نُرْسِلُ الْمُرْسَلِينَ إِلاَّ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ فَمَنْ آمَنَ وَأَصْلَحَ فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾ الأنفال/٤٨، واتە: پێغەمبەرانمان ناردووە کە مژدەدەرو ترسێنەر بن، هەرکەسانێکیش بڕوا بێنن و چاکسازیی بکەن نە ترسیان هەیە، نە خەم و خەفەت. نمونە شوعەیب پێغەمبەرە کە داوای لە نەتەوەی (مەدیەن) کرد کە چاکسازیی لە بواری ئابوریدا بکەن. بۆ نمونە دەفەرموێت: ﴿ وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْباً قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـهٍ غَيْرُهُ وَلاَ تَنقُصُواْ الْمِكْيَالَ وَالْمِيزَانَ إِنِّيَ أَرَاكُم بِخَيْرٍ وَإِنِّيَ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ مُّحِيطٍ{٨٤} وَيَا قَوْمِ أَوْفُواْ الْمِكْيَالَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ وَلاَ تَبْخَسُواْ النَّاسَ أَشْيَاءهُمْ وَلاَ تَعْثَوْاْ فِي الأَرْضِ

مُفْسِدِينَ ﴾ هود/ ٨٤-٨٥ ، واتە: بۆ خەڵكی مەدیەن، شوعەیبمان نارد كە برای خۆیان بوو، پێی وتـن: ئـەی نەتـەوەی خـۆم! پەرستشـی خـوا بكەن، فەرمانڕەواو فەریادڕەسێكی ترتان نیە جگـە لـەو. لەكێشـانەو پێوانەش كەم مەكەنەوە. من وا دەبیـنم خێرتـان تێدایـە. بـە ڕاسـتی ترسم لە سزایەكی ئابلۆقەدەر هەیە، كـە ڕۆژێ هـەمووتان بگرێتـەوە. ئەی نەتەوەكەم! با كێشـانەو پێوانـەتان پـڕو ڕێـك و دروسـت بێـت و دادپەروەرانە بێت، هیچ شتێكی خەڵكی بە كـەم مـەزانن، گەنـدەڵی و فەسـاد بـڵاو مەكەنـەوە. دواتـر پـاش یەكتاپەرسـتی، پەیامەكـەی لـە وشەیەكدا كورت دەكاتەوە كە (چاكسازی)یە، دەفەرموێ: من بە پێی توانام, جگە لە چاكسازیی شتێكی ترم نیـە. ﴿إِنْ أُرِيدُ إِلاَّ الإِصْلاَحَ مَا اسْتَطَعْتُ ﴾ هود: ٨٨،

بۆیە خـوای پـەروەردگاریش ئاراسـتەی موسـوڵمانان بـەم جـۆرە دەكات كە دەفـەرموێ: ﴿وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفاً وَطَمَعاً ﴾ الأعراف: ٥٦، واتە: پاش ئەوەی چاكسـازیی لەسـەر زەوی كراوە، گەندەڵی تێدا بڵاو مەكەنەوە. بۆیە خوای پەروەردگار جـەخت لەسـەر ئـەوە دەكاتـەوە كـە سـوننەتێكی گـەردونیی هەیـە تـا دواڕۆژ دەمێنـێ، ئـەویش ئەوەیـە كـە چاكسـازیی كـارێكی زەحمەتـەو، گەندەڵكاران پێیان ناكرێت، بـەڵكو دەبـێ مـرۆڤ لـە خۆیـەوە دەسـت بكـات بـە چاكسـازیی، تـا بتوانـێ بەشـداریی بكـات لـە چاكسـازیی

کۆمەڵگەدا، چونکە خوای گەورە چاکسازیی لە کاری گەندەڵکاراندا ناکات، ﴿إِنَّ اللّهَ لاَ يُصْلِحُ عَمَلَ الْمُفْسِدِينَ﴾ يونس:٨١.

**دووەم:** بڕوامان وایە کە بزافی چاکسازیی سەراسەریی لە جیهانی ئیسلامیدا, بۆ ئەمڕۆ بۆتە پێویستییەکی زۆر گرنگ، لەهەر کات زیاتر. دیارە ئەم بزافە بێ پەیوەندی نیە بەو گۆڕانکارییەوە کە لەجیهانی سەردەمدا دەگوزەرێ، چونکە پێك گەیشتن و تەفاعول لە نێوان نەتەوەو ژیارەکاندا بۆتە تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەم سەردەمە، وای لێ هاتووە کە جیهان وەك گوندێکی بچوکی لێ هاتووە.

لە سەرێکی ترەوە ناگونجێ بزافی چاکسازیی لە وڵاتی موسڵماناندا پشت هەڵکات لەو هەموو ئەزمونە کەڵەکەبووەی مرۆڤایەتی. چ ئەزموونی کۆمەڵگە موسوڵمانەکان، چ ئەوانی تر. لە کاتێکدا لە بواری چاکسازی سیاسیدا کۆمەڵگە غەیرە ئیسلامییەکان دەستکەوتی زۆریان هەیە، کە بۆتە هۆی سەقامگیری بەرچاوو، گەشەی ئابوریی، تا وای لێ کردوون ڕابەرایەتی جیهان بکەن.

بێگومان ئەمە مانای ئەوە نیە کە بزافی چاکسازیی لە وڵاتانی ئێمە دوور دەکەوێتەوە لەسەرچاوە متمانە پێکراوە ئیسلامییەکان، بگرە دەبێ پابەندیی بەو سەرچاوە ڕەسەنانەوە لەجێی خۆیدا بێت، لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتنێکی مرۆییانەی هاوچەرخ، تا لەسەر کلتوری پێشینان چەق نەبەستێ و، ڕێگر نەبێ لەخێرو بێری تێگەیشتنە سەردەمییەکان و، وەڵامدانەوەی کێشەو گرفتە هاوچەرخەکان.

پێغەمبەری خوا ﷺ لەم لایەنەوە فەرمویەتی: (ترکت فیکم أمرین لن تضلوا ما تمسکتم بهما: کتاب الله و سنة نبیه), [1] واتە: دوو شتم بۆ بەجێ هێشتوون، ئەگەر پێیانەوە پابەند بن گومڕاو سەرگەردان نابن: کتێبی خوا (کە قورئانە)، لەگەڵ سوننەتی پێغەمبەرەکەی.

**سێیەم:** بڕوامان وایە کە ئەوە بەسەرچووە قەیرانی کۆمەڵگە ئیسلامییە هاوچەرخەکان سادە بکرێتەوە لە قەیرانی ڕەوشت و بەهاکاندا، یان گرفتی یاساکانی سزاداندا، لەگەڵ ئەوەی ئەو بابەتانەش بایەخی خۆیان هەیە. خوای گەورە دەفەرموێ: (وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَاناً لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ ) النحل: ٨٩، واتە: قۆناغ بە قۆناغ, قورئانمان ناردە سەر تۆ، تا (سەرچاوەی) ڕوونکردنەوەی هەموو شتێك بێت، هەروەها مایەی ڕێنوێنی و ڕەحمەت و مژدەبەخشین بێت بۆ موسڵمانان.

بەهەرحاڵ, ئەوەی ئەرکی چاکسازیی هەڵدەگرێ نابێ بێ ئاگا بێ لە گرفتە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگە مرۆییە هاوچەرخەکان و، جۆری گرفتەکان و، لێکئالآنی کێشەو گرفتەکان. بە ڕاستی شۆڕشە زانستی و پیشەسازییە یەك لەدوایەکەکان و، پێشکەوتنە بەرچاوەکەی کەرتی کەرەسەکانی بەرهەمهێنان و، ئامێرەکانی جوڵەو هاتوچۆو ئاڵوگۆڕو، ئامڕازەکانی پەیوەندی و گواستنەوەو پاراستن و

---

[1] حاکم و بەیهەقی گێڕاویانەتەوە.

بەکارهێنانی زانیارییەکان، هەموو ئەمانە چەندین گرفتی کۆمەڵایـەتی نوێیان بەرهەم هێناوە، هـەروەکو چـەند ڕەهەنـدێکی تریـان داوە بـە زۆریێ لـــە گرفتـــە پێشـــووەکان، کـــە پێشـــتر ئـــەو ڕەهەنـــدو دەرهاویشتانەیان نەبوو..

بەڕاســتی پێویســتییەکی ئاشــکرا هەیــە بــۆ دەربــازبوون لــە دواکەوتویی بواری ئابوری و، نەبوونی پلانی گەشەپێدان و، پێویستی چارەسەری کەمیی خـۆراك و خواردەمـەنی و خـراپ دابەشکردنی لـە جیهانـــدا. هـــەروەها گرفتـــەکانی ژینگـــەو پیســـبوونی و، جـــۆری دابەشــکردنی ســامان لــە وڵاتــانی موســوڵماناندا، لەگــەڵ نــەبوونی هاریکاریی کۆمەڵایەتی لە زۆرێکیاندا. جگە لە گرفتەکانی پەیوەنـدیی نێوان وڵاتان.

لــە لایــەکی تــرەوە دەبــێ کــاری جیــددی بکــرێ بــۆ ڕاگرتنــی پێشبڕکێی خۆپڕچەك کردن، بەچەکە کۆمەڵکوژو ڕووخێنەرەکان، کـە لە چەند چرکەیەکدا دەتوانن تەواوی ژیاری مرۆڤایـەتی وێـران بکـەن، یـان چـەند گـەل لـە بـەین بـەرن. هـەروەها خۆسـەپاندنی هەنـدێ لـە وڵاتـانی زلهێـز بەسـەر ڕێکخـراوی جیهـانی نەتـەوە یـەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشدا، لەسەر حسابی مافی گـەلانی لاوازو ژیارەکـانی تر، نابێ ئـەم لایەنانـە لـە دەرەوەی گرنگیپێـدانی بزافـی چاکسـازی ئیسلامی و، خوازیارانی جێبەجێکردنی شەریعەتەوە بێت.

## چوارەم/ چاکسازیی نێوخۆیی:

بڕوامان وایە کە ئەو چاکسازییە ڕاستەقینەیەی یەکێتی ئوممەتی ئیسلام دەپارێزێ و، بەرەو خێر و گەشەدانی دەبات، بریتییە لە چاکسازیی خودی و نێوخۆیی. چاکسازییەك کە لە پرەنسیپە چەسپاوەکانی ئوممەت و بەرژەوەندییەکانیەوە، هەڵدەقوڵێ، مەبەستمان چاکسازیی باری موسوڵمانانە بەخودی ئاینەکەیان، ئاینی ئیسلام، نەك دوورخستنەوەی ئیسلام، یان شێواندنی، یان گۆڕانکاریی کردن تێیدا بەناوی چاکسازییەوە. لە ڕاستیدا ئەو بانگەشە دەرەکییانەی بیانوو بە چاکسازی دێننەوە، لە ڕاستیدا ئامانجیان لێدانی هێزی ئوممەتە بەخۆی، لە پێناو درێژەدان بە لاوازکردنی و دەسەڵات پەیداکردن بەسەریدا. بۆیە لە گرنگترین هۆکارەکانی سەرکەوتنی چاکسازیی ئەوەیە کە سەرکردە دەستبژێر و متمانەپێکراوەکانی ئوممەتی ئیسلام، پێکەوە بسازێن و هاریکاری یەکتر بکەن، لە پێناوی هاتنەجێی ئەو چاکسازیی یەدا.

لە ڕاستیدا زانایان لە سەراسەری جیهانی ئیسلامیدا لەم سەردەمەدا داوایان لێ دەکرێ کە هەڵگری دروشمی چاکسازیی گشتگیرو سەراسەریی بن، پێشەنگی هۆشیارکردنەوەی ئوممەت و هاندانی نەوەکانی بن لە بەرەوپێشچوونی کاروانی چاکسازیدا. ئەم ئاوات و ئەرکەش نایەتە دی، تا ئەوکاتەی زانایان نەبنە هەڵگری هەموو خەم و خەفەتەکانی ئوممەت و، ئابلۆقەدانی گرفتەکانی و،

پێشکەشکردنی چارەسەرە گونجاوەکان لەگەڵ ئیسلام. ئەمەش لە چوارچێوەی (ئیجتهاد)ێکی فیقهی و هزریدا کە بەسەر سەردەمدا بکرێتەوەو، سوود لە ئەزموونی کەسانی تر وەرگرێ و، لەگەڵ پرەنسیپەکانی شەریعەت و ڕێساو مەبەست و حیکمەتەکانی, سازبێ.

لەسەرێکی ترەوە سیستەمە دەسەڵاتدارەکان، دەبێ چاك بزانن کە تەنها چاکسازیی ڕاستەقینەیە ڕەوایی بەردەوامبونیان پێ دەدات. بەرژەوەندیی ئوممەتی ئیسلامیش لەوەدایە کە پاش پەراوێز خستنێکی چەند سەدەیی بێتەوە سەر شانۆی ژیان لەم سەردەمە هاوچەرخەدا، تا ژیانی ئیسلامییانەی و پەیامە مرۆڤایەتیەکەی, دەست پێ بکاتەوە. هەروەها دەبێ بە ڕۆڵی پێویستی خۆی هەستێ لە گۆڕانکاری و چاکسازیی، چ لەڕووی یاسادانان، چ لەڕووی جێبەجێکردنەوە. تاکە ڕێگەش بۆ هاتنەدی چاکسازیی، ڕێگەی هاوکاری و هاریکارییە لە نێوان سەرکردەکان و زانایان لەسەرێکەوە و، لە نێوان توێژە جەماوەریەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سیستەمە حوکمڕانەکان، لەسەرێکی ترەوە. بۆیە هەر ناکۆکییەك لە نێوان ناوەندو هێزە سیاسیەکان و حوکمڕانەکاندا درگا والآ دەکات بۆ دەستێوەردانی بیانی و، لەباربردنی هەوڵە چاکسازییەکان و، هاتنەدی ئامانجەکانی دوژمنان.

لەم ئاقارەدا لەوانەشە کەسانێك هەبن وا بزانن هاوکاریی لەگەڵ هێزەکانی بێگانە, پرۆسەی چاکسازیی گورج دەکاتەوە. بەڵام دەبێ

لەوە دڵنیا بن کە بێگانە لە پێناو چاکسازیی ڕاستەقینەدا هاوکاریی ناکات. بەڵکو لە پێناو هاتنەدی ئاواتەکانی خۆیدا کار دەکات، بە تایبەتی لە کەرت و پەرتکردنی ئوممەت و ملکەچکردنی بۆ دەسەڵاتی خۆی و ژێردەستە کردنی.

## پێنجەم/ چاکسازیی سیاسی:

بەڕاستی دەبێ لە وڵاتی موسوڵمانانداندا بایەخێکی تایبەتی بە (چاکسازیی سیاسی) بدرێ، چونکە تاکە ڕێگەیە کە سیستمێکی سیاسی سەقامگیر دێنێتەوە ئاراوەو، هاوکارێکیشە بۆ هێنانەکایەی چاکسازیی لە هەموو بوارەکانی تردا. هەروەها یەکڕیزی ئوممەت لە ڕوبەڕووبوونەوەی دوژمنانیدا دەپارێزێ و، ڕێگری دەکات لە دابەشبوونی بەسەر چەند وڵاتێکی ناکۆکدا، کە هەرکامیان داوای پشتیوانیی لە بێگانە بکەن دژی یەکتر.

چاکسازیی سیاسی لە وڵاتی موسڵمانان و، هەر وڵاتێکی جیهاندا, سێ پایەی سەرەکی پێویستە:

**پایەی یەکەم:** ئازادی کاری سیاسی بۆ هەموو هاووڵاتیان، لەگەڵ پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، بە تایبەتی ئازادی ڕاو ڕادەربڕین و، دامەزراندنی دامەزراوەی حزبی و ڕێکخراوەو کۆمەڵەکان و بانگەشە بۆکردنیان، کە لەمەدا مافی دانانی یاسای فرەیی حزبە سیاسییەکان و ململانێی نێوانیان و ڕێزگرتنی ڕای بەرامبەریش دەستبەر دەبێت.

**پایـەی دووەم:** دەسـەڵات لـە ئوممەتـەوە پەیدا دەبێـت، بۆیـە دەبێ مانەوەو درێژبوونەوەی دەسەڵات بەندبێ بە ڕەزامەندیی خەڵکی و، داننـان بـە ئـاڵوگۆڕی ئاشـتیانەی دەسـەڵاتەوە، لـە چوارچـێوەی یاسـایەکدا کـە یـەکێتی ئوممـەت بپـارێزێ و، کەرەسـەو ئیمکانـاتی دەسەڵات بەکار نـەهێنرێ بـۆ چەوساندنەوەی خـەڵکی و زەوتکردنـی مافـەکانیان. دەبـێ دەسـەڵاتەکانی (یاسـادانان و جێبـەجێ کـردن و دادوەریی) دابەش بکرێن. تا بـەهۆی قۆرخکردنـەوە لایـەك دووچـاری دەردی تـاکڕەوی نـەبێ و، هێـزی سـەربازی و ئاسایشـیش ببێتـە بەرگریکار لە هەموو ئوممەت، نەك تەنها لە دەسەڵات.

**پایـەی سـێیەم:** ڕەخسـاندنی هـەل بـۆ گـەل, کـە چـاودێری دەسـەڵاتی جێبـەجێ کـردن بکـات و, لـە ڕووی سیاسـییەوە لێـی بپرسـێتەوە. هـەروەها زەمینـە سـازکردن بـۆ سـەربەخۆیی قـەزا (و دادگاکان) بە شێوەیەکی تەواو، تا ببنە مەرجەعی باڵای پرسینەوە لە هـەموو دەسـەڵاتەکان، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ئاشـکراکردنی جـۆری جێبـەجێ بـوونی ئـەرکی بەرپرسـان و، ڕێگـر لـە بـەردەمیان، تـا پۆستەکانیان بەکار نەهێنن بۆ بەرژەوەندیی تاکە کەسـی و گروپـی و دەستەی جیاجیا.

بەڕاسـتی ئەنجامـدانی ئـەم چاکسـازییانە، ژیـانی سیاسـی وا لـێ دەکەن کە پشت بە دایەلۆك و هاوکاریی ببەستێ و، ڕێگری بکـات لـە پاساوو بیانووی توندڕەوی و ناکۆکییە ناوخۆییەکان.هەروەها یەکێتی

ئوممـــەت لـــە هـــەردوو ئاســـتی هاوڵاتیـــان و فەرمانڕەواکانـــدا, بـــۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان دەستەبەر دەکات. جگە لەوەش لە ڕووی پلاندانانـەوە زەمینـە سـاز دەکـات بـۆ گەشـەپێدانی لێهاتنـەکان و بنیاتنانی داهاتوو. لەسەرێکی ترەوە دەبێتە هۆی هەنگاونانی جیددی بـۆ هاوکـاریی نێـوان وڵاتـانی ئیسـلامیی بـەرەو یەکخسـتنەوەیەکی گونجاوی دیدو هەڵوێستەکان.

## شەشەم/ چاکسازیی ئابووری:

ئـابوریی بـەهێز گـرنگترین فاکتـەری پێشـکەوتنی نەتـەوەکان و، پاراستنی سەروەری و، هێشتنەوەی کاریگەرییانە لە نێـوان وڵاتانـدا. سەقامگیریی سیاسیش لە ژیانی ئوممەتدا یەکەم ڕەگـەزی گرنگـە لـە هێزی ئابوریدا. بۆیە دەبێت چاکسازیی ئابوری لە وڵاتی موسوڵمانانـدا ئەم پرسانەی خوارەوە چارەسەر بکات:

### باس و توێژینەوە زانستیەکان:

لەم سـەردەمەدا بزافـی ئـابوریی بـە تـەنها بـەجێ نـەهێڵراوە بـۆ ململانێی ئازاد، بەڵکو توێژینەوەی زانستیی بنەمای هـەر گەشـەیەکی ئـــابوری و، هـــەر پێشـــکەوتنێکی ژیـــاری و شارســـتانییە. وڵاتـــە ئیســـلامییەکانی ئێمـــەش بەدەســـت دواکەوتوییـــەوە لـــەو بـــوارەدا دەناڵێنن, لەبـەر دوو هۆکـار، یەکـەمیان: کۆچـی بـەرفراوانی مێشـکە داهێنەرەکان بۆ وڵاتانی تر, کە سەقامگیریی سیاسیان تێدایەو، مرۆڤ دەتوانێت گوزارشت لە ڕای خۆی بکات و، ئاوات و خۆزگەکانی بێنێتە

دی، بۆیـه هـەوڵ و بەرهەمـە زانسـتییەکانیان پێشـکەش بـەو وڵاتانـە دەکەن، لە کاتێکدا نەتەوەکانیان لە هەرلا زیاتر نیازمەندن بەوان.

هۆی دووەم: ئەوەیە کە بودجەیـەکی شـایان و پێویسـت بـۆ ئـەو بوارەی باس و توێژینـەوە تـەرخان ناکرێـت. جـاری واش هەیـە هـیچ بودجەیـەك دانانرێـت. لـە کاتێکـدا ئەگـەر ویسـتێکی ڕاسـتگۆیانە لای بەرپرسـان هـەبێت چارەسـەری ئـەم دوو هۆکـارەو، هـەنگاونان بـۆ ڕاپەڕینێکی زانستیی نوێ, کارێکی زەحمەت نیە.

## گەشەپێدان و کەرتی پیشەسازی:

زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکانمان لە ڕووی ئابوورییەوە لـە وڵاتـە دوا کەتووەکان دەژمێردرێن. زۆرجار بە وڵاتـانی تـازە گەشەسـەندوو نـاو دەبرێن. بەڵام زۆربەیان هیچ لە گەشەو پێشکەوتن نازانن. بۆیـە ئێمـە زۆر پێویستمان بـە چـەندین توێژینەوەیـە, تـاکو یارمەتیـدەر بـن بـۆ دانانی پلانێکی سەراپاگیر بۆ گەشەی ئابوری، لەبەر ڕۆشنایی سامانە سروشتییەکانمان..

ئێمە وا دەزانین کارێکی زەحمەت نیە بۆ عەقڵە ئابوورییـەکان کـە ئـاوا توێژینـەوەو باسـانێك ئامـادە بکـەن. وڵاتـانی ئێمـەش بـە دەوڵەمەنـدترین وڵاتـانی جیهـان دێنـە ژمـار, لـە ڕووی سـامانی سروشتییەوە، بەڵام پێویستمان بە سیسـتمێکی سیاسـی سـەقامگیرو جیددی هەیە, کە ئەو پلانانە جێبەجێ بکات و، فەرامۆش نەکرێن، بە تایبـەتی بـە بیـانووی داکـۆکی لـەخۆکردن لـە کـاتی ناکۆکییـە

نێوخۆییەکاندا، چونکە هێزە دەرەکییەکان دننەی دەدەن و سوودی لێ دەبینن. بەڕاستی ئەوە مایەی نەنگییە کە وڵاتانی ئێمە نەکەوتوونەتە سەردەمی پیشەسازی و, تا ئێستەش سادەترین پێداویستییەکانیان لای نەیاران دەکڕن، چ جای دروستکراوە گەورە شارستانی و سەربازییەکان.

**هاریکاریی ئابوریی:**

بەڕاستی پەیوەندییە ئابورییەکانی نێوان زۆربەی وڵاتانی جیهانی ئیسلامیی، لەم سەردەمەدا لاوازترە لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی تر، بەمەرجێ ئەگەر وڵاتە ئیسلامییەکان ببنە بازاڕێکی ئابوریی هاوبەش و، ئاڵوگۆڕی بەروبوم و شمەك و ئامڕازی سەرەکی و بەرهەم و شارەزایی لە نێوان یەکتردا بکەن و، باج لەسەر یەکتر هەڵگرن، یان سوکی بکەن، ئەمە دەبێتە هۆی گەشەی ئابوریی ئەو وڵاتانەو، جیهانی ئیسلامیی دەکاتە هێزێکی ئابوریی گەورە. گەورە ترین بەڵگەش ئەزموونی حەوت وڵاتە ئیسلامییەکەیە، بەڵام بەداخەوە درێژەی نەبوو و، لەبەر هەندێ هۆکاری زانراو گەشەی پێ نەدرا.

بەڕاستی هاریکاری ئابوری نێوان جیهانی ئیسلامیی, هەنگاوێکی بنەڕەتییە و، دەکرێت هەنگاو بە هەنگاو بەرەو یەکێتییەکی ئابوریی گەشە بکات، کە هەموو لا لێی سودمەند بن، بەڵام مەرجی بنچینەیی ئەوەیە کە دەسەڵات و سیستەمە سیاسییەکان سەقامگیر بن و، خاوەن بڕیاری خۆیان بن و، توانای گەشەی وڵاتەکانیان هەبێت.

## بایکۆتی ئابوریی لەلایەن جەماوەرەوە:

ئاشکرایە کە بەکارهێنانی بەرهەمی وڵاتە بیانییەکان لە جیهانی ئیسلامیدا بە پلەی یەکەم دێت، بە مەرجێ هەندێ لەو وڵاتانە ڕۆڵی دوژمنکاریی لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامیی دەبینن. ئەم واقیعەش ڕۆڵی هەیە لە بەهێزکردنی ئابوریی ئەو وڵاتانەو، درێژبونەوەی دیاردەی دواکەوتنی ئابوریی وڵاتانی ئیسلامیی.. بۆیە بەهێزیی لایەنی ئابوریی ئەو وڵاتە بیانییانیە، هاوکات لەگەڵ بەردەوامبونیان لە سیاسەتی دژایەتی ئوممەتی ئیسلامی و کێشە ڕەواکانی- بەتایبەت کێشەی فەلەستین- مانای وایە ئێمە هاوکاریی دوژمنانمان دەکەین تا زیاتر بەتوانا بن بۆ لێدانی خۆمان.

بۆیە بانگەشە بۆ بایکۆت کردن و دەستبەردار بوون لە کەرەسەو شمەك و بەرهەمی بێگانە- مادام لە وڵاتانی ئیسلامیی خۆمان بەدیلیان هەبێت- بۆ ئەم سەردەمە, بۆتە هۆکارێکی بنەڕەتیی بۆ بەربەرەکانێی دوژمنانمان، هەروەك هۆکارێکیشە بۆ بنیاتنانی ئابوریی نەتەوەیی و گەشەپێدانی. لەسەرێکی ترەوە بەکارنەهێنانی بەرهەمە ئەمریکی و زایۆنییەکان و، ئەو کۆمپانیایانەی یارمەتی قەوارەی زایۆنی دەدەن، گوزاشتە لە پابەندیمان بە پێداویستییەکانی برایەتی ئیسلامیی و هاریکاری ئیسلامیی. بەدڵنیایی ئەم هەڵوێستە کاریگەریی زۆر کارای دەبێت ئەگەر موسڵمانەکان پێوەی پابەند بن.

# بەشی بیست و دووەم
# ئیسلام و گفتوگۆ و دایەلۆك

ئێمەی موسوڵمان باوەڕمان وایە کە لە ڕووی ئاینییەوە فرمانمان پێ دراوە کە لەگەڵ غەیری خۆمان گفتوگۆ بکەین. گفتوگۆو دایـەلۆك بەشێکە لە بەرنامەی بانگەواز بۆ ئیسلام، کە خوای گەورە کردویـەتی بە ئەرکی پێغەمبەری ئیسلام و هەر موسڵمانێکی تر. خوا دەفەرموێ: ﴿أدْعُ إِلى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ النحل:١٢٥. واتە: بەحیکمەت و ئامۆژگاریی جوان بانگەواز بکـە بۆ ڕێگەی پەروەردگارت. بەجوانترین ڕێگـەو شـێوازیش مشـت و مـڕو موجادەلەیان لەگەڵ بکە. ئەم دەقە قورئانییە ئەوەی بڕیوەتەوە کـە دەبێت ئامۆژگاریی بە شـێوەیەکی جـوان و ڕێکوپێـك ئـەنجام بـدرێ. سـەبارەت بـە موجادەلـەو ڕاگۆڕینـەوەش بڕیـاری داوە بـەجوانترین شێواز بێت (بالتي هي أحسن).

جا لەبەر ئەوەی (ئامۆژگـاریی) لەگـەڵ کەسـانی هـاوبیرە، تـەنها مـەرجی جـوانی و ڕێکـوپێکی دانـاوە (الموعظـة الحسـنة)، بـەڵام لەبـەر ئەوەی  موجادەلەو مشتومڕ لەگەڵ کەسـانی تـرە، بەمـەرجی دانـاوە بـەجوانترین شـێوەو شـێواز بێـت (بـالتي هـي أحسـن)، جـوانتر یـانی: بەناسکترین وشە، نەرمترین شێواز، بۆ ئـەوەی دڵنیـا ببنـەوەو نێزیـك ببنەوە لە موسڵمانان. بۆیە هەرکەس سەیرێکی قورئان بکات دەبینێ

کە بە شـێوەیەکی بـێ وێنـە کتێبـی گفتوگـۆو حیـوارە. پڕیـەتی لـەم جـۆرە دایـەلۆك و گفتوگۆیانـە: گفتوگـۆی پێغەمبـەران لەگـەڵ نەتەوەکانیان. وەك گفتوگۆی نوح و ئیبراهیم و موساو هودو صـالّح و شوعەیب و ..هتد، کە لە چەندین سورەتی قورئاندا باس کراون.

هەروەها گفتوگـۆی نێـوان خـوای گـەورەو دروسـتکراوانی، خـواو فریشتەکان، کاتێ ویستی ئادەم دروست بکات، بگرە گفتوگۆی خوای گەورەو خراپترین دروستکراوی کە ئیبلیسە، بە درێژی تۆمار کراوەو، لەچەندین بڕگەو سورەتدا بـاس کـراوە: وەك سـورەتەکانی (الأعـراف، الحجر، الأسراء، ص..).

بۆیـە ئێمـە پێشـوازیی لەهـەر گفتوگۆیـەکی ئیجـابی و بنیاتنـەر ئەکەین، لەگەڵ هەر کەسێك کە نەیاریشە لەگەڵمان، مادام بگەڕێ بـە دوای تێگەیشـتن لـە ڕاسـتی و، نەیـەوێ چـەمکانێکی دیـاریکراو، یـا فەلسەفەو سیاسەتێکی دیاریکراو، بسەپێنێ بەسەرماندا، بە تایبـەتی لەگـەڵ شـوێنکەوتوانی ئاینـە ئاسمانییـەکان. بەتایبـەتی تـر لەگـەڵ مەسیحییەکان.

قورئـانی پـیرۆز سیاسـەتی حیـوارو دایـەلۆکی فێرکـردووین کـە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ وَقُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنزِلَ إِلَيْنَا وَأُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَهُنَا وَإِلَهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ﴾ العنكبوت/ ٤٩، واتـە: لەگـەڵ ئەوانـەی شـوێنکەوتەی کتێبـی ئاسمانین، بەجوانترین شـێواز نـەبێت گفتوگـۆو مشـت و مـڕ مەکـەن،

مەگەر ئەوانەیان کە ستەمیان کردووە. پێیـان بڵـێن: ئێمـە باوەڕمـان هێنـاوە بـەوەی بـۆ ئێمـە دابـەزیوەو، بـەوەش بـۆ ئێـوە دابـەزیوە. فریادڕەس و فەرمانڕەوای ئێمەو ئێـوە یەکێکـە. ئێمـە هـەمووومان بـۆ ئەو تەسلیمین و موسڵمان بووین.

لەبەر ئەوە ئێمەی موسوڵمان فرمانمان پێ دراوە کە بـەجوانترین شێواز و نزیکترین ڕێگا لەگەڵ دڵاندا، لەگەڵ ئەهلی کتاب لە جولەکەو گاوران قسەو گفتوگۆ بکەین، مەگەر ئەوانەیان کە ستەمیان کردووەو، لـە سـنوری خۆیـان دژمـان دەرچـوون. ئـەوە شـتێکی سروشـتییە گفتوگۆمان نیە لەگـەڵیان. بـەڵام ئـەوانی تریـان بەناسکترین گوتـار، نـەرمترین شـێواز لەگـەڵیان دەدوێـین. دەگـەڕێین بـۆ ئـەو خاڵـە هاوبەشانەی کۆمان دەکەنەوە. ئەو خاڵانەی لەسەریان ڕێك دەکەوین، نەك ئەو خاڵانەی جیامان دەکەنەوەو، دووبـەرەکیی زەق دەکەنـەوە. خوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿آمَنَّا بِالَّذِي أُنزِلَ إِلَيْنَا وَأُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَهُنَا وَإِلَهُكُمْ وَاحِدٌ﴾ العنكبوت/٤٦، بڵێن: ئێمە بڕوامان هێناوە بەو پەیامـەی بۆ ئێمە, بەو پەیامەش بۆ ئێوە دابەزیوە. فـەرمانڕەواو فەریادڕەسـی هـەردوولامان یەکـە[١]. لێـرەدا خاڵـە هاوبەشـەکانی بـاس کـردووە، تـا نزیکی لە نێوان هەردوو لایەنـدا دروسـت بکـات کـە گفتوگـۆ دەکـەن.

[١]– هەروەها دەفەرموێت :﴿ قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ ﴾ آل عمران/٦٤ ، واتە: ئەی خـاوەن کتێبـەکان, وەرن بـۆ ڕێککـەوتن لەسـەر وتەیـەکی یەکسان لە نێوان ئێمەو ئێوەدا.. وەرگێڕ.

بـەڵام ئەوانـەی بـەدەر کـردووە کـە سـتەمکاریی دەکـەن. ئـەوە گفتوگۆمان لەگەڵیان نیە. جا کەوابێ کاتێ کە جولەکە زایۆنییـەکان ستەمیان لێ کـردووین و، زەوییـان داگیرکـردووین و، کـەس وکاریـان دەربـەدەر کـردووین و، خوێنیـان ڕشـتووین، ئـەوە جگـە لـە ڕووبەڕووبوونەوەو بەرەنگاریی، ڕێیەکی ترمان نیـە، بـەڵام لـە هـەمان کاتدا لەگەڵ ئەو جولەکانەی تر گفتوگۆمان کراوەیە کە دەستیان نیە لە تاوانەکانی جولەکەی داگیرکاردا، هەروەکو گفتوگۆ دەکەین لەگەڵ مەسـیحییەکان بـەجوانترین شـێواز، زۆر دڵسـۆزانەش سـنگمان واڵا دەکەین بۆ ئەو حیوارو گفتوگۆیە، ئەملاو ئەولامان نیە، بڕوامـان وایـە کە پێویستمان بە لێکحاڵی بوون هەیە, نەك پێکدادان و دووبەرەکیی.

کـاتی خـۆی سـەرۆکی (یـەکێتی جیهـانی زانایـانی موسـوڵمان)، دکتۆر یوسف قەرەزاوی لە وتەکەی خۆیدا، لە کۆنگرەی دامەزرانـدنی یەکێتی زانایاندا وتی: دەمانەوێت ڕاشـکاوانە ڕایگەیـەنین کـە یـەکێتی زانایان بەسەرخۆیدا دانەخراوە. بەڵکو درگاکانی بەسەر چـوار دەوری خۆیـداو، ئـاین و شارسـتانێتی و فەلسـەفەکاندا کراونەتـەوە. ئـەو ڕێکخـراوە لـە هەڵوێسـت و قەناعـەتێکی ئـاینیی تـەواوەوە بـڕوای بـە فرەیی ڕەگەزی و زمانی و ئاینی و کلتـوری هەیـە. تـەنها خـوا تـاك و تەنهایە. جگە بۆ خۆی فرەیی (کردۆتـە سوننەتی بوونـەوەر)، ئەمـە ویستی خوای لەسەرە، پەیوەندی بەحیکمـەتی ئـەوەوە هەیـە. بۆیـە ڕێکخراوەکە بڕوای بە پێویستی گفتوگۆی کەس و لایەنە جیاوازەکـان

هەیە، نەك بە حەتمییەتی پێکداهەڵشاخان. پێمان وایە ئەگەر گفتوگۆ ئامانجەکانی دیارو دامەزراو بن و، نیازەکان خاوێن بن و، ئیرادەکان دروست بن، بەرهەمدار دەبێ. بە مەرجێ پابەندیی بە ئەدەبی حیوارو گفتوگۆوە بکرێ، وەك قورئان فەرمانی داوە بە جوانترین شێواز گفتوگۆ ئەنجام بدرێ. بۆیە پێشوازیی گەرم بە تایبەتی لە(حیواری ئیسلامیی مەسیحی) دەکەین، چونکە مەسیح ﷺ و دایکی و کتێبەکەی, لە قورئان و لای موسوڵمانان ڕێزو پایەیەکی تایبەتیان هەیە.

ئێمە پێمان وایە چەندین بواری گرنگ هەن کە دەگونجێ هەردوولا بە ڕوونیی هاوکاریی تێدا بکەن، وەك ئەمانەی خوارەوە:

**یەکەم:** بواری بڕواهێنان بە خواو پاشەڕۆژ: بەرامبەر ئەو بیرە ماددییە سەرسەختەی کە غەیب و شتە نادیارەکان ڕەت دەکاتەوەو، بێ بڕوایی و (ئیلحاد) بڵاو دەکاتەوەو، وا دەڕوانێتە چیرۆکی ژیانی کە تەنها ئەوەیە: منداڵدان نەوە بێنێتە دونیاو، زەویش بیانپێچێتەوەو، ئیتر هیچی تر لە ئارادا نیە! وەك قورئان لەسەر زمانیان دەفەرموێ: ﴿نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَا إِلَّا الدَّهْرُ﴾ الجاثیة/ ٢٤، واتە: دەمرین و دەژین و، کەس لە ناومان نابا, زەمانە نەبێ.

هەروەها دەکرێ هاوکاریی یەکتر بکەین لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دەستەو تاقمانەدا کە بڕوایەکی ڕووکەشییان بەخوا هەیەو، لە ژیان و بیرکردنەوەیاندا هیچ جێیەکیان بۆ خوای بەدیهێنەر دانەناوە، هیچ

مافێکی فرماندان و قەدەغەکردنیشیان نەداوەتێ. ئەمەش بڕوایەکی سەرمۆرکراوی پێچراوەی بێ ئەرك و بێ سوودە.

**دووەم:** بواری بەها ڕەوشتییەکان: ئەو بەها ڕەوشتییانەی کە مرۆڤایەتی وەك بۆماوەو پاشماوەیەکی ڕێنوێنی پێغەمبەران, بۆی ماوەتەوە، ئەمەش لە بەرامبەر ئەو شەپۆلی بەرەڵڵایی و بێ بەندو بارییەی سەری هەڵداوە. کە خەریکە بەها جوان و بەرزە مرۆییەکان لەناو بەرێ، کە بە داخەوە لە خۆرئاوای مەسیحیدا نمونەکانی دەبینین، وەك: پەیتارەیی و، لادانی سێکسی و، بەدڕەوشتی و، نێربازی و، مێبازی و، سك لەباربردنی بەڕەهایی و.. هتد.

**سێیەم:** بوارەکانی دادگەریی و کەرامەت و ئازادیی و، هەر بوارێکی تر کە پەیوەندیی بەمافەکانی مرۆڤەوە یا سەروەریی گەلانەوە هەیە. یان مافی گەلان لە گێڕانەوەی ماف و ئازادییان لەسەر زەوی خۆیاندا. دیارترین نمونەش: مافی گەلی فەلەستینی ستەملێکراوە، کە ڕۆژانە خوێنی دەڕژێ،ماڵیان وێران دەکرێ، سەرزەوییان کوێر دەکرێتەوە، دارودرەختی بنکەن دەکرێ، سەرزەویی لێ داگیر دەکرێ و، بە بەرچاو و گوێی جیهانی مۆدێرنەوە پیرۆزییەکانی پێشێل دەکرێن.

ئەمانە چەند بوارێکن کە دەکرێ هەر کەس و تاقمێ کە بڕوایان بەخواو پەیامەکانی و پاشەڕۆژ هەیە، تیایاندا هاوکار بن، دژی ئەوانەی دژ بە بیرو بڕوان و، دوژمنایەتی ئەوانە دەکەن کە بڕوایان بەخوای تاقانە هەیە.

# بەشی بیست و سێیەم
# ئیسلام و پەیوەندییەکان لەگەڵ غەیرە موسوڵمانان

**یەکەم:** بڕوامان وایە کە بنەمای شەرعیی بۆ پەیوەندی لەگەڵ غەیرە موسوڵمانان، لەم دوو ئایەتەی قورئاندا دیاری کراوە کە دەفەرموێ: ﴿لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ{٨} إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَى إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ الممتحنة/ ٨–٩، واتە: سەبارەت بەوانەی کە لەسەر ئاین، شەڕتان لەگەڵ ناکەن و، لەجێ و ڕێی خۆتان دەربەدەرتان ناکەن، خوا قەدەغەتان ناکات کە ئەوپەڕی چاکەکاری و دادگەرییان لەگەڵ بکەن. بەڕاستی خوا دادگەرانی خۆش دەوێت. بەڵکو خوا قەدەغەتان دەکات کە ئەوانەی لەسەر ئاین شەڕتان لەگەڵ دەکەن و، لەجێ و ڕێی خۆتان دەربەدەرتان دەکەن و، پشتیوانی (دوژمنانتان) دەکەن بۆ دەربەدەرکردنتان، کە بیانکەنە پشتیوان و گەورەو سەرپەرشتی خۆتان. هەر کەسانێکیش ئەوانە بکەنە گەورەو سەرپەشت و خۆشەویستی خۆیان، ئەوە ستەمکارن.

بەم جۆرە ئایەتی دووەم بنەمای پەیوەندیی لەگەڵ غەیرە موسوڵماناندا، لە کاتی شەڕدا دیاری دەکات، کە بریتییە لە

قەدەغەکردنی پشت پێ بەستن و پشتیوانی کردن. پێشـتر لـە باسـی ئەسڵی (ئیسلام و جیهاد و تێکۆشان)دا باسی جۆری پەیوەندییەکانی کاتی شەڕمان کرد. ئەم بەشە تایبەت دەکـەین بـۆ قسـەکردن لەسـەر بنەماکانی پەیوەندیی موسوڵمانان و کەسانی تر لە کاتی ئاشتیدا، کە ئایەتەکەی یەکەم لە دوو وشەدا پوختی کرووەتەوە: (بـر) و (قسـط)، (بّر) واتە: چاکەکارییەکی زۆر، (قسط)یش واتە: دادخـوازیی و جیـایی نەخسـتن. بۆیـە ئـەم دوو ڕەفتـارە لـە موسـڵمان داوا کـراوە لەگـەڵ تەواوی خەڵکی، هەرچەند بێ بڕواش بن بـە ئیسـلام، مـادام بەڕوویـدا نەوەسـتنەوەو دژایـەتی بـانگخوازانی ئیسـلام نەکـەن و، خەڵکەکـەی نەچەوسێننەوە. بـەڵام ئەوانـەیان کـە لەگـەڵ ئاشـتیدان، ئـەوە خـوا قەدەغەی نەکردووە ئەوپەڕی چاکەکاری و دادگەرییان لەگەڵ بکـرێ، بگرە خوای گـەورە خۆشـی دێ لـە دادگـەران، وەك چاکەخوازانیشـی خۆش دەوێت

(قسط)یش ئەوەیە کە بە تەواوی مافی خاوەن مـاف بـدەیت و، لێـی کـەم نەکەیتـەوە. (بِـرّ)یش ئەوەیـە زیـاد لـە مـافی خـۆی بـدەی بەخاوەن ماف و, چاکەی زیادەی لەگەڵدا بکەی. (قسط) ویستن واتە: مافی خۆت وەرگری و زیاتر داوا نەکـەی، بـەڵام (بـرّ) ئەوەیـە تـۆ لـە مافی خۆت ببوری بۆ کەسانی تر. لێرەدا تێبینی دەکەی کـە قورئـان وشەی (برّ)ی لەگەڵ بەرامبەرەکان– کە لەگـەڵیان جیـاوازین– بـەکار هێناوە، کە ئـەو وشـەیە لـە ئیسـلامدا بـۆ پیرۆزتـرین مافـەکان بـەکار

دەهێنرێت، پاش مافی خوای گەورە، وەك مافی دایك و باوك، بۆ نمونە دەگوترێ: (برّ الوالدين) واتە: ئەوپەڕی چاکەکاریی لەگەڵ باوك و دایك.

**دووەم:** سەبارەت بەخاوەن ئاینە ئاسمانییەکان لە غەیرە موسوڵمانان – کە قورئان دەستەواژەی (ئەهلی کتاب)ی بۆ داناون– پلەو پایەیەکی تایبەتیان هەیە, لە مامەڵە لەگەڵ کردن و هەندێ حوکمی شەرعیدا کە دانراون. مەبەستیش لە (ئەهلی کتاب): ئەوانەن کە ئاینەکەیان لە بنەڕەتدا لەسەر کتێبێکی ئاسمانی بنیات نراوە، وەك جولەکەو گاورەکان کە ئاینیان لەسەر تەورات و ئینجیل ڕاوەستاوە. سەبارەت بەو خاوەن کتێبانە, قورئان قەدەغەی کردووە بەهەر شێوازێك کە جوانترین شێواز نەبێت، گفتوگۆیان لەگەڵ بکرێت, بۆ ئەوەی کینەو ڕق نەچێتە دڵەکان و، ملەجیڕێ و عینادی، ئاگری دەمارگیریی و قین لەناو دڵاندا دروست نەکات. خوای گەورە– وەك لە بابەتی پێشوودا هێنامان– دەفەرموێت: ﴿وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ وَقُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنزِلَ إِلَيْنَا وَأُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَهُنَا وَإِلَهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ﴾ العنكبوت/ ٤٦.

بۆیە ئیسلام ڕێی داوە خۆراکی خاوەن کتێبەکان بخۆین، هەروەك ڕێی داوە لەگەڵ ژنە پاکداوێنەکانیاندا هاوسەرگیریی بکرێ. لەولاشەوە قورئان بڕیاری داوە کە دەبێ ژیانی هاوسەرگیریی لەسەر خۆشەویستی و ڕێزو سۆز بێ. دەفەرموێ: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ

أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجاً لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾ الروم/ ٢١، واتـه: نمونەيەك له بەڵگەو نيشانەكانی خوا, ئەوەيە كه لەخۆتان هاوسەری بۆ بڕيار داون، تاكو له پاڵياندا ئارامش ڕووتان تێ بكات و، دڵئارام بن و، سۆزو خۆشەويستيشی له نێوانتاندا بڕيار داوه.

بەو جۆره خـوا مۆڵـەتی داوه بـه موسـوڵمان، كـه ژنێكـی غـەيره موسوڵمان, ببێته خاوەنی ماڵی و، هاوەڵی ژيانی و، دايكـی منـداڵانی و، ببێته خاڵ و پوری منداڵانی، يان باپيرەو داپيرەی نەوەكانی. خوا دەفـەرموێ: ﴿وَطَعَـامُ الَّـذِينَ أُوتُـواْ الْكِتَـابَ حِـلٌّ لَّكُـمْ وَطَعَـامُكُمْ حِـلُّ لَّهُـمْ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِـن قَـبْلِكُمْ إِذَا آتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ وَلاَ مُتَّخِذِي أَخْدَانٍ﴾ المائـدة/ ٥، واته: خۆراكی ئەوانەی خاوەن كتێبی ئاسمانين بۆ ئێوەو، هی ئێوەش بـۆ ئـەوان، حەڵاڵـه. هـەروەها ژنـه داوێنپاكـه بڕوادارەكـان و، ژنـانی داوێنپاكی خاوەن كتێبـانی پـێش خۆتـان، حـەڵاڵن بۆتـان (بيانكەنـه هاوسەر)، هەركات مارەييتان پێـدان، بەمـەرجێ نيـازی پاكداوێنيتان هەبێت و، دۆستگرتنی نهێنيتان نەبێ. ماوەتەوه ئـەوەش بـزانين كـه ئەم حوكمەی تايبەت بوو به ئەهلی كيتاب, چ له وڵاتی خۆيان بێ، چ له وڵاتانی ئيسلاميی، وەك يەك وايه و، جياوازی نيه.

## ئەوانەی له پەنای موسوڵماناندان:

هەر كـات كەسـانی غـەيره موسـوڵمان لەگـەڵ موسـوڵماناندا، لـه وڵاتێكی ئيسلاميدا ژيانيـان بردەسـەرو، خـەڵكی هـەمان وڵات بـوون،

ئەوە لە پەیمانێکی بەردەوامدان کە پێی دەگوترێت (عقد الذمّة) واتـە: گرێبەستی لە گەردندا بوون, (واتە پاراستنی سـەرو گیـان و سـامانی ئەو کەسانە لە گەردنی موسڵماناندایە)، چونکە وشەی (الذمـة) واتـای بەڵێن و، لە ئەستۆگرتن و، پێ سپاردن و، ئەمانەت دەگەیەنێت. بۆیە ئەم ناوەشیان لێ نراوە، چونکە بەڵێنی خواو, بەڵێنی پێغەمبەری خوا و، بەڵێنی کۆمەڵی موسوڵمانان هەیە کە لە پـەنای ئیسـلامدا بـژین و، لە سایەی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بـە ئـارامی و بـێ خـەمی و دڵنیـایی، ژیان بەرنەسەر. کەواتە ئەوان لە ئەستۆو گـەردنی موسـڵماناندان، بـە پێی ئەو گرێبەستە.

دەکرێ بە شێوەیەکی تر بڵـێین: ئـەم گرێبەسـت و ڕێکەوتنـە لـە نێـوان ئـەوان و موسـوڵماناندا لـە جێـی (ڕەگەزنامـە) یـە کـە لـەم سەردەمەدا بە پەنابەران دەدرێ. بە پێی ئـەو ڕەگەزنامەیـەش مـافی هاوڵاتی بوونیان دەدرێتـێ و، ئـەوانیش پابەنـد دەبـن بـە ئەرکـەکانی خۆیانەوە.

لەسـەر ئـەم بنەمایـە غـەیرە موسـوڵمانی ئـەهلی کتـاب دەبنـە ئەنـدامی (دار الإسـلام)، هـەروەك فەقیهـەکانی مەزهەبـە ئیسـلامییە جۆراوجۆرەکـان گوزارشـتیان لێ کـردووە. وشـەی (أهـل الـدار)– واتـە خاوەنماڵ، یان ئەندامی هاووڵاتی– هەمان ئەو واتایـە دەگەیـەنێ کـە دەستەواژەی (المواطنـة)– واتە هاووڵاتی بـوون لـە زاراوەی سیاسـی ئەم سەردەمەدا دەیگەیەنێ. بگرە– دەتوانین بڵێین– هاووڵاتی بوون

له ڕاستیدا بەرەوپێشچوونی ئەم گرێبەستەی (عقد الذمة) یە کە کاتی خۆی موسوڵمانان دایاننناوە.

جا ئەگەر لەم سەردەمەدا لای زۆربەی خەڵکی وشەی (ذمّة) پەسەند نیە– لەبەر ئەوەی واتا ڕاستەقینەکەی نازانن و، تێکەڵکراوە بە هەندێ هەڵسوکەوت و مامەڵەی مێژوویی هەڵەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە بە هاووڵاتیی پلە دوو ناسراون– ئەوە ئێمە لاریمان نیە کە وشەکە بگۆڕێ بە (هاووڵاتی) کە ئەمڕۆ زیاتر ناسراوە، چونکە موسوڵمانان یەکەم کەسانێ بوون کە مافی نیشتەجێیانی وڵاتی ئیسلامییان داو، بڕیاریان دا هەر کەس لەسەر ئاینی ئەوان نیەو لەگەڵیاندا دەژی، بیپارێزن و، گیان و سامانیان لە ئەستۆ بگرن ، بگرە لە زیممەی خواو پێغەمبەردا بن.

## لە نێوان گرێبەستی پاراستن و هاووڵاتیێتیدا:

لەڕاستیدا هەرکەس لە حوکمەکانی گرێبەستی (عقد الذمّة) ورد ببێتەوە، دەبینێ کە لە زۆربەی لایەنەکانیەوە لەگەڵ پرەنسیپی هاووڵاتیبوون یەك دەگرنەوە، بۆ نمونە:

– (عقد الذمّة) واتە: گرێبەستی لە ئەستۆگرتن، گرێبەستێکی هەتاهەتایی یە، منداڵان بە لەدایکبوونیان بۆیان دەگوێزرێتەوە، بەبێ ئەوەی پێویست بە نوێکردنەوەی گرێبەستەکە بکات. هەروەك هاووڵاتی بوون.

– موسـولّمانان و پێشـەوای موسـولّمانان، هـەرگیز نـاتوانن ئـەو گرێبەستە هەڵوەشێننەوە, بەڵکو ئەوە مافێکی هەمیشەیی ئەوانە. لە کاتێکدا ئەوان بۆیان هەیە بەدڵخوای خۆیـان و ئارەزومەندانـە، ئەگـەر ویسـتیان هـەڵی وەشـێننەوە. هـەروەك مـافی (هـاووڵاتیبوون) لـەم سەردەمەدا، کە خاوەنەکەی پاش ئەوەی ڕەگەزنامەی وەرگرت کەس ناتوانێ لێـی بسـەنێتەوە، تەنانـەت حکومـەتیش، بـەڵام خاوەنەکـەی هەرکات ویستی دەتوانێ وازی لێ بێنێ.

– هـەرکات کەسـێ لـەو هاووڵاتیانـە ویسـتی گرێبەسـتی (ذمّـة) هەڵوەشـێنێتەوە، ئـەوە ژن و منـداڵانی ناگرێتـەوە، هەرچـەند پـێش تەمەنی یاساییش بن، بەڵکو ئەوانە ڕەگەزنامەی (دار الإسلام)یـان بـۆ دەمێنێ. ئەم جۆرە حوکمە لە هیچ گرێبەستێکی تردا نیە، بۆیە یەکی دەخاتەوە لەگەڵ هاووڵاتـی بوون.

– تایبەتمەندییەکی تری گرێبەستی (عقد الذمة) ئەوەیە کە مـەرج نیە لە ئاکامی شەڕو ناچار کردنەوە بێ، بـەڵکو جـاری وا هەیـە تـەنها بەهۆی نیشتەجێ بوون و، مانەوە لە وڵاتەکـەدا، دروسـت دەبـێ، کـە لای زۆربـەی زانایـان بـەلای کـەم سـاڵێکی پێویسـتە. بۆیـە هـەرکات کەسێکی غەیرە موسوڵمان ویستی زیاتر لە ساڵێك بمێنێتـەوە، ئـەوە سەرپشك دەکرێ لە نێوان وەرگرتنی ڕەگەزنامەو، چوونە ژێر ڕکێفـی (ذمّي) بوون، یا گەڕانەوەی بۆ وڵاتی خۆی. ئەمەش کت ومت هەمان دەستخستنی ڕەگەزنامەو مافی هاووڵاتیبوونە لەیاسا هاوچەرخەکاندا،

لەکاتی مانەوەدا بۆ چەند ساڵێك لە وڵاتانی دونیادا. (دیارە وڵاتـەکان لە ڕووی ژمارەی ساڵەکانەوە جیاوازییەکیان هەیە).

– بەنیسبەت گرێبەستی (ذمّة) وە, پێشـەوای موسـوڵمانان, یـان جێگیری پێشەوا، دەبێتە لایەن تێیدا، بە هەمان شێوەی ڕەگەزنامـە، کە لەم سەردەمەدا دەوڵەت دەیبەخشێ.

– دەگونجـێ هـەموو کـەس ئـەم گرێبەسـتەی هـەبێ لەگـەڵ موسـوڵمانان، هـەر ئـاینێکی هـەبێت، تەنانـەت ئەگـەر کەسـانی بـێ ئاینیش بن، مادام ڕازی بن کە لەگەڵ موسوڵماناندا بـژین و، ملکەچـی یاسا گشتییەکان بن. ئەمە ڕای زانایانی مەزهەبی حەنەفی و بەشێ لە مالکی و ئەحمـەدی یەکانیشـە. بەهـەمان شـێوەی ڕەگەزنامـەی ئـەم سەردەمە، کە وڵاتان دەیدەنە هەر کەس، بەبێ خوێندنـەوەی ئـاین و بڕوای.

– مافەکانی ئەهلی زیممە، لە بنەڕەتدا وەك مافـەکانی هـاووڵاتی بوون وایە. ڕێسای گشتی– لەم لایەنەوە– لای ئێمە ئەوەیە کە دەڵێ: (لهم ما لنا وعليهم ما علينا)، واتە: چی ماف بۆ ئێمە هەیە، بۆ ئەوانیش هەیەو، چ ئەرکێکیش لەسەر ئێمـە هەیـە لەسـەر ئـەوانیش هەیـە. بـۆ نمونە: لە بیرو بڕواو پەرستشەکانیاندا, بەتەواوی بەپێی ئاینی خۆیان دەبێت.. یان لە ڕووی کەسێتییەوە: بەتەواوی ئازادن، بە پێـی ئـاینی خۆیان هەڵس وکـەوت بکـەن. لـە ڕووی پاراسـتنی سـامان و خـوێن و کەرامەتیشـیانەوە: ئـەرکی سەرشـانی دەوڵەتـە کـە بیانپارێزێـت.

هەروەها مافی خۆیانە کە دەوڵەت کەفالەتی ژیانیـان بکـات، وەك بـۆ موسوڵمانان دەیکات. لە بەرامبەردا ئەوانیش وەك موسوڵمانان پابەند دەبن بە یاساو ڕێسا گشتییەکانەوە، یان بە دادگای گشـتی وڵاتـەوە. مافی خۆشیانە کە پەنا بەرنە بەر دادگـا بـۆ پاراسـتنیان لـە جۆرەهـا ستەم, ئەگەر ڕووی تێ کردن. تەنانـەت ئەگـەر تۆمەتبارەکـە خـودی خەلیفـەو سـەرکردەی موسـوڵمانانیش بـوو، ئـەوا کەسـێکی غـەیرە موسوڵمانیش-وەك هەر تاکێکی موسوڵمان- بـۆی هەیـە سـکاڵا دژی بەرز بکاتەوە.

- بۆیـە بەڕاسـتی ئێمـە پێمـان وایـە کـە هـاووڵاتیبوون لـەم سەردەمەدا، لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکاندا لەگەڵ چـەمکی (عقد الذمّـة) یەك دەگرێتـەوە، دەشـگونجێت کـە هـەموو ڕێسـا گشـتییەکانی تێـدا ڕەچاو بکرێـت، ئـەوەش دەبێـت بـزانین کـە زۆربـەی ئـەو مەرجانـەی زانایـانی ئیسـلام باسـیان کـردووە، بابـەتانێك بـوون کـە کـاتی خـۆی بەرژەوەندی گشتی وای خواستووە. بۆیە زانایانی ئـەو سـەردەمەیش ڕەزامەندییان لەسەر دەربڕیوە. بۆیە مەرج نیە لەم سەردەمەدا کت و مت وەك خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و پێیانەوە پابەند بین.

### موسوڵمان لە وڵاتی غەیرە ئیسلامی:

سـەبارەت بـە موسـوڵمان لـە وڵاتـی غـەیرە ئیسـلامیش: دەبێـت پابەند بێت بەو ڕێساو ڕەفتارەی پێشتر باسمان کرد، (ڕێسای مامەڵە لەسەر بنەمای چاکەکاری و دادگەریی) (برّ و قسط), کەخوای گەورە

داوای کردووه، تەنیا بە یەك مەرج، ئەویش ئەوەیە کە ئەو وڵاتە ئازادیی ئاینی و مافە بنەڕەتییەکانی ئەو کەسە بپارێزێت.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەین کە لەم سەردەمەدا سێیەکی موسوڵمانان کەمینەن و, لە وڵاتە غەیرە ئیسلامییەکاندا ژیان بەسەر دەبەن و، وەك هاووڵاتیان پابەندن بە ئەرکەکانیانەوە، بۆیە دەبێت ئەو دەوڵەتانە ماف و ئازادییە ئاینییەکانیان بپارێزن، بە پێی بەڵێننامە نێونەتەوەییە کارپێکراوەکان، کە باس لە پاراستنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ دەکەن. هەرچەند وڵاتانی زلهێز لە ئەنجومەنی ئاسایش– لە پێش هەمووشیانەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا– هەوڵ دەدەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و تەماعی خۆیان، ئەو بەڵێننامانە تێپەڕێنن.

لە ڕاستیدا کۆچکردنی موسوڵمان بۆ دەرەوەی وڵاتانی ئیسلامی و، دەستخستنی ڕەگەزنامەیان، وەك جاران نەماوە. ڕاستە لە بنەڕەتدا ئەو کۆچکردنە ڕەوایەو، بەحەڵاڵ دانراوە، بەڵام دەرهەق بە هەندێ موسوڵمان دەکرێت لە نێوان حەرامبوون تا واجببوون، سەرو خوار بکات، بە پێی هەل ومەرج و نیازو مەبەستی خۆیان. بەڵام ئێمە قسە لە واقعی ئەمڕۆ دەکەین. ئەمڕۆ خەریکە وڵات نەمێنێ لە جیهاندا کە موسوڵمانی تێدا نەبێت، زۆرێکیشیان بوونەتە هاووڵاتی و ڕەگەزنامەیان وەرگرتووە، بۆیە دەبێت لە دیدێکی ئیسلامییەوە ئەمە چارەسەر بکەین.

لەم سەردەمەدا ڕاست نیە لەگەڵ ئەو کەمینانە, لە دەلاقەی کۆچکردن و وەرگرتنی ڕەگەزنامەوە قسە بکەین. چونکە هەل و مەرجە مێژووییەکان گۆڕاون، زۆرێك لە دۆخەکەش لەگەڵ موسوڵمانان ناگونجێت، بۆیە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ بنەما بنەڕەتییەکان.

– بنەمای بنەڕەتیی شەرعی ئەوەیە کە موسوڵمان لەهەر کوێیەکی سەرزەوی بۆی هەیە ژیان بەرێتەسەر، لەگەڵ هەر گەلێك لە گەلانی سەرزەوی، لە ژێر سایەی هەر سیستمێکی حوکم لە وڵاتانی جیهان، بە مەرجێك مۆڵەتی بدرێ کە ئەرکە ئاینییەکانی خۆی جێبەجێ بکا. وەك مرۆڤێك و هاووڵاتیەك ماف و ئازادیەکانیشی پارێزراو بن. بەڵگە لەسەر ئەمە ئەوەیە کە خوای گەورە لە سەدان ئایەتدا ڕووی کردۆتە مرۆڤ بە تاك و بە کۆ، بە بێ ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونیان بخوێنێتەوە. وای وێنا کردووە کە ئیسلام ئاینی خوایە بۆ هەموو مرۆڤەکان، بۆیە زۆرێك لە یارانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ لە هۆزە جیاجیاکان کە لە دوورەوە دەهاتن و موسوڵمان دەبوون، پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێ دەدان کە بگەڕێنەوە بۆ ناو هۆزەکانی خۆیان، کاتێ دەیانبیست هەواڵێکی وا هەیە کەسانێکی تر دەبوونە پشتیوانیان. ئەم حاڵەتە خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە بردنەسەری ژیان لە وڵاتانی غەیری ئیسلامیی ڕەوایە، نمونەیەکی تر کۆچکردنی بەشێك لە موسوڵمانانی صەحابەیە بۆ حەبەشە، کە سەرەڕای ئەوە لە مەدینەدا دەوڵەتی ئیسلامیی دامەزرا, نەگەڕانەوە تا ساڵی

حەوتـەمی کۆچـی, لـە کـاتی جـەنگی (خەیبـەر) دا گەڕانـەوە. هـیچ سەرچـاوەیەکی مێـژوویش باسـی لـەوە نـەکردووە کـە پێغەمبـەر ﷺ فەرمانی دابێت بگەڕێنەوە، بە بیانوویی ئەوەی ژیانبردنە سەر لەگـەڵ بێ باوەڕان کارێکی ناڕەوایە.

– لەسەرێکی ترەوە کاتـێ موسـوڵمان لـە کۆمەڵگەیـەکی غـەیرە موسوڵماندا دەژی، دەبێت بە ڕەوشتی ئاشتییانە مامەڵە بکـات، وەك ئەو خەڵکەی تر کە لەو وڵاتانە دەژین. چونکە کاتـێ چـوونەتە ئـەوێ بەڵێنیان داوەو (فۆرمیان پڕ کردۆتەوە) کە پابەند بن بە یاساکانەوە. بۆیە دەبێت موسوڵمان لەو وڵاتانە بەئەرکەکانی هاووڵاتێتی هەستێت، هەروەك لە سنوری حوکمە شەرعییەکاندا داوای مافەکانیشی دەکات.

دەبێـت کەسـێکی ئیجـابی و نمونـەیی بێـت لـەو کۆمەڵگەیـەدا، فەرمان بەچاکە بکات، قەدەغەی خراپە بکات، بانگی خەڵکی بکات بۆ لای خوا، بەشدار بێ لە هەموو کارە چاك و ڕەواکاندا، پەنا بەرێتە بەر گفتوگۆو دایەلۆگ لەهەر شتێکدا کە زیـاتر لـە قسـەیەك هەڵـدەگرێت، هاوکارییـان بێـت لەهـەر کارێکدا کـە خـوا پێـی ڕازییـە.. لەسـەرێکی تریشـەوە دەبێـت خـۆی دوور بگرێـت لەهـەر کارێـك کـە لـە ڕوانگـەی ئیسلامییەوە ناڕەواییە. نابێت موسـوڵمان تـەنها بـە بانگکردنیـان بـۆ ئیسلام کۆڵ بدات، بەڵکو دەبێت لە ژیانی کۆمەڵایـەتی و سیاسـییاندا بەشدار بێت، بە نیازی ئەوەی لـەو کۆمەڵگەیـەدا چاکسـازیی بکـات و گیانی دادگەریی و چاوپۆشی و زمانی گفتوگۆ بڵاو بکاتەوە.

دەبێـت هـەوڵ بـدات بـەها مرۆییـەکان بەسـەر حـەزە مـاددی و ئاژەڵییەکاندا زاڵ بن، کە لـەم سـەردەمەدا بـڵاو بونەتـەوەو، بونەتـە گـەورەترین مەترسـیی بـۆ پـەیامی مـرۆڤ لـە ژیانـدا. فەرمودەیـەکی پێغەمبەر ﷺ هەیە کە جەخت دەکاتەوە لەسـەر یـەکێتی کۆمەڵگـەو، پێویسـتی هاوکـاریی نێـوان تاکـەکانی، بـۆ بـەرگریی لەهـەر زیـان و مەترسییەك کـە ڕووی لـە هەموویانـە، دەفـەرموێت: خـەڵکێك چـوونە کەشتییەکی (دوو قات)، هەندێکیان چوونە سەرەوەو هەندێکی تریان لە خوارەوە بوون. ئەوانـەی خـوارەوە نیازیـان وا بـوو ئـاو لـە دەریـا دەربهێنن، چوون بەوانەی سـەرەوەیان وت: دەمانـەوێت لەبەشـەکەی خۆماندا کونێك بکەینە کەشتییەکەو، ئـاو دەربهێـنین, هـیچ ئـازارێکی سـەرەوە نـادەین. جـا ئەگـەر ئەوانـەی سـەرەوە گـوێ نـەدەنێ و دەستیان نەگرن، ئەوە هەموویان تیا دەچن، ئەگـەر دەسـتیان بگـرن و، نەیەڵن ئـەو کـارە بکـەن، ئـەوا خۆشـیان و ئـەوانی تـریش هـەموو ڕزگاریان دەبێت)[1].

١ دەقی عەرەبی فەرمودەکە, بەو جۆرەی کە لە صەحیحی (بوخاری)دا هاتووە: (مثلُ القائمِ على حدودِ اللهِ والواقعِ فيها كمثلِ قومٍ استَهموا على سفينةٍ فأصابَ بعضُهم أعلاَها وبعضُهم أسفلَها فكانَ الَّذينَ في أسفلِها إذا استقوا منَ الماءِ مرُّوا على من فوقَهم فقالوا لو أنَّا خرقنا في نصيبِنا خرقًا ولم نؤذِ من فوقنا فإن يترُكوهم وما أرادوا هلَكوا جميعًا وإن أخذوا على أيديهم نجوا ونجوا جميعًا) (صحيح البخاري، بە ژمارە ٢٤٩٣).

# بەشی بیست وچوارەم

# ئیسلام و خۆرئاوا

دیارە کە ئیسلام پەیامێکی ئیسلامییە، جیاوازی ناخات لە نێوان خۆرئاواو خۆرهەڵاتدا. هەردوو پارچەیەکن لەسەرزەوی فراوانی خوا. وەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلِلَّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ فَأَيْنَمَا تُوَلُّواْ فَثَمَّ وَجْهُ اللّهِ..﴾ البقرة/ ١١٥، واتە: خۆرهەڵات و خۆرئاوا موڵکی خوان، بۆیە ڕوو لەهەر کوێ بکەن، خوای لێیە.. دیارە خەڵکی خۆرئاواش بەشێکن لەو جیهانییانەی کە خوای گەورە محمد پێغەمبەری بە ڕەحمەت ناردووە بۆیان، وەك دەفەرموێ: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ) الأنبياء/ ١٠٧، واتە: تۆمان ناردووە – ئەی محمد – کە ڕەحمەت و سۆزو میهرەبانیی بێت بۆ هەموو جیهانیان. بەڵام گرفتەکە لای خۆرئاواییەکان – یان وردتر بڵێین – لای هەندێکیانە، لە هەڵوێستیاندا بەرامبەر ئیسلام، کە لای خۆیان وێنەیەکیان لێ گرتووە، کە نە لە دوورو نە لە نزیك پەیوەندیی بە ئیسلامەوە نیە.

ئەو وێنانەیان لە جەنگەکانی خاچپەرستانەوە بۆ ماوەتەوە. کاتێك کە لەشکرو سوپاکانی خۆیان لە چەندین پەلاماری پشت سەریەکدا لە ئەوروپاوە هەڵیان کوتایە سەر وڵاتە پەرتکراوەکان و، چەندین شانشین و میرنشینیان لێ دروست کردن. سەرەتا سەرکەوتنیان بە دەست هێناو، دواتر لە چەندین جەنگدا، بەخێرایی

شكستيان دەهێنا، بە تايبەتى لە جەنگى (حطين)و، جەنگەكانى (بيت المقــدس) و (المنصــورة)دا، تەنانــەت (لــويس)ى نۆيــەم لــە ماڵــە مەشهورەكەى (ابن لقمان)[1]دا دەسگير كرا.

ئەم جەنگانە، چـەندين كاريگـەريى دەروونـى و عـەقڵييان بـەجێ هێشت، تەنانەت بوونە بەشێك لـە هۆكارەكـانى ڕاپــەڕين و ڕێنسـاسـى خۆرئــاوا، دواى ئــەوەى ســـوودێكى زۆريـــان وەرگــرت لـــە ژيـــارو شارستانێتى خۆرهەڵاتى ئيسلاميى. بەڵام هەندێ لـە خۆرهەڵاتناسـان و پياوانى ئاينى مەسيحى، ئيسـلام و موسـوڵمانانيان بـە شـێوەيەكى ناشيرين و بێزراو وێناكرد بۆ خەڵكى عەوامى خۆيـان، كـە حەقيقـەتى ئيسلام بەو جۆرە نيەو موسوڵمانانيش بەو جۆرە نين، بەڵام لە زيهنى خۆرئاواييەكاندا ئەو وێنايە بنجى داكوتـاو، كـارى كـردە سـەر لايـەنى دەروونيى خەڵكەكەيان و، نـەوە لـە دواى نـەوە وێناكـە لـە زيهنيانـدا مايەوە (ئەوەيان لە بير نەوەكانيان بردەوە كە ئەوان دەستپێشـخەرو داگيركەر بوون و, پەلامارى وڵاتانى ئيسلاميان دا).

---

١ مەبەست ئەو خانووەيە كە ئێستە دەكەوێتە شەقامى (بۆرسەعيد) لە شارى (مەنصورە)ى سەر بە پاريزگاى (دقهليە)ى مصر. كە لە كاتى هەڵمەتى حەوتەمى خاچپەرستاندا بۆ سەر مصر, لە ساڵى ١٢٥٠ زايينى, لە سەردەمى خاتوو ( شجرة الدر ) ى زڕدايكى صلاح الدين, هاوسەرى نجم الدين أيوب, باوكى صلاح الدين, پادشاى فەرەنسا (لويس)ى ٩ پەناى بۆ بردو, لەوێدا بەديل گيرا. ناوى خانووەكەش نيسبەتە بۆ زاناو قازييەكى ئەو سەردەمە بە ناوى قازى إبراهيم كوڕى لوقمان. ع. عبد العزيز.

بۆیە زۆر جار ئەوانە دەبینی کە کاتێ قسە لە ئاینەکانی تری غەیری ئیسلام، یان نەتەوەکانی تر غەیری موسوڵمانان دەکەن، بابەتیانەو بە ئینسافن، بەڵام کە قسە لە ئیسلام و شارستانێتی و ئوممەتەکەی دەکەن، هەڵوێستێکی تریان هەیە، زۆر لایەنگیری و ئارەزووبازیی تێدا دیارە. کە هەق وایە ئەوانەیان دەیانەوێ بە ویژدان بن, خۆیان لەو گرێ دەروونیە مێژوویانە دوور خەنەوەو، کەسێتیەکی تر بەخۆیان بدەن و، بابەتیبوون بەسەر خودپەسەندیدا زاڵ بکەن و، حەق و حەقبێژی، بخەنە پێش دەمارگیریی. ئەم ڕاستیەی کە وتمان هەندێکیان دانیان پێدا ناوە، وەك: (گۆستاف لۆبۆن) و (مۆنتمیگیری وات) و، هەندێ نوسەرو مێژوونوسی تری خۆرئاوایی.

**هەڵوێستمان لە خۆرئاوا:**

هەرچی ئێمەی موسوڵمانیشە، خوازیارین کە بەسەر خۆرئاوادا بکرێینەوە. ئاینەکەشمان هانمان دەدا لەسەر ئەوە. حەز ناکەین داخراو بین بەسەر خۆماندا، یان دوژمنایەتی غەیری خۆمان بکەین. ئەو شتانەش کە پاڵنەرن بۆ ئەم هەڵوێستە ئەم چەند خاڵەن:

**یەکەم:** ئێمە خاوەنی پەیامێکی جیهانین، بۆ هەموو مرۆڤایەتی لە هەموو سەرزەوی هاتووە. ڕاستە کتێبی ئیسلام (قورئان) بە زمانی عەرەبییە، پێغەمبەری ئیسلامیش عەرەبە. ڕاستە ئیسلام لە خۆرهەڵات گەشەی کرد. بەڵام ئەمانە ئەوە ناگەیەنن کە ئیسلام بۆ ڕەگەزێکی دیاریکراو، یان بۆ جێیەکی تایبەت، هاتووە. ئیسلام بۆ

هەموو خەڵکی سەرزەوی هاتووە. کاتی خۆشی ئاینی مەسیحی لە خۆرهەلآت سەری هەڵداو، بەهەموو گۆشەکانی جیهانیشدا بلاو بوویەوە.

**دووەم:** هۆکارەکانی بەیەك گەیشتن و نزیکی و لێکحاڵیی بوون، زۆرو بەربلاون. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا﴾ الحجرات/ ١٣، واتە: ئەی خەڵکینە! بەڕاستی ئێمە ئێوەمان لە نێرو مێیەك بەدی هێناوە. ئێمە ئێوەمان کردووە بەچەند گەل و هۆزێك، تا یەکتر بناسن. کەواتە یەکترناسین ئەرکی سەرشانی هەموو گەلانی سەرزەوییە، نەك لێکدووری و لەیەك دابڕان. بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەو ئەدیبە ئەوروپییە نین کە دەڵێت: "خۆرهەلآت خۆرهەلآتە. خۆرئاواش، خۆرئاوایە. هەرگیز بەیەك ناگەن". چونکە بەیەك گەیشتن کارێکی گونجاوە، ئەگەر عەقڵ و ژیریی زاڵ بێت بەسەر هەواو ئارەزووداو، دانایی و حیکمەت زاڵ بێت بەسەر دەمارگیریدا. بگرە واجبیشە نەك گونجاو.

**سێیەم:** جیهان زۆر لە یەکتر نزیك بووەتەوە، بەتایبەتی پاش شۆڕشی زۆربوونی کەرەسەی پەیوەندی و شۆڕشی ئەلیکترۆنی. تەنانەت هەندێ نوسەر وتویانە: جیهان بووەتە گوندێکی گەورە بۆ هەمووومان. بەلآم ئێمە دەڵێین: جیهان بۆتە گوندێکی بچوك، نەك گەورە. چونکە گوندی گەورەی جاران ئەگەر لە خۆرهەلآتی شتێك ڕووی بدایە تا ڕۆژێ یان دوو ڕۆژ دواتر لە خۆرئاوای ئاگادار دەبوون،

یان بەلای کەم پاش چەند سەعاتێك، بەڵام لە جیهانی ئەمڕۆدا هەرچی ڕوو بدات، پاش چەند چرکەیەك خەڵکی لە هەموو جیهاندا پێی دەزانن، جاری واش هەیە ڕاستەوخۆ خەڵکی ئاگایان لە ڕووداوەکەیە، (ڕاگەیاندن بە زیندوویی ڕوومالّی دەکات).. ئەم شتانە هەموو بە پێویست دەگێڕن کە خاوەن پەیامە ئاسمانییەکان پێکەوە گفتوگۆ بکەن. خاوەن ژیارو شارستانییەکان لەیەکتر تێ بگەن. هەمیشە دایەلۆك و گفتوگۆو لێك حالّیبوون، لەپێشترە تا دوژمنایەتی و لەیەك بێزار بوون. بۆیە ئێمەی موسولّمان- بەپێی دەقەکانی قورئان- فەرمانمان پێ دراوە، کە بەباشترین و جوانترین شێواز، گفتوگۆ لەگەڵ غەیری خۆمان بکەین، بە تایبەتی لە شوێنکەوتوانی ئاینە ئیسلامییەکان و خاوەن کتێبەکان.

### ئێمە چیمان دەوێت لە خۆرئاوا؟

پوختەی ئەوەی کە داوای ئێمەیە لە خۆرئاوا، لەم چەند وشەیەدا کۆ دەکەینەوە:

-واز لە کینەو ڕقە کۆنەکان بێنن. ئێمە نەوەی ئەمڕۆین، پاشماوەی دوێنێ نین. دەمانەوێت وازیش بێنن لە تەماعبازییە نوێیەکانیان و، حەزکردنیان بەباڵادەستی و داگیرکاری و، دەست بەسەراگرتنی داهاتی وڵاتانمان. چونکە سەردەمی کۆلۆنیا لیستی و داگیرکاریی بەسەر چووە.

—دەمانەوێت پەنا بەرنە بەر دیدێکی جیهانی مرۆڤانەو، واز لە هەستی خۆبەزلزانی بهێنن، کە پێشتر لای ڕۆمانییەکان هەبوو، کە هەموو کەسی تریان بە بەڕبەڕ ئەزانی.

—لەسەرێکی ترەوە، داوایان لێ دەکەین واز بێنن لەو گومان و ترسە وەهمییەی هەیانە لە ئێمە، بەتایبەتی کە ئێمە چەند سەدەیەکە بووینەتە قوربارنیی زۆرداری و ستەمی خۆرئاوا.

—هەروەها داوایان لێ دەکەین کە دەستوەرنەدەنە کاروبارمان، بە سەپاندنی فەلسەفەی خۆیان بە زەبری زۆرو فرت و فێڵ. ئێمە لە وڵاتانی خۆماندا ئازادین. بەپێی عەقیدەی خۆمان و ویستی گەلانی خۆمان، ژیانی خۆمان ڕێك دەخەین. هیچ پاساوێك نیە کە خۆرئاوا ئێمە بەدوژمن بزانێ و، هەستی گەلانیان دژمان پڕ بکات، بەتایبەتی پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، کە باس لە(مەترسی سەوز) دەکەن، پاش تیاچوونی (مەترسی سور)و نزیکبوونەوە لە (مەترسی زەرد)[1].

ئیسلام مەترسی نیە لەسەر هیچ ، مەگەر لەسەر بەرەڵایی و ستەم و چەوسانەوەو بەدڕەوشتی و گەندەڵی. جگە لەوە ئیسلام ڕەحمەتی خوایە بۆ هەموو جیهانییان. موسوڵمانانیش بانگخوازی خێرو خۆشەویستی و ئاشتین بۆ هەموو جیهان. خۆ ئەگەر لەناو

---

[1] مەبەست لە (مەترسی سوور) سۆڤیەت و، مەترسی سەوز (ئیسلام)و، (مەترسی زەرد) گەشەی ئابوریی چین و هیندستان و, گەشەی دانیشتووانی وڵاتانی باشوری ئاسیایە, کە ساڵانێکە نیگەرانیی لای سیاسەتمەدارانی ئەمریکا دروست کردووە. ع. عبد العزیز.

موسوڵمانانداندا کەس و گروپانێك هەبن کە بە ناهەق توندوتیژی بکـەن، ئەوانـە نوێنەرایـەتی هـەموو موسـوڵمانان ناکـەن. ئەوانـە گـروپ و تاقمگەلێکی کەمن، ڕاگەیاندنی خۆرئاوا گەورەیان دەکات. زۆربەشیان وەك کاردانەوەیـەکی سـتەمکارییەکانی خۆرئـاواو، دوژمنایـەتی و دژایـەتییان بـۆ موسـوڵمانان پـەنایان بردووەتـە بـەر تونـدڕەویی. بـە تایبـەت هەڵوێسـتی پشـتیوانیی بـەردەوامیان لـە ڕژێمـی زایـۆنی داگیرکار، کە زەوی داگیر کردووین و، کەس وکاری دەربەدەر کردوین. دیارە گوشاری زۆریش تەقینەوەو توندیی بەرهەم دەهێنێت.

ئێمەی موسوڵمان چاوانمان گەش دەبنەوەو، دڵمان دەکرێتـەوە، کە کەسانێك هەبن بە ئینصافەوە مامەڵە بکەن و, بە چاوێکی دوور لە دەمارگیریی سەیرمان بکەن. هەرکات ئەوەشمان دی لە کەسانێکەوە، پێشوازییان دەکەین و، دڵ و ماڵ و وڵاتمان، بۆیـان دەکەینـەوەو، بـە گەرمی دەچین بەدەمیانەوە.

# بەشی بیست و پێنجەم

# ئیسلام و بەجیهانیی کردن[1]

زۆر کـەس سـەبارەت بـە چـەمکی (عەولەمـە) بـەجیهانیکردن و، هەڵوێستمان لێی، پرسیارمان لێ دەکەن. هەندێ وا دەبینن (بەجیهانیکردن) واتە: هەڵگرتنی بەربەست و مەسافە لە نێوان گـەلان و نیشتمان و کلتورەکاندا، تا هەموویان نزیك ببنـەوە لـە (کلتـورێکی گەردونی)و، (بازاڕێکی گەردونی) و(خێزانێکی گەردونی). بۆیە هەندێك وا پێناسەی بەجیهانیبوون دەکەن، کەئەوەیە جیهان ببێتە (گوندێکی گەردونی). !

لەوانەیـە مانـای بـەجیهانی کـردن– بـەو واتایـەی سـەرەوە– لـە (عالمیە) واتە: جیهانگەراییەوە، نزیکتر بێت. کە ئیسلام دایهێناو، لـە سورەتە مەککییەکاندا جـەختی لەسـەر دەکاتـەوە، وەك دەفـەرموێ: ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾ الأنبياء/ ١٠٧، واتە: ئەی محمد! تۆمـان ناردووە تا سۆزو ڕەحمەت و بەزەیی بیت بۆ هەموو جیهانیان.هەروەها دەفەرموێ: ﴿ تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَـى عَبْـدِهِ لِيَكُـونَ لِلْعَـالَمِينَ نَـذِيراً﴾

---

[1] لە کوردیدا وشەی (عەولەمە)ی عەرەبی بە (جیهانگیریی) وەرگێڕراوە، بەڵام مـن پـێم وایە ئەم وەرگێڕانە هەڵەیە، چونکە وشەی (عَوْلمة)ی عەرەبی، لە وەزنی (فَوْعله)یە، کە ئاڵوگۆڕو قاڵب گۆڕین دەگەیەنێت، بۆیە ڕاستتر وایە دەستەواژەی (بـەجیهانیکردن) لـە جێی (جیهانگیریی) بەکار بهێنین.. ع. عبد العزیز.

الفرقان/ ١، واتە: پاکی و گەورەیی بۆ ئەو خوایەی قورئانی ناردە سەر بەندەی خۆی- کەجیاکەرەوەی هەق و ناهەق و ڕاستی و ناڕاستییە- تا ببێتە ئاگادارکەرەوە بۆ هەموو جیهانییان. دەفەرموێ: ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ{٨٧} وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُ بَعْدَ حِينٍ﴾ ص/ ٨٧- ٨٨، واتە: قورئان یادخەرەوەیە بۆ هەموو جیهانییان. بەدڵنیایی پاش ماوەیەکی تر هەواڵە گرنگەکەی دەزانن.

بەڵام لە ڕاستیداو لە واقیعدا، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ناوەرۆکی ئەو (عالمیە) جیهانگیرییەی ئیسلام هێنای، لەگەڵ ئەو (عەولەمە) بەجیهانی کردنەی کە لەم سەردەمەدا خۆرئاوا بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی، بانگەشەی بۆ دەکەن. ئەو جیهانگیرییەی ئیسلام پەسەندیەتی، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە هەموو مرۆڤەکان، بنیات نراوە، خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾ الأسراء/ ٧٠، واتە: بەدڵنیایی ئێمە ڕێزمان ناوە لە هەموو مرۆڤەکانی نەوەی ئادەم. خوا ئەوانی کردۆتە جێنشین لەسەر زەوی و، هەرچی لە ئاسمانان و زەویدایە، بۆی ملکەچ کردوون.

هەروەها جیهانگیریی ئیسلام، لەسەر بنەمای یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان هەڵچنراوە، بە پێی ئەسڵی کەرامەتی مرۆیی و، بناغەی تەکلیف و بەرپرسیارێتی. مرۆڤەکان هەموو لە بەندایەتییاندا بۆ خوا، هاوبەشن. هەموویان لە بەرەبابێکن و لە ئادەمن، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ لەبەردەم حەشاماتی ڕۆژی حەجیماڵئاوایی لە عەرەفە،

فەرموی: (يا أيها الناس! ألا إن ربّكم واحدٌ وإن أباكم واحد، ألا لا فضل لعربي على أعجمي، ولا لأعجمي على عربي، و لا لأحمر على أسود، ولا لأسود على أحمر، الاّ بالتقوى)[1] واتە: ئەی خەڵکینە! ئاگادار بن، بە ڕاستی پەروەردگارتان یەکە، باوکتان یەکە، هیچ عەرەبێك بەسەر عەجەمێك و، هیچ عەجەمێك بەسەر عەرەبێکدا، هەروەها هیچ سورێك بەسەر ڕەشێکدا، هیچ ڕەشێك بەسەر سورێکدا، لەپێش نیە، مەگەر بە نزیکی لە خوداو بوونی تەقواو لەخوا ترسان.

ئەمە جەختکردنەوەیە لەسەر ئەو ڕاستییەی قورئان، کە لە گوتاریدا لەگەڵ خەڵکی دووپاتی کردۆتەوە، دەفەرمویٚ:﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾ الحجرات/ ١٣. ئەم ئایەتە کە یەکسانیی تەواو لە نێوان مرۆڤەکاندا بڕیار دەدات، تایبەتمەندیی گەلان ناسڕێتەوە. ئەوەتا قورئان خۆی بڕیار دەدا کە خەڵکی کراونەتە چەند گەل و هۆزێك تا یەکتر بناسن، نەك لە یەکتر دوور بن.

بەڵام ئەوەی سەبارەت بە (جیهانیی کردن) لەم سەردەمەدا تێی گەیشتوین، سەپاندنی هەژمونێکی سیاسی و ئابوری و کلتوری و کۆمەڵایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بەسەر جیهاندا، بە

---

[1] مسند أحد، مسند الأنصار، به ژماره ٢٢٣٩١، تەنها پێشەوا ئەحمەد گێڕاویەتەوە، کەسێکی نەناسراوی تێدایە, (بەڵام واتاکەی لەگەڵ چەمکە قورئانییەکان یەك دەگرێتەوە).

تایبەتی بەسەر جیهانی خۆرهەڵات و جیهانی سێیەم، بە تایبـەتی تـر جیهانی ئیسلامیدا. لەم لایەنەوە سوود وەر دەگـرێ لـەو پێشـکەوتنە زانسـتی و تەکنـەلۆژی و دەسـەڵاتە سـەربازی و توانـا ئابوریـیـەی کـە هەیەتی. هەروەك پشت دەبەستێ بەو هەستە ملهوڕییەی هەیەتی، کە خۆی بەسەردارو کوێخای هەموو جیهان دەزانێ.

بە ڕاستی بەجیهانی کردن لەم سەردەمەدا ئـەو واتایـە ناگەیـەنێ کە ئیسلام دەیەوێ لە مامەڵەی برا لەگـەڵ بـرادا، بـەڵکو مامەڵـەی دژ لەگەڵ دژیش ناکەن، کە ئازادیخوازان و خـەڵکانی بەشـەرەفی جیهـان باسی دەکەن. بەڵکو مامەڵەی ئاغاو گەورەو خـاوەن، لەگـەڵ کۆیلـە، زلهێزان لەگەڵ لاوازان، ملهوڕان لەگەڵ چەوساوان، دەکەن.

(بـەجیهانی کـردن) لـە جـوانترین وێنایـدا لـەم سـەردەمەدا یـانی (بــەخۆرئاواییکردنی جیهــان)، بەواتایــەکی تــر (بەئــەمریکی کردنــی جیهـان). ئـەم بـەجیهانی کردنـە نـاوێکی جوانـە بـۆ کۆلۆنیالیسـتی و داگیرکارییەکەی جاری جـاران، لـە پێسـتێکی هاوچـەرخ و نوێـدا، کـە بەرگە کۆنەکەی و شێوازە سواوەکانی لابردووەو، ناونیشانێکی ناسـك و جوانی بۆ هەمان عەقڵییەتی داگیرکاریی، هەڵبژاردووە، ناوی لێ ناوە (بەجیهانی کردن). لە ڕاستیدا سەپاندنی هەژمونی ئەمریکایە بەسـەر جیهاندا، بۆیە هەر وڵاتێ لەمە وەرگەڕێتەوە، یان لێی بێزار بێ، ئـەوە بـە ئابلۆقــەی ئــابوریی، یــان هەڕەشــەی ســەربازیی، یــان لێــدانی

ڕاستەوخۆ، تەمبێ دەکرێت، هەروەك لە ئەفغانستان و عێراق و سودان و ئێران و لیبیا ڕووی دا.

(بەجیهانیکردن) لای ئەوان یانی سەپاندنی ئەو سیاسەتە ئابورییانەی ئەمریکا لە ڕێی ڕێکخراوە جیهانییەکانەوە دەیسەپێنێ، کە زۆربەیان تا ڕادەیەکی زۆر لە لایەن ئەوانەوە چنگی بەسەردا گیراوە. وەك: سندوقی بانکی جیهانی و، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و.. هتد.

لەسەرێکی ترەوە (بەجیهانیکردن) یانی سەپاندنی کلتورو فەرهەنگی تایبەتی خۆیان، کە لەسەر فەلسەفەیەکی ماددی و بەرژەوەندخوازیی ڕەها، تا ئاستی بەرەڵڵایی، هەڵچنراوە. بۆ ئەم مەبەستەش هەموو کەرەسەو تواناکانی نەتەوە یەکگرتووەکان یەخسیر کراوە، تا لە کۆنگرە جیهانییەکاندا تێ بپەڕێنرێ و، پۆست بکرێت بۆ گەلانی دونیا، بۆ ئەوەی ڕەزامەندییان لەسەر بدرێ، یان بە کوتەکی ترساندن و هەڕەشە، یان بە بریق و باقی بەڵێن و خەڵەتاندن.

ئەم ڕاستیە لە کۆنگرەی نیشتەجێیان (مؤتمر السكان) دا کە لە هاوینی ساڵی ١٩٩٤ی زایینیدا لە قاهیرە ساز کرا، بەرجەستە بوو. لەو کۆنگرەیەدا ویسترا کە بەڵێننامەیەك تێ پەڕێنرێ کە (لەباربردنی منداڵ) بەڕەهایی و، (مارەبڕینی ژن لە ژن و، پیاو لە پیاو) و، (مومارەسەی سێکسی بۆ منداڵان)، بە ڕەوا بزانێ.. هەروەها دان بنێ

به (بارداریی کچاندا لـه دەرەوەی پرۆسـەی هاوسـەگیریی شـەرعی). ئەمەو چەندین بابەتی تر کە پێچەوانەی هەموو پەیامە ئاسمانییـەکان بـوون. هـەروەها دژبـوون بـە هـەموو ئـەو داب و نەریتانـەی لـە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا ناسراون و، بوونەتە بەشێ لـە پێکهاتـە ڕوحـی و شارستانییەکەی.

بۆیە بینیمان ئەزهەری میصرو، رابیتـەی جیهـانی ئیسـلامیی لـە مەککەو، کۆماری ئیسلامیی ئێران و، کۆمەڵە ئیسلامییە جیاجیاکـان، شانبەشانی (ڤاتیکـان)و پیـاوانی کەنیسـە، وەسـتانەوە بـۆ بـەرەنگار بونەوەی ئەو نیازە ڕووخێنەرو مەترسیدارە. چونکە هەموو هەسـتیان کـرد لـە بـەردەم هەڕەشـەیەکی گـەورەی مەترسـیداردان کـە دژی بەهاکانی باوەڕ بـەخواو، پەیامـەکانی و ڕەوشـتەکان، دەوەسـتنەوە، کە خوا پێغەمبەرانی بۆ ئەو مەبەستە ناردووە.

هەروەها ئەم بەجیهانی کردنە لە (کۆنگرەکانی تایبـەت بـە ژن)، کە لە(پەکین)ی پایتەختی (چین) لە ساڵی ١٩٩٥ی زاینی و، نیویـۆرك و شوێنانی تر گرێ دران، ڕەنگی دایەوە. کە هەموویان درێژبوونەوەی کـۆنگرەی قـاهیرەو، دوپاتکردنـەوەی سـۆنگەکانی و، تـەواوکاریی پلانەکانی بوون.

ئەم بابەتـە هێجگـار جێـی بایەخـە (واتـە داننـان بەتایبەتمەنـدی یەکاندا)، تاکو کەس بەسەر کەسدا خۆی نەسەپێنێ و، کـەس هـەوڵی سڕینەوەی شوناسی کەس نەدا، بە بێ مەیل و ڕەزامەندیی خۆی.

بەڕاستی (بەجیهانیکردن)– وەك لەم سەردەمەدا باسی لێ دەکرێ – لە کۆتاییدا دەڕژێتە بەرژەوەندی زلهێزان دژی لاوازان و، دەوڵەمەندان دژی هەژاران و، باکوری دەوڵەمەند، دژی باشوری هەژار.

هەروەها بەڕاستی کردنەوەی درگاکان– بەناوی عەولەمەوە– لە هەموو بوارەکانی بازرگانی و ئابوری و هێنان و هەنارده کردن، یان لە بوارەکانی کلتوری و ڕاگەیاندندا، لەبەرژەوەندیی هێزە زەبەلاحەکانە، دژی هەژارو لاوازەکان. ئەو هێزە گەورانەی کە جڵەوی زانست و، ڕاگەیاندنی گەورەو، تەکنەلۆژیای بەرزو پێشکەوتوویان لە دەستدایە. بە تایبەتی دەوڵەتی هەرە گەورەو زلهێزو داراو بەتوانا لەجیهانی مەعریفەدا، واتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

بەڵام وڵاتانی (جیهانی سێیەم)– وەك ناویان لێ ناون– بەتایبەتی (وڵاتانی ئیسلامی) لەم پێشبڕکێ جیهانییە هیچ بەشێکی نیە، مەگەر ئەوەی لە زلهێزان ماوەتەوە، ئەگەر بڕیار بێت شتێکی وا لە وردەواڵەکەیان بمێنێتەوە، تا بیبەخشن بەکەسانی تر.

# کۆتایی

له کۆتایدا دەڵێین:

ئەمــەی بــاس کــرا دیــدو بۆچــونی (یــەکێتی جیهــانیی زانایــانی موسوڵمان) بوو، بۆ پەیامی ئیسلام و، پرس و بابەتە گرنگەکانی، لـە دیدێکی گشتگیرانەی میانەڕەوانەی واقعیدا.

بانگەشە دەکات بۆ هەموو ئیسلام: وەك عەقیدەو بیرو بڕوا، وەك شەریعەت و یاسا، وەك عیبادەت و پەرستش ، وەك مامەڵەو هەڵس و کەوت، وەك ڕەوشت و بەها. وەك بینیمان ئاین و ژین لـەخۆ دەگـرێ. فەرهەنگ و شارستانی و، نەتەوە و دەوڵەت، هەمووی کۆ دەکاتـەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو بنەمایانەی باس کران و، بڕوامان پێیان هێنـا، بـە حیکمەت و دانایی و ئامۆژگاری جوان و، جوانترین شـێوازی گفتوگـۆ، بانگەشەی بۆ دەکەین.

موسـوڵمانان هــەمویان– بــە جیــاوازیی هــەموو وڵات و زمــان و مەزهەبەکانیانەوە– بانگهێشت دەکەین بـۆ ئـەو بنـەما سـەرەکییانە. فێریان دەکەین و, له هەست و ویژدان و ژیرییانـدا دەیانچـەقێنین، تـا منداڵان لەسەریان گۆش بن و، گەورەکان لەسەریان پیر بن.

غـەیرە موسـوڵمانەکانیش، بـۆ هـەمان ئـەو بنەمایانـە بانگێشـت دەکەین. تا له ڕاستی ئیسلام تێ بگەن و، لـە کەسـانی خـۆی و، زانـا متمانە پێکراوەکانەوە، وەری گرن. ئەوانەی دەبنە بەڵگەی تەواوکار. هەموو لا بانگ دەکەین وەك قورئان دەفەرموێ: ﴿تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء

بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئاً وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضاً أَرْبَاباً مِّن دُونِ اللّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ اشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾ آل عمران/ ٦٤، واتە: وەرن بۆ وشەیەکی هاوبەش لە نێوان ئێمەو ئێوەدا، ئەویش ئەوەی کە جگە لە خوا, پەرستش و بەندایەتی کەس نەکەین. هیچ شتێکیش بەهاوەڵی ئەو بڕیار نەدەین. هەروەها هەندێکمان هەندێکی ترمان نەکەنە خوا چکۆلە بۆ یەکتر، لە بری خوا. جا ئەگەر پشتیان هەڵکرد (و نەهاتن بەدەم ئەم بانگێشتەوە)، ئەوە ئێوە بڵێن: شایەت بن و، ئاگادار بن! کە ئێمە موسوڵمان نین، ئێمە فەرمودەی خوا بۆ جیهان دەخوێنینەوە، کە دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾ الحجرات/ ١٣، واتە: ئەی خەڵکینە! بەڕاستی ئێمە ئێوەمان لە نێرو مێیەك دروست کردووەو، ئێوەمان کردووە بەچەند گەل و هۆزێك, تا یەکتر بناسن. بە ڕاستی بەڕێزترین کەستان لای خوا ئەوەتانە کە زیاتر بە تەقواو لەخوا ترسە.

ئاخر داواو دۆعاشمان ئەوەیە کە بڵێین: تەواوی سوپاس و ستایش بۆ خوا، پەروەدگاری جیهانییان[1]. (الحمد لله رب العالمين).

---

[1] سوپاس بۆ خوا ڕۆژی ١٢/ ذی الحجە/ ١٤٣٣ك، بەرامبەر ٢٠١٢/١٠/٢٩ز، ڕۆژی چوارەمی جەژنی قوربانی پیرۆز، لە وەرگێڕانی ئەم بەڵێننامەیە بوومەوە، بە هیوای ئەوەی خزمەتێکم بە هاوڵاتیانی کوردزمانم کرد بێت و، توانیبێتم پەیامی ئەو ڕێکخراوە ئیسلامییەشیان پێ بگەیەنم. سوپاسی تەواو تەنها شایانی خوایە. عمر عبد العزيز.